# پەیژەکانی تاریکی

دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوكەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# پەیژەکانی تاریکی

چیرۆک

سابیر ڕەشید

ناوی کتێب: پەیژەکانی تاریکی – چیرۆك
نووسینی: سابیر ڕەشید
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٢٩
پیت لێدان: لەنجە میرزا + هۆشەنگ حەمەدەمین
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: فەهمی ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٩٣٦ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# شەوێکی ژوان

ئەم شەوە وەکو هیچ شەوێکی تر نەبوو. بە هیچ جۆرێك خەو لە چاوم نەدەکەوت چاوم بڕیبووە ئاسمان ئەستێرە گەشەکان لە پێش چاوما دەهاتن و دەچوون سەیری مانگەشەوم دەکرد کە لە ژیانمدا شەوێکی وا خۆش و جوانم نەدیبوو.

حەپەحەپی سەگ و دەنگی کاروانچییە قاچاغچییەکان ئەو ناوەیان پڕ کردبوو. جار جارەش لوورە لوورێکم لە جێگەیەکی دوور دەهاتە گوێ. خورە خوڕی ڕووباریش هەر مەپرسە چ کارێکی دەکرد، هەندێك جاریش بایەکی فێنکی دەهێنا هەر دەتوت بای کوێستانە لە لای چیایە سەرکەشەکانەوە دێ بەڕاستی دیمەنی ئەم شەوەم بەهیچ جۆرێك لە یاد ناچێتەوە جار جار باوشکێکم دەهێنا، بەلاّم خەوم لێ نەدەکەوت کەوتبوومە ناو دەریای خەیاڵ.

تا ئەو کاتەی سەیری کاتژمێرەکەم کرد دەبینم کات چی وای لە نیوە شەو کەمتر نییە بەئەسپایی هەستامەوە سەرپێ خۆم گورجوگۆڵ کرد و جامێك ئاوی ساردیشم نۆش کرد تا وەکو بەتەواوی دڵم ئارامی گرت ئینجا تاوێك ڕاوەستام و سەیرێکی پێش خۆم کرد دەبینم بەجوانی هەموو جێگەیەکم بەدی دەکرد بەبێ ئەوەی کەسمان هەست پێ بکا ملی ڕێگام گرت فانۆسە تێك قۆپاوەکەشم لەگەڵ خۆم نەبرد، چونکە مانگەشەو هەموو جێگەیەکی ڕووناك کردبووەوە. وردەوردە بەناو کۆلاّنە تەسکەکانا هەنگاوم دەنا. چرپە چرپی گەلاّی دار و خشپە خشپی گژوگیای سەر ڕێگە تووشی ترسیان کردبووم جار جارەش تەماشایەکی ژێر پێی خۆم دەکرد سێبەری خۆمم دەبینییەوە ئەوەندەی تر ڕادەچڵەکیم. قیرەقیڕی بۆق و

دەنگی ئاوی ڕووبارەکانیش تا دەهات زیاتر دەبوو جار جاریش خەریك دەبوو پێم زەوی نەگرێ دەتوت بارێکی قورسم لەسەر شانە و پێیەکانم بەستراونەتەوە. سەرێکم هەڵبڕی زۆرم نەماوە بگەمە ئەو جێگەیەی کە من و جوان دەستنیشانمان کردبوو. هەستم بەیەکێك کرد لەو ناوە تا دەهات لێم نزیك دەکەوتەوە. خوایە دەبێ ئەوە جوان نەبێ؟ بەڕاستی ئەو بێ باشە، کوڕە هەوە هەو، نەء بەخوا لەو بڕوایەدا نیم ئەو بێ چونکی ڕۆیشتنی بەو ناچێ.

هەر لەبەر خۆشمەوە بڕیارم دا کە ئەگەر ئەو بێ، بەیانی خۆم و گوێدرێژەکەم دەچمە دارکردن پاشان دەچمە شار و بارە دارەکە دەفرۆشم ئینجا ئەو پارەی دەستم کەوت بەشێکی بەنان دەدەم بەسەر هەژارانی گوندەکەمانی دابەش دەکەم و ئەوی تریش هەڵدەگرم.

تا دەهات زیاتر لێم نزیك دەکەوتەوە. کۆخە کۆخ و بەرزبوونەوەی دووکەڵی جگەرەی وایان تێ گەیاندم ئەو کەسە زیاتر بەپیاو بدەمە قەڵەم نەك بەئافرەت. ترسیش تا دەهات خۆی دەکرد بەتۆپەڵێکی ڕق و خۆی دەکوتایە ناو دڵم. خەریك دەبووم لە ترسا خۆم بەفەتارەت بدەم بەڵام ئامۆژگارییەکانی باوکم دەهاتەوە یاد کە دەیوت: «ڕۆڵە ترس بۆ پیاو نەهاتووە ئەوەی بشترسێ بەپیاو دانادرێ» منیش ترسم لە کۆڵی خۆم فڕێ دا و بازووی خۆم لێ هەڵکرد و شێرانە بەڕێگەدا ڕۆیشتم تا ڕووم بەرەو ڕووی کابرا بوو ئینجا کابرا بەکۆخە کۆخ سڵاوی لێ کردم و منیش بەهەمان شت لێی تێپەڕ بووم.

ماوەیەك بوو لەیەك دوور کەوتبووینەوە هێشتا ئاوڕمان لەیەك دەدایەوە تا بەتەواوی چاومان لە چاوانی یەکتر بزر بوو ئینجا بەزەردەخەنەیەکی کورتەوە ملی ڕێگەکەم گرتەوە تا گەیشتمە جێگەکە. سەیرێکی جێگەکەم کرد بینیم کەس دیار نییە دەستم کرد بە دەنگ هەڵبڕین ئەو دەنگەی تەنیا

من و جوان دەمانزانی. لە لورەلورِ و قیرەقیرِ و میاوەمیاو زیاتر هیچ دەنگدانەوەم بەدی نەکرد. ماوەیەك بە غەمگینییەوە دانیشتم، هەر لەبەر خۆشمەوە دەموت:

– «دەبێ جوان بۆ نەهاتبێ، دەبێ لە خەو مابێتەوە، خۆ تا ئەو کاتەی جێگەکەشمان دیاری کرد نەساغ نەبوو. بەراستی سەیرە لەوەتی من جوانم خۆش دەوێ هیچ جارێك بەڵێنی بەدرۆ دەرنەچووە» بەو جۆرە وتانە خەریك بووم کەوتبوومە ناو دنیای بیرکردنەوە و لێکدانەوە. هەڵسامە سەرپێ و ویستم برۆمەوە. گوێم لەو دەنگە بوو کە دەمانزانی. بۆ جارێکی تریش گوێزرامەوە بۆ جیهانی شادمانی زۆری نەمابوو لە خۆشییان دوو باڵ بەخۆمەوە نێم و هەڵبفرِم. چاوەڕوانم کرد تا جوان گەیشتە لام بەتەواوی رِوومان بەرەو رِووی یەکتر بوو ماوەیەك بەبێ دەنگی کپ بووین. پاشان پرسیارم لە بابەت گیربوونەکەیەوە ئاراستە کرد. ئەو شەوە کاتێکی ئێجگار کورتمان رِابوارد، بەڵام هەر خۆش بوو چی وامان لە شەوانی پێشوو کەمتر رِانەبوارد. زۆری نەمابوو کەڵەشێری بەیانی دەست بەبانگدان بکا چۆلەکەکان لە گوێسوانەکان بخوێنن. بۆ جارێکی تریش ماڵئاواییمان لە جێگەکە کرد ئینجا کەوتینەوە رِێ تا گەیشتینەوە ئاوایی. لە نزیك ماڵی جوان وەستاین تا ئەو شەوە خواحافیزیمان لە یەکتر کرد هەر وەکو جاران دەستم کردەوە بەرِۆیشتن ئەوەندە خێرا دەرِۆیشتم هەر دەتوت پاڵم پێوە دەنێن. سەگەکانی ئاوایی هەموو پێکرِا چاویان لە شەو زەق کردبووەوە تا دەهات زیاتر دەستیان بەحەپەحەپ دەکرد... چی وای نەمابوو خەڵکی گوندەکەمان لێ هوشیار بکەنەوە. هەر چۆنێك بوو خۆم گەیاندە کۆڵانە تەسکەکە، زۆریش لەوەی دەترسام کە لە ماڵەوە بەئاگا بن ئەو کاتەی دەگەمەوە ماڵەوە. گەلێك خەیاڵی قووڵ قووڵم دەهاتە پێش چاو، ویستم واز لەو خەیاڵاتانە بهێنم بەڵام ترسی ماڵەوە بەرۆکی بەر نەدەدام. زۆرم نەمابوو کۆڵانە تەسکەکە کۆتایی پێ بهێنم. ویستم لە

چڵپـاوەکـەی سەری کـۆڵان بـپـەڕمـەوە لـە بـانـەکەی بـەرامبـەرم گـوێم لـە زەلامێك بوو بـانگی کردم: کابرا تۆ کێی؟ لە جێگەی خۆت نەبزووی تۆ دوژمنی منی هـاتووی بمکوژی، نـازانی من لـە تۆ هـوشیـارترم.

– کوڕە برا گیـان بەخوا ڕێبوارم بێرە تێ دەپەڕم.

– نەخێر شتی وا نییە هـاتووی من بکوژی.

١٩٧٤

# باوەشی خەم

بەهیچ جۆر دیمەنی ئەو ڕۆژەم لە یاد ناچێتەوە، هەموو جاران کە بیری لێ دەکەمەوە وەکو شریتی سینەما وایە لە پێش چاوما دەسووڕێتەوە.

ئەو ڕۆژەی پەڵە هەورێکی ڕەش و چڵکن بووبووە بەربەستێك و شینایی ئاسمانی لە پێش چاوان شاردبووەوە جار جارەش کڵافە ڕەشەبایەکی تیژڕۆ بەدەروازەی کۆڵان و شەقامەکان وەردەبوو دەیکردە تەپوتۆز و هەرچی پەڕەکاغەز و شتی وردەڵە و سووك هەبوو هەمووی لەگەڵ خۆی ڕادەپێچا و دەبووە تۆپەڵێکی ڕق و خۆی دەهاویشتە باوەشمانەوە. ماوەیەك بوو لەبەر دەرگەی دووکانی مەلا عەلی ئارامم گرتبوو... هەر سەیری دیمەنی ئەو ڕۆژەمان دەکرد هەر بیریشم لای ئەو مامە پیرە بوو کە لە پێش دووکانی مام عومەری سەرتاش ڕایەخی لێ ڕاخستبوو و سواڵی دەکرد. هەر لەبەر خۆشمەوە جار جارە سەیرێکم دەکرد و ڕووم لە مەلا عەلی دەکرد و دەمگوت:

– بەڕاستی ژیان ڕێگەیەکی سەختە. نان پەیداکردنیش ماندووبوون و ئارەقە ڕشتنی دەوێ.

ئەویش وەڵامی دەدامەوە دەیگوت:

– ژیان بازنەیەك نییە لە دەست بکرێ بگرە دەریایەکی قووڵی بێ بنە کەس ناتوانێ بەتەواوی مەلە لە هەموو لایەکانی بکات. هەر ئەوەندە چاوم نووقاند گڤەی باکە لە گوێما چەخماخەی دا چاوێکم هەڵبڕی دەبینم کۆمەڵە کاغەزێك خۆی هاوێشتووەتە باوەشم، منیش سەیرێکم کردن و هەمووم دانە بەر با، ئاوڕم لە مامە پیرە دایەوە دەبینم کۆمەڵە کاغەزێك لە باوەشی ئەویشدا خۆیان گرتووەتەوە، بەڵام خۆ داتەکاندنی

زۆربەی کاغەزەکان لە شەقەی باڵیان دا و هەڵفڕین هەر زوو بانگی کوردستانی کچی مام عومەری کرد کە تازە لە قوتابخانە دەهاتەوە ڕووی دەکردە دووکانی باوکی، بۆ ئەوەی سەیری کاغەزەکانی بۆ بکا بزانێ چ هەواڵێکی دڵڕفێنی گرتووەتە خۆ. ئەمیش بەدڵێکی خۆشەوە بەپیر کاغەزەکانەوە چوو چونکی ئەویش حەزی دەکرد لە نهێنییەکانی ئەم پەڕە کاغەزانە بگات. یەکە یەکە چاوی بە پەڕە کاغەزەکاندا دەخشاند هەرچەندی هەڵی داوە هەمووی بێ گەرد بوون، یەکە یەکە هەمووی دەدایە بایەکە و باڵیان دەگرت، تا لە دوا پەڕ ڕەشایی نووسینێك لە پێش چاویا خولی خوارد. بۆیە چاوەکانی خۆی هەڵگلۆفت و نیگاکانی بڕییە پەڕە کاغەزەکە مامە پیرەش هەر بەدەم پرسیارەوە ڕووی لە کوردستان دەکرد و حەزی دەکرد بەشداری بکات لە نهێنی ئەم پەڕە کاغەزانە ئەمیش نهێنی ئەم پەڕە کاغەزەی بەگوێیدا چرپاند کە لێی نووسرابوو: «خەم باوەشی بۆ گشتمان گرتووەتەوە» لە ژێر ئەویشدا نووسرابوو: «بۆ خەم دەژین چونکە خەم هاوتەمەنمانە».

مامە پیرەکە کە ئەم وتانە لە گوێچکەیدا گینگڵی خوارد، هەناسەیەکی قووڵ لە دەروونییەوە سەری هەڵدا و تۆزێك سەری خۆی لەقاند و وتی:

– بەخوا ڕاستە خەم وەك سێبەرمان وایە هەر لە تەکمانە.

– مامە خەم وەکو نان و ئاو وایە برسییەتیمان ناهێڵێ و تینوێتیمان دەشکێنی.

– ئێوەش لە خەم گەیشتوون؟

– بەڵێ وەکو بەگوێمدا چرپاندی خەم باوەشی بۆ گشتمان گرتووەتەوە.

– بەڵام هێشتا لە ناو لەپی خەمن، هێشتا نەکەوتوونە ناو باوەشی خەم.

ماوەیەکی دوور بوو مەلی بیرم باڵەفڕکەیان بۆ لای ئەم مشتومڕە کردبوو ناوە ناوەش سەیرێکی ئاسمانم دەکرد هەر وەکو جاران پەڵە

هــەورە ڕەشەکـەم بـەژوور سەرەوە بـوو، هــەر لـەگـەڵ ئـەوەش ڕووی خـۆم وەردەچـەرخـانـدە لای وێستـگـەی پـاسی هـاتوچۆکە کە چۆن خـەڵکەکە بەپەلەپەل خۆیان دەکوتایە بن وێستگەکە و لە دەست ڕەشەباکە ڕایان دەکرد بەڵام سوودی نەبوو هەر دەیگرتنەوە و تۆز و خۆڵی بەرەو ڕوویان ڕاپێچ دەکرد.

پاش ئەوەی مەلی ئەندێشەم باڵەکانی وێك هێنایەوە و چاوم لە دیمەنی مامە پیرە پۆشی بۆ جارێکی تریش چاوم بڕییەوە وێستگەکە، کابرایەکی هەناسە سوار بەپەلە خۆی کوتایە ژێر وێستگەکە، کابرا لە دیمەنی ئەم گێژەنە سەری سوڕمابوو بۆیە سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی دەکرد و چاوێکی دەبڕییە زەلامەکانی تەنیشتییەوە و دەیپرسی:

– بەخوا پایزێکی وشك و بریشکە. ڕەشەبایەکی نالەباری لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە.

هەر ئەوەندەی زانی وەڵامی پرسیارەکەی بەگوێدا چرپا:

– نەخێر بەهارە.

ئەمیش بە سەر سوڕمانەوە هەڵی دایەوە و وتی:

– ئەی بۆ گەڵای دارەکان زەرد هەڵگەڕاون؟

– ئەوە لە ترسی مەرگ خۆیان مراندووە.

– نەخێر ئەوانیش بۆ خەم دەژین و خەم باوەشی تێ وەرێناون بۆیە ڕەنگیان گۆڕاوە.

١٩٧٦

## زۆربەمان لەم شەوە دەمرین
## بەڵام بابزانین کێ لە دایك دەبێ

چواردە ساڵ چاوەڕوانی بەڕاستی ستەمە، هەرکە گوێی لەو ماوەیە دەبوو مووچڕکێك لە تەوقی سەریەوە تا ژێر پێی دەگرت و دەستی دەنایە ژێر چەناگەی خۆیەوە و مەلی خەیاڵی لە شەقەی باڵی دەدا و چاوەکانی ڕەشکەوپێشکەیان دەکرد، هەموو جیهانی بەڕەشی دەهاتە پێش چاو، بەهیچ کلۆجێك ئاگای لە باوك و برا و دایك و کەسی تری نەدەما. تنۆك تنۆك ئەسرین لە چاوە قەتیسماوەکانیدا دەتکا، بڕوای بەهیچ مرۆڤێك نەبوو لەو سەر زەمینە، کەسێکیش نەبوو گوێی لە کڕووزانەوەی ئەو بەسەزمانە ڕابگرێ و هەوڵێکی بۆ بدات.

بۆیە گەلێك جار هەر خۆی دڵی خۆی خۆش دەکردەوە و بیری لەو چوار ساڵە دەکردەوە کە پێکەوە دەستیان لە مل یەك دەکرد و هێشتا شۆخەکەی بەرێ و جێی خۆی نەگەیشتبوو و مەرگەوەرِیش نەکەوتبووە گیانیانەوە بۆیەش هەموو جارێك لەگەڵ بەبیرهاتنەوەی دیمەنی ئەو چوار ساڵەدا دەکەوتە ناو دەریای خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی قووڵ. لەسەر دار و دیواری ژوورەکەشی نووسیبوو «چوار ساڵی زێڕین و چواردە ساڵ چاوەڕوانی» هەرچی خزم و ناسیاویشی هەبوو دەیانزانی مەسەلە چییە و لە هەوەڵەوەش هەوڵێکیان بۆ نەدابوو بۆیە خۆیان لێ کاس دەکرد. زۆر جارانیش هەوڵیان لەگەڵ دەدا کە واز لەو خەیاڵانە بێنێ و زەماوەندێکی بۆ بگێڕن، بەڵام بەهیچ شێوەیەك دڵیان پێ زیندوو نەدەکرایەوە و دڵی وەك خەڵووز ڕەش هەڵگەڕابوو. ئێوارەیەك چەپکە گوڵێکی جوانی لە دەست خۆی گرتبوو و گەڕایەوە ماڵەوە، چەپکە گوڵەکەشی لە ناو پەرداخە ئاوێکەوە نا و بەو نیازەی بەیانی بەدوای گۆڕەکەی بگەڕێ ئەو چەپکە گوڵە لەسەر سینەی گۆڕەکەی دابنێ تا لە خەو ڕاست بێتەوە و بزانێ ئەو

هەر زیندووە و نەمردووە، بەڵام نە ئەو گۆڕەکەی پێ دەزانێ نە ماڵی باوکی شۆخەکەشی لەوێ مابوو تا پرسیاری گۆڕەکەیانی لێ بکا، بۆیە سەری سوڕمابوو نەیدەزانی چی بکات بۆیە ویستی واز لەو خەیاڵانە بێنێ و سەر بکاتە سەر سەرینەکەی، بەڵام دەنگی دەرگاکە لێی نەگەڕا و ئاگاداری کردەوە سەیری کرد هەژاری برای بچووکی بوو.

نامەیەکی لە دەست بوو بەشڵەژاوییەوە دایە دەستی پێشی وت کە لە نیوەڕۆوە نامەکە هاتووە و ئێستا بیری کەوتووەتەوە بیداتە دەست. ئەمیش بەغەمگینییەوە نامەکەی کردەوە چاوێکی پێدا خشاند، حەپەسا.

هەر لەبەر خۆشیەوە دەیوت: چۆن وایە، کەواتە قسەی ئەم خەڵکە هیچی ڕاست نییە، بۆیە بەسەرنجەوە لە نامەکە ورد دەبووەوە نامەکەشی دەیوت: «ئازیزەکەم هەرچەند لە کاتی خوێندنەوەی ئەو نامەیەم دوور نییە وا تێگەیشتبی کە من مردووم، بەڵام لە ڕاستیدا من لە ژیاندام، ئەوەش بزانە من تۆم لە یاد نەکردووە و ئێستاش لە بیرمە پاش چواردە ساڵ خۆشەویستی و چاوەڕوانی بەیەکگەیشتین. ئێستاش هەر یادی چوار ساڵە زێڕینەکەم لە بیرە و لە بیرم نەکردووە. بەڵێ گیانەکەم دوور نییە بپرسی کە ئەو کاتەی بەکەژاوە دەیانهێنام بۆ مەرگەوەڕمان و لە پێش چاوی خەڵکی لە هۆش خۆم چووم بردمیانە خەستەخانە بۆ نەهاتەوە و دوایی دەنگوباس وا بڵاو بووەوە کە مردووم، نەخێر گیانە ئەو کاتە ئێمە ئەو ناوەمان بەجێ هێشت و کەوتینە ڕێ بۆ ئەڵمانیا و نەهاتینەوە ئەویش لەبەر خەڵکی بوو، نەمانتوانی بگەڕێینەوە دەزانم بەهەواڵی نەمردنی من گەشایەوە بەڵام دوا تکامە لە بیرم کە و زەماوەندێك سازکە هەتا منیش ئەو کاتە بتوانم بگەڕێمەوە و پێکەوە دەست لە ناو دەست هەڵپەڕین و سەرچۆپی و ڕەشبەڵەك بگرین ئیتر تا ئەو کاتەی خونچەی ئارەزووەکانمان دەپشکوێ».

گوڵی ژاکاوت – شیرین – ١٩٧٥/٥/٨ ئەڵمانیا

هەرکە نامەکەی خوێندەوە لە جێی خۆی ڕاچڵەکی و بەگریانەوە وتی: نەخێر من نابێ تۆ لە یاد بکەم هەر دەبێ بتگەمێ و دەست لە ملت وەربێنم هەر دەبێ بگەڕێمەوە تێر ڕات مووسم، ئەمڕۆ نەبێ سبەی، بەیانی. لە مردن هەر دەبێ بەیەك بگەین.

لەگەڵ ئەو دەنگ هەڵبڕینەی دایك و باوکی و براکەی هەڵسان و ڕوویان کردە ژوورەکەی و وایان دەزانی خەونێکی ترسناکی دیوە بۆیە بەرداخە ئاوێکیان بۆ هێنا و دڵیان دایەوە و بەئارامی خستیانە سەر جێگەکەی و بەجێیان هێشت.

ئەم شەوە خەونی بەشۆخەکەوە دیت، وای دەزانی دەستیان لە مل یەك کردووە و هەردووکیان پەڕ و باڵیان بۆ دروست بووە و بەرەو ئاسمان بەرز دەبنەوە و بەدەوری ئەستێرەکاندا دەخولێنەوە. تەماشای زەمینی دەکرد وای دەزانی ئەوەی مرۆڤە سەیریان دەکا و سەری لە دیاریان سوڕماوە کە خەڵکەکەش تەماشایانی دەکرد ئەوانیش سەریان سوڕدەما بۆیە کۆمەڵە نیشانەی پرسیارێك لە ئاسماندا ترووسکانەوە.

مەرگەوەرەکەشیان کە ئەمەی بینی دار و دیواری تێ گەیاند و دەیوت: ئەمانە نەمردوون، بەڵام دەیانەوێ لە مردن بەیەك بگەن. خەڵکەکەش وەڵامیان دەدایەوە و دەیانوت:

زۆربەمان لەم شەوەدا دەمرین و بەڵام نازانین کێ لە دایك دەبێ؟

؟؟؟؟؟؟؟

؟؟؟؟؟؟؟

١٩٧٦

## منداڵەکان فێری خۆشەویستی دەبن

زەردەپەڕەی خۆر تاوێك بوو پەردەی شەوگاری شەق کردبوو، وەکو هەموو ڕۆژانی ئاسایی چۆلەکەکان ڕوویان دەکردە گوێسوانەکان. منداڵەکان وردە وردە بۆ یاریکردن لە ماڵەوە دەهاتنە دەرەوە. خەڵکیش کۆمەڵ کۆمەڵ و هەندێکیشیان بەتەنیا بەناو جەرگەی شەقامەکان وەردەبوون. هەر کەسە خەریك بوو بەرەو کاری خۆی دەکەوتە ڕێ. دەرگاکان دەخرانە سەر گازی پشت، منداڵەکان وەکو هەموو ڕۆژانی ئاسایی گەیشتنەوە یەك و دەستیان کردەوە بەیاریکردن. یەکێك لە منداڵەکان کە تەمەنی دوازدە ساڵان بوو لە ناوەڕاستی یاریکردندا چاوی بەپارچە تەباشیرێك کەوت، یەکسەر یارییەکەی بەجێ هێشت و پارچە تەباشیرەکەی قۆزییەوە، ئینجا بەسینگ دەرپەڕاندنەوە ڕووی کردە دیوارەکەی جێگەی یاریکردنیان، وای دەزانی چ گەنجینەیەکی دۆزیوەتەوە بۆیە هاوڕێکانی خۆی تێ گەیاند و ئەوانیش داوایان لێ کرد کە لە نێوان خۆیاندا بەشی کەن، بەڵام پارچەکە خۆی بچووك بوو ئەگەر بووبووایە دوو کەرتیش سوودی نووسینی نەدەما. ئەویش لە قوتابخانەدا خەتی لە هەموو هاوڕێکانی خۆشتر بوو لە وێنە کێشانیشا بەتوانا بوو بۆیە بڕیاریان دا ئەوان واز بێنن و ئەویش پارچە تەباشیرەکەی بەدیوارەکە داهێنا و لە ئەنجامدا وێنەی دوو دڵ دەرچوو کە پێکەوە نووسابوون منداڵەکان هەموویان کە سەیریان دەکرد سەریان سووڕدەما نەیان دەزانی چییە. هەندێکیان دەیانوت: سێوە هەندێکیشیان دەیانووت: نەء... خۆخە، هەرمێیە، جووت بادەمە یەکیان گرتووە، بەڵام یەکێکیان کە بەتەمەن لە هەموویان گەورەتر بوو، پارچە تەباشیرە بچووکەکەی لە دەستی هاوڕێکەی وەرگرت و وێنەی تیرێکی دروست کرد هەردوو دڵەکەی پێکەوە کون کردبوو، ئینجا لێیانی پرسی:

– ئێستا نازانن چییە؟

هەموویان بەسەر سوورمانەوە.

– نەخێر.

ئەویش دیسان ویستی زیاتر تێیان بگەیەنی، تەباشیرەکەش هەر بەشی ئەوەندەی مابوو لەسەر وێنەکە بنووسێ "خۆشەویستی" هەندێك لە منداڵەکان بەتێگەیشتنەوە سەری خۆیان دەلەقاند، چونکە بەبیریان دەهاتەوە ئەو وێنانەیان لە فیلمە خۆشەویستییەکانا چاو پێ کەوتووە، بەتایبەتی لە گەلێك فیلمە هیندییەکانا، بەڵام دیاربوو هەندێکی تریان لە ماڵەوە رێگەی ئەوەیان پێ نەدەدرا نە بچنە سینەما و نە تا درەنگی شەویش بەدیار فیلمی تەلەفزیۆنەوە دابنیشن، بۆیە لە ڕاست ئەم وێنەیەدا سەرسام بووبوون ئەوانەی دەشیان زانی بۆیان نەدەدرکاندن، بڕیاریان دابوو هەر خۆیان بیزانن. ئەوان لەو مشتومڕە دابوون لەسەری کۆڵانەکەوە چاویان بەکیژۆڵەیەکی بالابەرز کەوت کە ڕانەکانی لە ناو پانتۆڵە تەسکەکەیدا دەرپەڕیبوون و مەمکانی لە ژێر فانیلە نیو قۆڵە تەنکەکەدا وەها بەخری دەرپەڕیبوون هەر دەتوت جووتە هەنارن بەدارەکەیاندا شۆڕ بوونەتەوە لە تەك ئەمیشدا کوڕێکی چوارشانەی بالا ڕێك لەگەڵ کچەکەدا دەڕۆیشت. کراسێکی گوڵ گوڵی بەسەر پانتۆڵە سپییەکەیدا شۆڕ کردبووەوە تا نیوەی سینگی بەدەرەوە بوو، ملوانکەیەکی زێڕیشی بەملی خۆیدا شۆڕ کردبووەوە، دیار بوو جێگەکە زۆر چڕ نەبوو خەڵکی ئەم ناوە نەیان دەناسین بۆیە دەستیان لە ناو دەستی یەك گیر کردبوو مشتومڕیان بوو لەسەر ئەوەی کوڕەکە ناچێتە داخوازی دەسگیرانەکەی ماوەیەکیشە یەکتریان خۆش دەوێ هەتاوەکو لە دەست ئەو مەرگەوەڕانە ڕزگاریان بێت کە دەیان ویست ئەو دوو دڵە یەکگرتووە لێك دابڕن. دیاربوو گەیشتنە سەری کۆڵانەکە و لە منداڵەکان نزیك بوونەوە، بەسەرسوورمانەوە سەیری

وێنەکەیان دەکرد و هەر ناوە ناوەش زەردەخەنە دەیگرتن تا شاگەشکە دەبوون، وەکو بڵێی سەرەتای خۆشەویستی خۆیان بەبیر دەهاتەوە بۆیە بەشتێکی سەیریان دەزانی کە ئەم منداڵانە خۆشەویستی بزانن، بۆیە بۆ زانینی ئەو ڕاستییە ڕووی دەمیان لە منداڵەکان کرد و پێیان وتن:

– ئێوەش لە خۆشەویستی گەیشتوون؟

منداڵەکانیش سەیرێکی یەکیان کرد و ئەوەی دەشیان زانی خۆیان لێ کاس دەکرد بۆیە پێکڕا وتیان:

– نەخێر لە خۆشەویستی نەگەیشتووین.

– ئەی کامەتان ئەم وێنەیەی کێشاوە؟

ئەمانیش وەڵامیان دانەوە وتیان:

– ئەمە پڕوپاگەندەی سینەماکانی شارە.

کچەکە و کوڕەکەش کە گوێیان لەو قسانە بوو دەستیان لە ملی یەکتر وەرهێنا و دڵیان بەیەکەوە نا و دەمیان نایە دەمی یەکەوە تا ماوەیەك لە یەکتر جیا نەبوونەوە، هەر دەتوت بوونەتە یەك پارچە، هەر چەندی دەیانکرد نەیاندەتوانی لە یەك جیا ببنەوە. تا بەهەر چۆنێك بوو بەناتێریەوە دەستیان لە یەك ترازا. مناڵەکانیش هەر فیکە فیکیان بوو و چەپڵەیان لێ دەدا و هاواریان دەکرد و دەیانوت:

– بەخوا فیلمێکی خۆشە، لە سینەماشدا وێنەی وا بەچاوی خۆمان نابینین.

کچەکە و کوڕەکە بەدامرکاوییەوە پرسیاریان لە منداڵەکان کردەوە:

– فێرە خۆشەویستی بوون؟

ئەمانەی پێشتر نەیاندەزانی بەدڵخۆشییەوە وەڵامیان دەدایەوە:

– ئەی ئێستا ئێوە فێرتان نەکردین.

– ده کەواتە ئەم پرسیارە هەڵبێنن؟

– بفەرموون ئامادەین

– دڵێك + دڵێکی تر =؟

هەموو پێکەوە وتیان

– خۆشەویستی

ویستیان ئەو ناوە بەجێ بهێڵن و برۆن، بەخۆشییەوە داوای ڕێگەدانیان لە منداڵەکان کرد ئەوانیش وەکو بڵێیت هێشتا لەو بەزمە تێر نەبووبوون بۆیە دەیانوت:

– بۆچی پەلەتانە؟

– دەڕۆین

– بۆ کوێ؟

– بۆ ئەم فیلمەی وێنەی لەسەر دیوارا دروست کراوە.

منداڵەکانیش لە نێوان خۆیاندا سەیرێکی یەکیان کرد و بەپێکەنینەوە ڕوویان تێ کردنەوە و وتیان:

– ئێوە فێرە خۆشەویستیتان کردین، بەڵام ئێمەش هەڵمان خەڵەتاندن. ئەوانیش بەبێ سێ و دوو لێیان دا و ڕۆیشتن بەسەرسوڕمانیشەوە سەیری یەکیان دەکرد و لە نێوان خۆیاندا دەیانوت:

بەخوا منداڵی ئەو زەمانە لە زۆرزانیدا وەك پیاوی ڕیشسپی وان وا دەزانین ئێمە فێرە خۆشەویستییان دەکەین یان ئەوان ئێمە فێردەکەن. وا چووبووە مێشکیانەوە کە فیلمەکە ڕاست بێ و ئیش بکات بۆیە کوڕەکە دەیوت:

– وادیارە فیلمەکە ئیش دەکات، بەڵام دەیانەوێ ئێمە لە خشتە بەرن بۆ ئەوەی ئێمە نەچین و ئیشی کردبێت.

کچەکەش بەهەمان بیرەوە لە مەسەلەکە گەیشتبوو، بەڵام کچەکە حەزی

نەکرد بچنە سینەما چونکە لەماڵەوە لە باوکی دەترسا تا نزیکی بازاڕ بوون، ئینجا هەر چۆنێك بێت توانی دڵی خۆشەویستەکەی ڕازی بکات و بەرەو پیری فیلمەکە بکەونە ڕێ کە وێنەکەی بەدەستی منداڵەکان دروست کرابوو. نەشیان دەزانی خۆیان پاڵەوانی فیلمەکەن.

١٩٧٦

# پشیله

شەوێکی کپ و هێمنە هەموو شتێك خامۆشە، هێشتاکە پێڵووی چاوەکانم نەکەوتوونەتە سەریەك، هەرچەند دەکەم زامی دڵەکەم فەرامۆش نابێ. زێدە لە هەموو شەوێك ئەوشەو نیازم وایە گیانی بێ ئارامم لە لای ماڵ و منداڵەکانما ئۆقرە بگرێ، کەچی ئەوشەو خەو لە چاوی من بێزارە، تەونی ئەندێشەکانم تا دێ ئاڵۆز دەبێ لە بێ چارەییدا جگەرەیەك دادەگیرسێنم لێفە لەسەر منداڵەکانم هەڵدەدەمەوە دەبینم خەوتوون. خەزاڵیش لە لایەکی ژوورەکەوە کەوتووەتە جیهانی نووستنەوە، وا دیارە تەنیا من ئەوشەو بێدارم، دوای ئەوەی جگەرەکەم کۆتایی پێ دێ و دەیکوژێنمەوە بیر لەوە دەکەمەوە خەزاڵ لە خەو هەڵسێنم و تۆزێك لە باوەشیا کپ ببم، خۆ ماوەیەکی دوورودرێژە دەستم لە پەیکەری بەژن و باڵای وەرنەهێناوە. تاوێك دوودڵی دامدەگرێ ئینجا هێزی ئارەزوو پاڵم پێوە دەنێ و دەمخزێنێتەوە باوەشی. چەند چرکەیەك سۆزی دڵم دادەمرکێتەوە. خشپەیەك لە دەرگەکەوە دێ سەری خۆم بەرز دەکەمەوە خەزاڵیش لەگەڵ من سەری بەرز دەکاتەوە. بەئاستەم هەست بەسێبەری تەنێك دەکەم لەو دیو دەرگەکە کەوتووەتە جووڵە، خێرا ڕام دەچڵەکێنێ. هەڵدەستمەوە سەرپێ تا دێ دەشڵەژێم، خەزاڵیش سەری دەسوڕمێ، خێرا دەست دەدەمە تفەنگەکەم و توند لە دەست خۆمی دەگرم. لە پشت دەرگەکە خۆم مەڵاس دەدەم تۆزێك بیر دەکەمەوە، ئینجا بیرم بۆ ئەوە دەچێ کە دوژمنەکانم بن و بەهەلیان زانیبێ و بۆ ئەوە هاتوون منیش وەك مینەی برام لە پیاوەتی بخەن، چاکم دێتەوە بیر ئەو ڕۆژەی بەسەریان دادان و بەدوو زەلام مینەیان دایە بەر گوللە و کوشتیان و منیش وەك بەرزەکی بانان لەبەر دەستیان ڕام کرد هەموو ئامانجیشیان کوشتنی من بوو، چونکە مینەی

کـاکـم گـیـانـکێشانـی بـاڵـندەیـەکیشی لـە دەست نـەدەهـات مـەلـی خـەیـاڵـم هـەڵدەنیشێتەوە دیمـەنی دوژمـنەکانم دێتـەوە پیش چـاو سـەیر دەکـەم دەستم بـەتفـەنگەکەمـەوە ڕەق بووە، توانـام لـەبـەر بڕاوە، تـاسـەیـەك دەمگرێ لـەبـەر خۆمـەوە دەڵێم چۆن دەمێکە مـەلی خـەیـاڵم لـە شـەقـەی بـاڵـی داوە لـە کـاتێکا دوژمـنـەکـانـم لـە پـشت دەرگـەوە بـۆم وەسـتـابـن، مـن خـۆم چـاك دەنـاسـم ئـەم مـەلـەوانـە نیم لـە دەریـای ترسدا بپـەڕمـەوە. من جـار جـارە کـە ئـاگـام لـە خـۆم دەبڕێ گـەلێك بـەرز دەڕوانمـە خـۆم. خـۆم بـەپـاڵـەوانێکیش نـاگـۆڕمـەوە، بـەڵام کـە بـەهـۆش خـۆم دێمـەوە بیر لـەوە دەکـەمـەوە خـاوەن دوژمـنم هـەر لـەبـەر ئـەوەشـە لـە تـرسـا نـاوێرم تێر لـە مـاڵـی خـۆم بمێنمـەوە هـەر ڕۆژەی ژیـانـم لـە گـوندێك بـەسـەر دەبـەم، نـەوەك ڕۆژێکیـان بـەهـەل بزانن و لـە کـاتێکی تـەنیـایی وەك ئـەوشـەوم هێرشم بـۆ بێنن و بمکوژن، پـیـاوی خـاوەن دوژمـن دەبـێ گـەلـێك ئـاگـاداری خـۆی بـێت نـەخـوازەڵا کـابـرایـەکـی وەك مـن خـاوەنـی دوژمـنێکی زۆرم، خشپـەیـەکی تر لـە دەرگـەکـەوە دێ ئـەو جـارەیـان خـۆم لـە قـوژبنی دەرگـە حـەشـار دەدەم. تفـەنگەکـەم تـوند بـەدەستمـەوە دەگـرم ئـامـادەی دەکـەم هـەر یـەکێك خـۆی کـرد بـەژوورا یـەکسـەر گـوللـەبـارانـی بکـەم. خـەزاڵ بـەدەنگێکی بـەرز دەگـری و خـۆی دەخـزێنێتـە لای منداڵـەکـان، ئـەوانیش لـە ترسـا دەگـرین دەبـێ چـاوەڕوانـی چی بکـەن. بـۆ وەسـتـان و مقـۆیـان لێوە نـایـەت خـەریکـە مێشکم بتـەقێ. جـار جـاریش وا دێتـە بیرم کـە دوژمـنـەکـانم نـەبن، بـەڵام هـەر زوو پـاشگـەز دەبمـەوە ئـەی ئـەگـەر ئـەوان نـەبن ئـەو خشپـەیـە چی بوو لـە دەرگـەکـەوە هـات؟

دوور نییـە زانیبێتیـان کـە من ئـەوشـەو هـاتوومـەتـەوە مـاڵـەوە. نـەخێر لـەو بـڕوایـەدا نـیـم زانـیـبـێـتـیـان، خـۆ مـن ئـێوارەیـەکـی تـاریك و ڕوون بـوو کـە گـەیشتمـە ئـاوایی خـەڵکی گـوند کـەسێکیـان بـەدەرەوە نـەبوون، بـەڵام دەشێ لـە دەلاقـەی مـاڵـەکـانـا یـەکـێکـیـان مـنـی دیـبـێ. سـەیـری دەست و قـاچـە لـەرزۆکـەکـانم دەکـەم دەشڵـەژێم چی نـامێنێ لـە ترسا بـەربمـە خوارەوە و

گیانم بێته دەر. تۆزێك بیردەکەمەوە پەنچەی پەشیمانی دەگەزم لە دڵی خۆمدا دەڵێم ئەگەر ئەو هەموو خەڵکەم نەکوشتبایە ئێستاکە لە کاتێکی وا تەنگەتاودا گیانم لە ترسا ئۆقرەی لیّ نەدەبڕا، من دەمێکە وتوومە هەندێك جار کە بیّ عەقڵی دەپەڕێتە سەرم خۆم بەهیچ پاڵەوانێك ناگۆڕمەوە. بەخوا برا منیش گەوجم هەموو کات بیر و هۆشم هەر لای دوژمن و دوژمنکارییە لە کاتێکا خۆم بەراورد دەکەم لەگەڵ باڵندەیەك دەبینم بەهیچ شێوەیەك لە کۆڕی ئێواراندا لە کۆمەڵەکەی خۆی دانابڕیّ و پێکەوە گۆشەی ئاسمان دەڕازێنێتەوە منیش وەك مرۆڤێك سەیری خۆم دەکەم هەست بەوە دەکەم ئێمەی مرۆڤ وەك باڵندەکانی ئاسمانیش نابین ئێمەمانان دووقۆڵیش هاوکاری لەگەڵ یەك ناکەین و دەمانەویّ لە ڕەچەڵەکەوە یەکتری بنبڕ بکەین و سەری یەکتر دەخۆینەوە. دوژمنداری منیش لەوەوە هاتووە کە لە هەوەڵ جارەوە پێم وەك بازنەیەك وایە ئینجا بازنەی تری بۆ زیاد دەبی تا دەبێتە زنجیرەیەکی گەورە، بەڵام ئەگەر بازنەی یەکەم دروست نەبێت ئەوا زنجیرەکەش پێك نایەت. خۆ منیش ئەگەر لە یەکەم ڕۆژەوە لەسەر نۆبە ئاو لەگەڵ وسووی جیرانەکەمم نەکردبایە شەڕ و ڕێگەی ئاودانی ڕەزەکەیم بدایە هەرچەند نۆبەی ئاوی منیش بوو ئێستا بازنەی یەکەم و زنجیرەکەش دروست نەبوو. دواییش لە ترسی ئەو کوشتنە هەڵنەدەهاتم و کەسی تریشم لە دەست نەدەکوژرا، بەڵام من سەرم لە کاری خۆم سوڕماوە نازانم کاری من چۆن مەیسەر بووە لە کاتێکا کە مرۆڤێك دەپێکم هەوەڵ جار بیرم لە شەقەی باڵ دەدا وێنەی برا و ئامۆزا کوژراوەکانم دێتەوە پێش چاو ئیبجا کە هۆشم هاتەوە سەر خۆم زۆر دەشڵەژێم، ویژدانم ئازارم دەدا، بەڵام ئەو کات کارەکە بەئەنجام گەییوە و هیچ دادێکم نادا ترسی ئەو شەوە هەموو شتێکی لە بیر بردومەتەوە، وا هەست دەکەم ئەو کەسانەی بەدەستی من کوژراون هەموویان لە گۆڕەکانیان ڕاست بوونەتەوە و بەرەو ڕووم دێن و خەریکن

دەمخنکێنن، کار وا بڕوا لەو ترسەدا شێت دەبم. دەنگێکی غەیبی بەبن گوێمدا دەچرپێ وا هەست دەکەم ئەوشەو جەستەم لە ناو خوێنی خۆما دەگەوزێ خەزاڵیش وێنەیەکی نامۆ لە دیمەنما بەدی دەکا. فرمێسك لە چاوە گەشەکانیدا قەتیس دەمێنێ، منداڵەکانیشم بەچاوی پڕ گریانەوە چاویان تێ بڕیوم، وەك بڵێی ئەوانیش هەست بەڕووداني كارەساتێکی جەرگبڕ دەکەن. هەموومان لەو درەنگە شەوەدا بێدارین. بەدرێژایی شەو چاومان بڕیوەتە دەرگەکە، چرپەیەکی وەك جاران لە دەرگاکەوە دێ، تفەنگەکەم هەروەك جاران لە ناو دەستە ئامادەی دەکەم تا هەر کاتێك هاتنە ژوورەوە گیانیان لەبەر ببڕم، بەڵام لەوە دەترسم زۆر بن و بەفریایان نەکەوم و هەنجن هەنجنم بکەن و لە بەردەم منداڵەکانما فڕێم بدەن، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە بەهیچ شێوەیەك ناتوانم ڕابکەم و لە بەردەستیان ڕزگاربم، هەر چۆنێك بێت تا ئەوپەڕی توانا بەرگری لە خۆم دەکەم، بەڵام خۆ من لەبەر شڵەژاوی ئاگام لە خۆم بڕاوە خەزاڵیش هەروەك من شڵەژاوە بۆیە تازە بیری داگیرسانی فانۆسە تێك قۆپاوەکە دەکەمەوە تا خەزاڵ فانۆسەکە دادەگیرسێنێ تەنێك لە کەلێنی دەرگاکە خۆی دەکا بەژوورەوە خشپەی دێ کە چراکە ڕووناکی بەناو ژوورەکە پەخش دەکا خێرا دیمەنی پشیلەیەکی ڕەشم دێتە پێش چاو بەهیلاکییەوە بەدوای نێچیری خۆی کەوتووە، بەڵام کە چاوی بەئێمە دەکەوێ لە جێگەی خۆیەوە ڕادەوەستێ و ناتوانێ کەلێن و قوژبنی ژوورەکەی بەدوادا بپشکنێ و مشکەکە بدۆزێتەوە، بەڵام من زیاتر لە جاران دەشڵەژێم هێشتا بڕوا ناکەم پشیلە بێ. لە ترسا سەرم لە جەستەم جیا دەبێتەوە چاوم ڕەشکەوپێشکە دەکا، لە پێش چاوم دەبیتە وسووی دوژمنم و تفەنگێکی لە دەستایە و خەریکە هێرشم بۆ بێنێ منیش خەریك دەبم بەرگری لە خۆم بکەم و دەستڕێژی لێ بکەم. منداڵەکانم بەچاوی گریانەوە هاوار دەکەن "بابە بابە واز لەو پشیلە جوانە بێنە حەز لە بەخێوکردنی دەکەین"

بەهۆش خۆم دێمەوە. دڵم دادەمرکێتەوە ئێستاکە هەست دەکەم ئەو شتەی بەدرێژایی شەوێك تەونی خەیاڵم ئاڵۆز دەکا و نایەڵێ تاوێك لە ناو ماڵ و منداڵەکانم ئۆقرە بگرم و پەردەی خەو لەسەر چاوەکانمان هەڵدەداتەوە تەنیا پشیلەیەکی ڕەش و خرپنە و بەدوای نێچیری خۆیدا دەگەڕێ.

١٩٧٨

## منداڵەکان لە یاریکردن بەردەوامن

چاوەڕوانی ئاوی پێت دادێنیٚ، نازانی ڕەشماڵی بیرت بۆ کامە هەوار هەڵبدەی و تاوێك خەیاڵی جەنجاڵت بەنەهاتنی هاوڕێکەت دابمرکێنیتەوە. تاوێك دەخزێیتە جیهانی خامۆشی ئینجا ڕووی خۆت وەردەچەرخێنی، کامێرای چاوەکانت وێنەی منداڵی گۆڕەپان تۆمار دەکەن، سەیریان دەکەی هەموویان بەدوای تۆپێکی ڕەنگاوڕەنگا ڕادەکەن، هەر لایەکیان دەیەوێت لە لاکەی تر بباتەوە، بۆیە هەناسەیان لەبەر بڕاوە، ئارەقە هەموو گیانی تەنیون، بینیت منداڵانی گەڕەك هەموویان بەڕیزە دانیشتوون و بە سەرسامییەوە سەیری یارییەکە دەکەن، ها... ئە... ئەوە گۆڵیان کرد، سەیرکە چۆن منداڵان دەستیان کرد بەچەپڵە و فیکەلێدان لە خۆت پرسی ″ئەوە کامە لایان بوو گۆڵی کرد؟″ وادیاربوو یاریکەرانی تیپی گەڕەکەکەتان جلی تایبەتی خۆیان لەبەر بوو هەروەکو یاریکەرانی تیپی گەڕەکەکەی تریش بەجۆرە ڕەنگێکی تر خۆیان نیشان دەدا، بەڵام ئەو کات بۆت دەرکەوت کە ژمارە نۆی ئەو تیپەی گۆڵی کرد گەڕایەوە لای خۆیان و هەموو باوەشیان پیا کرد و منالانی گەڕەکەکەشتان لە خۆشییان شاگەشکە بووبوون و هەندێکیان بەپیرییەوە چوون و ماچیان کرد ئەوسا زانیت ئەوە تیپی منداڵانی گەڕەکەکەیان بوو گۆڵی کرد و ڕەنگی جلەکانیانت لە تیپی گەڕەکەکەی تر جیا کردەوە، ئەها ئەو هاتوهاوار و مشتومڕە چی بوو لە ناو یاریکەران پەیدابوو، ئەوا تیپی گەڕەکەکەی تر یارییەکەیان ڕاگرت و کردیان بەفەرتەنە و هەر کەسە چەقۆیەکی لەبەر پشتی خۆی دەرهێنا و دەستیان کرد بەهەڕەشە و جنێودان و هاواریان

دەکرد ″ئەوە گۆڵ نەبوو ئاوت بوو″ بیرت کردەوە لە دڵی خۆتدا وتت ″پێ دەچێ بەهێز بردنەوەی خۆیان بسەپێنن″ منداڵانی گەڕەکەکەشتان ئەوەیان پێ ناخۆش بوو هەرچەندە هەندێکیان دەیان ویست بچنە ماڵەوە و ئەوانیش چەقۆکانی خۆیان بەرامبەریان بخەنە کار.

بەڵام هەندێکی تریان نەیان دەویست بەزۆرەملێ و فڕوفێڵەوە بردنەوەی خۆیان بێتە دی هەرچەندە گۆڵەکە ئەوانیش کردبوویان، بۆیە بڕیاریان دا گۆڵەکە پشتگوێ بخرێ و هەوڵی خۆشیان زیاتر بخەنە کار و بەگەرمییەوە یاری بکەن چونکە بڕوای بردنەوە بەتەواوی لە ناو دڵیانا جێگیر بووبوو. دووبارە یارییەکە دەستی پێ کردەوە... تیپی منداڵانی گەڕەکەکەیان گەلێك لە جاران گورجتر یارییان دەکرد و یەك لە دوای یەك تۆپەکەیان دەگواستەوە بۆ لای گۆڵی تیپی گەڕەکەکەی تر، ئەوسا ئەو پەڵە هەورەی لە بەیانییەوە خۆی گرمۆڵە دەکرد ئەو ناوەی تاریك داهێنا تا بەتوندی ڕێژنەیەکی داکرد. منداڵەکان هەموو لەبەر بارانا شەلاڵ بوون. گۆڕەپانەکەش تا دەهات زیاتر دەبوو بەقوڕ و لیتە و جلەکانیانی لێ پیس دەکردن، بەڵام حەزی بردنەوەی هەردوو تیپەکە زیاتر هانی دەدان واز لە یارییەکە نەهێنن بۆیە یاری خۆیان ڕانەگرت و بەردەوام بوون لە تۆپ هێنان و بردن ئەگەرچی گۆڕەپانەکەش بووبا بەگۆمی ئاو و لەبەر بارانا ڕەق بوونایە و هەموو گیانیشیان لە قوڕ و لیتە سواغ بدرایە. تۆش چی تر ئارامت نەما لەبەر ڕێژنەی بارانەکە بەدیاریانەوە بوەستی و لە هاتنی هاوڕێکەشت دوودڵ بووی، بۆیە ڕووی خۆت لە گۆڕەپانەکە وەرچەرخاند و بەرەو ماڵەوە هەنگاوەکانت هەڵێنا، بەڵام هۆشت هەر لای ئەوان بوو.

١٩٧٩

## تاوانێك لە یادگاری منداڵیمدا

ئۆخەی ئەوا جارێکی تریش چاوم بەگەڕەکەکەی خۆمان کەوتەوە. خەریکە لە خۆشییانا شاگەشکە ببم... ها... ئا... ئەوە خانووەکەی لەمەڕ ئێمەیە کە لە هەموو خانووەکانی تری گەڕەکی جیا دەکەمەوە، ئەوەتا دەرگە کورتەکەی دیوار و پەنجەرە کۆنەکانی هێشتا هەر وەکو خۆیان ماون، خۆ دار تووە پیرەکەش تا ئێستا وشك نەبووە. ئەوەتا سەربانەکەشی بەسەر باخچەی ماڵە جیرانەکەیا دەڕوانێ... ئەی ڕیزە خانووەکەی ئەوبەر ئەوانیش هەر وەکو خۆیانن. خۆ دووکانەکەی مام وسوش هەر ماوە، بەڵام وا دیارە مام وسوو گەلێك پیر و پەککەوتە بووە بۆیە دەستەکانی دەلەرزن و چاوەکانیشی کز بوون بۆیە چاویلەی پزیشکی کردۆتە چاوەکانی ناحەقیشی ناگرم گەر بەو هەموو تەمەنەوە بێ توانا بووبێ، خۆ دوانزە ساڵ بەر لەوەی ئێمە ماڵئاوایی لە گەڕەك بکەین کەمێك بێ توانا بووبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشا جار جارە گاڵتەی لەگەڵ دەکردین و دڵی خۆی بەئێمە خۆش دەکرد. چوومە ئەو بەرەوە لە بەردەم دووکانەکەی وەستام و پاکەت و شقاتەیەکم لێی کڕی. جگەرەیەکم دەرهێنا و دامگیرساند، ویستم خۆم بەمام وسوو بناسێنمەوە، بەڵام پەشیمان بوومەوە وتم ئێستا لەبەر قسە و باس و چاك و چۆنی و یادگارەکانی ئەوسا زنجیرەی خەیاڵاتم دەپسێنێ، ناهێڵێ بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانم وەك شریتی سینەما لە پێش چاوەکانم چەخماخە بدەن و خۆم لە یاد بکەم و بگەڕێمەوە ئەو سەردەمەی پێش دوانزە ساڵی ڕۆیشتنمان لە گەڕەك. جارێکی تریش چاوم بڕییەوە کۆنە هەوارەکەمان وەك ئەندازیار چاوم بەهەموو لایەکی خانووەکەدا خشاند. بەو کۆڵانەدا بەیانیان ڕێگەی قوتابخانەم دەگرتەبەر لەو سەربانە بوو تۆپ تۆپێنم دەکرد. خۆ من گەلێك

حەزم لە یاری تۆپ تۆپێن دەکرد بەڵام گۆڕەپانی یاری لە گەڕەکەکەماندا نەبوو. کۆڵانە تەنگەبەرەکەشمان ڕێگەی لێ گرتبووین، تاقانەش بووم لە ماڵەوە بۆیە خۆشیان دەویستم و ڕێگەیان دابووم لە سەربان یاری بکەم، جار جارە بەتەنیا و هەندێك جاریش لەگەڵ یەك دوو هاوڕێی ترم یاریمان دەکرد جا ئەو ماڵەی ئێمەی بەسەردا دەڕوانی پیرەژنێکی بەساڵاچووی تێدا بوو، ناوی پوورە ئایشێ بوو، ئەو پوورە ئایشێیە لەبەر دەرگەی دەرەوە دادەنیشت و خۆی لە هەموو ئیش و کارێکی گەڕەك هەڵدەقورتاند و گەلێك جار ئاژاوەی لە نێوان دوو ماڵ دەنایەوە و سەرەڕای ئەوەش ئێرەیی بەخەڵك دەبرد بۆیە خەڵکی گەڕەك هەموو ڕقیان لێی دەبۆوە، کاتێك لەبەر دەرگە دادەنیشت ئەوەی بەپێش چاویدا ڕەت بوایە لە ژێر پێیەوە تا تەوقی سەری پێیدا دەڕوانی. جار جارەش دەهاتە ژوورەوە و لە ناو باخچەی ماڵەکەیانا دادەنیشت، جا هەرچەندە جارێك بەتەنیا بوومایە لە سەربانی ماڵەکەمان دەکەوتمە ناو جیهانی یاریکردنەوە ئەگەر هاوڕێکانیشم لە دەرەوە بوان ئەوە لە ناو کۆڵانە تەنگەبەرەکەماندا یاریمان دەکرد. جا هەر جارێکیان تۆپەکەمان بکەوتایە ماڵی پوورە ئایشێ ئەوا هەزار و یەك جنێو و هەڕەشەی لە دەم دەباری و یەکسەر چەقۆکەی لە باخەڵی خۆی دەردێنا و تۆپەکەی دەدڕی فڕێی دەدایە دەرەوە. ئێمەش هەزاران جنێومان بەسەریا دەباراند و ئەوسا وازمان لە یاریکردن دەهێنا.

## ٢

ڕۆژێکیان بەتەنیا لە سەربان یاریم دەکرد وەك جاران تۆپەکەم لە بەردەم پوورە ئایشێی شەیتانی گەڕەکەکەمان قۆزییەوە ئەویش وەك جاران تۆپەکەی کردم بەقوربانی نووکی قەڵەم برێك... ئارامم لەبەر نەما... گەرمایی ئەو ڕۆژە و ماندوویەتیش هێزی تووڕەبوونیان زیاتر لە لەشما بزواند لەو کاتەدا ئەگەر هەر شتێکم چنگ بکەوتایە بۆم تووڕدەدا،

چاوم ڕەشکەوپێشکەی کرد، پارچە خشتێکم کەوتە بەردەست خێرا ڕاپێچی سەر و گوێلاکیم کرد هەر ئەوەندەم زانی نیشانەکە پێکای، ناڵە و ئاخ و ئۆف بەری ئاسمانی گرت سەری خۆم لەسەر دیوارەکە هەڵکێشا بینیم خوێن لە سەریا فوارەی دەکرد. بەڵێ ئەوسا زانیم تازە کار لە کار ترازا چاوم لێ بوو چرنووکەکانی لە زەوی دەچەقاند و بەهەموو دەنگییەوە دەیقیژاند دەیویست بەرگری لە مردن بکا. منداڵەکانی خێرا بەهات و هاوارەوە گەیشتنە سەری و پەڕۆیەکیان نا بەسەریەوە، خەڵکی گەڕەکیش وردە وردە بەپیر هات و هاوارەکەوە دەهاتن و گەلێکیان کە بەم حاڵەیان دەزانی خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی کەوا شەیتانی گەڕەك بەئەنجامی خۆی گەیشت، هەندێکیشیان بەزەییان پێدا دەهاتەوە... تەنیا من نەبێ لە جێی خۆم ئارامم لەبەر بڕابوو، زۆر دەترسام یەکسەر بەسەر پشتا کەوتم وام هەست دەکرد خەڵکەکە هەموو باسی من دەکەن و پەنجەی تاوانباریم بۆ درێژ دەکەن، لە دڵی خۆما وتم: ″تازە تووشی داوی خۆم بووم پاش ماوەیەکی تر باڵباز دەکەونە پشکنینی ماڵەکەمان و قۆڵبەستم دەکەن، و دەك دەستی قەدەر بشکێ مرۆڤ کە بەڵای بەسەردا هات خۆشی نازانێ چۆن و لە چ کاتێکا بەڵای بەسەردا دەبارێ″ دڵم زیاتر زیرڕنی تێ دەکەوت. هەندێك جاریش تۆزێك ئارامم دەهێنایەوە بەرخۆم و دەموت: ″خۆ من ئەمڕۆ تەنیا بووم کەسێکیش منی لە سەربان نەدی، ئەی بۆ ئەو تاوانە پێ دەزانرێ. خۆ خەڵکی دەستی خۆیان بۆن نەکردووە تا بزانن ئەو کارە بەدەستی من ئەنجام دراوە″

پیرەژنەیان لە ناو قەڵەباڵغی هێنایە دەرەوە و بردیان بۆ نەخۆشخانە، غەڵبە غەڵبەکەش تا دەهات هێور دەبووەوە. تۆزێك دڵم ئارامی هاتەوەبەر، وتم هەرچۆنێك بێت تا کەس لە سەربان نەیدیوم بچمە خوارەوە و تۆزێك پشوو بدەم و مێشکم بێتەوە سەرخۆ کە چوومە خوارەوە هێشتاکە دایکم نەگەڕابووەوە ماڵ وا پێ دەچوو دایکیشم لەگەڵیانا چووبێ بۆ

نەخۆشخانە. ماوەیەك دانیشتم هێشتاکە دڵم ئۆقرەی نەدەگرت، هێشتاکە هەموو گیانم وەك دار بی ناو ئاو دەلەرزی تاوەکو سەریشم لەگەڵیا ژانی دەکرد، چەندی دەمکرد هێرشی ترس لە دڵما بەربەست نەدەکرا حەزم دەکرد بنووم. تا بەیانی هەڵنەستم، بەڵام چەندی دەمکرد خەوم لێ نەدەکەوت جارێکی تریش ناڵە و هات و هاوار لە گوێما چەخماخەیان دا، بیرم بۆ ئەوە چوو مردبێ پاش ماوەیەك دایکم خۆی کرد بەژوورا وتی:

– ڕۆڵە تۆ لێرەی؟

– بەڵێ دایە گیان.

– بۆچی نەهاتیە دەرەوە نەت زانی؟

– بەڵێ دایە گیان زانیم بەڵام چی لێ هات مرد؟

– ڕۆڵە گیان تۆ خۆش، خوێن لە لەشیا نەمابوو تا گەیاندمانە نەخۆشخانە لە ڕێگەدا مرد.

دایکم هەستی پێ کرد زمانم تێك گیراوە دەلەرزم بۆیە پێی وتم:

– کوڕم ئەوە بۆ ڕەنگت زەرد هەڵگەڕاوە. لە چی دەترسی؟

– دایە گیان ئاخر گوناح بوو بەزەییم پیا دێتەوە.

– ڕۆڵە تەمەنی درێژی بۆ تۆ جێ هێشتبێ، ئۆخەی ئیتر هەموو گەڕەك حەسانەوە.

ئەو لە دەردی من نەدەگەیشت وای دەزانی ئاگام لە مەسەلەکە نییە تەنیا بەزەییم پیا هاتووەتەوە بۆیە وا ڕەنگم زەرد هەڵگەڕاوە. منیش بڕیارم دا جارێ دەرگەی ڕاستی لە ڕوودا نەکەمەوە بۆیە وتم:

– ئاخر دایە گیان ماندووم لێم گەڕێ با سەرخەوێك بشکێنم.

## ٣

هـێشتـا لـه تـەمـەنـی مـنـاڵـیـا بـووم كـه دەنـگـی كـابـرایـەك شریـتـی ئەندێشەكانی پچڕاندم و گەڕاندمییەوە ئەو كاتەی هێشتا خۆم لە بیر نەكردبوو، پرسیاری لێ كردم یەكسەر ڕاچڵەكیم ها ئەوە. من لە كوێم... ف ... ف... فەرموو چیت دەوێ؟

– كاكە گیان ماڵی فلان كامەیە؟

لەو كاتەدا فرمێسك لە چاوەكانما قەتیس مابوو، وەلامم بۆ نەدەدرایەوە هەر چۆنێك بوو بەڕستەیەكی پچڕ پچڕەوە وەلامم دایەوە:

– بەداخەوە منیش وەك تۆ ڕێبوارم و خەڵكی ئەو ناوچەیە نیم.

كـابـرا بـەسوپـاسەوە ڕۆیشت و لـەولاتـرەوە لـە یـەكـێكـی تـری پـرسی و نیشانیان دا، منیش پاكەتەكەم لە گیرفانی خۆما دەرهێنا، سەیرم كرد لە بێئاگاییدا جگەرەیەكی زۆرم كێشاوە. با بڕۆم ماوەیەكی درێژە خەڵكی گەڕەك وەك ڕێبوارێكی نامۆ سەیرم دەكەن نامناسنەوە، خۆ ئەگەر بیان ناسیمایەوە ئێستا بەخێرهاتن و پێشوازیشیان لێ دەكردم و ڕێگەشیان نەدەدام بڕۆم، هەرچەندە جیرانەكانمان لە مناڵیا خۆشیان دەویستم بەلام مرۆڤ خۆ وێنەیەكی چەسپاو نییە لە مۆزەخانەیەكا هەڵواسرابێ و خەڵكی بێن سەیری بكەن و بیناسنەوە بەڵكو هەمیشە لە گۆڕاندایە منیش لە مناڵییەوە ئێرەم بەجێ هێشت ئێستاكە وێنەم زۆر گۆڕاوە ناحەقیان ناگرم ئەگەر نەمناسنەوە، ئاخ یادگارەكانی مناڵیم پڕن لە بەرهەمی شیرینی و تاڵی، بیری مناڵیش چەند تیژە خۆ ئەو كارەساتە ببڕای ببڕ لە بەرچاوم لاناچێ. وردە وردە هەنگاوەكانم هەڵگرت، لە ڕێگەدا هەزار و یەك پرسیار خۆیان دەئاخنیە مێشكم "بۆ ئەو تاوانەم كرد"؟ هەر خۆشم وەلامی خۆم دەدایەوەو دەموت:

″خۆ بەدەستی ئەنقەست ئەو کارەم نەکردووە، خۆشم نەمزانی کارەکە چۆن ئەنجام درا، بەڵام نەء با بڵێن بەدەستی ئەنقەستیش ئەو کارەم کردووە خۆمن شەیتانێکم لە ناو برد بەمردنی ئەو گەڕەك هەمووی حەسایەوە، بەڵام خۆ مرۆڤ بوو، من مرۆڤێکم لە ناو برد بۆیە تاوانێکم لە دەفتەری بیرەوەرییەکانما تۆمار کرد کە هەرگیز لە پێش چاوم نەسڕێتەوە، کوڕە دەیاڵا مرد مرد. دەستەکانم خۆش بن خۆ پیرێژن دوا تروێکی تەمەنی بوو ئەگەر واش نەبوایە ماوەیەکی تر هەر دەمرد، مرۆڤی وەها نەگریس و سەر بەئاژاوە بەمردن نەبێ واز لە خراپەکاری خۆی ناهێنێ.

بەڵام نەء... نەخێر... با دوو ڕۆژیشی لە ژیان مابوایە خۆ دڵی بەو دوو ڕۆژەش هەر خۆش دەبوو، خۆ هیچ نەبێ بەدەم ئازارەوە سەری نەدەنایەوە ″بەخوا برا منیش گەوجم هەموو کات بیر و هۆشم هەر لای تاوان و تاوانکارییە، هەرچەند هەوڵ دەدەم ناتوانم ئەو لاپەڕە لە مێشکی خۆما بسڕمەوە، بەڵام بۆ ناتوانم؟ خۆ هیچ شتێك لە توانای مرۆڤ بەدەر نییە، خۆ من لەو کەسانە زیاتر نیم برای خۆیان بۆ پارە و مەبەستی خۆیان لە ناو دەبەن. ئەی ئەوانەی دزن و لە ڕێگەدا خەڵکی تالان دەکەن و دواییش دەیانکوژن بۆ ئەوەی تاوانەکانیان بشاردرێتەوە. ئەی ئەوانە بۆچی بیر لە تاوانی خۆیان ناکەنەوە، بۆچی ویژدان ئازاریان نادا بگرە هەر تەقەی سەریشیان دێت. خۆ ئەو جۆرە کەسانە گیانکێشانی مرۆڤێك و جامێك ئاو خواردنەوەیان لە لادا وەك یەکە، بەڵام من وەك ئەوان نیم هەرچەندە بەمناڵی ئەم تاوانەم کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شایانی مردن بوو. کەواتە بۆ ناتوانم ئەو تاوانەی خۆم لە بیر بکەم؟

بەڵێ دەتوانم چونکە تا ئێستا تووشی هیچ تاوانی تر نەبوومە و ئەوساش توانیم خەڵکی گەڕەکەکەمان لە پیرێژن ڕزگار بکەم. بزەیەك گرتمی دڵم هاتەوە سەرخۆ جارێکی تریش وەك ئەندازیار چاوم بڕییەوە خانووەکەی لەمەڕ خۆمان و ئەو سەر و ئەو سەری کۆڵانیشم پشکنییەوە و

بەسەرنجدان و دڵێکی شادمانەوە هەنگاوەکانم هەڵێنا و بەرەو ئوتێل گەڕامەوە، هەستم بەخۆشەویستی و شانازییەکی بێ پایان کرد چونکە بەدیداری کۆنە هەوارەکەم شاد بوومەوە، بۆیە بڕیارم دا هەموو ساڵێك وەك ئەوجارە مۆڵەت وەرگرم و سەردانی هەوارەکەم لە یاد نەکەم.

١٩٨٠

## سینەما

ئەمڕۆ بەپێچەوانەی ڕۆژانی تر ئارەزووی دانیشتنی چایخانە و پیاسەی ناو بازاڕم نەبوو، هەرچەندە لە بەردەمی چایخانەشا وەستام. چاوەڕوانی هاوڕێکەم بووم تا هات، هەرچەندی وتی: ″با تۆزێك دانیشین و بۆ خۆمان پشوویەك بدەین. منیش وتم: ″حەز بەدانیشتن ناکەم با بڕۆین بۆ لای سینەما و بەفلیمی شارلی شاپلن تۆزێك دڵی خۆمان خۆش کەین″ ئەویش سەیری کاتژمێرەکەی دەستی خۆی کرد. کاتەکە چارەکێکی مابوو بۆ سەعات چوار و فلیمەکە دەست پێ بکا ناچار دڵی نەشکاندم بەرەو سینەماکە هەنگاومان هەڵێنا کە گەیشتینە بەر دەرگە دەتوت لە بەختی ئێمەدا خەڵك هەموو کار و پیشەی خۆیان بەجێ هێشتووە و هاتوون بۆ سینەما، ناهەقیشیان ناگرم ئەوانیش حەز دەکەن خەمی خۆیان بەو جۆرە فلیمانە بڕەوێننەوە، بەهەر حاڵ توانیمان دوو پلیت ببڕین و بچینە ژوورەوە، هێشتاکە پێنج خولەك مابوو چراکان بکوژێنەوە و فلیمەکە دەست پێ بکا هۆڵی سینەماکە جمەی دەهات لە خەڵك. چووینە بەشی سەرەوەی هۆڵەکە بەڵام جێگەمان نەبووەوە ناچار چووینە بەشی خوارەوە هێشتاکە جێگای خۆمان نەکردبووەوە هەر ئەوەندەمان بینی لە لای پشتەوە بوو بەهاتوهاوار تومەز دوو کەس لەسەر جێگە بەشەڕ هاتوون، یەکێك لەوان لەسەر جێگەی ئەوەی تر دانیشتبوو و هەڵنەدەستا... تۆزێك جنێوی پیسیان بەیەکتر دا و یەکتریان هێنا و برد، خەڵکەکە هەرکەسە لە ڕاستەخۆی چاوی بڕییە ئەوان و بوو بەفیکەلێدان وەك بڵێی فلیمەکە لەوێدا ئیش بکا هەندێك دوور بەدوور هاواریان دەکرد:

– ئەرێ ئەوە فلیمەکەیە؟

– نەخێر پێشەکییەکەیەتی.

هەرچۆنێك بێت پشکنەری هۆڵ بەخۆی و ئەلەتریکە درێژەکەیەوە هات و جێگاکەی لە کابرا سەندەوە جێگەی بۆ ئەویش کردەوە، ئێمەش بەپرە پڕ جێگەی خۆمان کردەوە. چراکان کوژانەوە و پێشەکی فلیم دەستی پێ کرد.. کردیان بەفیکە و چەقەنەلێدان و هاتوهاوار لە پێشەکی فلیمەکەدا کوڕێك دەمی خۆی بۆ دەمی دەسگیرانەکەی دەبرد. لەو لاوە چەند گەنجێکی ناو هۆڵ کردیان بەدەنگ هەڵبڕین، هەر یەکە بەجۆرێ هاواری دەکرد "لەبلەبی.. تەماتە.. شامی نۆك.." یەکێکی تر لەو لاوە ڕاست بووەوە هاواری کرد.. کوڕە بیگرە بەری نەدەی".. بەو جۆرە پێشەکی فلیمەکە کۆتایی هات. بۆ دە خولەك خەڵکەکە پشوویان دا، دوایی پۆل پۆل بەرەو جێگەی خۆیان گەڕانەوە. چراکان جارێکی تریش کوژانەوە. فلیمەکە دەستی پێ کرد وەك دیارییەك لە لای سەرەوە چەند جگەرەیەکی داگیرساویان بەسەردا فڕێ دایـن بـوو بەهات و هاوار و جنێودان ئاورم دایەوە بینیم کابرای نووستووی پێشم لەگەڵ ئەو دەنگە دەنگە چاوەکانی خۆی هەڵگلۆفت و بەئاگا هات. تۆزێك بیرم کردەوە لە دڵی خۆمدا وتم: "دیارە لە سینەماشدا چینی خوارەوە هەر بەش خوراون بۆیە جگەرە و تویکڵی تۆوە قرتێنراوەکانیان بەسەردا فڕێ دەدرێ" لە لایەکی ترەوە دەنگی شووشە بەتاڵەکانی ساردی لە ژێر پێکاندا گلۆر دەبوونەوە و دەشکان، هەر ئەوەندەمان زانی تایتلی فلیمەکە کۆتایی پێ هات و شارلی بەجووڵانەوە سەیرەکانی سەرنجی خەڵکی ناو هۆڵەکەی بۆ خۆی ڕاکێشا.

پێکەنین کەوتە سەر زاری هەموو لایەك، سەیرێکی هاوڕێکەمم کرد بینیم ئەویش لە من زیاتر چووەتە ناو جیهانی فلیمەکە و ئاگای لە دەوروپشتی خۆی بڕاوە. ئەوجارەیان شارلی منیشی خستە ناو جیهانە بێ کۆتاییەکەی خۆی و نقومی دەریای خەیاڵاتی کردم ئەو کاتەی بووبوو بەکرێکاری کارگەیەك و بەخێرایی نەبوایە فریای کارەکەی نەدەکەوت پێشکەوتنی تەکنۆلوجیا وای لێ کردبوو بەهیچ جۆرێك توانای حەسانەوە

و بیرکردنەوەی نەبێ تەنیا دەبوایە فریای خێرایی ماکینەکان بکەوێ و ببێتە کۆیلەی ژێر دەستی تەکنۆلوجیا. دوای ماوەیەکی تر شارلی لە دەورێکی تریا بێ کاری وای لێ کردبوو لە برسا پێڵاوەکانی خۆی بکوڵێنێ و بیخوا، لەو کاتەدا دیمەنی ڕۆژانی خۆم هاتەوە یاد کە وەکو شریتێکی سینەما لە پێش چاوما دەسوایەوە، هەر لەو ڕۆژانەوە کە قوتابی بووم تا ئەو ڕۆژانەی گەیشتمە زانکۆ و باوکم هەرچۆنێك بوو شتێکی لە تەقاویتییەکەی بۆ گل دەدامەوە و بۆی دەناردم هەرچەندە لە چاو گەلێك لە قوتابییەکانی تریش ئێجگار کەم بوو بەڵام گیرفانی باوکم لەوە زیاتری هەڵنەدەگرت بۆیە منیش هەر چۆنێك بوو کۆڵم نەدا و توانیم بەسەر کێوی سەختی ژیانا هەڵگەڕێم و خوێندنم تەواو بکەم تا دوای ئەوەی سەربازیشم تەواو کرد، بەڵام پێش ئەوەی لە فرمانگەیەکا دابمەزرێم ویستم کارێك بۆ خۆم بدۆزمەوە بۆ ئەوەی ژیانی خۆم دابین کەم و چیتر بەولا و ئەولادا نەگەڕێم. خۆ باوکی داماوم بەو پیری و کەنەفتییەوە نەیدەتوانی تاسەر بەو کۆمەڵە خێزانەوە بەخێومان بکات. ناچار ڕۆژێکیان جلی کرێکاریم کردە بەر و بەیانی زوو لە پێش چایخانەی کرێکاران چاوەڕوانی خاوەن کارێك بووم منیش لەگەڵ خۆی بۆ کارەکەی ببات بەڵام بێ سوود بوو ئەو ڕۆژە تا ڕۆژ هەڵاتێکی درەنگیش ڕاوەستام هەرچی خاوەن کارێك دەهات چەند کەسانێکی دیاریکراویان لەگەڵ خۆیان دەبرد وەك بڵێی کۆمەڵ کۆمەڵ ڕێك کەوتبوون و هەر کەسە خاوەن کارەکەی خۆی دەناسییەوە و لە دەرەوە بانگیان دەکردن بۆیە منیش ئەو ڕۆژە بەخەمبارییەوە گەڕامەوە ماڵەوە. یەك دوو ڕۆژی تر ڕووم کردەوە گۆڕەپانەکەی کرێکاران تا ڕۆژێکیان هاوڕێیەکم بینی خەریکی خانووکردن بوو لە دوورەوە بانگی

کردم دوای ئەوەی زانی بۆ کارکردن ڕاوەستابووم منیشی لەگەڵ خۆیا بردو یەك دوو مانگ لە ماڵەکەیانا ئیشم کرد تا خانووەکەی تەواو بوو

ئیتر منیش لە کارکردن وەستام تا دەرفەتێکی تر ڕووم کردەوە چایخانە، تا وام لێ هات شاگرد و دانیشتوانی بەردەوامی چایخانەش یەکە یەکە دەیانناسیم. جووڵانەوە سەیرەکانی شارلی بۆ جارێکی تریش خەڵکەکەی خستەوە پێکەنین، منیش لەگەڵ هورژمی پێکەنینا بەئاگا هاتمەوە و گەڕامەوە جیهانە ئەفسووناوییەکەی شارلی ئەو جارەیان چەند چرکەیەکی تری پێ چوو تۆزێك پەژارە و خەمی دڵمی ڕەواندەوە و خۆم لە بیر چووەوە تا ئەو کاتەی زەنگی سینەماکە لێی دا و گڵۆپەکان داگیرسانەوە و هاتینە دەرەوە، جارێکی تریش خۆم بیرکەوتەوە و بەرەو چایخانەی مەجکۆ هەنگاومان هەڵێنا.

١٩٨١

## خەونە سەوزەکان

### ١

ژیانی ڕۆژانەی مام عەولا لە قەوانێکی کۆنی سواوە دەچوو هەموو ڕۆژێك بێ گۆڕان دووبارە دەبووەوە و خەڵکی ئاوایی ئاگاداری بوون. لە خانوویەکی دوو ژووری لە قوڕ دروستکراودا دەژیا، ئەو شتانەی کە هەمیشە لە پێش چاویا لانەدەکەوتن ئەوانە بوون «ناو ماڵێکی شڕ، دۆلابێکی کۆنی بێ جامخانە، چەند قەدە نوێنێك، مەقەڵەیەك و پەلەمزێکی چشت لێنان، چەند مەنجەڵێکی چێشت لێنان و قاپ و قاچاغەکەی، چاپەستێك و کەرەسەی چالێنان، زۆپایەکی دار، فانۆس و لالە، دووگوردێك و چەند ڕایەخێکی دانیشتن، چەند وردە شتێکی تریش» مام عەولا هەر لە بەیانییەوە لە ماڵ دەچووە دەرەوە تاکو ئێواران تەنیا نیوەڕۆیان دەهاتەوە ماڵەوە و نانەکەی دەخوارد و یەکسەر دەگەڕایەوە ناو ڕەزەکەی، بەلام پێش ئەوەی بگەڕێتەوە نوێژی نیوەڕۆی لە مزگەوتەکەی ئاوایی دەکرد و ئینجا دەگەڕایەوە ناو ڕەزەکەی و دەستی دەدایەوە پاچ و بێڵەکەیەوە و ڕەزەکەی دەکێڵایەوە و هەڵی دەبژارد و ئاوی دەدا. گوزەرانی مام عەولا لەسەر بەرهەمی ڕەزەکەی بوو بۆیە ئارەقەی ڕەش و شینی بەدیارا دەڕشت. بە ڕۆژ هەستی بەتەنیایی نەدەکرد ئەگەرچی هەر خۆی بەتەنیا بوو، خۆ ئەو دەست لە ملانێی لەگەڵ بەرهەمی جۆراوجۆری ڕەزەکەی دەکرد، بەلام شەوان ژیانی بەجۆرێکی تر دەگۆڕا. هەستی بەتەنیاییەکی ئێجگار کوشندە دەکرد، تا درەنگ بێدار دەبوو و خەو نەدەچووە چاوەکانییەوە. وای دەزانی دیوارەکان بەسەریا بەردەبنەوە و هەرەس دێنن، حەپە حەپی سەگ و میاوە میاوی پشیلە و دەنگی بۆق و گیانلەبەرەکانی تریش تەنیاییان نەدەڕەواندەوە و کۆکە بەردەوامەکەشی

سیمفۆنیایەکی تری خەمیان بەژوورەکە دەبەخشی، ئەویش هەمووی هۆی جگەرەکێشانی بەردەوامی بوو، خۆ گەلێك جار بڕیاریشی دەدا کەوا واز لە جگەرەکێشان بهێنێ، بەڵام تاودانی جڵەوی ئەسپی خەیاڵی بەبەردەوامی ئەو کارەیان بۆ نەدەڕەخساند. ژیانی مام عەوڵا دوای مردنی فاتەی ژنی زیاتر بەرەو کزی و نیگەرانی دەچوو، زۆر جار بیری دەکردەوە و زۆر جار خەونی سەوزی دەدی، بەڵام خەونەکانی دەبوون بەبڵقی سەر ئاو و نەدەهاتنە دی. دەمێك بوو بیری لەوە کردبووەوە باوەژنێکی تر بخوازێ بۆ ئەوەی ماڵەکەی ڕووناك بکاتەوە و خزمەتی بکا و ئارەزووی خۆی پێ دابمرکێنێ، خۆ ئەو دوای مردنی فاتە تاقە ڕۆژێك هەناسەیەکی خۆشی هەڵنەکێشابوو کەسێك نەبوو جلەکانی بۆ بشۆن و نانێکی خۆشی بۆ ئامادەکەن، خەڵکی ئاوایی هەموو مام عەوڵایان خۆش دەویست خۆ ئەگەر ئەو بیویستایە هەموو ڕۆژ نانیان بۆ دێنا و جلیان دەشت و هەموو خزمەتێکیان دەکرد، بەڵام ئەو خۆی نەیدەهێشت خۆی کارەکانی خۆی بەدەست ڕادەپەڕاند و حەزی نەدەکرد کەسێك خزمەتی بکا هەرچەندە خاوەن کوڕێك و کچێك بوو، بەڵام کوڕەکەی ژنی هێنابوو و چووبوو بۆ شار و کچەکەشی مێردی کردبوو و لە دێیەکی تر دەژیا بۆیە ئاگایان لێی بڕابوو جار جارە نەبێ سەریان لێی دەدا. گەلێك جاریش داوایان لێی دەکرد بچێتە لای ئەوان و ئاوایی بەجێ بهێڵێ، بەڵام ئەو دڵی نەدەهات گوندەکەی خۆی فەرامۆش بکا و چاوەکانی بەراییان نەدەدا لە بەرهەمی ڕەزەکەی بێ بەری بێ و یەکێکی تر بەرەکەی بخوا، چونکە ئەو بەئاو و هەوای گوندەکەیەوە گەورە بووبوو و لێی ڕاهاتبوو خەڵکی ئاواییش هەموو خۆشیان دەویست و ئەویش خۆشی دەویستن بۆیە ژیانی گوندەکەی بەژیانی شار نەدەگۆڕییەوە، خۆ ئەو لەگەڵ هەموو خاوەن مردوویەك لە پرسە دادەنیشت و لەگەڵ هەموو زەماوەندێکدا بەخۆی و پشتە قەمبوورەکەیەوە سەرچۆپی شایی دەگرت و ئاڵا

ڕەنگاوڕەنگەکەی لە دەست دەگرت و بای دەدا و ئەو ڕۆژە جلی جوانی دەپۆشی و بەهەموو دڵخۆشییەکەوە هەڵدەپەڕی، خۆ ئەو هێشتا مرۆڤێکی دڵتەڕ و قسەخۆش بوو. هەموو کۆڕ و دانیشتنێکی بەقسە و چیرۆکە خۆشەکانی بەجۆش دەهێنا جار جارە بەستە و گۆرانیشیان پێ دەوت و کاتێکی خۆشیان لەگەڵ دەبردە سەر، بەڵام هەرگیز خەونە سەوزەکانی نەدەهاتنە دی کە ژنهێنان بوو، هەرچەندە گەلێك پیرێژنیان بۆ دەستنیشان کردبوو، بەڵام ئەو هێشتا دڵی گەش بوو حەزی دەکرد لە باوەشی باوەژنێکی ناسك و خنجیلانەدا ئۆقرە بگرێ.

٢

ماوەیەك بوو ژیانی مام عەوڵا لە گۆڕان دابوو. زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی نەدەتۆرا، جلی تازەی لەبەر دەکرد، خۆی پاك و خاوێن ڕادەگرت، ماڵەکەی خۆی ڕێك دەخست. خەڵکی ئاوایی هەموویان هەستیان بەو گۆڕانە کردبوو دەیانزانی مام عەوڵا دوای مارەکردنی بەسێ بەتەواوی گۆڕاوە و خۆی بۆ زەماوەندێکی بەگوڕ ئامادە دەکا بەتایبەتی خەڵکەکە هەموویان مام عەوڵایان خۆش دەویست و خۆیان بۆ شاییەکی بەجۆش ئامادە دەکرد. مام عەوڵا گەلێك جار بیری دەکردەوە، هەرگیز بڕوای نەدەکرد خەونەکانی بێنە دی و بەسێی ناسك و خوێن شیرین شووی پێ بکات بۆیە زۆر جار لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– بەخوا نازانم چۆن بەسێ بەمن ڕازی بووە. ئەو بەسێیەی دوای مردنی مێردەکەی ئەگەرچی شەش منداڵی هەتیوی لە دوا بەجێ ماوە ئێستاش لە کیژێکی چواردە ساڵ ناسکترە، دیارە چاوی بڕیوەتە سامانی منەوە و زانیویەتی خاوەن ڕەز و پارەیەکی چاکیشم هەیە.

هەر خۆشی وەڵامی خۆی دەدایەوە و دەیوت:

– نەخێر مەرج نییە وا بێ. من هێشتاکە گورجوگۆڵ و لەسەرخۆم

ئەگەرچی تۆزێك قەمبوورم. ڕەنگە زانیبێتی مرۆڤێکی دڵتەڕ و بەسەلیقەم و خەڵکی ئاوایی هەموو خۆشیان دەوێم، دووریش نییە لەبەر بێ کەسی منداڵەکانی مێردی پێ کردبم. مام عەولا شەو تا بەیانی بیر و هۆشی خۆی بەو خەیاڵانە تاو دەدا لە مەراقدا تا خەوی لێ دەکەوت جگەرە دوای جگەرەی دادەگیرساند و سەرەنجامیش بەچاوەڕوانی زەماوەندەوە چاوەکانی دەنووقاند و خەوی لێ دەکەوت.

٣

ئەو بەیانییە مام عەولا دڵی لە هەموو ڕۆژانی تر خۆشتر بوو، خەڵکی ئاواییش لە هیچ زەماوەندێکا وەك ئەو زەماوەندەی ئەمڕۆ دڵیان خۆش نەبوو... دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا لە هەموو ئاوایی دەنگی دەدایەوە و شایی ئەوسەر و ئەوسەری دیار نەبوو، ژن و پیاو ڕەشبەڵەکیان بەستبوو... منداڵانی ماڵە هەژارەکانیش بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی کاتی نان خواردنی نیوەڕۆیان دەکرد تا تێر پلاو و گۆشت بخۆن. دەنگی شاباش یەك لە دوای یەك دەنگی بەرز دەبووەوە و شاییەکەی زیاتر دەخستە گەڕ. نیوەڕۆ دوای ئەو خەڵکەکە نانیان خوارد و یەکێك لە گەڕێنەکان ڕازاندرایەوە بەئاڵای ڕەنگاوڕەنگ. خەڵکەکە چاوەڕێی ڕۆیشتن بوون بۆ هێنانی بووك. هەواڵهێنەر گەیشتە ئاوایی و دەنگ و باس وا بڵاوبووەوە کە بەسێ گیانی پاکی بەخاك سپارد. خەڵکەکە وەك چۆن ئاو برژێنیتە سەر پەنگر بوون بە خۆڵەمێش و دامرکانەوە، شاییان لێ بوو بە شین... تەمی خەم بەسەر ڕووی گشت دانیشتوانی ئاوایی داپۆشرا. مام عەولاش دوای گەیشتنی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە مووچرکێك لە تەوقی سەریەوە تا ژێر پێی هات. لە جێی خۆی جوڵەی بۆ نەکرا، ڕەنگی وەك گەلای پایز زەرد هەڵگەڕا دایە پرمەی گریان، ئینجا چیتر قاچەکانی لەنگەریان نەگرت بۆیە بەسەر چۆکا کەوت و بێ هۆش بوو

١٩٨٣

## جیابوونەوە

من نەمدەزانی کاری ژن مارەکردن لە دادگەدا ئەو هەموو هاتوچوو و بگرە و بەردەی دەوێ دەنا هەر هیچ نەبوایە هەفتەیەك پێش ژن گواستنەوە دەستم بەمامەڵەکردن دەکرد، ئەویش هەمووی خەتای خەسووەکەم بوو، هەر جارێك ئێمە داوامان لێ دەکردن تا مەسەلەی مارەکردنەکە کۆتایی پێ بێنین ئەو بیانوویەکی دەدۆزییەوە و دوای دەخست تا هەموو داواکارییەکانیان بەباوکم جێبەجێ کرد ئینجا بەچەند ڕۆژێك پێش گواستنەوە ڕەزامەندی خۆیان نیشان دا بۆ مارەکردن تا کەوتینە ئەو پەلە پەلەیەی ئەمڕۆ. خۆ خزم و برادەرانم هەمیشە دەیان وت کاری ژن مارەکردن لای قازی زۆر ئاسانە. چووم بۆ دادگە بۆ لای ئەو فەرمانبەرەی کاری ژن مارەکردن ئەنجام دەدا بەڵام لەبەر سەرقاڵی و ڕاوەستانی خەڵکێکی زۆر هەرچۆنێك بوو توانیم خۆم بخزێنمە پێشەوە. ئەو لای خۆی ئیشەکەی بۆ تەواو کردم و ئینجا بەرەو نەخۆشخانەی تەندروستی گشتی بەڕێ کرام و دەسگیرانەکەشم بەخۆی و دایکی لەگەڵم هاتن. لە نەخۆشخانە فایلێکیان هێنا و ناوەکانیان نووسین و داوای وێنەی هەردوو لامانیان کرد، جا باش بوو من هەمیشە وێنەی زیادە لەگەڵ خۆما هەڵدەگرم بەڵام بۆ دەستگیرانەکەم چووین بۆ بازاڕ و لای وێنەگرێکی سەر شۆستەکان چەند وێنەیەکی بەپەلەمان گرت و هاتینەوە. ئەوجارە بلیتێکیان داینێ بۆ خوێن پشکنین، بەڵام باش بوو ئەویان ئاسان بوو زوو تەواومان کرد و بۆ ئیشاعە وەرگرتنیش بلیتێکی تریان داینێ بۆ نەخۆشخانەی گەورەی شار بۆ ئەوەی ئیشاعەکە بگەڕێتەوە لای ئەوان و ڕاپۆرتی خۆیان بنووسن بۆ دادگە. چووین بۆ نەخۆشخانەی گەورە بەڵام ئەو کات پێنج شەمە بوو وتیان ماوە درەنگە بڕۆن ڕۆژی شەممە وەرنەوە،

هەرچەندی تکا و ئەولاو ئەولامان لەگەڵ ئیشاعەگرەکە کرد بێ سوود بوو هیچ ناسیاوێکیشمان لەوێ نەبوو تا ئیشاعەکەی پێ تەواو بکەین خۆ من خەمی ئەوەم نەبوو ڕۆژی شەممە تەواو دەبێ بەقەد ئەوەی خەمی ئەوەم بوو ئەگەر ئیشاعەکە نەبێ ڕاپۆرتی نەخۆشخانەش تەواو نابێ و کە ئەویش نەبوو لە دادگەدا هیچ ئیشێکت بۆ تەواو ناکەن و قازیش ئامادە نابێت بێتەماڵی دەسگیرانەکەم و مارەییەکە تەواو نابێت، خۆ لە هەمووشت ناخۆشتر ئەوەبوو من ئەمڕۆ بەڵێنم بەخزم و کەس و کارم دابوو بۆ مارەکردن ئامادە بن بەهەموو خەڵکیشم ڕاگەیاندبوو ڕۆژی هەینی بێن لە ئاهەنگ گێرانی ژن هێنانەکەمدا ئامادە بن. نەم دەزانی چی بکەم زۆرم بیرکردەوە لە دوایدا زەردەخەنەیەك لەسەر لێوی دەستگیرانەکەم قۆزییەوە و بەخۆشییەوە وتی:

– با بچین باوکم بهێنین بۆ ئەوەی ئیشەکەمان بۆ تەواو بکات، دایکی لەو لاوە وەڵامی دایەوە:

– کچم ئەگەر کارەکە بکرایە ئێستا بۆ ئێمەیان دەکرد باوکت هەقی چییە بەسەرەوە.

– دایە گیان ئاخر باوکم برادەرێکی کاربەدەستی هەیە لە نەخۆشخانە هەموو شتێکی بۆ جێبەجێ دەکات.

منیش وتم:

– دە کەواتە با بچین بەدوایا بەڵکو بۆمان تەواو بکات و لەو بگرە و بەردە ڕزگارمان بێت.

ئەوانم لە نەخۆشخانە بەجێ هێشت هەر یەکسەر هاتمە دەرەوە سواری تاکسییەك بووم و چووم خەزوورەکەمم هێنایە نەخۆشخانە ئەویش چوو برادەرەکەی خۆی دۆزییەوە و هێنای. برادەرەکەی کە ئێمەی بینی چاك و چۆنییەکی باشی لەگەڵدا کردین و یەکسەر چووە ژوورەوە لای

ئیشاعەگرەکە سەری خستە بن گوێی و هاتە دەرەوە ڕووی لە خەزوورم کرد و وتی:

ئەوا ڕازیم کردووە هەرچەندە کات زۆریشی نەماوە، بەڵام بڕیاری داوە ئیشی ئێوە تەواو بکات دەبا بفەرموون بچنە ژوورەوە ئیشاعەکانیان بگرن.

خەسوو و خەزوورم لە باخچەکەی دەرەوە دانیشتن و من و دەستگیرانەکەشم چووینە ژوورەوە، ئەویش داوای یارمەتی کردو بەرەو ئیشی خۆی گەڕایەوە. ئێمەش چووین ئیشاعەکانمان گرت دوایی دەستگیرانەکەشم ناردە لای ئەوان بۆ ئەوەی ئەویش ماوەیەك پشوو بدات تا من ئیشاعەکان وەردەگرمەوە. جگەرەکێشێك ڕاوەستام ئینجا ئیشاعەگرەکە بانگی ژوورەوەی کردم ئیشاعەکانی هەردوو دەرهێنا و یەکێکیانی دایەوە دەستم وتی:

- بەداخەوە برا گیان ئیشاعەکان تەنیا هی دەسگیرانەکەت دەرچوو فەرموو بیبەرە لای پزیشك بۆ ئەوەی سەیری بکات و ئەنجامەکەی لەسەر بنووسێ و هی تۆش دەبێ سەر لە نوێ بگیرێتەوە و ڕۆژی شەممە بۆ ئەنجامەکەی سەرمان لێ بدەرەوە.

- براله نابێ ئێستا بۆم بگریتەوە؟ ئاخر چۆن دانەیەك ببەمە لای پزیشك و دانەکەی تر بمێنێ.

- جا قەی چی دەکا برا هەردووکیان ڕۆژی شەممە بەیەکەوە بەرە لای دکتۆر پەلەی چیتە.

ئەو لە دەردی من نەدەگەیشت بۆیە هەر چۆنێکی بوو ئیشاعەکەم سەر لە نوێ گرتەوە و لە ژوورەکەی ئەو چوومە دەرەوە. زۆر بیرم کردەوە لە دڵی خۆمدا وتم: "خۆ ئەگەر کارەکەم بمێنێتەوە بۆ ڕۆژی شەممە ئەوا ڕیسەکەم لێ دەبێتەوە خوری و ئەو نەخشەی دامان ناوە هەمووی هەڵدەوەشێتەوە

ئەوسا دەبێ یەکە بەیەکە بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێم کەوا کارت و کاسەی شەکریان بۆ چووە، من خەریکی ئەو بیرکردنەوانە بووم فەڕاشەکەی نەخۆشخانە کۆمەڵێك ئیشاعەی کۆنی لە ئامێز گرتبوو فڕێی دەدانە ناو تەنەکەی پیسایی منیش ئەوەم بەبیردا هات ئەو هەلە لە دەست خۆم نەدەم و ئیشاعەیەك بدۆزمەوە و بەکارتەکەی خۆمی بلکێنم و پێش ئەوەی کات بەسەر بچێ بیبەم بۆ لای دکتۆر و ڕاپۆرتی خۆی بنووسێ و هەموو شتێك ببڕێتەوە و مێشکم بحەسێتەوە. ئیشاعەکانم لە دەست گرت و بەپەلە گەڕامەوە باخچەکە خەزوورم ئەوانی بەڕێ کرد و ناردنییەوە ماڵەوە ئینجا لەگەڵم هات و چووینە لای پزیشکی تایبەتی کە ئیشاعەکانمان نیشان دا یەکێکیانی دایە بەر تیشکی پلاجیکتۆر و بەجوانی تێی ڕاما منیش ڕەنگم چەند زەردە ئەوەندەی تریش ڕەنگی زەردی دیوارەکان تیشکیان دەبەخشییە سەر دەمچاوم لە ترسا زیاتر زەرد هەڵدەگەڕام هەر لەوە دەترسام کارەکەم ئاشکرا ببێ و تووشی کێشەیەك ببم.

هەر کە ئەویانی دایە بەر تیشکی پلاجیکتۆرەکە یەکسەر نووسینی خۆی لەسەر نووسی و دایەوە دەستم دوایی ئەوەی ترشی دایە بەر تیشك. ماوەیەك تێی ڕاما جگەرەکەشی زیاتر لەسەر یەك دەکێشا و چرە دووکەڵی بەبا دەکرد و سەری خۆی دەلەقاند و دوایی بە سەرنجدانێکی قووڵەوە لە تەوقی سەرمەوە تا ژێر پێم سەیری کردم ئینجا ڕووی تێ کردم و وتی:

– تۆ ناوت کامەرانە؟

– بەڵێ

– وا دیارە دەتەوێ ژن بێنی؟

– بەڵێ نیازم وایە

– باشە تۆ لەوە پێش چووی بۆ لای دکتۆر؟

– نەخێر، بۆچی؟

– ئەی لەوە پێش هەستت بەوە نەکردووە نەخۆشی؟

– قوربان نەخۆشی چی؟

لەولاوە خەزوورم هەڵی دایەوە و وتی:

– دکتۆر گیان نەخۆشی چی لەوانەیە جەنابت بەهەڵەدا چووبیت ئەوەتا لەشی لە گوێز ساغترە.

– نەخۆشی هەقی بەسەر لەش و ڕوخساری دەرەوە نییە ئینجا ڕووی تێ کردمەوە و وتی:

– زۆر دەکۆکی؟

– نەخێر، بەڵام دکتۆر گیان من نەخۆش نیم.

– ئەی ئەوە ئیشاعەی تۆ نییە نەخۆشی وەرەمی پێوە دیارە خۆ خوانەخواستە نەش گۆڕاوە ئەوە ئیشی گاڵتە نییە، قابیلە گاڵتەت لەگەڵدا بکەین.

منیش لەوە ترسام ساختەکەم ئاشکرا بێت و تووشی تاوانی ساختەش بکرێم بۆیە هیچ قسەی ترم بۆ نەکرا و وتم:

– بەڵێ ئیشاعەی منە.

– دەکەواتە تۆ نەخۆشی و بەخۆت نەزانیوە.

– ئەی چارە؟

– چارە هەر ئەوەیە تۆ نابێ ژن بهێنی تا چاك نەبیتەوە، دەبێ بۆ بەشی چارەسەرکردنت بنێرین لە نەخۆشخانەدا.

دکتۆرەکە بەپەلە ڕەچێتەکەی نووسی و دایەوە دەستم و وتی:

– بیبەرە بۆ بەشی چارەسەرکردن لە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی هەر ئێستا دەست بەچارەت بکەن.

خەزوورم ڕەنگێکی هێنا و برد ئینجا بەدڵی پڕ لە قین و هەناسە بڕکێوە دەرگەکەی کردەوە و هاتە دەرەوە. منیش بەخەمبارییەوە دەرگەکەم کردەوە و هاتمە دەرەوە، ئەو وەك چووبێتە ناو دڵییەوە کە من بەڕاستی نەخۆش بم یەکسەر بەڕووما هەڵشاخا و بەچاوی پڕ لە قین و تووڕەیییەوە وتی:

– تۆ هەی نامرۆڤی نا ڕەسەن، لات وایە خەڵکی قەشمەرجاری تۆن تا ئابڕوویان ببەیت، تۆ کە بەملی شکاوتەوە ئیسقاداری دەتەوێ کچەکەی منیش وەك خۆت دابڕزێنیتەوە. وا دیارە کەسی ترت نەدۆزییەوە لە کچەکەی من زیاتر. بزانم بۆچی تا ئێستا ئەو نهێنییەت نەدرکاندووە، بەڵام بەتەنیا خەتا لە تۆ نییە خەتا لە کەس و کارە بێ ئابڕووەکەشتە ئەو نهێنییەیان شاردووەتەوە و دەیانەوێ خەڵکی بێ گوناح لە خشتە بەرن..

من هیشتا وەڵامم نەدابووەوە ئەو بەگورجی هەنگاوەکانی هەڵێنا وەك تیسکەی تفەنگ بۆی دەرچوو هەرچەندی هاوارم کرد:

– ئاخر مامە تۆ زۆر مەبە مەسەلەکە وا نییە تۆ بەهەڵەدا چووی وەرە با تێت بگەیەنم.

ئەو هەر ئەوەندە وەڵامی دامەوە بێ ئەوەی ئاوڕم لێ بداتەوە و بەتووڕەیییەوە دەیوت:

– تێ گەیشتم. باش تێگەیشتم. هەی ناڕەسەن. هەی ناپیاو بڕۆ دەی ئێوارە وەرە بزگوڕەکانت بەرەوە.

١٩٨٤

## بازرگانەکان

عەولا ماوەیەك بوو هیچ کارێکی چنگ نەدەکەوت بۆیە هەر کارێکی بۆ ڕێك بکەوتایە لە دەست خۆی نەدەدا، چەندان ساڵ بوو دەیەها جۆرە مامەڵەی دەکرد و دوایی دەیگۆڕی و لەسەر هیچ کارێکیا لەنگەری نەدەگرت هەزارەها فرتوفێڵ و درۆ و سوێندی بەناهەقی لەسەر کارەکانی خۆی دەخوارد و پارەی لەم و لەو قەرز دەکرد و قۆڵی زۆر کەسی دەبڕی و پارەشی نەدەدانەوە. چەند ساڵێك بوو بازرگانی کڕین و فرۆشتنی خوری دەکرد پاشان بوو بەبازرگانی پێستە و ڕێخۆڵە و لەو شارەوە دەیبرد بۆ ئەو شار و قازانجێکی چاکی لێ بەدەست دەکەوت. توانی دوو خانووی پێ دروست بکات یەکێکیانی بەکرێ دا و ئەوەی تریشی خۆی لە ناویا دانیشت و ئۆتۆمبێلێکیشی پێ کڕی و پارەیەکی چاکیشی لە دەست مایەوە. تا لە دواییدا هاوڕێیەکی وەکو خۆی تەڵەکەبازی چنگ کەوت و بەهاوبەشی بەڵێندەراتی گۆشت هێنانیان بۆ یەکێك لە دایەرەکان بەچنگ کەوت لەویشیاندا قازانجێکی چاکیان بەدی هێنا تا بەهەر جۆرێك بوو ئیشەکەیان لێ سەندرایەوە و دایان بەیەکێکی تر، جا بۆیە ئەو بێ کارییە سەرسوڕمانی کردبوو. لە هەموو کونج و کەلەبەرێکدا دەسووڕایەوە، ئەو شار و ئەو شار دەگەڕا بۆ ئەوەی کارێك بدۆزێتەوە دەسکەوتەکەی لە کارەکانی پێشووی کەمتر نەبێ، خۆ ئەگەر بهاتبایە هیچ ئیشێکی نەکردایە و لەسەر کرێی خانوو ئەو سەرمایە زۆرەی کە هەیبوو، بژیایە ئەوە تا مردنیش بەبێ منەتی بەشی دەکرد و بەخۆشحاڵییەوە خۆی و ژنە نەزۆکەکەی پێ دەژیاند. خۆ گەلێك جار خەڵکی پلار و توانجیان تێ دەگرت و پێیان دەوت: بەسیە تاکەی ماڵداریکردن بۆ کێی دەکەی هەی وەجاخ کوێر بەڵام ئەو تەقەی سەری دەهات و گوێی خۆی بۆ ئەو جۆرە

قسانە شل نەدەکرد و سەری خۆی پێ نەدەیەشاند بۆیە زۆر پەست و خەمبار بوو خەو نەدەچووە چاوەکانی، نەیدەزانی چی بکا تا ڕۆژێکیان کۆنە شەریکەکەی هاتە ماڵەوەیان و پێی وت:

– براڵە ئەوا کارێکم دۆزیوەتەوە دەسکەوتی لە جاران زیاترە گەلێك ئاسانیشە.

– چ ئیشێکە زووکە پێم بڵێ؟

– بەڵێندەراتی ئێسك.

– چی، بەڵێندەراتی ئێسك. باشە پێم بڵێ بزانم ئەو ئیشە چییە و چۆنە و دەسکەوتەکەی چەندە؟

– ئەو ئیشە ڕێککەوتنێکە لەگەڵ یەکێك لە کارگەکانی کەوا بۆ کاری تایبەتی ئێسك بەکار دێنن.

– بەڵام کارگە چ پەیوەندییەکی بەئێسك هەیە، نەخێر گاڵتەم لەگەڵدا مەکە... من هەرگیز باوەڕناکەم.

– ئەی گوایە درۆت لەگەڵدا دەکەم، برا گیان ئەوان ئیشی خۆیان پێی هەیە بۆ کاری تایبەتی کیمیاوی بەکاری دەهێنن.

– باشە ڕێکەوتنەکە چۆنە؟

– ڕێکەوتنەکە لەسەر ئەوەیە هەموو هەفتەیەك یەك پیکاب ئێسکیان بۆ بەرین جا هەر چ ئێسکێك بێت.

– باشە بەچەند؟

– هەر ئەوەندە دەزانم پارەیەکی چاك دادەنێن کە هێشتاکە بۆم ڕوون نەبووەتەوە چەندە.

– دە باشە کەواتە کارێکی چاکمان وەدەست کەوت و چی تریش بێ ئیش نابین.

– ترست نەبێ مادام منت لەگەڵدا بێت ناهێڵم بێ ئیش بمێنیتەوە.

دوای مۆرکردنی بەڵێن و هەموو کارێکی پێویست لەگەڵ کارگەکە دەستیان کرد بەکۆکردنەوەی ئێسك، بەپیکابێکەوە لە هەموو لایەکی شار دەگەڕان، لە قەسابخانەی شارەوە بۆ بازاڕی قەسابان و لەوێشەوە بۆ گوفەکەکانی ناو شار ئەوەی چنگیان کەوتبا کۆیان دەکردەوە هەتا لە دەمی سەگیشا ئێسکیان چاو پێکەوتبا دەیان فڕاند. بۆ هەفتەیەك دەچوو ئەوان دەستیان بەئێسك کۆکردنەوە کردبوو، بەڵام هێشتا باری پیکابێك تەواو نەبووبوو، بۆ کاتی دیاریکراوی خۆشی سێ ڕۆژی مابوو ئەگەر لەو ماوەیەدا بەڵێنی خۆیان بەجێ نەهێنابایە ئەوا بەگوێرەی ئەو بەڵێنەی لەگەڵ کارگەدا مۆریان کردبوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن و تووشی زیان دەبوون جا بۆیە زۆر شڵەژان، هەرچەندی خۆیان هێنا و برد هیچ سوودی نەبوو. ڕۆژێکیان عەولا سەری خۆی نایە بن گوێی شەریکەکەی و چرپاندی بەگوێیدا:

– باشە چارە؟ خۆ هەر دەبێ چارەیەك بدۆزینەوە.

– بەڵام ئێسکەکان تەواو نابن.

– دەبێ تەواوی کەین جا بەهەر ڕێگەیەك بێت.

عەولا تۆزێك سەری خۆی داخست و بەقووڵی بیری دەکردەوە ئینجا سەری خۆی بەرزکردەوە بەشێنەیی سەری خۆی لێ هێنایە پێش و وتی:

– ڕات چۆنە چەند شەوێك بێڵ و پاچ لەگەڵ خۆمان بەرینە گۆڕستان و ئێسکی مردووان دەربێنین، ئەی ئێسك هەر ئێسك نییە؟

– عەولا گیان ئەو کارە چۆن دەبێ ئاخر خواش ئەوە قبوڵ ناکات، ئەی ئەوانیش وەك ئێمە مرۆڤ نەبوین بەر لەوەی بمرن، قابیلە ئەوانیش کەس و کاریان نەبێت.

– کوڕە دەیاڵڵا مرۆڤی چی ئەو مردووانە تەنیا ئێسکەکانیان ماون

ئاخر بەکەڵکی چی دێن ئەگەر ئەورۆ ئێسکەکانیان سوودی ئێمەی تێدا نەبێت.

– باشە ئەگەر گۆڕی یەکێك لە کەس و کاری تۆ هەڵکەنن و لاشەکەی دەربێنن لە لات کارێکی ناپەسند نییە؟ خۆتی لەسەر بەکوشتن نادەی؟

– بەرە وەڵلا، بەلام ئێمە شەو بەدزی لە پەنای فانۆسێکی کزا گۆڕەکان هەڵدەکەنین، تا نزیکی بەرەبەیان ئەوسا سواری ئۆتۆمبیلەکەمان دەبین و دێینەوە کەسیش پێی نازانێ.

– باشە ئەی ویژدانت ئازار نادا، ئەی مرۆڤایەتی هەستت نابزوێنێ؟

– ویژدان و مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەوانە وشەی کۆن و بێ سوودن بەگوێمدا دەچرپێن، مرۆڤی چی ئێستا کێ بیر لەو وشانە دەکاتەوە.

– ئاخر ئەوەشیان وتمان قەیناکا ئەی ترس؟ تۆ ناترسی بەو شەوە تاریك و ئەنگوستەچاوە بچیتە ناو گۆڕستان و گۆڕ هەڵکەنی و لاشەی مردووان دەربێنی؟

– نەخێر من ناترسم

– بەلام من دەترسم

بەهەرحاڵ عەولا توانی شەریکەکەی ڕازی بکات، بەیانی کە ڕۆژ هەلات هەرکەسە بەرەو کاری خۆی کەوتە ڕێ ئەوانیش بەپیکابەکەی عەولا لە ماڵ چوونە دەرەوە و هەمەوو کونج و کەلەبەرێك گەڕان هەرچییەکی تر ئێسکیان کۆکردەوە خستیانە ناو پیکابەکە. ئێسکەکان هەر لە ناو پیکابەکە بوون. شەو بەترێکی بەسەرچوو جارێکی تر یەکتریان گرتەوە و بێڵ و پاچ و فانۆسێکی تێك قۆپاویان هەڵگرت و خستیانە ناو پیکابەکە و بەرەو گۆڕستانەکەی سەید مارف بەڕێ کەوتن. کە لە گۆڕستانەکە نزیك کەوتنەوە سەگەکان دەستیان کرد بەوەڕین، ئەوانیش لە پەنایەکا پیکابەکەیان ڕاگرت و فانۆسەکەیان لەسەر کێڵێك

دانا و دایانگیرساند. یەکێکیان دەستی دایە پاچ و ئەوەی تریش بێڵەکەی لە دەست گرت و قەبرێکیان دەستنیشان کرد کەوا کێلی نەبوو وایان زانی قەبرەکە کۆنە و لاشەکەی ناوی گۆشتی پێوە نەماوە و بەئاسانی ئێسکەکانی دەردێنن. نەیان زانی مردووەکە هەژارێك بووە هەر ئەوەندەیان بۆ کراوە بەخاکی بسپێرن و لەبەر بێ دەرامەتی خاوەنەکەی کێلی بۆ نەکراوە. قەبرەکەیان نیوە هەڵکەندبوو حەپە حەپی سەگەکان تا دەهات زیاد دەبوو وەکو بڵێی هەموو سەگەکانی گۆڕستان بۆنی ئێسکیان کردبێ و خەبەری یەکتریان دابێ بۆیە لە هەموو لایەکی گۆڕستانەکەوە دەهاتن و بۆ لای پیکابەکە ڕایان دەکرد. حەپە حەپ لە هەموو لایەك دەنگی دەدایەوە، زۆر شڵەژان ترسێکی کتوپڕ کەوتە دڵیانەوە. هەستیان کرد ئەگەر خۆیان ڕزگار نەکەن ئەو ئێسکانەی بەهەزار حاڵ کۆیان کردبووەوە دەبوون بەدەسکەوتی سەگەکانی گۆڕستان. ناچار وازیان لە قەبرەکە هێنا و پاچ و بێڵەکەیان فڕێدایە ناو پیکابەکە و بەبێ ئەوەی بیر لە فانۆسەکە بکەنەوە سواری پیکابەکە بوون و بەخێراییەوە دەرپەڕین. تا دووریش کەوتبوونەوە هەندێك لە سەگەکان هەر بەدوایانەوە بوون و حەپە حەپیان بوو.

١٩٨٤

## راسپاردە

سەر لە بەیانی کە بێڵەکەی لەزەوی گیر دەکرد وەك سەردەمی لاوێتی خۆی لەسەر ئاوازی دڵرفێن ورگی زەوی هەڵدەدڕی و بیری لە ڕێکخستنی ڕەزەکەی دەکردەوە و مەلی خەیاڵی بۆ هیچ لایەکی تر لە شەقەی باڵیان نەدەدا، بەڵام دوای ئەوەی کوێخا حەسەن ڕاسپاردەکەی میری پێ ڕاگەیاند هەموو ئاوازە خۆشەکانی دەروونی بوون بەسیمفۆنیای غەم. بۆیە بێڵەکەی لە دەست خۆی فڕێ دا و بەخەمبارییەوە لە ژێر دارهەنارەکە دانیشت ئینجا دارجگەرە درێژەکەی لەبەر پشتی خۆی دەرهێنا و لەگەڵ پێچانەوەی جگەرەکەی وردەوردە شەپۆلی بیری چەخماخەیان دەدا، بەمن بێت، بۆچی بەدوایا ناردووم، خۆ من تا ئێستاش لەگەڵ دابێ هاتوچووم نەکردووە و سەر و فیساڵیشم نەبینیوە، هەرچەندە زۆر جاریش دەهات بۆ ئاوایی و لەگەڵ کوێخا حەسەندا ڕەزەکانی خۆی بەسەر دەکردنەوە و خەڵکی ئاواییش گەلێکیان پێشوازییان لێ دەکرد، بەڵام من لە ڕەزەکەی خۆم نەدەهاتمە دەرەوە. زۆر سەیرە نازانم چی وای لێ کردووە ئیشی بەهەژارێکی وەك من بێ و بەدواما بنێرێ، خۆ ئەوانە تا کاریان بەکەسێك نەبێ ڕووی خۆیانی تێ ناکەن جا لەوەش سەیرتر ئەوەیە ئەو کابرایەی ئیشیان پێیەتی ئەوا دەبێ خۆی بچێتە لایان. باشە ئێستا ئەو کاری بەمنە دەبوایە خۆی تەشریفی هێنابوایە لام و کارەکەیم پێ ڕابگەیەنی، بەڵام چی بکەین دنیا هەر وا بووە خوا هەموو مرۆڤێکی وەك یەك دانەناوە، تا وەکو پەنجەکانی دەستیشمان وەك یەکتر نین ناچارم بچمە لای و بزانم چ کاری بەمنە» حاجی سمایل گەڕایەوە ماڵەوە و خۆی ئامادە کرد. دوایی سواری گوێدرێژەکەی بوو و لە ئاوایی بەڕێ کەوت، گوندەکەی ئەوان زۆر لەو شوێنە دوور نەبوو کە میر تێدا دادەنیشت. پێش نیوەڕۆیەکی درەنگ

گەیشتە بەردەم ماڵی میر. لە گوێدرێژەکەی دابەزی و بەدارێکا بەستییەوە. بەرەو دیوەخان هەنگاوەکانی هەڵێنا، لەبەر دەرگە سڵاوی لە خزمەتکارەکان کرد ئەوانیش لێیان پرسی:

– ها خاڵە حاجی بۆ کێ؟

– بۆ لای میر بەدوایا ناردووم.

– دە فەرموو بەڵام دیوەخان قەڵەباڵغە کە چوویتە ژوورەوە لای دەرگەکە دانیشە و نەچیتە ئەوسەری دیوەخان.

حاجی سمایل چووە ژوورەوە بینی دیوەخان جمەی دەهات لە خەڵك سڵاوی لە دانیشتوانی دیوەخان کرد و لە لای دەرگەکە دانیشت. دوای بەخێرهاتنی کردن لە لایەن هەندێك لە میوانی دیوەخان تۆزێك لەولا و لەولای خۆی ڕاما ئینجا دار جگەرە درێژەکەی لەبەر پشتی خۆی دەرهێنا و کەوتە پێچانەوەی جگەرەکەی. جارێکی تریش کەوتەوە دوودڵی هێشتا باوەڕی نەدەکرد میر بەدوایا ناردبێ و کاری پێی هەبێ، ئەدی بۆچی بەخێرهاتنی نەکرد، بەڵام دوایی بیری لەوە کردەوە هەروەك چۆن ئەو میری نەبینیوە میریش ئەو ناناسێت تەنیا شکی بەکەسێك دەکرد کە میر بێت ئەویش لە لای سەرەوەی دیوەخانەکەوە ئەولا و ئەولای سەرینیان بۆ دانابوو. دوای ئەوەی لە شریتی ئەو ئەندێشانە پچڕا و جگەرەکەی تەواو کرد، فووێکی بەدارجگەرەکەیا کرد و سووتووەکەی فڕێ دایە پێش خۆی، یەك دوو کەس لە پیاوانی میر لێی ڕاست بوونەوە بەتووڕەییەوە وتیان:

– حاجی بۆچی سووتووەکەت خستە سەر زەوی و دیوەخانت لێ پیس کردین ئەویش بەتووڕەییەوە دارجگەرەکەی لەبەر پشتی خۆی نایەوە و وتی:

– ئەی بیخەمە کوێ خۆ نایخەمە ناو باخەڵمەوە.

ئینجا وازیان لێ هێنا و پشوویەکی درێژی دایە بەرخۆی بەڵام کەس لێی

نەپێچایەوە بۆیە چی تر ئارامی دانیشتنی نەما و یەکسەر هەڵسایەوە سەرپێ و ڕووی لە سەرووی دیوەخان کرد و وتی:

– ئەرێ کامەتان میرانی کەمال بەگن؟

– کاربەدەستانی میر کە گوێیان لەو قسەیە بوو لە دەوریا کۆبوونەوە و بەپرە پڕ دایان نیشاندەوە و یەکێکیان وتی:

– وس بە حاجی چ کارێکت بەمیرە، جارێ بووەستە تا دیوەخان چۆڵ دەبێ و ئەو خۆی لێت دەپێچێتەوە.

بەڵام حاجی سمایل لەوە زیاتر خۆی بۆ ڕانەگیرا و ئەمجارەش وەك جاری پێشوو هەڵسایەوە و ڕووی لە سەرووی دیوەخان کردەوە و بەدەنگێکی بەرزتر لە جاران وتی:

– دەڵێم کامتان میرانی کەمال بەگە؟

– میر گوێی لەو قسەیە بوو ئیشارەتی بۆ خزمەتکارەکانی کرد تا وازی لێ بێنن ئینجا بەسەر سوڕمانەوە ڕووی لە حاجی سمایل کرد و وتی:

– من کەمال بەگم. ها بزانم چ کارێکت بەمن هەیە و تۆ کێی؟

– میران تۆ کارت بەمنە و بەدواتا ناردووم.

میر سەری لەو وەڵامە سوڕما بۆیە بەپێکەنینەوە وتی:

– من کارم بەتۆ هەیە؟ بۆچی تۆ کێی ها؟

– من حاجی سمایلم، جەنابت کوێخا حەسەنت ڕاسپاردبوو کە بێم بۆ لات.

ئینجا میر تۆزێك گەشایەوە و ڕووی خۆش کرد و بەزەردەخەنەیەکەوە وتی:

– ئۆ... ئەوە تۆی حاجی سمایل، دە فەرموو. فەرموو وەرە لامەوە دانیشە یاخوا بەخێربێی، بەخوا من نەمزانی تۆی ئەگینا.

– ئەگینای پێ ناوێ میران جارێ با بزانم چ کارێکت پێم هەبوو؟

– ئێ حاجی سمایل دە تۆ جارێ تۆزێك دانیشە، چایەك بخۆوە و جگەرەیەك بکێشە ئینجا لەسەرخۆ پێت دەڵێم چ کارێکم پێتە. بۆچی وا بەپەلەی؟

– فەرموو میران ئەوا دانیشتم.

حاجی سمایل ئەوجارە لە تەك میر دانیشت و ئەویش بانگی یەکێك لە خزمەتکارەکانی خۆی کرد چای بۆ هێنا و لە پێشی دانا. ئەوجا میر جگەرەیەکی گرانبەهای لە باکێتەکەی بەردەمی خۆی دەرهێنا و دایە حاجی سمایل بەڵام وەری نەگرت وتی:

– ببوورە میران من تووتنی خۆمانە نەبێ بۆم ناکێشرێ حاجی دارجگەرە درێژەکەی لەبەر پشتی خۆی دەرهێنا و جگەرەیەکی پێچایەوە و دایگیرساند و چرە دووکەڵی بەدیوەخاندا بڵاو بووەوە و سووتووەکەشی دەکەوتە سەر مافوورە نایابەکانی میر، ئینجا میر ڕووی تێ کردەوە و وتی:

– حاجی سمایل دەزانی لەبەر چی بەدواما ناردووی؟

– نەوەڵڵا میران نازانم منیش سەرم لێ سوڕماوە.

– دە باشە با پرسیارێکت لێ بکەم

– بلێ.. فەرموو

– ئەو کاتەی لە ئاواییدا سولەیمانیان کوشت تۆ لەوێ بووی؟

– بەڵێ قوربان، لە پێش چاوی منا کوشتیان.

– بەچاوی خۆت بینیت کێ کوشتی؟

– بەڵێ بەچاوی خۆشم بینیم کێ کوشتی

– دە باشە پێمان بلێ بزانین کێ کوشتی؟

– حاجی سمایل بەر لەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە تۆزێك داما ئینجا ڕەنگی دەموچاوی گۆڕا تۆزێك گرژ بووەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

ئینجا سەری خۆی بەرز کردەوە و ڕووی لە میران کردەوە و وتی:

قوربان کۆێخا حەسەنی پیاوی جەنابت کوشتی.

میر کە گوێی لەو قسەیە بوو ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و چاوەکانی خوێنیان تێ زا و بەدڵێکی پڕ لە قین و شەڕاوییەوە ڕووی لە حاجی سمایل کردەوە و وتی:

– گوێ بگرە سمایل، کوێخا حەسەن پیاوی منە و چاك دەیناسم، هەرگیز کاری وا ناپەسند ناکا، بۆچی بوختانیشی بۆ هەڵنابەستی.

– ئەی باشە میران کە دەزانی ئەو نەیکوشتووە بۆچی بەدوای منت ناردووە.

– من دەڵێم وسووی براکەی خۆی کوشتوویەتی، چونکە دەستی لەگەڵ ژنەکەی تێکەڵ کردبوو.

– نەخێر میران وا نییە، وسووی برای سولەیمان من چاك دەیناسم مرۆڤێکی زۆر بەدین و ڕەوشتە هەرگیز کاری وا ناپەسند لەگەڵ برای خۆی ناکا، تەنانەت هیچ ناکۆکییەکیش لە نێوانیاندا نییە.

– کەواتە من درۆزنم و درۆ دەکەم هەی سمایلۆك هەی ناپەسند... شەرت بێ دەبێ هەڵتواسم دەبێ فەلاقەت کەم و گیانت لە ژێر دارا بڕزێنمەوە. حاجی سمایل دوا قومی لە جگەرەکەی دا و فوویەکی پیا کرد و سووتووەکەی کەوتە پێش ئاغا، ئینجا ڕووی تێ کردەوە و وتی:

–میران بەفەلاقە و دارکاریکردن و کوشتن مەمترسێنە ئێستا پێم بڵێ تۆ گەورەتری یا خوا؟

– بێ گومان خوا لە من گەورەترە.

– جا پێی ناوێ چی تر لەسەر ئەو مەسەلەیە بڕۆی، من لە خوا نەبێ هەرگیزا و هەرگیز لە کەسی تریش نەترساوم و ناشترسێم. ئەگەر لێشم بدەی و فەلاقەم بکەی فەرموو ئەوا لەبەر دەمتا وەستاوم و هیچ دەنگ ناکەم ناشترسم چونکە خوام لە پشتە خوا شەرت بێ ئەگەر بەدواشیاندا ناردم بۆ ڕۆژی شایەتمانی هەر دەڵێم کوێخا حەسەن کوشتی. سوێندیش دەخۆم من ئیمانی خۆم بەهیچ کەسێك ناگۆڕم بۆ کەس خۆم لە خواناکەم و خۆم شەرمەزاری دنیا و قیامەت ناکەم. نەخێر.

میران نیازی وا بوو ئەوجارە بەخۆشی حاجی سمایل بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و لە خشتەی بەرێ بۆیە وەك پاڕانەوە ڕووی تێ کرد و وتی:

– حاجی گیان ئێستا هەر لەسەر قسەی خۆتی، لە کەلی شەیتان نایەیتە خوارەوە، من تەنیا ئەوەندەم لە تۆ دەوێ لە ڕۆژی شایەتمانیدا بڵێی کوێخا حەسەن نەیکووشتوە هەر ئەوەندە و بەس.

– نەخێر میران ئەگەر منت بۆ شایەتی دەوێ. هەر ئەوەیە کە پێم ڕاگەیاندی، من خۆم لە خوا ناکەم جگە لە شەرمەزاری خەڵکیش نەخێر بەڵام ئەوەندە هەیە تۆ دەسەڵاتت هەیە دەتوانی موختاری گوندەکەمان تێ بگەیەنی بۆ شایەتمانی نەیەن بەدواما خۆشت چی دەکەی ئەوا خۆت و خوای خۆت من هەقم بەسەرەوە نییە، ئەگەرنا بێن بەدواما بۆ شایەتمانی هەرگیز لە قسەی خۆم نایەمە خوارەوە ئەگەر بشزانم سەریشم لە پێناویدا نابێت.

– دە بڕۆ دەرەوە لەگەڵ تۆ هیچ سوودی نییە. کەللەت لە شاخ ڕەقترە بڕۆ دەی.

حاجی سمایل بێ ئەوەی خوا حافیزی بکا یەکسەر لە دیوەخان چووە دەرەوە و بۆلای گوێدرێژەکەی چوو، یەکێك لە دانیشتوەکانی دیوەخان بەدوای حاجی سمایل هاتە دەرەوە و بۆلای حاجی هات و سەری نایە بن گوێی و گوتی:

– خاڵە حاجی ئەوا چۆن زاتت کرد و وێرای لە بەردەم ئاغادا ئەو قسانە بکەی، وا دیارە گیانی خۆت دۆزیوەتەوە ئەگینا تا ئێستا کەس نەیتوانیوە لە بەردەم میردا ئاوا قسە بکا و یاخی ببێ.

بەخوا وا بزانم نایەڵن بگەیتەوە جێگەی خۆت کە جەستەت لە ناو گۆمی خوێندا دەگەوزێنن. ئاگەداری خۆت بە.

– نا کوڕی خۆم نا، هەرگیز ترسم نییە، با بشمکوژن هیچ باکم نییە چونکە خوام لە پشتە جا ئەگەر لەسەر هەق بشمکوژن باشترە لەوەی بەناهەقی و بێ ئیمانی بژیم و ببمە هۆیەك بۆ شاردنەوەی تاوانبارێك و یەکێکی بێ تاوانیش بەکوشتن بدەم. خوا حافیز کوڕی خۆم خوا حافیز.

حاجی سمایل گەڕایەوە ئاوایی چ جاری تر میر بەشوێنیا نەنارد هەتا بۆ شایەتمانیش بەشوێنیا نەهاتن. دوای چەند ڕۆژێك جەندرمەکان هاتنە ئاوایی و وسوویان گرت و دواییش مانگێکی نەخایاند. هەواڵ لە ئاواییدا بڵاو بووەوە کە وسوو بەکوشتنی سولەیمانی برای تاوانبار کراوە.

١٩٨٦

## پێش ئەوەی لە دەرگە بدرێ

ئەمڕۆ هەموو شتێك كۆتایی پێ دێ، بەڵكو لاپەڕەیەكی نوێ لە دەفتەری ژیانتدا تۆمار دەكرێ و ئەو مەراقەی قەدەرێكە لە ناختدا لە هەڵچوون و دابەزیندایە وەك پشكۆیەك دوای ئەوەی ئاوی بڕژێنیتە سەر دەبێ بەخۆڵەمێش و دادەمركێتەوە، دوای ئەوەی سەفەری ڕق و ئازارەكانی دڵە جەنجاڵەكەت بۆ هەوارێكی تر ڕێگە دەبڕن ئەوسا پێ دەخەیتە سەر پەپوولەی بەزەیی دڵە خەمناكەكەت و لە پەلوپۆی دەخەی، هەروەك جاری پێشوو پەروینی خوشكت بەخۆی و هاوڕێكەیەوە ئۆتۆمبیلەكە لەبەر دەرگە ڕادەگرن و بەرەو هەمان جێگە ملی ڕێگا دەگرن تا لە ماڵی كۆنە سیستەری جاران جەستەت لە ناو خڵتانی خوێنا دەنرێ و كۆرپە دوو مانگانەكەی ناو سكت دەبێ بەچۆڕاوگەی خوێن و دەتكێ، ئەوسا لەبەر ئازارەكانی گیانت هۆشت لای خۆی نامێنێ و دواییش كە هاتیەوە ماڵەوە بەفرتوفێڵی نەخۆشییەوە چەند ڕۆژێك خۆت دەخەیتە ناو جێگە ئەو جارەیش سیروانی مێردت لە حەزی كۆرپەی ئاواتی بێ بەری دەكەی ئەوسا شەپۆلی بیر و هۆشت پێت دەڵێن "بۆ چییەتی؟ سەگباوكی ئاوەها منداڵی بۆ چییە؟ قابیلە ئەو لە من زیاترە كە بەدەستی خۆم ڕێگەی بوونی كۆرپەی خۆم كوێر دەكەمەوە و ناهێڵم پێ بنێتە سەر دنیا، بەخوا ناهێڵم منداڵم لێیان ببێ و برا تاقانەكەشم لەولاوە حەز و ئارەزووەكانی خۆی لەگەڵ خۆیا بنێتە ژێر گڵەوە. ئاخ ڕووت ڕەش بێ زەمانە ئەگەر نا نازدارێكی وەك من هی ئەوە بووم بدرێم بەو مێردە پیس و چەپەڵە، كاتی خۆی تا ئامادەییشم تەواو كرد بەو هیوایە بووم بەئارەزووی خۆمەوە شوو بەكوڕە لاوی خۆمەوە بكەم بەڵام چی بكەم خوا نەیكرد بەبەشم. جا ئەگەر لەبەر خاتری ئومێدی برام نەبوایە چۆن بە ژن بەژنی ڕازی دەبووم، بەڵام ئاخ، بێ

دەرامەتی ئومێد هەموو ڕێگەیەکی لێ گرتم چونکە ئەو بۆ ئێمە لە جێگەی دایك و باوکمان بوو. تا پێم لە جەرگی خۆم ناو کەوتمە ناو ئەو دۆزەخەی ئەمڕۆ تێیدا دەژیم "جارێکی تر سەیری کاتژمێرەکەی ناو جامخانەت کردەوە هێشتاکە نیو سەعاتی مابوو لە دەرگە بدرێ، جارێکی تریش بیر و هۆشت لە شەقەی باڵیان دایەوە تا لە بەردەم خەسوو خەزوورتا دایاننای ئەو کاتەت هاتەوە یاد کە ڕۆژێکیان بەتوانجەوە ئامەی خەسووت پێی دەوتی: " ئەرێ کیژی خۆم کاتی ئەوە نەهاتووە بەنۆبەرەی سیروان شاد بین؟ دەبا بچین بۆ لای نۆژدارێکی شارەزا تا بزانین کەی خەمی ناو دڵمان دەرەوێتەوە، بەڵکو ئەنجامێکیان لێی دەسگیر ببێ " ئینجا تۆش شۆڕشی تووڕەبوونی ناو دڵت پێ بەربەست نەکرا و بەسەریا قیژاندت "لێم گەڕێن نامەوێ من منداڵم ناوێ بۆچیمە نایەم بۆ لای نۆژدار ئەی بۆچی چارەیەك بۆ کچی خۆتان نادۆزنەوە کە ئومێدی برامی لە هەموو حەز و ئاواتێکی بێ بەری کردووە، خۆ نۆژدارەکان دەزانن خەتای نەسرینی براژنمە لێم گەڕێن با منیش منداڵم نەبێ نامەوێ نا... نا" لەو ڕۆژەوە کە بەخەمبارییەوە چوونەوە ماڵی خۆتان نە تۆ جارێکی تر ڕووت کردەوە بەماڵی خەزوورت نە ئەوانیش چی تر هاتوون بەلای تۆوە تەنیا سیروان نەبێ جار جارە سەریان لێ دەدا. هەموو جارێکیش کە سیروان داوای لێ دەکا بچن بۆ بەغدا و نیشانی نۆژداری ئەوێندەرێت بدا تۆ بەڕوویا هەڵدەشاخێی و دەرگەی باسەکە لە بەردەمی دادەخەی و جارێکی تریش ژانەکانی دەروونی دەخەیتەوە گڕ ئەوە چیتە دەڵێی ڕەنگت زەرد هەڵدەگەڕێ و خەریکە شەپۆلی ترس هێرشت بۆ بێنێ و هەروەك لە دڵی خۆتا بڵێی "ئەی ئەگەر سیروان هاتەوە ماڵ و من لە ماڵ چووبوومە دەرەوە چی دەڵێ بەخوا نازانم چی «تۆزێك بەقووڵی بیرت کردەوە» بۆ ئەوەشیان ئاسانە. ئا دۆزیمەوە دەڵێم پەروینی خوشکم هات بەدواما و چووین بۆ ماڵی دەستەخوشکێکمان و بەشداری ئاهەنگی بەشوودانی

بووین. نەخێر وانابی، چی بڵێم باشە چی بڵێم دەی... دەی باشە ئەی کە هاتمەوە لە ژێر جێگادا ڕاکشابووم ناڵێ چۆن بەو نەخۆشییەوە چوویتەماڵی دەستە خوشکەکەت، چۆن توانیت بەشداری ئاهەنگ بکەی. ناکا لەوێش لە نێو جێگەدا دایان نابیت، نەء... وا چاکە بڵێم چووبووم بۆ نەخۆشخانە تا بزانم منداڵم دەبێ یان نەء... ئەوسا سیروانیش بەپەرۆشەوە لێم نزیك دەبێتەوە و گوێکانی قولاغ دەکا تا بزانێ ئەنجامی چوونەکەم چی بوو. داخوا هیوایەکی گەشی لە دڵا دەئاخنم یا بەبێ هیواوە وەك گوڵێکی بێ ئاو لە جێی خۆیا سیس دەبێتەوە و لاپەڕەیەکی تریش لە خەم و ئازارەکانی ناو دڵی پڕدەکەمەوە. بەڵێ بەخوا جوانە هیوای بەمن بێ کۆرپەی ئاواتی بۆ بێنمە بەرهەم، حەدیان چییە منداڵم بۆ ئەوان ببێ و بۆیان بەخێوکەم. ئەی بۆچی براکەم منداڵی لە ئەوانا نەبێت و بەدەم ئەو حەزەوە بتلێتەوە، منیش نایەڵم بۆ ئەوان خۆم برزێنمەوە لافمان لەسەر لێ بدەن. ئەی ئەگەر لە دوا ڕۆژا ئومێد ژنەکەی خۆی تەلاق دا و لێی جیا بووەوە خۆ ئەوسا ئەوانیش پاڵێکم پێوە دەنێن و تەلاقم دەدەن، نەخوازەلا منداڵیشم لێیان هەبێ ئەوا هەر بەیەکجاری دەسووتێم. جگە لەوەش لەش و لاری خنجیلە و ڕێکوپێکم لە کیس دەچێ و دەگەچڵێم ئەوسا بێ ناز دەمێنمەوە و کەس جارێکی تر مەیلی جارانم پێ نادا. نەخێر... نەوەڵڵا... هەرگیز ئەو کارە بۆ ئەوان ناکەم. قەیناکە پێ لە جەرگی خۆم دەنێم... ئەو تاوانەش بەرامبەر کۆرپەی خۆم ئەنجام دەدەم. ئەمڕۆ چەند ساتێك ئازار دەکێشم، قەی ناکات باشترە لەوەی لە دوا ڕۆژا خەم و خەفەت بەرۆکم بگرێ و هەمیشە وەك سێبەر بەدوامەوە و بەدەم گریان و ناڵینەوە بتلێمەوە " دیدەی ئۆتۆمبێلەکە باڵندەی خەیاڵی هەڵنیشاندییەوە... بەپەلە دەرگەکانت داخست و خۆت خستە ناو ئۆتۆمبێلەکە، هەرچەندە پەروین و هاوڕێکەی هەوڵێکی زۆریان لەگەڵ دای واز لەو ڕێگەیە بێنی و ڕێگەیەکی تر هەڵبژێری تا خواست و

ئاواتەکانی خۆتی پێ بهێنیتە دی، بەڵام قسەکانی ئەوان لەو تاقە ڕێگەیە دووریان نەخستیەوە. سووربوونی لەسەر جێبەجێکردنی بڕینی ڕێگەکە، بۆیە هەگبەی خۆت بۆ ئەو سەفەرە سەخت و دژوارە پێچایەوە.

١٩٨٧

## دەریا

هـەمـیشە وێنـەی لـە پـێش چـاوت ون نـەدەبـوو کـە سەیـری بـەژن و بـاڵا خنجیلانەکەت دەکرد چاوەکانی قولابیان لە جەرگت گیر دەکرد و دەیان خستیە ناو دەریایەکی قووڵ و بێ بنەوە، وات هەست دەکرد لە ناو شەپۆڵی خۆشەویستی ئەو دەریایەدا مەلە دەکەی و گێژاوی خەم و ئازارەکانیشت زیـاتـر بـەرەو نـاخـی دەریـاکـەت دەبـەن. شەو و ڕۆژ بـیـرت لـەو دەریـایـە ترسناکە دەکردەوە، چۆن بتوانی تێیدا بپەڕیەوە. خەریك بوو بەرەو قەراغی دەریاکە دەکشای، بەڵام هەستت دەکرد پێش ئەوەی ڕزگارت بێ هێزێکی نـەبـیـنـراو ڕات دەکـێشێ و نـەتـدەتـوانـی زیـاتـر تـەکـان بـدەی. بـەڕۆژ لـە فەرمانگەکەتاندا هەمیشە پێکەوە بوون هەستت بەغەریبی نەدەکرد، بەڵام ئێواران کە بەتەنیا بووی هەستت دەکرد لە جیهانێکی تردا دەخولێیتەوە، بـگـرە پـێش چـاوی خـۆت لـێ دەبـوو بـەدەریـاکـە و وات هـەست دەکـرد شەپۆلەکانی بەرەو گێژاوێکی قووڵ ڕاپێچت دەکەن. ئێواران کە لە بازاڕەوە بەرەو ماڵ دەگەڕایتەوە بەبەردەم ماڵەکەیاندا ڕەت دەبووی و هەناسەی نـاو سیـیـەکـانت بـەهـەوای گـەڕەکـەکـەیـانـدا پـاراو دەبـوو، لـەبـەر ئـەو گـەڕەکـەکـەشیـانت خـۆش دەویست، حـەزت دەکـرد خـاك و خـۆڵـی پـێش دەرگەکەشیانت ماچ بکردایە، چونکە ئەو پێی خستبووە سەر، بەڵام کە دەگەڕایتەوە ماڵەوە بەتەنیا لە کونجێکدا خۆت گرمۆڵە دەکرد و بەگڕی جگەرە خەمی خۆت دەڕواندەوە. هەرچەندە لە ماڵەوە داوایان لێ دەکردی وێنەی کەژاڵ لە لاپەڕەی دڵتدا بسڕیەوە، بەڵام بۆت نەدەکرا شەپۆلەکانی خۆشەویستی زیاتر بەرەو ڕووت دەبوونەوە و دەیان خستیەوە ناو دەریاکە. بەڵێ دایکت دوای ئەوەی دوو جار چووبوو بۆ داخوازی کەژاڵ و ڕازی نـەبـوونـیـان نـیشان دابـوو حـەزی دەکـرد بـتـکـا بـەهـاوسەری یـەکـێك لـە

خزمەکانی خۆی، چونکە هەر جارە بیانوێکیان بۆ دەدۆزییەوە تا هۆی ڕازی نەبوونی ئەوانت لە دەمی کەژاڵ خۆی زانی، بەڵان هێشتاکە دەستبەرداری نەدەبووی. شەو کە لە جێگەکەتدا پاڵکەوتی وێنەی کەژاڵ لە پێش چاوەکانتدا چەخماخەیان دا ئەو قسانەت هاتەوە یاد کە لە فەرمانگەکەتانا کردبووتان تۆ پێت دەوت:

– بۆچی نایەڵن ئێمە بۆ یەکتر بین، ئەی نازانن ئێمە تەواوکەری یەکترین و هیچ یەکێکمان ناتوانین بەبێ یەکتر بژین؟ ئەویش لە شەرما ڕوومەتەکانی سوور هەڵدەگەڕان و بەزەردەخەنەوە وەڵامی دەدایتەوە دەیوت:

ئاخر منیش لەگەڵ تۆدا نەبێ ناتوانم لەگەڵ کەسی تر بژیم. تۆ لەگەڵ خوێنما تێکەڵ بووی، بەڵام چی بکەم فەرەیدونی زڕبرام بەری  ڕێی لێ گرتووین، ئەو چووە وێنەی تۆی لە پێش چاوی باوکما تەڵخ کردووە. تۆش پێت وت:

– ئێ باشە کەژاڵ گیان تاوانی من چییە؟ ئەگەر من ئەو وێنە تەڵخە بووام نە لە دەریای خۆشەویستیتدا مەلەم دەکرد نە داخوازیشم دەکردی، بەڵکو وەك گەلێك لەهەرزەکارەکانی تری کۆمەڵەکەمان بەناوی خۆشەویستییەوە فریوم دەدای و ئارەزووی دڵی خۆم پێ دابین دەکردی، بەڵام من لە سەرەتای خۆشەویستیمانەوە حەزم نەکرد چیرۆکی خۆشەویستیمان لە فەرمانگەدا بکەوێتە سەر زمانی خەڵکی و بەجۆرێکی تر ناومان بزڕێنن. کەژاڵیش هەمدیسان بەشەرمێکەوە بەهێمنی وەڵامی دەدایتەوە و دەیوت:

نەخێر ئەو وێنەی تۆ وتت بەو جۆرە بوو. جاری یەکەم کە ناردت بۆ خوازبێنیم، باوکم بیانووی ئەوەبوو گوایە بۆ خزمێکی خۆمانی داناوم جاری دووەمیش، فەرەیدون پێی وتبوو ئەو کوڕە باپیری چاوەش بووە و

مـامـەکـەیشی قـومـارچـیـیـە. جـا تـۆ لـە سەرتـە وێنـەی دروستـی خـۆت بەخێزانەکەمان نیشان بدەی.

ئا لێرە وێنەی کەژاڵ بەپێش چاوتدا ون بوو، خۆشت نەتزانی چۆن خەو بردتییەوە. بەیانی کە چوویتە فەرمانگە چوویتە لای فەرهادی هاوڕێت دەتزانی ئەو خزمایەتی لەگەڵدا هەیە و دەتوانی شێوی ڕاست و ڕەوانی تۆ لە دایك و باوکی بگەینێ. ئەویش پەیمانی دایتێ درێخی لە کارەکەیدا نەکات و دڵسۆزی هونەرمەندانەی باپیریشت بەجوانی نیشانیان بدا، بۆ ڕۆژی دوایی کە هاتنەوە فەرمانگە فەرهاد زوو هات بۆ لات و تێپەڕنامەی ڕەزامـەنـدی دایـکـی کـەژاڵـی دایـە دەستت. بـەڵام بـاوکـی هـێشتـا لـە کـەلـی شەیتان نەهاتبووە خوارەوە، دوایی کە چوویتە لای کەژاڵ داوات لێ کرد هۆی یاخیبوونی تەواوی باوکی بزانی، ئەویش ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا ئینجا دەفتەری ژیانی خۆی کردەوە و خەم و ئازارەکانی خۆی و دایکی و خوشکەکانی بۆ هەڵڕژتی. زانیت کە باوکی بەدەست منداڵەکانی ژنەکەی تـریـەوە فـریـوی خـواردووە و ئـەویش بـرا گـەورەی ڕاستـەقـینـەی نـییـە لـە ماڵەوەی خۆیان و تەنیا خۆی و خوشکێکی بەشوودراو و برایەکی لە خۆی بچووکتری هەبوون. ماڵەکەی باوکی تریشی کچەکانی تا ئێستا کەسێك داخـوازی نـەکـردوون بـۆیـە دەیـانـەوێ هـەروەك خـوشکـە شووکردووەکـەی کـەژاڵ کـە کـاتـی خـۆی تـەگـەرەیـان خستـە بـەردەمـی و کـارەکـە نـەگـات بەئەنجام بەڵام ئەوسا خوشکە گەورەکەی کەژاڵ وەك شاخ بەرامبەریان وەستا تاکو توانی بەهەوەسی خۆی شوو بەو مێردەی ئێستا بکا. ئینجا دوای شووکردنیشی نزیکەی ساڵێك هاتوچووی ماڵی کەژاڵیان نەکرد... ئەو جارەشیان فەرەیدوون و خوشکەکانی بوون بەدرکی مەم و زین و بـەسەر بـاوکیـاندا دەقـیـژێنن و بیـانـوویـان بـۆ دەبـیـنـنـەوە... بـاوکی کەژاڵ لەبەر بێ چاو و ڕووی ئەوان و دڕەندەییيان مقۆی لێوە نایەت و کەسیان لە ڕازەکانی دڵی ناگەن. کەژاڵ ئەو جارەشیان ئاخێکی تری هەڵکێشا تۆش پێت وت:

– ئەو ئاخەت بۆ هەڵکێشا؟

ئەویش بەغەمبارییەوە وتی:

– ئەگەر منیش برایەکی گەورەی ڕاستەقینەی خۆم دەبوو. ئێستا ئەوان نەیاندەتوانی ڕێگەمان لێ بگرن و یارمەتیشی دەدام.

نەتدەزانی چی بکەی... پەنا بۆ چ پیاو چاکێك ببەیت... قەدەرێك بوو ئازار و خەونە سەوزەکانت تێکەڵی یەکتر دەبوون... ڕەنگبێ ڕەنجی فەرهادیشت دەدا تەنیا بیانوتبایە ئەوا کەژاڵ بوو بە هی تۆ و بەهەموو مەرجێك ڕازی دەبووی، بەڵام داخ کەس گرێی ژانە هەڵچووەکانتی پێ نەدەکرایەوە، کەس برینی تۆی پێ سارێژ نەدەبوو، ئەو ڕازی نەبوونەی ئەوان کاری لە جەرگت کردبوو... هەرچەندە تۆ بەچاکی لە خۆت دەگەیشتی و خەڵکی خۆشیان دەویستی لە مەراقدا دوو ئەوەندەی جاران جگەرەت دەکێشا هەمیشە کز و مەلوول دیار بووی و شەو و ڕۆژ چۆلەکەی خەیاڵت هەڵنەدەنیشتەوە بۆیە زۆر جار ئەو قسەیەی خۆت کە پەیمانێك بوو لە نێوان تۆ و کەژاڵ بەبیر دەهاتەوە و تۆزێك بەو پەیمانە دڵی خۆت دەدایەوە هەستت بەوە دەکرد مادام کەژاڵ بەدڵ و گیان لەگەڵتدایە هەر دەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان دەست لە مل یەکتر بکەن و ئەنجامی خۆشەویستیتان سەر بگرێ. پەیمانەکەشتان ئەوەبوو کە لە دڵی هەردووکتانا هەڵکەندراو بوو. «هیچ چارەیەکمان نییە، تەنیا بەردەوامبوون و سووربوون لەسەر خۆشەویستییە پاکەکەمان و بەجێهێنانی پەیمانی پاشگەزنەبوونەوەمان کە هەر دەبێ یاخی بین. ئەوسا یا لە دەریاکە ڕزگارمان دەبێ و دەپەڕینەوە و دەست لە مل یەکتر دەکەین یاخۆ گێژاوی دەریاکە ڕاپێچمان دەکات و دەبین بەخۆراکی نەهەنگەکان».

١٩٨٧

## تانۆك

ئەمجارەش ژانە هەڵچووەکانم کەوتنەوە گڕ. بێ ئارامی دڵی پڕجەخاری شەکەتی ئەلاواندمەوە. ئۆقرەم لێ برا، یادگارە تاڵ و شیرینەکانم یەکانگیرم بوونەوە و چاوەکانیان شل کردم و خۆیان خستە باوەشی ئەو ڕۆمانەی لە بەردەستمان بوو بۆیە ڕۆمانەکە بەجێی هێشتم. دەفتەری یاداشتەکانم زیاتر چاویان تێ دەبریم وەك بڵێی هەستیان بەبوونی کارەساتێکی ترم کردبێ بۆیە بەبێدەنگی لە ژێر ڕووناکی گلۆپەکە سەرمان بەیەکەوە نا. نازانم ئەو شەوە نە ئەم لەسەر سینگی من خەوی لێکەوت نەمن لە ناو پەڕەکانی دەفتەرەکەدا خۆم دۆزییەوە. داوای لێبووردنیش لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە دەکەم کە ئەم شەوە نەمتوانی دۆستایەتییان بکەم... ئازیزان ئێوەش لێم زویر مەبن کە ناتوانم هەموو نهێنییەکانی ناو یاداشتنامەکەم بخەمە بەرتیشکی نیگاتان بۆیە بەم شێوەیەی خوارەوە بۆتان دەردەبڕم و دەتوانن لە کرۆکی خورپە و ڕاچەنینی مەبەستەکانم بگەن.

١٨-٤- ١٩٨١

ئەمڕۆ بەیانی بەڕێککەوت لەگەڵ نواڵە لە بەردەم قوتابخانەدا گەیشتینە یەکتر. بەیانی باشمان لە یەکتر کرد گوڵێکی سووری لە یاخەی خۆی کردەوە و بەو چەند دڵۆپە شەونمەی کە لەسەری بوو بەدەموچاویدا کردم ئینجا گوڵەکەی ماچ کرد و پێشکێشی کردم، لە خۆشییانا شاگەشکە بووم خۆم پێ بەختەوەرترین کەس بوو لەسەر ڕووی زەمین.

٢٥-٦-١٩٨١

ئەمڕۆ حەزم کرد لە دەرەوەی قوتابخانە چاوەڕێی بکەم. کە گەیشتینە

یەکتر پێی ڕاگەیاندم کە خزمێکی دەوڵەمەندیان هاتووەتە داخوازی و ئەمیش لەبەر خۆشەویستی بۆ من پێی ڕازی نەبووە. داوای لێ کردم هەرچۆنێك بێت بچم بۆ داخوازی، منیش لە شەرمان هیچ قسەم بۆ نەکرا و سەری خۆم بۆ لەقاند و وتم باشە. ئیتر یەکترمان بەجێ هێشت.

١٩٨١-٦-٢٦

بۆ وەڵامی دوێنێ دیسان لە دەرەوە یەکترمان بینی بەدەم ڕۆیشتنەوە پێم وت: «ئاخر جارێ ماومە قوتابخانە تەواو کەم و بەتەمەن لە تۆ بچووکترم» ئەمیش بەپێکەنینەوە وتی: «تۆ تەنیا وەرە داخوازیم من لەسەرت ڕادەوەستم هەرچەند ساڵێك بێت تا دەگەینە یەکتر» منیش وتم: «ئاخر من نەختی تۆم بۆ نادرێ، لە ماڵەوە کەسمان نییە ئیشمان بۆ بکا، گوزەرانمان تەنیا لەسەر ئەم دووکانە بچووکەیە کە دایکم دەیگێڕێ، بەهەرحاڵ من ئەم باسەم لەگەڵ دایکم کردووەتەوە و ئەم ڕازی نییە دەڵێ» دەڵێ چی تکایە پێم بڵێ؟ دەڵێ ئەم قەیرە کچێکە و تۆ لە چاو ئەمدا منداڵی. ئەم دەوڵەمەند و خاوەن سامانە تۆش کوڕە هەژاری و هێشتا نەگەیشتووی بەدوارۆژی خۆت. دەڵێ ئەم مامۆستایە و تۆش قوتابی ئەوی و بۆ یەکتر ناگونجێن، کەواتە من دێمە لای دایکت و خۆمی بەقوربان دەکەم تەنیا ئەم ڕازی بێت من لە تۆ بترازێ لەگەڵ کەسی تردا لە ژیانی هاوسەریما بەختەوەر نابم.

١٩٨١-٦-٢٩

ئەمرۆ بەیەکەوە چووینە لای دایکم، باش بوو ئەمجارە وەك ڕۆژان پەرکەمەکەی لەسەر نەبوو. دوای دانیشتن و گفتوگۆیەکی زۆر دایکم بەڕوویا هەڵشاخا «بۆ واز لە کوڕەکەم ناهێنی کچم ئەم لە کوێ و تۆ لە کوێ، هیچ شتێك بەیەکەوەتان گرێ نادا» نواڵەش بەخەمبارییەوە وتی: «پلە خونچە قوربانی چاوە ڕەشەکانت بم، خولامی بسك و کەزییە ڕەش و

سپییەکانت بم لێمان گەڕێ با بۆ یەکتر بین» «ئاخر کچم ئێمە لە چینی تۆدا نین و مارەیی تۆمان پێ نادرێت، لەم باوەڕشدام دوای ماوەیەکی کەم لە یەکتر تێربوون یەکترتان لە پێش چاو دەکەوێ، ژن کە پیاوی بەخێو کرد وا دەزانێ ئەم پیاوە دەژێنێ و نازی بەسەریەوە نامێنێ» «نەخێر پلە خونچە دەستم دامێنت هەرگیز بڕوا بەخۆم ناکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان من بارانم لە پێش چاو بکەوێ. بۆ مەسەلەی مارەیییەکەش ئەوا من میراتگری خێزانەکەمم و لەم پیرەدایکەی کە هەمە بترازێ کەسێك سامانم لەگەڵ بەش ناکا. تەنیا ڕازیبوونت بەسە بۆ ئەوەی ئەم کۆشە زێڕەی لە ماڵەوە هەمە گشتی بفرۆشم. تۆ هەقت بەسەر هیچ شتێکەوە نەبێت دەستم دامێنت پلە خونچە بڕوات هەبێ دەبم بەکارەکەری نێو ماڵەکەت، تۆ بۆ خۆت دانیشە و هیچ کارێك مەکە، لەم دووکانەش ڕزگارت دەکەم خۆشترین خانووشتان بۆ دەڕازێنمەوە» دایکیشم وتی: «کچی خۆم بڕۆ بەرۆکمان بەردە تۆ لەگەڵ ئێمە ناگونجێی سەرەڕای قسەی خەڵکیش پێم بڵێن بووکەکەی خۆت نەختی خۆی داوە و خێزانەکەیان بەڕێوە دەبات. نەخێر ئەم کارە لە دواڕۆژدا سەرئێشەی بەدواوەیە هەرگیز ئەم ڕێگەیە بۆ کوڕی خۆم دانانێم، من دەزانم ئێستا ئەم بەقسەی تۆ تەفرەدراوە ڕەنگە تۆشی خۆش بوێت؟ بەڵام من لەبەر بەرژەوەندی ئەم نایەڵم تۆ بهێنێ. دەوڵەمەند کە تێر بێ دەرەتانەکەی خۆی مژی و لێی تێر بوو ئیتر مەیلی جارانی ناداتێ و لە پێش چاوی دەکەوێ، بەتایبەتی ئەگەر خۆشی بیژیەنێت، بڕۆ کچی خۆم لە یاخەمان بەرەوە، ئێمە و ئێوە هەرگیز ناگەین بەیەك، چونکە تخووبێکی گەورەمان لە نێوانە هەروەك ئەم تانۆکە وایە کە دوو ڕەز یان دوو باخچە لە یەکتر دابڕ دەکەن و ئەم تخووبەش لەگەڵ تەمەنی مرۆ هەر هەبووە و هەمیشە» نواڵە درکی پێ کرد کە ناتوانێ دایکم ڕازی بکات بۆیە بەچاوی گریانەوە هەگبەی دڵی خۆی پڕ لە خەم و ناسۆری کرد و بەجێی هێشتین. منیش دوای ئەم بەڕووی دایکمدا

گرژامەوە و چەندی هانام بۆ هێناو و برد و پێم وت: «دایکە گیان دەستم دامێنت بۆچی هێلانەی بەختەوەری ئێمەت تێك دا، بۆ نایەڵی دوو مرۆڤی شەیدا و ئەویندار بگەن بەیەکتر، بۆ چ لێمان دەبییە دڕکی مەم و زینان، ئاخر دایە نازانی دڵم لە باوەشی ئەم نەبێ ئۆقرەی نییە، دڵداری و هاوسەریەتی ڕاستەقینە لەسەر بناغەی پارە و بەرژەوەندی دانامەزرێ هیچ تخووب و تانۆکێك جیا ناکاتەوە، بەڵام چی بکەم تۆ بەم جۆرە تێی گەیشتووی. دایە گیان دەستم دامێنت من جەرگی تۆم چۆن دڵت دێت بیرەنجێنی. چۆن دڵت بەرایی دەدا بەزیندی چاوان هەروەك چۆن گوڵێك دەپلیشێنیتەوە ئەوەها گوڵی تەمەنی لاویم هەڵوەرێنی؟» بەڵام وا دیاربوو قسەکانم وەك بڵقی سەر ئاو وابوون، دایکم هەروەك گوێزی بۆ بژمێرم ئەوها تەقەی سەری دەهات. هەر ئەوەندە وەڵامی دامەوە وتی: «نابێ. کوڕم تۆ بەرژەوەندی خۆت نازانی من لە تۆ دنیادیدەترم، ئێوە بۆ یەکتر ناگونجێن، تۆ ئێستا هەست پێ ناکەی بەڵام دەزانم لە دواڕۆژدا ژیانتان چی بەسەر دێ، دەبێ بەقەدەر بەڕەکەی خۆت پێت ڕابکێشی. ئێستا ئەم وا دەڵێ بەڵام من دڵنیام کە خۆشییەکەی تۆی هەڵمژی و لە جەستەت تێر بوو و تەواو لەگەڵت جووت بوو و دەروونی پێت دامرکایەوە ئەوسا پێڵەقەکت پێوە دەنێ و بەشداری خەمەکانت نابێ وازت لێ دێنێ... لە قسەی دایکی خۆت لامەدە کوڕم. بەقسەم بکەی چاکە من دنیام دیوە دنیا ئەم قژەی خۆم بەخۆڕایی سپی نەکردووە، زیان ناکەی» ئەم ڕۆژە تا بەیانی داهات و چووم بۆ قوتابخانە هەر بێدار بووم، بیری خۆم دەهێنا و دەبرد نەمدەزانی سەرەنجامی ئەم بیر و تاودانەم تاکەی بڕ دەکات.

١٩٨١-٦-٣٠

لە داخی قسەکانی دوێنێی دایکم کە لە قوتابخانە گەڕامەوە یەکسەر لامدایە ماڵی برا گەورەکەم و بڕیارم دا چی تر نەچمەوە لای دایکم و

بەهیچ جۆرێ نەیدوێنم و بەهەر جۆرێك بێت نواڵەکەم لە دەست خۆم نەدەم. ئەمڕۆ زۆر حەزم دەکرد بیبینم و داوای لێبووردنی لێ بکەم کەچی نەهاتبووە قوتابخانە... وام بیرکردەوە پشووی هاوین برا گەورەکەم ڕازی بکەم و بینێرم بۆ خوازبێنی.

١٩٨١-٨-١

بیری نواڵەم دەکردەوە، زۆر بەپەرۆش بووم بۆ بینینی بەلای ماڵەکەیاندا ڕۆیشتم بەلام نەمبینی، هەمووی دوو مانگە پشووی قوتابخانە کەچی لە جارێك بترازێ کە دوور بەدووری لەگەڵ دایکی لە بازاڕ دیم و زاتی ئەوەم نەکرد بچم قسەی لەگەڵدا بکەم، چی تر نەمبینییەوە، جارێکی تریش بەپێش ماڵەکەیانا گوزەرم کرد لە دەرەوە نەبوو هەتا ماوەیەکیش دووربەدووری ماڵیان وەستام کەچی درزێك لە دەرگەکەیان نەبووەوە بۆ تەنیا دیتنێکیش تۆزێك دڵم خۆش بکات، کە هاتمەوە ماڵ ئەم یادگارانەی بەیەکەوەمان ببەستێتەوە بلووزە ڕەنگینەکەی و ئەنگوستیلە ئاڵتوونەکەی بوو دەرم هێنان و تێر سەیرم کردن و هەڵگێڕ و وەرگێڕم کردن بلووزەکەم بەسینگی خۆمەوە نا و تێر بۆنم کرد بەلام دڵم نەهات لەبەر خۆی بکەم، ئەنگوستیلەکەشیم تاوێك لە دەستی خۆم کرد، بەلام ئەمیشیان چاوم بەرایی نەدا بیخەمە پەنجەی خۆمەوە، ئینجا چەند ساتێك بیر و خەیاڵم لەگەڵ یادگارە خۆشەکانمدا تاودا و دوایش کە پەرەسێلکەی بیرم هەڵنیشتەوە خستمەوە ناو دۆلابەکەم و بەنووسینی بەشێك لەم چامەیەی دەمێك بوو خەریکی نووسینی بووم خۆم خەریك کرد و لە ناویا توامەوە و خۆم لە بیر کرد.

١٩٨٢-١-٥

وەختە شێت بم لەوەتەی قوتابخانەم تەواو کردووە نەمدیوە. ئەمڕۆ بەهاوڕێیەکمدا هەواڵی بۆ ناردم کە حەز دەکات بمبینی. منیش چوومە

قوتابخانە و بینیم، هەر کە دیم گەشایەوە و منیش بووژامەوە، تۆزێك لە گۆڕەپانەکە پیاسەمان کرد، پێی ڕاگەیاندم کە ئەگەر بێتو بەبێ پرسی دایکم بچمە داخوازی و بیهێنم ناهێڵی هیچ ئیشێك بکەم و تەنیا وەك مێردێك باوەشی گەرم بکەمەوە هەروەك چۆن جاران کە دەیبردمەوە ماڵی خۆی و لە گەرماوەکەی ماڵیاندا سەری دەشوشتم و تێر لە باوەشی یەکتر کپ دەبووین. دەمویست تا مردن هەروەك جاران تێکەڵی یەکتر بین و ببمە پاشای ماڵەکەی. منیش پێم ڕاگەیاند کە خەریك بوو کاکم بنێرمە داخوازی بەڵام ئەمیش بەبێ ڕەزامەندی دایکم ڕیسەکەی لێ کردمەوە خوری و بڕیاریشم دابوو بەهیچ جۆرێك دەستبەرداری نەبم بەڵام لەو کاتەدا کە قسەمان دەکرد ئامۆژگارییەکانی دایکم بەبیر هاتەوە کە دەیوت «کوڕی خۆم نەکەی هەڵبخەڵەتێی و بەدزی من بیهێنی خۆ ئەوسا هەتا هەتایە لێت بێبەری دەبم و نابێ چ جاری تریش پێ بنێیتە ماڵەکەمەوە و شیری خۆمت پێ حەڵاڵ نابینم کە بەمنداڵی فرچکت پێی گرتووە» ئەم قسانە وەك لە بەرامبەر شاخێکدا هاوار بکەی ئاوەها لە تۆمارگەی مێشکمدا دەنگیان دەدایەوە. بۆیە لەگەڵ ئەم بیرکردنەوانەدا ڕاچڵەکیم تومەز ئەم هەر قسەی دەکرد من ئاگەم لێی نەبوو، تا ئەو کاتەی زانی بیرم لای ئەو نییە بۆیە وتی: «ئەمە چیتە دەڵێی ئاگەت لە قسەکانی من نییە، بیرت بۆ کوێ لە شەقەی باڵی داوە؟» «ب... ب... بەڵێ ئاگەم لێیە، بڕوات هەبێ خۆشەویستیت لە دڵما سنووری بۆ نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانم دەستبەرداری دایکم بم هەرچەندە قسەشی لەگەڵدا ناکەم و بڕیاریشم دابوو باوەشی ئەم بەباوەشی تۆ بگۆڕمەوە کەچی من هەڵەم ئێستا هەست دەکەم کە ناتوانم هاتوچۆی نەکەم و ڕقی لێم ببێتەوە، من خۆم دەزانم دوای مردنی باوکم ئەم چ کولەمەرگییەکی لەگەڵ ئێمەدا کێشاوە تا ئێمەی پێگەیاندووە. تەمەنی خۆی هەموو لەسەر ئێمە داناوە، ماندوو بووە، هەمیشە هەوڵی داوە تا گەیشتووەتە ئەم ڕۆژەی چی تر

توانای ئیشکردنی نەماوە و بەم دووکانە بچووکە دەمانژیێنێ... جگە لەمەش من هەرگیز ناتوانم هەمیشە لەماڵەوە پێ لەسەر پێ دابنێم و بەتەمبەڵی بژیم، با هەر بەخۆشی بژیم و خەمی هیچ شتێکم نەبێ و پارەش وەك باران بۆم بباریێ و گیرفانم هەردەم گەرم بێت سوودی چییە کە من مرۆڤێکی بێ کار و تەوەزەل بم لە کۆمەڵی خەڵکی پێم بڵێن ژنەکەی بەخێوی دەکا. نەخێر... نەء... ئێستا دەتوانم لە بیری هەرزەکاریم ڕزگارم بێت، من ژیانی بەم جۆرەم ناوێ، دایکی خۆشم خۆش دەوێ و چی تر ناتوانم لێی جیابمەوە، من خۆم دەزانم بە چ دەردەسەرییەك بەخێوی کردووم مرۆڤ دەبێ سپڵە نەبێ نەخوازەلا بەرامبەر دایکیشی نەخێر... نا»

ئەم ڕۆژە هەستم بەم تانۆکە یاخۆ تخووبە دەکرد کە لێکمان دادەبڕێ و دایکم باسی لێوە دەکرد و دروست بوو، بۆیە وام هەست دەکرد گەیشتنمان بەیەکتر ستەمە. بەلام نەمدەزانی ئاخۆ دەتوانم نواڵە لە یاد بکەم یان نەء... خۆ هەر دەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان لە یادی بکەم ئەگەر نەگەیشتین بەیەکتر، لەگەڵ خۆم دەکەومەوە دوان بەردەوام پرسیار لە خۆم دەکەم؟ ئایا دەتوانم، نەخێر ناتوانم، بەلام بۆ ناتوانم ئاخر چۆن دەتوانم. ئاخر دەبێ بتوانم، بەلام چی بکەم ناتوانم نواڵە لە یاد بکەم. خەڵکینە من سەرم لێ سووڕماوە تکاتان لێ دەکەم هێشتا بەتەواوی وەلامی ئەم پرسیارەم پێ نەدراوەتەوە چونکە لێرە بەملاوە نازانم دڵم بڕیار لەسەر کامە وەلام دەدا، ئێوەش یارمەتیم بدەن و خۆتان سەر پشك بن چ وەلامێك بۆ خۆتان هەڵدەبژێرن ئا... یاخۆ... نا؟

١٩٨٨

# گەڕاپێچە

کاری چیرۆك نووسین بۆ من پڕ بەپێستی خۆیەتی، چونکە هەمیشە لە ناو گێژاوی سەدان ڕووداو و کارەساتی سەیروسەمەرە و جۆرەها کێشەی ژیاندا تێکەڵاوم، جۆری کارەکەشم زیاتر لە ناخی ڕۆژانەی هەمە چەشنەی خەڵك نزیك دەکاتەوە و گوێم لە گەلێك باسی وا دەبێت ڕەنگە بکرێن بەکرۆکی گەلێك ڕۆمان و چیرۆك و کاری دراماییی، بەڵام چی بکەم ئەوا ناتوانم ببم بەچیرۆك نووس، هەرچەندە گەلێك حەز بەخوێندنەوەی چیرۆك و هەندێ جاریش دەینووسم، بەڵام وا دیارە وەك چیرۆکنووسان ئەم عەشقە گەورەیەم لە لا دروست نەبووە تا بتوانم بیخەمە سەر کاغەز، خۆ ئەگەر هەشم بێت ئەوا ئیشەکەم هەموو کاتێکی لێ کوشتووم و ناتوانم فریای نووسین بکەوم. ڕەنگە ئەو کەسانەی ئێستا ئەم چیرۆکە دەخوێننەوە بڵێن ئەی ئەم چیرۆکە کێ نووسیویەتی و وا بزانن چیرۆك نووسەکە خۆمم. بەهەرحاڵ ئەگەر واش بزانن ئێوە بەهەڵەدا چوون، چونکە من لەسەرەتاوە ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کە من چیرۆکنووس نیم. با ئەم گرێیەشتان بۆ بکەمەوە و پێتان بڵێم: بەڕێزان ئەم دەقە هێشتا نەبووە بەچیرۆك چونکە ئەوەی ئەم چیرۆکە دەنووسێ هاوڕێیەکی چیرۆکنووسمە و تەنیا ڕووداو و بەسەرهاتەکان هی منن جا ئەوەتا بەشێوەی گێڕانەوە ئاسایی بۆی دەگێڕمەوە ئەویش بەشێوەیەکی هونەری دای دەڕێژێ چونکە ئەو حەز بەچیرۆکی ئاسایی ناکات بەڵکو دەیەوێ بەشێوازێکی تایبەتی بەخۆی بینووسێ و حەز بەنوێخوازی دەکات. کە ئەم ڕووداوە دەنووسم یان بۆ ئەوی دەگێڕمەوە ڕەنگە ئەو لای خۆی هەر بەم شێوەیە پەسندی بکا و پێم بڵێ: «قەیدی چییە ئەمەشیان شێوازێکی دەربڕینی نوێیە و دەستت خۆش دەزانی چیرۆك بنووسی» ئەوسا کارەکە

لـە دەست مـن دەردەچـی و هـەقـی ئـەم گلـەییـیـەشتـان نـامێنـێ. بـادەست بـەگـێڕانـەوەی ڕووداوەکـە بـکـەم ئـەویش چـی بـگـۆڕێ و نـەیگـۆڕێ ئـەوا پێوەندی بەکارامەیی و دەسەڵاتی نووسینەوە هەیە، دەبێ پێش هەموو شت بیر لە پاڵەوانی بەسەرهاتەکە بکەمەوە و وەك چۆنم دیوە و تێی گەییوم وای بۆ باس بکەم، ڕەنگە هەر خۆشم پاڵەوانی سەرەکی بەسەرهاتەکە بم. دەزانم مەراقتانە زوو بڵێم هەروەك هاوڕێکەشم پەلەی لێ دەکات و پێم دەڵێ: «ئەمە کاری خۆمە، خۆم دەزانم چۆن ڕتووشی دەکەم، تۆ بیری سەرەکی بەسەرهاتەکەم پێ بڵێ، ئەوەی دی کاری خۆمە، بابزانم چیت پێیە دەی خێراکە» منیش وای پێ دەڵێم: برام من بەسەرهاتێکم لایە، واچاکە من وەك خۆی بۆت بگێڕمەوە، تۆش دەیکەی بەچیرۆك یان نا. ڕات لێیە یان نا... ئەوە کەیفی خۆتە. من وایان بۆ گێڕاوەتەوە «ئێوارە بوو... تۆزێك مابوو دەست لە کارەکەم هەڵبگرم. سوورە بەدڵخۆشییەوە بەرەو لام هـات، بـەزۆری دووکـانـەکـەی پـێ داخستـم... لـە ڕێگـە پـێی ڕاگـەیـانـدم کـە داوەتی ئەوم. چەند کووچە و کۆڵانێکمان بڕی تا لەگەڵ کاتی دیاریکراوی ئەوا ئوتومبێلەکەمان لە بەردەم ماڵیان وەستاند. زەنگ لێ درا دەرگە کرایەوە خۆمان خزاندە ژوورەوە. بەرەو ڕووی ئافرەتەکە بووینەوە. سوورە بـەیـەکـتـری نـاسـانـدین، داوای لـێ کـردم لـەگـەڵـیـا بـخـزێمـە ژوورەوە، من بەجۆرێکی تر تێ گەیشتبووم... ئەوەی هەموو جار سوورە باسی دەکرد و دڵی خۆی پێ خۆش دەکرد ئەوە نەبوو من لەزەتی لێ وەربگرم... بۆیە نەمتوانی لەگەڵیا جووت ببم لە دڵی خۆما وتم «ئاخۆ سوورە چۆن دەتوانێ لـەگـەڵ ئـافـرەتـێکـی بـەساڵاچـووی نـاشیـریـنـی وەهـا ئـارەزووەکـانـی دامرکێنێتەوە؟» سوورە لە مەبەستم گەیشت بۆیە داوای لە ئافرەتەکە کرد ژووری کچەکەیم بۆ بڕازێنێتەوە، ئەویش دوای خۆهێنان و بردنێکی زۆر ناچار بەم نرخەی کە لێمان دەکڕی ڕەزامەندی خۆی نیشان دا. بانگی کـچـەکـەی کـرد و داوای لـێ کـرد جـەستـەی خـۆیـم پـێ بـفـرۆشێ. کە لە

ژوورەکەی هاتە دەر چی ببینم وەختابوو لە خۆشییان شاگەشکە ببم. پەری هەر پەری بوو بۆ خۆی دەتوت تازە لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارەوە. نیگام بڕییە بەژن و بالآی تەمەنی هەر لە دەوری چواردە پازدە بەهار دەبوو. تازە بناغەی مەمکی دادەنا... بزەیەکم هاتێ... سوورەش خواخوای بوو دڵی منیش ڕازی بێت بۆ ئەوەی کارەکەی ئەویش سەر بگرێت. تامی دەمی خۆی خۆش کرد، وا پێ دەچوو ئەویش بیەوێ ئەمجارە لە باوەشی ئەو پەرییە خنجیلانەدا ئارەزووەکانی دابمرکێنێتەوە. بەلآم لە بەردڵی من بەسەر خۆی نەهێنا. کە دایکی دواندی و داواکەی خستە بەردەم... سەرنجم دایێ ڕەنگی دەموچاوی گۆڕا زەرد هەڵگەڕا چاوەکانی پڕ ئاو بوون هەموو گیانی دەلەرزی دەمچاوی خوێنی تێ زا، قینی دنیای لێ دەباری، بەزمان تێك گیران و گریانەوە سەد جوێنی بەدایکی دا ... تاکە نەعلێکی لە پێی خۆی کردەوە و هێرشی بۆ هێنایین سەد جار پێی وتین «بڕۆنە دەرەوە... گەوادینە... وازم لێ بێنن. من لەوان نیم... گوو بەخۆتان و پارەشتان، ئاخر چی لە دایکە بێ ئابڕووەکەم بکەم... بمرێ بتلێتەوە باشترە» کە تۆزێك هێور بووەوە دایکی پێ وت: «ئێ ڕۆڵە چی بکەم، باوکە گەوادەکەت بزانێ دەبا ئەو بەخێوت بکات، مەگەر هەر عارەقت دەرخوارد بدات» ئیدی بەتووڕەییییەوە چووە ژوورەوە دەرگەی بەتوندی لەسەر خۆی داخست. دایکیشی داوای لە ئێمە کرد کە گوێی نەدەینێ... جارێکی تر داوای لێ کردمەوە جەستەی خۆیم پی بفرۆشێ بەلآم من لە مەراقان تەنیا بەسەر ڕاوەشاندن پێم ڕاگەیاند کە کڕیار نیم. ناچار خۆی و سوورە پێکەوە خزانە ژووی پڕ لە شەهوەت. منیش لە داخان ئۆقرەم لێ بڕا پێم ئەرزی نەدەگرت، وتم: تا سوورە تەواو دەبێ با بەرەو لای پەری بخزێم و داوای لێبووردنیشی لێ بکەم و لە نزیکەوە لە ژانە هەمیشەیییەکانی بگەم و فرمێسکە قەتیسماوەکانی شی بکەمەوە و تێکەڵ بەناخی ببم. کە دەستم بۆ دەرگەکە برد داخرابوو، چەند بانگم کرد پەری وەلآمی نەدامەوە. لە دوا

جار بەبارێك جوێنەوە دەرگەی لێ کردمەوە و داوای لێ کردم وازی لێ بێنم... منیش بەهەمەوو جۆرێك مەبەستی خۆم تێگەیاند و پەشیمانی خۆشم بۆی نیشان دا و داوای لێبووردنیشم لێی کرد و بەڵێنیشم دایێ بەدڵێکی پاك و پڕ لە سۆزەوە گوێ لە سکاڵای بگرم، هەر نیازیشم بوو بزانم چی وای لە دایکی کردووە جەستەی خۆی بەرامبەر نرخێکی دیاریکراو بخاتە بەردەم ئەوانەی لێی دەکڕن. کە لێم دڵنیا بوو ئەم ڕازانەی بۆ درکاندم کە ئەمیشیان بەسەرهاتێکی ترە بۆ خۆی. هاوڕێ چیرۆکنووسەکە دەتوانێ بیکاتە چیرۆکێکی تر یاخۆ هەر بەم چیرۆکە بیبەستێتەوە... بەتەواوی گوێی خۆم بۆ شل کرد «پێش تۆزێك دەتویست منیش وەك دایکم تێبگەی دەبێ ببووری من هەرچەندە ڕۆژگاری نامۆ و خێزانە بەدفەڕەکەم هەموو خەون و خەیاڵ و ئارەزووەکانمیان نایە ژێر گڵەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەش توانیومە خاوەن کەسایەتی خۆم بم. هەر بۆ نموونەش تۆ نەتتوانی بەگیرفانە پڕ پارەکانت لە خشتەم بەریت، بەهەرحاڵ خوا دایك و باوکە بێ ئەمەکەکەم بگرێ ئەوان لە ڕۆژگاری بوونمەوە تا ئیمڕۆ نامیانە ناو کوورەیەکی ئاگر و ئێستای لەگەڵدا بێ هەر لە سووتاندام.

من تاقانەی دایك و باوکی خۆمم. دایکم ئەوەندە ڕقی لە باوکم دەبێتەوە تا ئێستا نەیهێشتووە لە من بترازێ وەچەی تری لێ بەپاش بکەوێ. سەد خۆزیا منیش نەدەبووم، کاتی خۆی دایکم لە بری خوێن درابووە باوکم بۆیە هەر لە هەوەڵەوە دوو هێڵی هاوتەریب بوون و هەر بەناو هاوسەری یەکترن. باوکم هەموو ژیانی خۆی بەسەرخۆشی و بێهوودەیی بەسەر بردووە. هەرچییەکی هەبێ لەم ماڵە خۆی بەخاوەنی نازانێ، بگرە هەندێك جار بەهەفتە و دووهەفتەش گوزەر بەم ماڵە ناکات... دایکیشم شەو و ڕۆژ دیوەخانی مێینەیی جەمەی دێ لە پیاو ماقووڵ و چڵێسانی شار و کاربەدەستان. هەرچەندە باوکیشم بەم مەسەلەیە دەزانێ، بەڵام کەی

پـیـرێکـی بـەساڵاچـووی مـەست بـەری مـلـی ئـافرەتێکی جاحێڵی خـاوەن دەسەڵاتی گەرمە هەوەسی گرتووە، هەرنا بەپیاوی پشت ئەستوور دەخورێ، بگرە دەرو جیرانەکانیشمانی لە زەقزەقە ناوە، هەر باشە بەخێرا خۆی دەهێڵێ باوکم بێتەوە ماڵەکەی و لە قوژبنێکا بخەوێ. لەگەڵ ئەوەش هەر ماوەیەك لە گەڕەکێکین، وەك قەرەجانین، هەرماوە ماوەش مەزبەتەمان بەدوادا دەکەن و دنیامان لێ پڕ دەکەن. ئەوسا کار بەلێپرسراوێك و دووان ناکرێ، ئەگەر بشکرێ لەبەر پلەوپایەی خۆیان تێکەڵی ئەم کارە نابن و ڕازیمان دەکەن کە بۆ شوێنێکی دی بگوازینەوە بۆ ئێمە و ئەوانیش باشترە. ئەوەندە هەبوو بۆ گرتن و زمان لێدان زوو بەقسەی دایکم دەکەن، ئەوەی مەبەستی بێ بۆی ڕادەپەڕێنن. چونکە لە ژێرەوە ڕاسپاردەی خۆیانە. ئەو دایکە نەگریسەم لەبەر ئارەزووی دەسەڵاتداران و بەرژەوەندی خۆی هەر بەوە نەوەستا کە هەموو شەو باوەشی گەرم دەکردنەوە بگرە شەوێکیان ویستی بمکاتە دیاری، بەبۆنەی هاتنی بەڕێوەبەری نوێی دایەرە پیسەکە منیش دنیام لێ پڕ هاوار و ناڕەزایی کرد، بۆ ماوەیەك ماڵەکەمانم بەجێ هێشت و چوومە ماڵی ناسیاوێکمان، تا ڕۆژێکیان بەتکا و پاڕانەوە و دوای ڕیسواکردنی لە لایەن ناسیاوەکەمان هێنامیەوە، چی بکەم منیش نەمویست خوێندنی خۆم لە دەست بچێ. هەرچەندە من هیچ تاوانێکی ئەو دایك و باوکەم هەڵنەگرتووە کەچی لە قوتابخانەشدا هەر نامۆ و ڕیسوام بەچاویکی سووك سەیرم دەکەن. جاران دڵم بەکوڕێکی دراوسێی خۆمان دابوو، هەمیشە حەز و ئارەزووەکانم ئەوەبوو ڕۆژێك لە ڕۆژان وەك ئەو خەڵکە ببینە هاوسەر و لە یاخەیان ببمەوە و بۆ خۆم ژیانێکی ئاسوودە بژیم، بەڵام کوڕەکە بەمەسەلەی دایکمی زانی ئەویشیانم لێ بوو بە تەلیسمێکی تر و خزایە ناو ڕۆژانی ڕەشی تەمەنم، ئێستا چاوەڕوانی جوانمەردێکم پەلم بگرێ و لەم گێژاوە دەرم بێنێ» سوورەش کاری خۆی تەواو کرد، ماوەیەك بوو هاتبووە دەرەوە و بانگی دەکردم ئاگەم لێی نەبوو

بیر و بۆچوونم لای پەری بوو. بەسەرهاتەکەیم ئەوندە پێ خۆش بوو، چرکە بەچرکە و دیمەن بەدیمەن وێنەکانی لە مێشکم تۆمار دەبوون و لەگەڵیا دەژیام. ئەمە ئەو ڕووداوە بوو بۆیان گێڕابوومەوە منیش دەمەوێ بیخەمە بەردەم هاوڕێ چیرۆکنووسەکەم ئینجا دوای ئەوە کە دەگەمە ئێرە پێم دەڵێ: «دەی... دەی براله چی تر تۆ دوای ئەوەم بۆ باسکە. ئەو برادەرە پێی وتی نیازی چی هەبوو، تۆ بڵێی ویژدانی نەجووڵابێتەوە و نەیویستبێ پەری لە دۆزەخ ڕزگار بکات. تۆ نەختێك باسی ئەو دوو پاڵەوانەم بۆ بکە بزانم چین و کێن و چۆن بیر دەکەنەوە، تابتوانم بەتەواوی هەڵسوکەت لەگەڵ ڕابردوو و ئێستایان بکەم تا چیرۆکەکەم هیچ کەموکوڕی تێدا نەبێت منیش پێی دەڵێم: «برام، ئیدی تۆ کەیفی خۆتە لێرە بەملاوە بەهەوەسی خۆت پاڵەوانەکانی هەڵسەنگێنە... خۆت و ویژدان و قەڵەمەکەت. ئەوەندەم لەسەرە لە پەراوێزی بەسەرهاتەکەدا هەردوو پاڵەوانەکانت پێ بناسێنم. گرینگ ئەوەیە تۆ بەزیرەکی خۆت بتوانی کەڵك لەو بەسەرهاتە وەرگری و هونەرییانە مامەڵە بکەی نەك وەکو من دەقاودەق بیگێڕیتەوە و شێوەیەکی هەقەیەت ئامێزی بەبالادا ببڕێت، ئەوسا بەهەقایەتخوانت لە قەڵەم دەدەم نەك چیرۆکنووس، بەڵام دڵنیاشم چیرۆکێکی هونەری نوێی لێ دروست دەبێت بەتایبەتی ئەگەر تۆزێك بەوردی مامەڵە لەگەڵ هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و دەروونی پاڵەوانەکانمدا بکرێت.

١٩٩١

پەراوێز

١- *(سوورە) زەلامێکی چوارشانەی تێك چەقیوە، ناوەکەی بەرەنگی خۆیەوەیە کاتی خۆی لە ئەنفالە بەدناوەکە گوندەکەی ئەویش سووتاوە و هاتوونەتە شار، سەدان جۆر ئیشی کردووە تا سەرەنجام بەقاچاخچیاتی گیرساوەتەوە، ئێستا خاوەن سامانە، خانوو و ئۆتۆمبیلی هەیە. ژنی نەهێناوە، خۆی دەڵێ: «ئەگەر ژن بێنم کۆت و زنجیرم لە دەست و پێ دەکرێ و ناتوانم بەهەوەسی خۆم بجووڵێمەوە»*

بەشێکی زۆریش لە داهاتەکەی لە ڕابواردن و جلوبەرگی گرانبەها و دیاری ئەو لاو ئەولا خەرج دەکات. حەز دەکا لە لای خەڵکی خۆی بەهەبوو نیشان بدا، ئەوەش ئیشی پێ بێت، پارەی چاکی لێ خەرج دەکات تا ئیشەکەی خۆی پێ تەواو دەکات.

٢– پاڵەوانەکەی تر ناوی شێرزادە دووکاندارە دوڵەمەندە ژنی هێناوە چوار منداڵی هەیە، ئۆتۆمبیلی هەیە. هەمیشە خەریکی کارەکەی خۆیەتی... جاروبار سوورە بۆ ڕابواردن لەگەڵ خۆی دەیبات... حەزی لە ژیانە... زیاتر بەلای کاسبیدا دەشکێتەوە... پلەی خوێندەواری باشە... مامۆستایە بەڵام کاتی خۆی لەبەر ڕاکردنی لە سەربازی لە فرمان دەرکراوە... خۆی پێ گەیاندووە تا گەیپووەتە ئەو ڕادەی ببێ بەدووکاندار... جاران هەڵسوکەوتی باشتر بوو لە ئێستا بەڵام ئەوەتەی باخەڵی گەرم بووە جاروبار بیر لە ڕابواردن و ئەولا و ئەولا دەکاتەوە. حەز بەوە دەکا بەهۆی دەوڵەمەندییەوە شوێنێکی لە کۆمەڵدا هەبێ.

٣– تۆش پاڵەوانێکی دیکەی ئەم چیرۆکەی جا چیرۆکنووس بێ یان هەقایەتخوان.

## پووشکە

١- گاڵتەی ناو یاداشتنامەکە

تا ئێرە کارەکەم ئاسان بوو، ئیدی دەکەومە ناو گێژاوێکەوە بڕوا ناکەم لێی رزگار بم، وا گەیشتمە ئەم بەشەی قەتماغەی برینەکانم جارێکی تر تەڕ دەکاتەوە، بە چ زمانێك بیاندرکێنم، ڕەنگبێ بتوانم ئەگەر لە یاداشتنامە نەبێ و بەجیا چیرۆکێکی لێ هەڵکرێنم، بەڵام من قەت چیرۆکم نەنووسیوە وەلێ لە زمانی چیرۆك دەزانم، چ بکەم هەر چەندی هەوڵم دا بۆم نەخرایە ناو شیعرێکی گەرمەوە، بەهەرحاڵ چیرۆکە، پەخشانە، یاداشتە، هەرچییەك بێ، دەبێ بە شتێکی تری تراژیدیای ژیانی خۆم بنووسمەوە، نازانم کەللای چاوانم بەکام نشێو شۆڕکەمەوە و لە کام هەوراز سەری بخەم، بزربوونی باران و هەور یان تۆماری ئەوینێکی شاگەشکە و سەرگەردان. ئا... وا چاکە یەکەم دەرگە بخەمە سەرپشت کە لەوێ نیگاکانمان تێکەڵ یەکتر بوون، ئەم بینینەی دەبوایە لەگەڵ یەکەم تۆماردا بسڕێتەوە، بەڵام چ دەکەی ئەوا ئاوێتەی یەکتر بوون، یەکەم چاوترووکان، یەکەم ئەندێشە، یەکەم خورپە ئەوێ ڕۆژێ بوو کە هێشتا هەرزەکار بووم، کوڕێکی ناو خەونی کچانی گەڕەکێ بووم، کۆچێکی بێ سەروشوێن دەیدامە دەست شەپۆلان و کەناری فریاکەوتن، حەزەکانمان، تاسەکانمان، وەك دوو گەردەلوولی لەگەڵ یەك هەژاوە لە بیابانێکی سەرانگرێ و پڕ سەراب لە چاوان دوور بوون، ئێستاش دەزانم کاریگەری ئەم چامەیە بوو کە لە کۆلیژەکەیان خوێندمەوە، یان نیگا ڕوونەکان موگناتیس ئاسا بەجوانی کێش کران، بەڵام کەی جوانی مرۆڤ خۆشەویستی دروست کردووە، ئەمەیش نهێنییەکی ترە و وەڵامەکەی نازانم. هەنگاوەکانمان ڕێگەی ژووانیان پێچاوە، ساتەکان، پیاسەکان،

گفتوگۆکان ئەوەندە خۆش بوون تا هۆش و بیرم هەتەر بکا بیرەوەریم دەبن، ئەم ژیانە نوێیە لە چاو ترووکانێکدا لە ژێرچنگی چاوم خۆی ڕاپچڕاند و بڕایەوە، بەڵام بۆچی بڕایەوە و چۆن سڕایەوە نازانم ڕەنگە ئەویش هۆیەکانی بزانیٚ و نەزانیٚ، دووریش نییە هۆکارەکان لای ئەو پێچەوانە و هەڵسوکەوتیشمان بەجۆرێکی تر پڕ گاڵکێش کرابیٚ ڕەنگە... ڕەنگە ئەم ئەوینە لای من ئەم کانییە بوو کە «گۆران» تێیدا سەرسامە، بەمەزەندەی خۆشم دەروونی ئاوێنەییم ئەم تانۆکەی دروستکرد. لای من ئەڤین چمکی پەرستن بوو، تا ئەودەمەی لێکیش ترازاین، دڵم ڕێی نەدەدام تێر تەماشای چاوانی بکەم و خۆم بدەمە بەر نیگای گەرمی، وام زەن دەکرد هەڵدەپڕووکێم و تێر تەماشاکردنیشی بەلامەوە ناپاکی بوو، تاسەم نەدەکرد دەستە نەرمەکانی لە ناو دەستمدا بتوێنمەوە، زاتم نەدەکرد ختووکەی بدەم نەبادا خۆشەویستی ئاوەژوو بکەمەوە. ئای سەیرە ئەمە چییە، وا یاداشتەکە بەخۆی خۆی دەنووسێتەوە، تارمایی دەستێك دەبینم قسەکانی پەری دەنووسێتەوە. وەهام بۆ دەنووسیٚ «منیش قسەی خۆم هەیە، یادگارە شیرین و تاڵەکانت لە نامەخانەی مێشکمدا نەسڕاونەتەوە، شیعرە پڕ سۆزەکانت تا ئێستەش لە گوێما چەخماخە دەدەن، دوو هێڵی هاوتەریب هەرگیز ناگەن بەیەك، ئێمەش نامەی شیرین و فەرهاد و مەم و زین و زۆرانی ترمان پیٚ سپێردرا، نهێنییەکانی خۆشم لەگەڵ خۆمدا نابەمە ژێر گڵ، لە خەوە سەرابییەکانتدا ئەم پەیمانەت بەدڵدا دەسپێرم، ئەوا خوێندنی باڵاشم تەواو کرد و ئاواتێکم هاتە دی، بەڵام بەختەوەرنیم چونکە قژی ڕەشم بیٚ تۆ سپی کرد، شادنیم چونکە باخچەی ژیانی تۆم بەبرین و خەفەخانی ئاودێر کرد، ئەسپی ژیانم گلاوە و قەیرە کچیم بەرەو هەوارێکی نادیار لێژم دەکاتەوە، ئەم زەمەنە بەدە هەر بەگەنجی پریاسکەی پیری دایە دەستم، تازە تۆ و پەیامی خێزانداری و بژێوی منداڵەکانت، منیش جیهانێکی جیاواز، چی دی سەرەتاتکێی جارانمان بۆ

مەیسەر نابێ، بۆیە لەم یاداشتەدا. لە شیعرەکانتا، لە هەر دێڕێ هەواداری منی تێدا لێت دەبم بەتارمایی و گاڵتەی فرمێسك و ئەوینت دەگەڵ دەکەم، شایی و شینت بۆ دەگێڕم، لە ژینا هەمیشە سێبەرتم، لێت دەبم بەمۆتەکە و خەونە ڕۆشنەکانت هەڵدەبزڕکێنم، خەیاڵت بە دەم ڕەشەباوە دەدەم، کانی بەهرەی شیعریت پڕ بەرد دەکەم... تاد.»

دەستم لە نووسینی یاداشتەکە هەڵگرت، تارمایی ناو دەفتەرەکە وەك منداڵی ساوا چاوشارکێی لەگەڵ دەکردم، بەچەشنی پەری دەهاتە بەرچاوم، تاوێك دەخەنی گاڤێکی تر دەگریا، تاوێك شایی دەکرد و سووری دەدا، تاوێکی تریش دەفتەرەکەی لێ دەکردم بەگۆمی فرمێسك، دەمبینی قەڵەمەکەی لە باخەڵی خۆی دەردێنا و یاداشتەکەی لە باتی من دەنووسییەوە.

دەورانێك بەکووچە و کۆڵانەکانی شاری دەگێڕام و دوایی دەیبردمەوە کۆلێژەکەی خۆیان و لە کتێبخانەدا ماندووی خۆمان دەحەساندەوە، پاشان دەچوو لە ناو ڕەفکەی کتێبەکان دەگەڕا و ئەو ڕۆمانەی حەزی لێ دەکرد و هەموو جار دەیگوت لە ژیانی ئێمە دەچێ دەری دێنا و وەك مامۆستای سەرەتایی دێڕ بەدێڕ بۆی دەخوێندمەوە و یادگارەکانی وەبیر دێنامەوە، منیش ئۆقرەم لێ دەبرا، کپ دەبووم، وەك منداڵی ساوا دەینامە ناو جۆلانە و خەوەکوتکە دەیبردمەوە. بەیانی کە هەڵدەستامەوە سەیری دەوروپشتی خۆم دەکرد لە منداڵەکانم بترازێ کەسم بەتەکەوە نەبوو. گەلێك جاریش دایکی منداڵان بەئاگەی دێنام و ئەوەی لە یاداشتنامەکە نووسرابوو بۆی دەخوێندمەوە، بەڵام ئەو کەسی نەدەبینی، هەر وای دەزانی نووسینی خۆمە، لە نهێنی تارماییەکە نەدەگەیشت، زیاتر هانی دەدام پێی وابوو ئەگەر بەشەکانی تری بنووسمەوە ئەوا باسی ئەویشی تێدا دەبێ.

چەندی دەکەم نە ئەم ڕۆمانەم پێ تەواو دەبێ، نە لە خوێندنەوەی تێر دەبم، بۆیە بەشێکی گرینگی ژیانم، ئەگەر بەخۆشم نووسیبام هەر هێندەم مەراق لێ دەدا، نازانم لەبەرئەوە بوو لە ژیانی ئێمە دەچوو یانیش چونکە پەری حەزی لێ دەکرد، هەڵبەتە هەر ئەم هۆیەشە دەنا بۆچی لە زێدە هەمووان تەنێ ئەم ڕۆمانە بینەقاقای گرتووم، دیمەنەکانی شەو و ڕۆژ لە پێش چاوما چەخماخە دەدەن و لەگەڵ یادگارەکانما ئاوێتەی یەکتر دەبن دێنە خەونم، هەموو جارێ کە دەگەمە ئەم دیمەنەی کە کچ و کوڕەکە پاش ئەوەی پەیمانی تەواو بەیەکتر دەدەن و دەچنە ناو داستانەکە و لە چاوی سروشت دەشرێنەوە، پەری خۆی دەکا بەپاڵەوانی ڕۆمانەکە و وەك ڕۆژانی قوتابخانە دەبێتە بەشێك لەم دیمەنە و جێگەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەگرێتەوە، کاتێ بەخۆی و کتێبەکانی دەستی لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە نیوەڕۆیەکی پایزی دەبێ، دنیا مەیلەو تاریکی خۆی دەنوێنێ، لە ڕێگە دەیگەمێ، بەزەردەخەنەوە تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەین، ڕێگەکان دەکەینە کراس و لەبەری دەکەین، دەگەینە دارستانەکە، لە ناکاو ڕێژنەیەکی باران دادەکا، چ جێمان پێ جێ نییە، خۆمان دەکوتینە ژێر کالیپتۆسە زلەکە، بەستەزمانەی کراسێکی سپی نیوقۆڵی لەبەر بوو، بارانەکە بەگەڵای درەختەکەدا تك تك دەهاتە خوارەوە و خۆڵی سەر گەڵاکانی لەگەڵ خۆی دەهێنایە خوارەوە و کراسە سپییەکەی پنك پنكی قوڕاوی کردبوو، لەشی ئەوەندە تەڕ بوو کراسەکەی بەجەستەوە نووسابوو. مەمکەکانی بەهێلکەی قەتێ دەچوون لە ژێرەوە نیگای چاوەکانمی بۆ خۆی کێش کردبوو، هەرچەندە منیش هەروەك ئەو شەلاڵ بووبووم، بەلام بەخەیاڵی گەرمایی باوەشی کەوتبوومەوە سەر شنگ و تاقەتێکی وەها هەستم بە چ جۆرە سەرمایەك نەدەکرد.

بەمن بوایە ئەم بارانە قەت کڕ نەکاتەوە هەتا تێر تێر تێی ڕابمێنم و لە

ناو ڕامانەکانمدا بتوابوایەوە، لەگەڵ دیمەنێکی شەوی ڕۆمانەکە شەوم لێ بەسەر هات کاتێ لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانما نوستبووم، لە نکاوڕا پەری هاتە سەرینگانم وەك چۆن لە سەرینگانی مردووییەك ڕاوەستابێ ئاوەها پڕ بەدەنگی هاواری دەکردمێ، دەم نا دەمیش دەیدایە پرمەی گریان، ئینجا پێ دەکەنی و قاقای پێکەنینەکەی دنیای بۆ کردبوومە یەك پارچە ئارامی، پاشان لە چاوان گوم دەبوو، دەبوو بەفریشتە و دەهاتەوە سەرینگانم، دیقەتم دەداتێ قژی خۆی بەسەر کراسە سپییەکەیدا تا ژێر پێیەکانی درێژ بووبووەوە و دەستەکانی خۆی بەرز دەکردەوە و دەیهێنایە خوارەوە و بەرەو گەردنم دەهات «ئەمە چی دەکەی پەپەپەپەپە پەری گیان خەریکە دەمخنکێنی؟» دەستی نایە گەردەنم، هەناسەسوار بووم، دەتگوت کەپکە شاخێك خراوەتە سەر جەستە شەکەت و هیلاکەکەم، لە نکاوڕا لەگەڵ هاوار و ترس و تۆق و ڕاچڵەکینم وەخەبەر هاتم و پەتۆکەم هێشتا لەسەر جەستە بوو کە هەڵسامەوە سەر پێیان. ماڵ و منداڵ هەموو لەگەڵما هەستانەوە، مۆتەکەکە لە بەرچاوم ون بوو، هەڵەداوان دایان نیشاندم و بادییەك ئاویان بۆ هێنام و دڵنەواییان دامەوە.

لەوێ ڕۆماننووسەکە بایەخێکی تایبەتی بەم دیمەنە دابوو، ناوی لێ نابوو «پووشکە» چۆن لە ناو دارستانەکەدا کچ و کوڕەکە دادەنیشن و لە سروشت دەدوێن، ئێمەش کە گەیشتینە ناو باخچەکەی گڵکەند لە کونجێکی لاتەریکی سێبەری دارە زلەکان دانیشتین، زۆرمان قسە کرد باسی دنیا و دوارۆژ و سبەینێی خۆمان و دوارۆژی خوێندن و پێوەندی خێزان و ماڵپێکەوەنان و ناومان لە کوڕ و کچەکانی دوارۆژی خۆمان نا، دیقەتماندا هێلانەیەکی چۆلەکە، دیاربوو دایکەکەیان کەل کەل پووشی بە دەنووکەکانی دەهێناو هێلانەی بەختەوەری بۆ خێزانەکەیان چێ دەکرد، بۆ ئەوەی خۆشەویستی تێیدا گەورە بێ، ئەمە خۆشەویستی ئێمە و سروشتی زیاتر بەیەکەوە گرێ دا، بە پەریم وت: «دەبینی گیانەکەم دیقەت

ده، لەم سروشتە جوانەدا پووشکەش بایەخی خۆی هەیە، ئەوەتانێ دوور لە ئاوەدانی ئەم گیاندارانەش بەهۆیەوە چۆن هێلانەی خۆیان پێکەوە دەنێن و بەدوای بەختەوەریدا دەگەڕێن، ئەوانیش وەك ئێمەی مرۆڤ ناتوانن بەتەنیا بژین، ئەوەتانێ نێر و مێیان پێکەوە زاوزێ دەکەن و بێچوویان دەبێ و زیاد دەکەن و خێزان خێزان و پۆل پۆل دنیای خۆیان بۆ کۆشی جوانی دەگوازنەوە، هەڵبەتە ئێمەش واین دەبێ ئەم سروشتە هەموو ئەدگارەکانی لە یەکتر بچن، دەبێ خولٚقێنەرێك هەبێ ئەم هەموو بوونەوەرەی بەم شێوە ڕێکوپێکە دروست کردبێ و هۆشی دابنێ و فەلسەفەی ژیانی دانابن، ئیتر ئێمەش وەك ئەوان دەبێ ماڵێك بۆ خۆمان چێ بکەین».

لەوێ بەجووتە پەڕوباڵمان دەگرت و دەبووین بەجووتە کۆترێکی سپی و دنیامان تەی دەکرد، بەختەوەرترین بوونەوەری سەر گۆی زەمین بووین. ئێمەش لە ناو دیمەنی ڕۆمانەکەدا لەمسەر و ئەوسەری دنیا پووشکەمان بەدەنووکەکانمان هەڵدەگرت و هێلانەی خۆمان خۆش دەکرد. من چی بکەم بەگاڵتە ناڵێم ڕەنگە ڕۆماننووسەکە لەگەڵ ئێمەدا ژیابێ چونکە ژیانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی کتومت لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بەدەردی ئێمە کەوتنە دووریانێکەوە هەر یەکەیان بەلایەك کەوتن، پێش ئەوەی کۆتایی بەڕۆمانەکە بێنێ ئەم بیر و لێکدانەوەی بەمێشکی کچەکە و کوڕەکەدا دێنێ تا لێکیان دابڕێ.

کچەکە: وای بەبیردا دەهات کە دەستگیرانەکەی هەرگیز ماچی نەکردووە و نەیگەوزاندووە و خۆی تێ نەسویوە و شەهوەتی بۆ نەبزواوە، بۆیە بەلایەوە ئەگەری کردووە کە نێرەمووك بێت. لەوەندە گەیشت کوڕەکە خۆشەویستییەکی خواوەندی لە کەللەیدا بووە، پێی گوناح بوو دەقی ئەم بگەچرێنێ و وای دەزانی گەر وا بکا کچەکە بەئەڤیندارێکی ناپاکی لە قەڵەم دەدات، کوڕەکە: وای دەزانی ئەم دەستگیرانەی ئیتر لە ئاستی ئەو

نەماوە و پلەی خوێندەواریشی بەرزترە و بڕوای نەدەکرد دایك و باوکی بیدەن بەفەرمانبەرێك ژیان و گەشت و ئارامی هەمیشەیی بۆ دابین نەکات.

دوا دەست لێك بەردانیان ئەمە بوو کە پەری پێی وت: «بیر لە خۆڵ و بەرد بکەوە ببێ بە هاوسەرت، بەڵام جارێکی تر بیر لە هاوسەریەتی من مەکەوە ئیتر نە تۆ ئەستێرە و نە منیش ئاسمان».

ئیدی کۆتایی ڕۆمانەکە وا تراژیدی چنرابوو وەك ئەوەی من و پەری لێك جیا بکاتەوە، وەك ئەم دووریانەی من بۆ ڕێگەیەکی نامۆ و شەوی بێ ئەستێران ئەویش بۆ حەزێکی خنکێنراو و چارەنووسێکی نادیار.

١٩٩٣

## وەڕسبوون

جەستەی هیلاك و ماندووی لەم ڕێگەیە تواندەوە بێ پەروا، ئەشکەوت و لێرەواری بن تاشە بەرد و دوندی سەرسەخت و خواردنی ئێرە و ئەوێ و سەرین خۆڵەمێش و هاوڕێی چۆڵەوانی.

بێ پشت و پەنا، بێ دۆست و یار، هاوسۆزی باڵندە و تەیروتوالی کێویلەی شاخان، خەمڕەوێنی تەنیا و تەنیا کتێب و دەفتەر و ڕۆژنامە و گۆڤار و داڵدەی ئێستگەکان، سنووری بیرکردنەوەی لە ڕزگارکردنی دەستگیرانە زەوتکراوەکەی و هەڵپچڕانی تەلبەندەکان رەتی نەدەکرد. حەز و بەختەوەری خۆی لە سەرخستنی ئەم و ئەو و شەوانی تر دەدۆزییەوە. کە لە شەمەندەفەری گەڕانەوە دابەزی، چاوەڕوانی چوکلێت و ماچ و زەماوەندی هەمیشەیی بوو، چاوەڕوانی خەڵات و لە باوەش گرتنی سۆز و ئەوین بوو، کەچی ئەم خەونە سەرابییانە بوون بەزەرنەقووتە و گەورە بوون و لەسەر دەستان هەڵفڕین و ماندوویەتی ئەوەندە ساڵە و بڕینی ئەم هەوراز و نشێوانەیان بۆ نەکرد بەهەتوانی برین و بەم دەردە تلایەوە. خەنجەرە ژەهراوییەکان لە پێش چاوی بوون بەدیاری بەنرخی مەلیك و پاشایان... قامچیدارە ڕەشەکان بوون بەپارێزەری سەروەت و سامانی خەڵکی ڕەشوڕووت، بەفر ڕەش هەڵگەڕا، کەسکایی بوون بەخەزان. چاوەشەکان لە ناو ڕەشبەڵەکی بێ سەروبن کەوتنە پیاهەڵدانی دۆست و یاران.

ئەمیش هەر سەری خۆی دەلەقاند و کەس بەدۆست و خاوەن شایی ئەم ماڵەی نەدەزانی. خەم و پەژارە سینگی پڕ خۆشەویستیان ژەنگاوی دەکرد و دیمەنەکان کانیلەی دڵیان لێخن دەکرد و بەتاشەبەردی قین پڕیان دەکردەوە. دەیبینی ئەوان مەرەکەب بوون دەفتەری خۆشەویستی

دەسڕینەوە، کەچی بووبوون بە قەڵەم پاندانی باڵادەستان، ئەمیش پێنووسەکەی دەستی شل و شەکەت، بۆیان نەدەچووە سەر کاغەز... ئەوان پۆشتە و پەرداخ و ماشێنی دوا مۆدیل و سفرەی ڕازاوە و خاوەن خزمەتچی، ئەمیش گەڕیدەی سەر شۆستە و جارێك پاکەت فرۆش و جارێك چایەچی و جارێك حەماڵ و جارێك پارەی قەڵپ فرۆش و جارێك ئاوفرۆش، ئەم بۆ خۆی وا بوو خۆی لە یاد نەدەکرد، لەم سروشتە ساوایە ڕسکابوو، گوڵزاری ئەڤینی ئاودێر نەدەکرا، دۆست و یارانی لە پشترا دەبینی، یان ئەوان نەیاندەدیت... ئیتر بوو بە بەلەمێکی یاخی و سەرکەش و بێ هەست خۆی دایە بەر قەدەری شەپۆلان.

١٩٩٦

# دەق

«ئەوەی بەپەسندی نازانی بۆ خۆتی
بگێڕیتەوە نەینووسی باشترە»

جان رینیە

چی بکەم لێم ناگەڕێن زوو دەمسڕنەوە. دەنا بۆ خۆم دەبووم بەپاڵەوانێکی چیرۆکەکە و بەهەوەسی خۆم لە ناو پانتایی دەقەکەدا تەڕاتێنم دەکرد. وەلێ ئێستا لەو شوێنەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکەی لێیە دۆش دادەمێنم هیچم پێ ناکرێ، هەر بەتەنیا و گۆشەگیری و بەندی دەمێنێتەوە. بیرۆکەیەکە، دووانە بۆتی دەگێڕمەوە و دەبێ تۆش بەشداریم لەگەڵدا بکەی. چونکە ئەم دیمەنانەی من دەیڵێم ئەگەر بۆن و بەرامی پێوە نەکرێ و نەبێ بەدەقێکی ئێستاتیکی و مۆدێرن ئەوا لای تۆش نەبێ من خۆم بەهەقایەتی لە قەڵەم دەدەم. دەسەڵاتم هەر ئەوەندەیە تا بۆ تۆی دەگێڕمەوە چونکە «ڕۆلان بارت» منی نووسەر دەمرێنی و مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، بۆیە نۆرەی بەشداری تۆیە. ئەگەر لەگەڵ دەقەکەدا بژیامایە، دەهاتم خۆم دەگەیاندە ئەم ژوورەی مرۆڤەکەی لێ پەلبەست کراوە، «درێدا»ش ژوورەکەی لە بەریەك هەڵوەشاندووەتەوە و کردوویەتی بەچەند لەتەوە و پاڵەوانەکەی لێ کردووم بەچەند پارچەیەکی تر و هەریەکە و خاوەن ژووری بچووك و بەجەستە لێك دابڕاو کە ئەوان چێژ لەم لێك ترازانە دەبینن  ناتوانم بەدوای کلیلی زیندانەکەدا بگەڕێم و بیدۆزمەوە و لە گیانەڵا ڕزگاری بکەم. من کارەساتەکەم وا دیوە. ئێوەش ئەم سەرەداوانە بزانن دەقەکە بێ من تەنیا یەك پاڵەوانی سەرەکی هەیە. کات هەر دەم و زەمانێ تۆ هەڵی دەبژێری ئەوا لای منیش پەسندە. شوێن خۆم هەڵمبژاردووە و ئێوەش دەتوانن گۆڕانی تێدا بکەن. کرۆکەکە وایە:

پاڵەوانەکە دەکەوێتە ناو چاڵێکەوە و لەوێ بەرەو جیهانێکی تر شۆڕ دەبێتەوە. لەوێ تاوانی غەوارەی دەدرێتە پاڵ و بەمەترسی خۆیانی دەزانن، بۆیە مافی ژیانی لێ دەسەنرێتەوە ئیدی دەخرێتە ئەم ژوورەی کە لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد و چی لێ دەکەن؟ فرۆید چۆنی تێ دەگا؟ چارەنووسی بە چی دەگا؟ ئەوا خۆت وەڵامەکان بدۆزەرەوە. چونکە تۆش وەك من بەشداری... ئا ببوورن مادام ئێوەش هەڵگری ئەم پەیامەن بیرۆکەیەکی تریشم هەیە. هاوشێوەی ئەوی ترە، بەڵکو ئەمەیانتان لاپەسەندتر بێ، یان هەردووکیان بخەیتە ناو یەك جەستەوە و زمانێکی شیعری جوان و تەکنیکاریشی بۆ بکرێ رەنگە پێکەوە پرۆژەی دەقێکی شیاو بنیات بنێین... ئەوی شەوێ (ئاکار) خەونەکەی خۆی وا بۆ گێڕامەوە: درندەیەك ماراسۆنی لەگەڵ دەکردم. هیچ ڕێگایەك نەبوو پیایدا دەربازبم، پەیژەیەکی بێ کۆتایی بەرەو قووڵایی ئاسمان هەڵدەکشا، پیایدا هەڵگەڕام. درندەکەش وەك جاران هەر بەدوامەوە بوو، لە ترسان تۆقیبووم، لە ناو گیانی خۆم جار جارە دووسێ پایەم بەجارێك دەبڕی، لە نکاوڕا ڕاجفریم و بەئاگا هاتم ئیدی نەمزانی بووم بەنێچیر یان سەرکەوتم؟ بەڵێ منی چیرۆکنووس شایەدی ئەمەی بۆ دەدەم. ئەوەبوو کە بەئاگا هات بادییەك لە ئاوم دایێ و فەرامۆشی هاتەوە بەر. ئەم خەونەم نووسییەوە و کردم بەکورتیلە چیرۆکێك و بۆ ڕۆژنامەیەکم نارد کە بڵاو کرایەوە زۆر سەیرم پێ دەهات بینیم لەوێ ئاکار بە پایەکاندا ڕووەو قووڵایی زەمین ڕۆدەچووە خوارەوە و ماراسۆنی درندەکەش کۆتایی نەدەهات. بیرم کردەوە، ئای ئەم دەقە چی بەسەر هاتووە؟ پاڵەوانەکەم لەوێ بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا کەچی ئاوەژوو کرابووەوە، تومەز لێپرسراویی لاپەڕەکە شەوی پێشوو گەلێك باسی فۆرمالیستی و دارایی و سوریالی و بێهوودەیی و ئەزموونگەری و ئەم تەرزە کارانەی بۆ کرابوو. بۆیە لای خۆیەوە تاقیکردنەوەیەکی نوێی بەدەقەکەی من کردبوو و بە

بەرەواژی بڵاوی کردبووەوە. ئیدی بێ ئەوەی من دەستم تێیدا هەبێ بوو بە مۆدیل. ئینجا تۆی وەرگریش مافت بەسەر دەقەکەوە هەیە و من هیچ ڕۆڵێکم نامێنێ و نامەکە لای تۆیە تا ئەنجامێکی شیاو بۆ پڕۆژەکە بدۆزینەوە و دەقێکی تری لێ هەڵکرێنی شیاوی ئەوە بێت پێی بگوترێ چیرۆك.

١٩٩٦

# شەو

هێندە صاحێب سیڕڕە، میعراج و شەوی قەدر و بەرات
خاصـە جاتی ئەون، مومتازە بـــەم ئەســـرارانە شــەو

مەحوی

ئـەم شـەوانـە هـەرگیز لـە من نـابڕێـنەوە، لێم دەبن بـەمۆتـەکە و بـەپێخـەفـی مردن دام دەپۆشن هێشتە مـانگەشەوەکان بـاشترن تۆزێك گوڕاحم خۆش دەکەن، ئـەگینا شـەوانی تری زستـان هێندە دووروودرێژ و نووتـەکن، هێند ڕەش و سامـنـاکـن لـەسەرەخـۆ ئـاوا دەبـن مـەگـەر ڕەشایـی نـاو گۆڕەکـان ئـەوەنـدە تـۆقـێنـەربـن، وای لـەم کـاتـانـەی کـازێوەی بـەیـانـی دەیـەوێ پـەردەی شـەو ڕابمـاڵێ، ئـەوسا دڵـی منیش ئۆقرە دەگرێ و سەرلـەنوێ دەبمـەوە بنیـادەمێکی تر و تـازە لـە دایك دەبمـەوە، ئـەوسا بیر لـەوە دەکـەمـەوە کە چۆن خـۆم بـەرامبـەر نیوەی کاتـە ونبووەکە ڕاگرتبوو، ئـەوا نیوەکـەی تر ئـاسوودەییم پێ دەبـەخشێ. کە زەردەپـەڕی خۆریش بـەرە بـەرە مـاڵئـاواییم لـێ دەکـا و بـەرگی ڕەشم لـەبـەر دەکـا هـەست دەکـەم دەمخـەنـەوە نـاو زیندانێکی گـەورە وەك ئـەوەی بتخـەنـە نێو سـەردابێکی بێ ڕۆشنـایـی و بێ هـەنـاسە. ئـەم ئـازارەی من بـەدەست شـەوەوە دەیچێژم یەکێکی تر بوایـە بڕوا نـاکـەم بـەرگـەی بگرتـایـە، لـەنگـەری نـەدەگرت دنیـای لـێ وێك دەهـاتـەوە. بـەڵام دیـارە من مرۆڤێکی بـەتوانـا و خـۆڕاگـرم لـەگـین دێوانـەی چیـا و چۆلان بووم. ئـەمشـەوەی کـە بـۆ تـۆی دەگێڕمـەوە، جیـا لـە هـەموو شـەوەکـانـی تر ئـەمسـەر و ئـەوسـەری دنیـایـان لـێ وێك هێنـابوومـەوە، کـات نووستبوو، کـاتژمێر تـاوێك بـەرەو پێش دەچوو و پـاشان دەگـەڕایـەوە جێگـەی خـۆی، مـاشـەڵڵا زستـانـان ئـەو کـاتـە هـەر نـابڕێتـەوە. هـاوینـان خـۆشتـرە هـەم کـورت و هـەمیش لـە سـەربـان دەروجیـران ئـارامییـەك بـەیـەکـتر دەبـەخشن

و ئاگەداری، دەنگ و هەناسە و لێقەومانی یەکتر دەبن، کەچی زستان وەك ناو گۆڕێك وایە چەندی دەنگت هەڵبڕی کەسێك ئاگەی لێت نییە. بۆیە ئەمشەوە درێژە نەدەبڕێتەوە و نە لە من تێ دەپەڕێ. دنیایەکی کپ و هێمن تەنیا چرکەچرکی کاتژمێری دیوارەکە و گڤەی با و دەنگی ئەم دڵۆپە بارانانەی دەکەوتنە سەر گەڵای دارەکان و جار جارەش دەنگێکی نەرم و کز بەبنا گوێمەوە دەنووسا و هەستیاری گوێم دەیقۆزتەوە، وەك دەنگی لێکخشاندنی گەڵا وشکەوەبووەکان کە لە ناو شادەمارەکانی مێشکمدا پەرت و بڵاو دەبوونەوە. کە چرپەیەك دەهات نەمدەزانی چییە. کە خشپەیەك دەهات دڵم لەگەڵیدا ڕادەچەنی، کە ترپەیەك دەهات نەمدەزانی نەپشیلەکەی هەموو شەوانە کە خۆی فڕێ دەدایە سەر بەرمیلی نەوتەکە، نە ئەو زاتانەی کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردووم. دەمەویست بڕوا بەخۆم بێنم کە ئەوەی دەبیستم هەمووی هەر وەهمە و پاشماوەی ماندوویەتی و نارەحەتی مێشکمە و ترسی ئەمشەوە کاردانەوەی لە هەموو دەمارەکانی لەشمدا چاندووە و چاوەکانم بوونەتە ئێشکگر، دڵم بووەتە چەتری چاوەڕوانی، مێشکیشم بووەتە مەنزڵگەی خەون و خەیاڵ و زیندەخەونە هەڵبزڕکاوەکان و لە ناو قەفەسێکی بێ گیان بەند کراون کە جەستە نیوە مردوو و نیوە زیندووەکەمە، نایەڵن تاوێ ئۆقرە بگرم و ئەمشەوە لەعنەتییەش بڕانەوەی بۆ نییە، مەگەر هەر بەو خەیاڵە نەخۆشە کازیوەی بەیانی بمگەیەنێتە کەناری ئارام.

سەرمای ئەمشەوە تۆفەش گیانی مرۆڤ قورس دەکا. وەرە تۆ ئازا بە و تاقەت بدە بەرە خۆت و لە ناو ئەو پێخەفە گەرمە وەرە دەرەوە و چاودێری پەنجەرە و دەرگەکان بکە و بزانی کەی دێن و گیانت دەکێشن. نازانم چی بکەم چەندی دەکەم قەت شەوم خۆش ناوێ کە جار جارە تەماشای کتێبێك دەکەم یان دیوانە شیعرێك یان ڕۆمانێك یان چیرۆکێك دەخوێنمەوە و دەمەوێ خەمەکانی خۆمی پێ بڕەوێنمەوە دەبینم

شاعیرەکان بەخەیاڵی ڕۆمانسییانەی خۆیان شەو و مانگەشەویان خۆش ویستووە و بەسەریاندا هەڵگوتووە ڕەنگە ئەمەش لەبەرئەوەبێ کە شەوان لێی پاڵکەوتوون و ئیلهامیان بۆ هاتبێ یان لەبەر ئەمەیە شەو فەلسەفەیەکی ترە و من تەنیا مانا زانستییەکەی دەزانم وەلێ بەمن بێ هەر ناویشی نەبیستم بۆیە ڕقم لەو شاعیرانەش دەبێتەوە کە بەسەر شەو و ئەوەی پێوەندیشی بەشەوەوە هەیە و بەراوردی جوانیان پێ کردووە، ئەگەرچی بەحوکمی پیشەکەشم شتێك لە بارەی سایکۆلۆجیا و دەروونی مرۆڤ دەزانم وەلێ ئەمەی کە دەینووسم ئەم یادگاریانەن کە ئەم شەو دوای هەرەشە لێکردنم دەستم بەنووسینی کردووە. نازانم تا کوێی بڕ دەکەم و ئەنجامەکەی بە چی دەگات، بەڵکو لە دوای مردنم برادەرێکی چیرۆکنووس یان ڕۆژنامەنووس بۆم بڵاو بکاتەوە(١).

چەندی کردم نەمتوانی ببم بەچیرۆکنووسێك، گەلێك جارانیش چەند لاپەڕەیەکم پڕ دەکردنەوە و پاشان بەدڵم نەبوو دەمدڕاندن، نەشمتوانی کاری پزیشکی و نووسین پێکەوە بگونجێنم، جا نازانم ئەمەیان لەبەر بێ توانایی بوو یانیش لەبەر پیشەکەم نەدەپرژامە سەر نووسین، کەچی دۆستایەتی و خۆشەویستیم بۆ ڕۆمان و چیرۆك بێ حیساب بوو(٢).

بەهەرحاڵ ئەمشەوە لە هەموو شەوان زێتر بینابیم لێڵە، هیوام بەژیان

(١) من نووسینەکە وەك خۆی بڵاو دەکەمەوە و ناویشی لێ دەنێم چیرۆك، ئینجا چیرۆکە، یاداشتە، هیچیان نییە، ئەوە با خوێنەران و ڕەخنەگران خۆیان ئەم بڕیارە بدەن. من بۆ خۆم وەك چیرۆکنووس تەنیا پەراوێز بۆ نووسینەکەی دکتۆر دەکەم و تێبینی تایبەتی خۆم لەم پەراوێزانەدا دەخەمە سەر چیرۆکەکە بێ دەستکاری کردنی.

(٢) من وەك چیرۆکنووس و ڕەخنەگر ئەم چیرۆکەی دکتۆر بڵاو دەکەمەوە لەگەڵیدانیم.
أ- بەهرەی چیرۆکنووسینی پێوە دیارە.
ب- گەلێك لە ناودارانی جیهان جیا لە پیشەی خۆیان نووسەریش بوونە و بەرهەمی چاکیشیان بەئەدەب و هونەر بەخشیوە. ئەدەبستان کاری بەپیشەوە نییە.

تەنگە، کزە فانۆسەکەش ڕووناکی بەرچاوم خۆش ناکا و ترسی خێزانەکەشم سەربار و بنباری، ئەدی منداڵە خۆشەویستەکانم، نازانم چارەنووسیان بە چی دەگا گەلێك جاران وێنەی ئەو زەلامانە دێنە پێش چاوم یان مێشکم وێنەیان دەکێشێ و لە پێش چاومدا دێن و دەچن و لە پشت پەنجەرەوە تارمایی و جوولانەوەکانیان هەست پێ دەکەم، کەچی تاریکییەکەی دەرەوە هێندە ئەنگوستەچاوە وێنەی خۆشم لەگەڵ ئەواندا وا دێتە پێش چاو وەك ئەوەی مەلەوانێکی بێ سەوڵ بم و لە دەریایەکی تاریکیدا نقوم بووبم و پەلەقاژەی مەرگ بینەقاقام بگرێ و لەم کێشمەکێشەدا سەرابێکی دوور دوور وەهمێك لە دڵمدا بڕوێنێ و منیش هەر بەرەو ڕووی ببمەوە و هەر وا بزانم ئەگەر بیگەمێ ئەوا ڕزگارم دەبێ، کەچی هەر پەلان دەکوتم و هەر نایگەمێ ئەم وەهمە چۆن لە دڵی خۆم باوێمە دەرەوە، ئەدی هەر ئەوی ڕۆژێ نەبوو هەڵیانکوتایە سەر بنەماڵەیەك و تەفروتوونایان کردن، تا بەزەییان بەمنداڵی ناو بێشکەکەشیان نەهاتبووە. دڵبەدەر خۆم دەبێ چی لە من بکەن، تا ئێوارە پێیان بڵێم بەڵێ ڕاست دەکەن من دکتۆرم وەلێ ئەم پارەیەی ئێوە داواتان کردووە نازانم بۆتان دابین کەم ئەوان هەر ئاوەها تێگەیشتوون ئەوەی دکتۆرە دەبێ پارەدار و زەنگین بێ، نازانن بازاڕیش ئاگرە و ئەمڕۆ پارە پاشەکەوت ناکرێ. پاشان وەرە سەرت لەم کارەدا سوڕنەمێنێ. ئەوا وتمان پارەداریش بووم ئێ خۆ ئەم دزانە شەریکی من نین و ڕەنجم بۆ ئەوان نەداوە. چەندم خزمەتی هەژار و نەداران کردووە، بگرە گەلێك جار لە باتی پارە دەرمانیشم بۆ کڕیون و پارەی نەشتەرگەریشم لە هەتیوان وەرنەگرتووە. ئەم هەموو تەنگە ساڵە لە هەندە شاران گەڕام و چاوی خۆم کوێر کرد تا بۆیان بووم بەدکتۆر و ئێستە خزمەتیان دەکەم ئەوانیش بەوە پاداشتم دەدەنەوە کە چاوی زانست لەم شارەدا کوێر دەکەنەوە. ئەدی باشە منیش خانووم بەکرێ گرتووە بۆ عیادە و سکرتێر و فەڕاش و گەلێك خەڵکی تریش بەهۆی پیشەکەمەوە دەژین و ئەم هەموو پارەی وەری دەگرم هەمووم بۆ

نامێنێتەوە، تا ئەوان چاوی تێ ببڕن، ئێ خۆ دەبێ ئەمەش بزانن کە منیش وەك ئەوان مرۆڤم و حەز بەخۆشگوزەرانی دەکەم. بەخوا بشمکوژن ئەو پارە قەبەی ئەوان لەم نامەیەی کە لە ژێر دەرگەی حەوشەوە بۆیان فڕێ داوم و داوایان کردووە شك نابەم، مەگەر سەیارە و خانووەکەشم بفرۆشم ئینجا هەر بەشی ئەوان ناکا. ئەدی بە چی هاتوچۆ بکەم، پێیەکم لە خەستەخانەیە ئەوی تریشم لە عیادەیە، ئەدی ماڵەوە بەچی ببەم بۆ پیاسە و سەفەر و ماڵە خزمان. ئەدی بۆچی کار دەکەم ئەگەر بەری ڕەنجی کارەکەم وەك خۆم دەمەوێ نەخۆم. ئای ئەمە چییە وا خەریکە دەستەکانم دەلەرزن، خەیاڵ بۆ ئەملاو ئەولام دەبا خەریکە نووسینم پێ نەکرێ.

ئەها وا پەردەکان دێن و دەچن و دەلەرێنەوە وا دیارە دەستێکە لەم دیوەوە لە پەنجەرەکاندا هاتوونەتە ژوور یان ڕەنگە ئەم پەنجەرانەیان شکاندبێ و لەوێ هاتبنە ژوورەوە. ئەدی بۆچی وەستاون و ناکوتنە سەر جەستەم، بڵێم چی وا دیارە چاوەڕوانی ئەمە دەکەن لە پرخەی خەوەوە دەست بنێنە ئەسکوردم، نازانن من شەوانی تر لەبەر تاریکی و بێ کارەبایی تا بەیانی نەخەوتووم ئەمشەو کە هەڕەشەی کوشتنم لێ کراوە چۆن بێدار نابم. قوونکە جگەرەکانی سەر زەوی کە ئەمشەو فڕێمدان لە پاکەتێك ڕەتی داوە. گەلێك جاران دەمەوێ مێشکی خۆم بحەسێنمەوە لەگەڵ نووستندا تاوێك ئاشنا بم، بەڵام هێشتا لە کاتی بۆرژاندام کە خشەخشی گەڵا و پاشماوەکانی بەردەرگە و سەربان و حەوشە و لە دنیای ئارامم دەتۆرێنن و دەمکەنەوە ئێشکگر و لەزەتی گەرمی ناو لێفەم جیا دەکەنەوە. بەڵام خۆ دەبوایە هەرچۆنێ بێت ئەم یەك دوو شەوە پاسەوانێکم گرتبا، یان بەفەڕاشەکەی خۆم وتبا: وەرە لام کلاشنکۆفێکت بۆ دەکڕم و ئەم چەند شەوە ئێشکم لێ بگرە(٣).

(٣) لەم چیرۆکەدا لە بیری کردووە باسی ئەوە بکا ئەگەر هاتوو ئەو ئێشکگرەی کە دەیویست بەکلاشنکۆف پاسەوانی لێ بکا خوانەخواستە لە بەرگری کرندا زەلامێکی =

بەڵام ئەمەشم نەکرد چونکە ئەو دڕندانە بە زەلامێك و دووان ناگەڕێنەوە. ئەو باندانە هیچ حکوومەتێك دەرهەقیان نایەت، ئەدی ئەگەر فەڕاشی تاین لێم هەڵگەڕاوە و پڕی دایەوە لاقی خۆم، مەترسییەکە نزیکتر دەبێ و هەر لە ناو ماڵی خۆمدا دەبێ، لەم شارەدا چەند ڕووداوی وەها سەیرم بیستووە کە کوڕ و باوك خزم و ناسیار لەسەر ماڵی دنیا یەکتریان کوشتووە، یان دەستیان لەگەڵ دز و جەردان تێکەڵ کردووە و خیانەتیان لەگەڵ خانەخۆکانیان کردووە، تەماع پیسە و برسییەتیش ڕێیەکی لە هارییە شەیتان کەس لە خشتە نەبا. مرۆڤ کە وەرگەڕا وەك هیچ کەسێك نییە. بۆیە ئەم بیرۆکەشم لە مێشکی خۆمدا دەرهاوێشت و خۆم دایە دەست قەدەر. ئەمە چییە؟ دەبینم دەرگە و پەنجەرەکانیش تەقەتەقیان لێوە دێ، وەك ئەوەی چەند کەسێك باریە و چەکوچی تێ بکوتن و لێکیان بترازێنن، خۆ ئەم کارە لە لای دزی ئەم زەمانە گەلێك سانایە. ئەمە لای خۆی دەرگە و پەنجەرە و هەموو درز و دەروازەکانیشم توند و بەند کردوون، دەڵێن ئێستە جەگ و هایدرۆلیك و کەرەسەی وایان پێیە کە دەرگە و پەنجەرەی پێ لە بنوبۆتکەوە هەڵدەتەکێنن. ئەمە چییە لەنگەر ناگرم هەموو جەستەم وەك داریی ناو ئاو دەلەرزێ. وا دیارە منداڵەکانیشم ئەمشەوە هەست بەبێداری من و کارەساتێکی جەرگبڕ دەکەن، ئەوانیش خەویان لێ زڕاوە، ئەگەرچی لەسەر جێگەکانیان پاڵکەوتوون کەچی دەیانبینم  یان وەها هەستیان پێ دەکەم

= دزی لە دەست کوژرا و ببوورن شەهید بوو، ئەوا داوای تۆڵە و خوێنیش دەکا، بۆیە دەبوایە هۆی دوورخستنەوەی ئەم بیرۆکەیەی ئەمە بوایە و ڕاکانیشی بەم بەسەرهاتە دەوڵەمەندبکردایە، دەڵێن: چەند دزێك بەشەو مانگایەك لە کابرایەکی بێدەرەتان دەدزن. بەڕێکەوت خاوەن ماڵ هۆشیار دەبێتەوە و بەدوایان دەکەوێ و یەکێك لە دزەکان بریندار دەکا، ئەوانیش ناکەنە نامەردی و مانگایەکەی بۆ دێننەوە و پێی دەڵێن: «سەرت بخوا ئەوە مانگایەکەت، بەڵام بێنە بیست هەزار دینارمان دەوێ لە بری تاوانەکەت» پاش بێنە و بەردەیەکی زۆر بە دە هەزار دیناری قەرز نایەوێ دوژمن بۆ خۆی پەیدا کا و خۆی لە تۆڵەیان ڕزگار دەکا.

کە بێ ئارام دیار بن. ترپەیەکی تر لەسەر جێگەکەم ڕای چڵەکاندم. هەستامەوە. نەمدەزانی چیمە دەستم دایە فانۆسەکە و منداڵەکانیشم بەچاوی گریانەوە خۆیان خستە باوەشم وەك ئەوەی لە باوەشی مندا ئارامی بدۆزنەوە.

نەشیاندەزانی من بۆ خۆشم لە ترسانا دڵەکوتەم پێ کەوتبوو، لە جاران زیاتر دەلەرزیم و جەستەم لەنگەری نەدەگرت و ڕۆحم هاتبووە سەر لێوان ئەوانیش بەچاوی گریانەوە دەیانوت «ئەمە چییە؟ بابەگیان هاتن، دەمانکوژن؟» «نا ڕۆڵەکانم مەترسن هیچ نییە» «بابە ئەو دزانە بۆ لە ناو نابەن؟ بۆچی دەمانکوژن؟ ئێمەچیمان کردووە؟» خێزانەکەشم بەدەم دوعا و پاڕانەوە دەگریا و دەلەرزی و شین و واوەیلای دەگێڕا. منیش بەهۆی فانۆسەکەوە یەکەیەکە ژوورەکانم بەسەر دەکردەوە، نەوێرام بچمە سەربان و بزانم دەرگە کراوەتەوە یان هی حەوشە بوو دەنگی دەهات. لە پەنجەرەوە تەماشای دەرگە و حەوشە و ئەملا و ئەولای ماڵەوەم کرد. تەتیا بارستایی سەیارەکەم وەك لە ناو تەمێکی چڕ بزر بووبێ ئاوا بەدی کرد. ئەگینا شەوەکە ئەوەندە ئەنگوستەچاو بوو دەرزییان لە چاویان ڕاکردبای هەستت پێ نەدەکرد، بارستایی چ زەلامیشم بەدی نەکرد، کەچی ناوەناوە ئەم دەنگانەش لە پەردەی مێشکمدا دەلەرینەوە وەك زەنگێکی ترسناك ئاگەدارم دەکەنەوە، بۆیە ئەمجارەش نەمزانی تاودانی باکە بوو شتێکی بەردایەوە ئەو دەنگەی لێوە هات یانیش دیسان پشیلە سندان کوشتییەکە بوو خۆی فڕێدایەوە سەر بۆنیتی سەیارەکە و سەرلەنوێ زراوڕێژی کردینەوە، دووریش نییە ئەو زاتانە بن و جارێ خۆیان مەڵاس دابێ. خەریك بوو دەست بدەمە تەلەفۆن و خەبەری پۆلیس و ئاسایش بدەم، بەڵام نەمکرد، لە دڵی خۆمدا وتم: باشە ئەی ئەگەر هاتن و هیچ لە گۆڕێ نەبوو. ئەو حەلە هەر ئابڕووشم دەچێ. پێم دەڵێن دکتۆرەفەندی بەدوای خەیاڵ کەوتبوو. بەڵام ئەگەر ئەوان بن ئەوا پێش هەموو شت هێڵی

تەلەفۆنەکە دەپسێنن. ئەوانیش هێندە غەشیم نین و بە گەمان لە ناو لانکی نەنراون. جاریٚ خۆ هێشتا چ ئاسەوارێکیان دیار نییە، دڵی من وا ناڵێ و ئۆقرەی لێ براوە. ماڵی خێزانەکەشم بەقورگرت بزانە چ خزم و کەسوکاری پێوە هیشتم تا لە دەوری خۆیان کۆکەمەوە ئاگەیان لێم بێ، یان بۆ ئێشکگرتن پشتیان پێ ببەستم، هەمیشە پێی دەوتم: پیاوەکە ئەو خزمە چڵێس و دۆم و گوندییانەی تۆ با نزیکی ماڵەکەم نەکەون، لەگەڵ ئێمەدا جیاوازییان زۆرە بۆنیان لەگەڵ بۆنی وڵاخ و مەڕ و ماڵاتەکانیان تێکەڵ بووە، بەدەیان جار دەهاتن و سەردانی ئێمەیان دەکرد، کەچی ئەو نەدەهات سەردانیان بکەینەوە، تا لە خۆیان گەیشتن و بەهێمنی وازیان لێ هێنایەن. ئێ وایە بنیادەمیش مادام هۆشی هەیە خاوەن کەرامەتە. ئای شەو چ فەلسەفەیەکی قووڵی شەو ئەگەرچی خۆشیشم ناوێیت وەلێ تێ ناگەم. بێ شك تۆش هۆی دروستبوونی خۆت هەیە و من ئەو وەڵامەی نازانم.

لێم بووی بەئەژدیهایەکی گەورە چەندی دەمخۆی و دەمهێنی و دەمبەی نەمن دەسبەرداری تۆ دەبم و نەتۆش لێم دەترازێی. شەو ونگەی خەیاڵ و خەیاڵبازانە، بۆیە لە پەنایەوە ئەم هەموو هزر و لێکدانەوانەم پێ دەدرکێنی. بیستوومە دەڵێن شەو قەڵای مێردانە. بەڵام بۆ من بووەتە قەڵای ترس و تۆقین و دڵەڕاوکێ، هەر بۆیەش قەڵای مێردانی ناوبراوە چونکە لای ئەوانەی وایان ناوناوە چەندەها داستانی سەروەری تێدا تۆمار کراوە و دەکرێ، وەلێ لەو زەمانەدا بووەتە قەڵای دز و جەردان. کە شەو ڕادەکیشێ ئیدی مەملەکەت کۆنترۆڵ دەکەن و بەهەوەسی خۆیان جرت و فرت لەم شارە دەکەن و ئەوەی بەڕۆژ وێنەی دەکێشن و دەستنیشانی دەکەن بەشەوێ جێبەجێی دەکەن، ئەدی ئەوە نییە بەڕۆژ هەڕەشەم بۆ دەنێرن و بەشەویش دەیانەوێ لە ناوم بەرن، چییە وەڵڵا دەبێ پارەیان بدەمێ، وەك ئەوەی قەرزاریان بم و ماڵیانم خواردبێ و

بیانەوێ بەهێز و زەبروزەنگ قەرزی خۆیان وەرگرنەوە. خۆ ماڵی بابیانم نەخواردووە. ڕەنگە ئەمانە تێیدا هەبێ خزم و ناسیار و جیرانی خۆشم بن و مـن پـێی نـازانم. نـاوەڵـلا چـوزانم کـێن. مـن تـەنـیـا نـامـەکـەم دیـوە و منداڵەکانم لە بن دەرگەی حەوشەکەماندا هەڵیان گرتووەتەوە. خۆ ناوی خۆیان نەنووسیوە تا بزانم کێن و چ کارەن، ڕەنگە ئەمانە بە دەیان جار بەپێش چاویشمدا بنێم و بچن، بەڵام لە خۆڕا کێ بەگرتن بدەم، ناوی چ باندێکی لێ بێنم. دوژمنداریشم لەگەڵ کەسدا نەبووە تا بڵێم ئەوانن و دەستیان لەم کارەدا هەیە. بەڵام خۆ ئەگەر بشیانناسم ناوێرم شکاتیان لێ بکەم. ئەدی شەوێ چیم لێ دەکەن بەخۆیان پاشای مەملەکەتن، ئەوە نییە ئەمشەو گیرم بەدەستیانەوە خواردووە. ڕەنگە ئێستە نا دەمێکی تر یان کەی بۆیان بلوێ بێن و خۆم و ماڵ و منداڵەکانم خڵتانی خوێن بکەن و بـبـڕای بـبـڕ لـەسەر دنـیـایـێ ڕەشمـانـکـەنـەوە نـاو مـاڵ و سەیـارەکـەشم بگوازنەوەو بەسەر خۆیان دابەشی کەن، هەر هێندە لەم ماڵە چوونە دەرەوە ئیدی کێ دەیاندۆزێتەوە. بەهەرحاڵ جارێکی تریش هەڵسامەوە، پەرداخە ئاوێکم خواردەوە، هەموو جەستەم دەلەرزی. گەرووم وشك بووبوو. دڵم وەك دەف لە ناو سینەمدا دەنگی دەدایەوە. وام هەست پێ دەکرد لە ترسا گیان دەدەم.

خـۆم خـزانـدەوە نـاو جـیـهـانـی گـەرمـوگـوڕی لـێفـە. کـەچـی هـەست بـەبـێداریـیـەکـی تـەواو دەکـەم. خـەو لـێم تـۆراوە. چـاوەکـانم دەزووڕێنـەوە. قورسایی سەر تا شانەکانم لەشم بەعاردەوە دەنووسێنن. هەست بەنەمانی خۆم دەکەم. ئەم شەو فەنای یەکجارەکی خۆم و خانەوادەکەم دەبینم. وەك لە دەریایەك بم هیچ پنجێك و گیایەکیش نەبینم خۆمی پێ بگرمەوە و خنکانەکەم مسۆگەر بێ. ئاوەها قەدەر پەلکێشی دنیای ئەمدیوم دەکا. تازە تەواو ئەمشەو ڕۆژم لێ هەڵنایێ. تاریکی لێم بووەتە حەزیایەکی خورافی و چەندی دەمخوا و لێم تێر نابێ، منیش پەلان دەکوتم و خۆم لە

بەردەستی ڕادەپچکوڕم وەلێ ئەو دەستەکانی لە بینەقاقام هەڵناگرێ. گڵۆپ و ڕووناکی لە کێندەرێ بێنم تا ئەم حەزیایانە وازم لێ بێنن. چ شتێکی ترسناك هەیە لەم دنیایەدا لە شەوان پەیدا دەبن یان لە شەواندا دەسەڵاتیان دەسەپێنن، شەو، شەوارە، شەوە، لەمە چێتر. دز و جەردە. سەر هەڵقەنە. ئەمانە هەموویان وشەی ترسناکن و هەر لە منداڵییەوە بەبێشکە و دەسرازەمانەوە گرێدراون و لێیان ترسێندراوین، هەر بۆیەش لەسەر بێشکەوە شەوارەیان کردووین و قورئانیان لە بن سەری داناوین و ئێشکیان لێ گرتووین دوایش تا هۆشمان دەهاتەوە بەر بەسەر هەڵقەنە و گورگە و دەڵەدێو و شەوە و مەوە و ئەجندۆکە و هەزارەها جۆری حەزیا و دێو و درنج و ئەو مسەی بەسەرمانیان دادەڕشت ئەم وێنانەی نیشان دەدا. ئێستەش ئەم ترسە هێلانەی لە دڵماندا چێ کردووە و پێمان نالەقێ. وای دەنا مانگ و خۆر خۆیان لیك دەدا و دەبوون بەیەك پارچە ڕووناکی و تا قیامەت دنیایان ڕۆشن دەکردەوە.

بەڵام ناکرێ ئەمەش کاری خواوەندە و بەخۆڕایی وای داناوە و فەلسەفەیەکی خۆی هەیە و وەك پێشتریش وتوومە ئەم پرسیارە فەلسەفییە وەڵامەکەی زەحمەتە و بەمن وەڵام نادرێتەوە. ئەگینا لە جێگەیان شەو بۆ پشوودان و ئاسوودەیی دانراوە و خەڵکی ماندوویی خۆیانی پێ دەحەسێننەوە. بەڵام بۆ ئێمەی کڵۆڵ بووەتە حەزیا و خانەوادەکەم بەرەو کۆشی مەرگ ڕادەپێچێ. وای کاکە دەنا گیانیش شیرینە، بنوارە ئەمشەو لە داخی گیانی خۆم و ماڵ و منداڵەکانم هەرچی پرسیاری قۆڕ و لنگە و قووچ و بێ سەروبەر هەیە بەخەیاڵمدا گوزەر دەکا. لە ترسا جەستەم هەلەکەسەمایەتی سەرم لە جەستەم جیا بووەتەوە. بیر و لێکدانەوەکانم وەك ڕۆژانی تر نین بۆیە لێم مەگرن ئەگەر گەلێك شتی گرینگ لە بیر کەم و شتی عەنتیکە و سەیرم بیر لێ کردبێتەوە. من وام دەزانی مرۆڤ لە جێی خۆیدا زۆر سەنگینە، بۆیەش بەقسەی برادەرەکانی

خۆم نەکرد و ئەوان تێیان تەقاند و ئەم مەملەکەتەیان بەجێ هێشت کەچی من خۆشەویستی وڵاتەکەم بەگەنجینەی هەموو دنیا ناگۆڕمەوە، بۆیە دڵم بەرایی نەدا لەم خاکە ببمەوە و شوێنێکی تر لە باوەشم بگرێ، بۆن و بەرامی هیچ شوێنێکی تری ئەم دنیا پان و بەرینەم پێ خۆش نەدەهات. ئۆقرەم نەدەگرت لە کەس و کار و ڕەشوڕووتی خۆمان بترازێم، ئەگینا کەس هەیە مردن بۆ خۆی هەڵبژێرێ تا لە میللەتەکەی دانەبڕێ من چوزانم وەك زەنگەسوورە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەمنیشەوە وەدەدەن ئەگەر چی زەڕی کەسیشم نەبووبێ. وتم ئەمە دنیایە و میللەتەکەم ڕۆژێك هەردێ فام دەکەن و شارستانییەت بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن و ئاقڵانە ڕەفتار دەکەن. بیر دەکەنەوە. نەمزانی بۆ مشتێك پارە دێن خێزانێکی بێ گوناهی وەك من لە ناو دەبەن. من چوزانم لە چەرخی بیستەمدا کانی زانست پڕ بەرد دەکەن. وەڵڵا زەلامی وا هەیە بۆ مشتێك پارە باب و برای خۆیان دەکەنە توورەگە و بەزێیەکی توورەی دادەدەن، منداڵی خۆیان بەپوول دەدەن و تەقەی سەریان دێ. ئەدی کەمیان دکتۆر بەپارە کوشت و نەشگیران. پیاو هەیە شەرەف و کەرامەتی خۆی دەداتە دەست پارەدار و مل ئەستووران. کە ئەمەی گوێ لێ نەبێ و قبووڵی بێت زەلامیش بۆ پارە وەك چۆلەکە سەر دەبڕێ و باکیشی پێ نییە. ویژدان نەماوە. ئەم میللەتە دەڵێی ئاینی خۆشیان لە بیر چووەتەوە و لەو خوایە گەورە ناترسن. ماشەڵڵا مزگەوتەکان هەموو دەم جمەیان دێ لە خەڵك، کە شەویش دادێ تاوانی وەهات گوێ لێ دەبێ وا زەن دەکەی کەسی لە خواترس شك نابەی. بەناشکوری نەڵێم لە بەر پیاوخراپان چاکەکانیشی تێدا بزرن و دیارنین. ئیدی چەندی لە سەری بڕۆم و باسی شەوتان بۆ بکەم نابڕێتەوە، ڕەنگە بۆ خۆشتان هەندێك شتی تر هەیە لە من باشتری بزانن، بەڵام من ئەوەی لەمشەودا بیرم لێ کردووتەوە و ئازارام پێوەی چەشتووە ئەوەم نووسیوەتەوە ئەوەی من گوێم لێ دەبێ و دەیبینم تەنیا کارەساتی ناخۆش

و جەرگبڕن و لە شەواندا ڕوو دەدەن. هەندێك شتیش هەیە هۆیەكانیان نازانم، وەك ئەوەی بەزۆری منداڵ لە شەودا لە سكی دایكیان بەردەبنەوە. بەشەوان خەڵك زیاتر دەمرن. بەشەوان كارەساتی جەرگبڕ زیاتر ڕوو دەدەن. بەڵێن بێ ئەگەر ئەمشەو مامەوە و نەكوژرام ئیدی وەك جاران درەنگە شەوان بەدواشم بێن نەچم بۆ چارەسەری هیچ نەخۆشێك. ئیتر دەرگە لە كەس ناكەمەوە، مەگەر بێن دەرگە بشكێنن و بەزەبری تفەنگ پەلكێشم بكەن خۆ كەس گیانی خۆی نەدۆزیوەتەوە. تازە هەر بە تەواوەتی ترسم لێ نیشتووە و زاتی ئەوە ناكەم وەك جاران بێ باك تەنیا بەتەلەفۆنێك بەرەو نەخۆشخانە و منداڵەكانم بەتەنیا جێ بهێڵم. ئیتر ئەوانیش لە ترسان ئیزنم نادەن. ڕەنگە گلەییشم لێ بكەن و بڵێن دكتۆرە فەندی لە كارە مرۆڤایەتییەكەیدا پاشەكشە دەكا، ناهەقتان ناگرم بەڵام كێ حیسابی خەتەر باری منیش دەگرێتە ئەستۆ، ئەوساش كە كوژرام كێ قوڕ بۆ مرۆڤایەتییەكەم دەپێوێ. ئەی ئەوانەی كە دێن دەمكوژن بۆ چ ویژدانی مرۆڤایەتییان ناجووڵێتەوە، دەشێ كەسێكی وەك من بكوژن كە لە خزمەتی ئەوان زیاتر هیچی دیكەم نەكردووە. منیش گلەیی خۆمم لێتان هەیە، ئەدی ئێوەش كۆمەڵگەیەكی مرۆڤایەتی نین بۆچی نایەنە ڕیزی بەشەران. بۆ چ پارێزگاریم لێ ناكەن، بۆچی تا نەكوژرێم و ماڵئاواییتان لێ نەكەم قەدرم نازانن. ئەو خەڵكەش ناهەق ناگرم ئەوانیش بێ دەرەتانن. ئەمجا وەرە خەڵك بەمشەوە ناخۆشانە تووشی نەخۆشییەكی ترسناك و بەپەلە بێن و بوێرن و شەرم نەكەن لە دەرگەی ماڵە جیرانەكانیان بدەن و داوای ئەوە بكەن ببرێن بۆ نەخۆشخانە.

كێ دەرگە لە كێ دەكاتەوە؟ ئەگەر سەیارە لەم گەڕەكەدا نەبێ چی دەیگەیەنێتە نەخۆشخانە، چ خاوەن تاكسییەك لەم زەمانە دەوێری دوای مەغریب ئیش بكا و بەسەلامەتی بگەڕێتەوە ماڵەكەی خۆی. مەگەر خەڵكی ژیانی خۆیان خۆش ناوێ؟ بۆیە بۆ پیلان نانەوە و هێرش و بەسەرردادان

بەخشینێکی سروشتە بۆ هێرشبەر و خۆ ئامادەکار. هەر بۆیەش زۆربەی کاری سەربازی و جەنگی هەر بەشەو ئەنجام دەدرێ. دیارە منیش یەکێکم لەو کەسانەی کە بەشەوێ دەبێ لە سەنگەری بەرگریدا بم، بەڵام چ بەرگرییەك وەك ئەوەی بەئاسانی دەسگیرم کەن و بێ زیانی ئەوان سەرکەوتن بەدەست بێنن. بەسەردادانێك ئەنجامەکەی هەر لە هەوەڵ جارەوە دیارە کە خۆم و خانەوادەکەم لەم هێرشەدا دۆڕاو و ژێرکەوتووین. ئەها دیسان چەند ترپەیەکی یەك بەدوای یەکی گەورەترم گوێ لێ بووەوە، ئەمجارەیان منداڵەکانیشم لەگەڵیدا ڕاچەنین. دڵیان بەتەواوی ڕیشەکێش کردین.

ئینجا هەون هەو نین، تا ئەودەمەی دەگەمە ئێرانەی چیرۆکەکەم هێشتا بەتەواوی لێم ڕوون نەبووەتەوە. تازە چی تر دەستیشم قەڵەم ناگرێ، بۆیە ئەلێرەدا قەڵەمەکەشم فڕێدا و بۆ تەواوکردنی دوای خۆمی بەجێ دەهێڵم. گرینگ ئەمەیە کە ئەگەر ئێمە لە ناو چووین: هەم تۆڵەم بۆ بکەنەوە و لە یادم مەکەن هەم چیرۆکەکەشم بۆ تەواو کەن و بەیەکەم و دوا بەرهەمی چیرۆکنووسینم لە هەڵە و کەموکوڕیم ببوورن و لە بڵاوکراوەیەکی ئەدەبیدا بۆم بڵاو بکەنەوە(٤).

١٩٩٧

---

(٤) کۆتایی چیرۆکەکە بەدڵی منە. ئەگەر خۆشم نووسیبام هەر لێرەوە دەمبڕییەوە و ئێرەم دەکردە کۆتایی. چونکە دەمەوێ خوێنەریش بەشداری لە ئەنجامی چیرۆکەکە هەبێ و خۆی دوا بەسەرهاتی دکتۆر بزانێ یان خۆی چۆنی حەز لێیە بۆ خۆی نووسەری کۆتاییەکەی بێ.

## گیای سەروەری

ئەم ئێوارەیەی کەوتە ڕێ دنیا لە نێوان هەور و سامالٚ بوو. لە هەندێك جێگەدا پارچە هەور زگی خۆیان لە زەوی دەخشاند، هەندێك جێگەی تریش سامالٚ بوو ئاسمان بە شینی خۆی دەنواند و ئەستێرەی تێدا دەبینران. سواری ئەسپە شێکەی بوو و باوکی بەڕێی کرد. چارەی نەبوو هەر دەبوایە بچێ و خۆی لەم هەڵدێر و زنار و کێو و ڕەوەز و توولەڕێ و شاخی هەزار بەهەزارە بدات و سینگی خۆی بداتە تەوژمی سەرسەختی ئەم وەرزە سەهۆڵبەندە دەبوایە بجەنگێ و دەستەویەخەی سروشت و مرۆڤ و دڕندان بێتەوە و ئەو سیزیفە بێ کە هەردەم هەڵدەزنێ و دووبارە خۆی بگەیەنێتەوە دوندەکە و دیسان خۆی و بەردە زلەکەی سەرشانی هەڵدێرێ و جارێکی تریش کۆڵ نەداتەوە تا دەگاتە ترۆپك و مەشخەڵەکە هەڵدەگیرسێنی. دەبوایە پەیامی باوکی بگەیەنێتە شای پەرییان. ڕۆیشت و لە پێش چاوان بزر بوو. ماوەیەکی درێژی بەسەر چوو دەبوایە هەواڵی گەیشتنی بگاتە باوکی، کەچی هەواڵدز دڵی هەمووانی خستبووە نیگەرانی، تا ئەم کاتەی پیاوماقوولانی مەملەکەت بۆ سەرەخۆشی هاتنە لای. تازە هەموو لایەکیان دەنێو ئەم زریانە شێتەدا نەمانیان بۆ مسۆگەر کردبوو، چونکە ئەوان گەلێك ڕووداوی لەو چەشنەیان بیستبوو و بەسەر هاتبوو بۆیە هاتنەوەی خەونێکی سەراب ئامێز بوو. خەریك بوو چەند کەسێکی بەتاقیکردنەوە ببیننەوە و خۆیان جوان شەتەك بدەن و ڕێ و ڕێ بەدوایدا بچن بەڵکو ئێ هەر هیچ نەبێ لاشەکەی بدۆزنەوە و لەبەر چنگی دالاش و باز و هەڵۆیان دەری بێنن، بەلام باوکەکەی بڕوای بەمە نەدەینا کە کوڕەکەی نەگەڕێتەوە. ئەم دەرس و تاقیکردنەوانەی ئەو پێی دابوون لە کارەساتی لەمە گەورەتر دەبێ پێی بەرێتەوە، بۆیە چاوەکانی خۆی

کردبوون بە هی زەرقای یەمامە و هەتا هەتەریان دەکرد بەرزو دوور دەیانڕوانی. لە دووری ئاسۆوە سوارچاکێکی دەبینی سواری ئەسپەکەی دۆن کیشۆت بووە و دەبن هەوراندا بەرزەفڕ بەرەو ئەم هەوارە هەڵدەکشێن، بۆنی هەناسەی ئەسپەکەی دەکرد، تیشکی شمشێرەکەی لە دوڕچاوانی دەچەقی، هاوار و قیژەی هەموو گیاندارە دڕندەکانی دەرەواندەوە و خۆیان لێی لادەدا، ئەو دڵنەوایی ئەوانی دی دەدایەوە و پێی دەوتن: «ئەگەر کوڕ کوڕی من بێ و لە بن شاباڵی مندا هەنگاوی هەڵێنابێ و بەسەر پێیان کەوتبێ دەبێ بێتەوە و هەواڵی سەرکەوتنیش بۆ ئەم مەملەکەتە عاشق بەخۆرە بێنێ، هەر دێتەوە و ئەم گیایەتان بۆ دێنێ  کە هەمووتان پێی دەبووژێنەوە، ئەوسا فێری دەرسی خۆشەویستیتان دەکات، شای پەرییان فووی تێ دەکا و هێزی خۆی  پێ دەبەخشێ، نابێ نێتەوە، دەبێ بگەڕێتەوە پەیامی خۆی تەواو بکا» بەیانی بێدەنگ گەیشتەوە ناو مەملەکەت کە زانییان لە خۆشییان چ جێیان پێ جێ نەبوو، ئەو ڕۆژەیان لێ بوو بەجەژن و تێر هەڵپەڕین و سووڕیان دا، دوایی کە هیلاك بوون و داوایان لێ کرد بەسەرهاتی خۆیم بەم شێوەیە بۆ گێڕانەوە: «ئەم ئێوارەی کە لای ئێوە ئۆغرم کرد هەر ڕۆیشتم هەر ڕۆیشتم هەتا بەخۆشم نەمزانی تا کەوتمە ناو ئەستوورایی بەفر و بارانێکی سەخت و توورە خۆی تێوەراندم، لەبەر ئەسپەکەم نەبوایە قاچەکانم لە بنڕا دەردەهاتن.

بەفرەکە وەك چیا لە پێشمدا بووە بەربەست و چی دی ڕۆینمان پێ نەکرا. نەمدەزانی بە چی بەردەوامبوونی خۆم بپارێزم، لەو دەمیدا قسەیەکی نەستەقی بابم هاتەوە بیر کە دەیگوت: لە نێو ڕووخانی بەفرێدا پێش هەموو شتێك دامێنی خۆت لە سەرما بپارێزە. بەفر دەست و پێیان دەخوا ئەگەر وات کرد پێت ناوێرێ و ژیانی خۆت دەدزییەوە. وام کرد و تا بەیانی نەسرەوتم هەر لە هاتوچۆدا بووم بێ ئەوەی ماندووبوون پەشیمانم بکاتەوە. دەمزانی یان ڕزگار دەبم یانیش جەستەکەم خۆراکی گورگان

دەبێ. ئەمن بەخۆم ڕزگارم بوو. کەچی ئەسپەکەم هەڵنەستایەوە، هێندەم لەگەڵ کرد و بانگم کرد، دەیگوت سەد ساڵە ڕەق بووەتەوە... بێ چارە هەیپەم لێ کرد و بەجێم هێشت. گەلێك هەنگاوی قورسم هەڵێنا ڕۆیشتم هەر ڕۆیشتم.

بەردەبوومەوە و هەڵدەستامەوە، هێز و تینم وەبەر خۆ دەداوە و ماوەیەکی دی دەکەوتمەوە، دەڕۆیشتم و غلۆر دەبوومەوە. غارم دەدا و دادەنیشتم و دیسان دەستم دەکردەوە بەڕۆیشتن، لە ناکاوڕا ئاوڕێکم بۆ پشتەخۆ داوە دەبینم ئەسپەکەم وا یاغر یاغر بەدوامەوە دێ و بۆم دەحیلێنی. جڵەوەکەم کەوتەوە دەستەخۆ، دەستم لە ملان کردەوە، تێر یەکترمان ڕامووسی، ئەوجا خۆم فڕێ داوە سەر پشتی و لە مردن بێدار بوومەوە، لە ڕێگە تێرمان قسە و باس و هەقایەت و سەربردە بۆ یەکدی گێڕایەوە... گەیشتینە نزیك مەملەکەتی شاری پەرییان.

ئەمشەوە لە ئەشکەوتێکدا وچانمان دا تا بەیانی ئاگرم کردەوە، تێر تێر خۆمان گەرم کردەوە... هەگبەکەم هێنایە گۆڕێ، برسیەتی خۆمان پێ شکاند، ئینجا تا بەیانی لە باوەشی گەرمی یەکتر حەواینەوە. بەیانی کە هەڵساین بەفر هەتا لمووزی ئەشکەوتەکە هاتبوو. هێشتا ماوەیەکی تریش مابوو بگەینە ناو ئاوەدانی، بەفر هەر دەباری بیرمان کردەوە ئەگەر لێرە مایندەوە داخوا چەند شەو و ڕۆژێکی تر دەمێنینەوە تا ئەم بەفرە دادەمرکێتەوە و دەنوێ، دەنا لە برسان دەمردین، چونکە ئەم خواردنەی پێمان بوو هەموومان خوارد، ئەسپەکەم لە من برسیتر بوو ئەگەر دوو هێندەشم پێ بوایە برسیەتیم دانەدەمرکایەوە. ئەگەرچی ڕۆیشتنمان ڕێگەی هات و نەهات بوو وەلێ هیچ چارەمان پێ نەمابوو، باشترێك بوو لە مانەوەمان، ئەمەش بیر و لێکدانەوەی ئەسپەکەم بوو کە وای بەباشتر زانی هەر چۆنێك بێت خۆمان بگەیەنینە ئاوەدانی لەوێندەریش بەهانامانەوە دێن. ڕۆیشتن بەربووینەوە تەکانمان دایە خۆ لەگەڵ

هـوروژمـی بـەفـر دەستـەویـەخـە بووین،  دەگـەڵ شەپـۆڵـی بـا ساردەکـان جەنگاین، خۆمـان بەدەستەوە نەدا، تـا بەهـەر جۆرێك بوو گەیشتینە نـاو کۆشکی شـای پەرییـان. لەوێدا ئەگەر وەستاین و دەنگی خۆمـان هەڵبڕی کـەس ئـاگـەی لـێ نـەبووین تـا مـن لـە دەنگ هـەڵبـڕین و ئـەسپـەکـەشم لـە حـیـلانـدن و خـۆخستـنـە سەر پـاشوو وەستا.  ئـاگـەمـان لـە خـۆ بـڕا، هـەر ئەوەندەمـان بەخۆ زانی دەنێو بەژنی بەفر نقووم بووین، هەر ئەوەتانێ هـەنـاسـەمـان دەهـات و نـەدەهـات نووزەمـان لـێ بڕا.

بەهەڵمی هەناسەی هەڵایساوی ئەسپەکەمدا زانییان کە زیندەگییەك دەبن بەفرێدا گیانەڵایەتی هاتن بەفرەکەیان وەلا نا و ئێمەیان دۆزییەوە. ئەسپەکەمیان بردە تەویلە و بەکا دایانپۆشی، منیشیان بردە ژوورەوە یەکسەر لەبەر سۆپا دارینە گەرمەکە دایان نەنام. ڕووتوقووتیان کردمەوە و لـەسەر لبـادێك درێژیـان کـردم، ئـیـنـجـا بـەجـەستـەی ژنـان دایـانـپـۆشیم. ماوەیەکی زۆری نەبرد کە جووڵەم هاتەوە بەر، ئەوجا هێنامیانە بەر سۆپاکە و بەچایە و قەندا و و دیشلەمە هەناویان گەرم کردمەوە. دوای تێر نـان و ئـاویـان دامـێ و دەنێو نوێنی گەرمیـان نـام هەتا بەیانی کە هەڵسام چ بەڵام دەبەدەنی وە نەما... ئەوجا بردمیانە لای شای پەرییان و پەیامی باوکمی لێ وەرگرتم و جێبەجێی کرد. چەند زەلامێکی هەڵبژاردەی کردە هاوڕێی ئەو ڕێگەیە سەختەم هەتا وەکو گەیشتینە ئەم چیا بڵندەی کە سەری خۆی دەناو هەوراندا نابوو، لەوێندەرێ بەشەڕ و کوشتارێکی زۆر هـەمـوویـان بـوون بـەنێچیری دێوی ڕەش تـەنیـا مـن مـابوومـەوە.  منیش بەسەد دەردەسەری لە بن دەستانیدا قورتار بووم. پاشان ناوی خوام هێنا و هێز و تینم زیاتر دایە بەرەخۆم و زەفەرم پێ برد و تۆڵەی ئەو زەلامە نـازدارانـەم لـێی کـردەوە و ئـەو کـەلـلـە سەرانـەی چـەنـد ساڵ بـوو بەسەریەکەوەی نابوو شاردمنەوە و لەو بەڵایەم ڕزگار کردن، ئەوجا شای پەرییان لە خەڵاتی ئەمەدا گیای سەروەری پێ بەخشیم و منیش بەدیاری

ئێوەی دادەنێم و خەڵاتی ئێوەی دەکەم» باوکی تێر تێر ماچی کرد و ئەوانیش هەموو بووژانەوە و خەنی بوون ئەوجا لێیان پرسیم «دە باشە ئەو گیای سەروەرییە چ گیایەکە و سوودی ئێمەی چییە؟» «ئەم گیایە دیاریی شای پەرییانە و بەم جۆرەی بۆم گێڕانەوە هاتووەتە دەست. بۆ ئەوەم هێناوە کە بیخۆن و لەشتان ئاسن ڕێژبێ و ئەوسا بەسەر دوژمن و نەیارانماندا زاڵ دەبین و مەملەکەتی خۆمان پێ دەپارێزرێ و خۆمان دەبینە خاوەنی، بەڵام پێش ئەوەی بیخۆن دەبێ گەورەیەك بۆ خۆتان هەڵبژێرن و لە ژێر ئەرك و فەرمانی ئەودا دەرنەچن و سەرداریتان بۆ بکا... ئەوجا کە گیایەکەشیتان خوارد بۆتان دەبێ بەهەتوانی برینان. بێ شك بەیەك دەست و یەك گیان ئەم مەملەکەتە خۆشەویستە دەخەینە سەردەستان و هەموو دە خزمەتی دەبین و بەکەڵکی دێین و بەکەڵکمان دێ. ئەوسا شوورەیەکی پۆڵاینی دەبێ و چشتاق مەملەکەتی چاو برسی ناوێرن و ناتوانن لێمان زەوت کەن» هەموو تێکرا باوکی ئەویان بەسەردار و برا گەورە هەڵبژارد، خەریك بوو گیاکە بخوات و پاشان بەسەر مەملەکەتەکەیدا بەشی بکات. ئەو دەمی دوو سوارچاك هەر یەکێکیان بەخۆی و لەشکرێکییەوە بەخێرایی خۆیان خستە ناو خەڵکەکە و دەستیان بەکوشتار کرد. باوك و کوڕەکە لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکی دڵسۆزی دیش گەلێکیان بەرگری لە خۆ کرد و جەنگان و نەیاندەهێشت گیاکە بکەوێتە دەست ئەوان. باوك و کوڕە لە شەڕ گەلێك هیلاك بوون تا بەسەختی بریندار بوون و لە پشتەوە ڕمی خیانەتکاری بۆ خەڵکی مەملەکەتەکەیان کردنی بەدوو دڵۆپ خوێنی گەش و لە خاکدا چوونە خوارەوە. شەڕەکە کۆتایی هات.

شار دامرکایەوە، خەڵکەکە هەموویان بوون بەکۆیلە و دوو سوارچاکەکەش کە گیاکەیان لە نێو خۆدا برابەش کرد خەڵکەکەش لەگەڵ ئەوان هەر هێندێك بەلایەکیدا یەکدییان گرتەوە و سەردار و مەملەکەتی

خۆیان ناودێرکرد، کەچی هەر یەکێکیشیان خۆی پێ سەرداری گەورەی هەموو ئەم بنیادەمستان بوو. ئەوە چەندین سەدەیە ئەم دوو دڵۆپە خوێنە دوو گوڵی ئەفسانەییات دەرکردووە و سەریان پێکەوە ناوە وە هەر گەشە دەکەن و وشك نابنەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جوانتر خۆ دەنوێنن و بووەتە مەزارگەی ئاشقان، کەچی کێشمەکێشی ئەو دوو سوارچاکە نەوە بەدوای نەوە بۆ ئەو خەڵکە کلۆڵە ماوەتەوە. ئێستا نەوەی یەکێکیان ڕوحەکەی دەنێو کودیلەی دێوی ڕەشدایە و ئەوی دیش دەنێو کودیلەی دێوی سپی. خەڵکی ئەم مەملەکەتەش لەو دەمەوە تا ئێستاش دەستیان دەخوێنی یەکدیدا ناوە و بەخوێنی یەکدییەوە تێنوون. چارەیان نییە زۆربەیان لە دڵەوە برا و وەکی دیش لەگەڵ یەکدی کرمێ کە چ دوژمنێکی سەر سەختییان وەها بۆ یەکدی دەس ناخەنە بینەقاقای ئەوی تر تا وایان لێ هات ئەو خەڵکە نیوەی جەستەیان مردوو و نیوەکەی تریشیان زیندوو بێ. چاوەڕوانی سوارچاکێکی تر بوون وەك ئەوەی کاتی خۆی گیای سەروەری بۆ هێنان ئاوەها ئەمجارەشیان بەیەکتریان شاد کاتەوە، ئیدی شای پەرییان بێ و خۆی پاشایەك بۆ وان دابنێ و مەملەکەتانی تریش فام بکەن و خۆیان بێن تاجەکەی بخەنە سەر و ببنەوە بنیادەمی زیندوو و کۆچ کردووەکانیش بگەڕێنەوە ئەو مەملەکەتە و جەژنی سەرتاپایی بگێڕن. ئەوسا لەوێ لە لای گۆڕەکانیان پەیکەرێك بۆ باوك و کوڕە دابتاشن و ئەم گیایەشیان لە دەست بێ ئەسپەکەش لە دوایانەوە هەڵی دابێتەوە سەر پاشوو و خەڵکیش ڕیز ڕیز بۆ وەرگرتنی گیاکە وەستابن.

١٩٩٨

# هەنگوینی گەڕانەوە

ئەگەر ئەویش وەك باڵندە و تەیروتواڵی ئەم دنیایە دوو باڵی دەبوو، ئیستێ بێ پسانەوە ئەوسەر و ئەوسەری دنیای تەی دەکرد. بێ وەستان و ماندووبوون بەسەر هەموو شار و گوند و مەملەکەتەکانی ئەم گەردوونەدا دەگەڕا، بەسەر هەموو بەرزایی و هەوراز و نشێواندا، بەسەر هەموو ڕەز و باخ و دەوەن و گردۆڵکە و چیمەن و لێڕەوارو و باڵاخانەکاندا چاوەکانی دەکردن بەدووربین و تا هەتەری دەکرد بەهەموو لایەکدا تیژ دەیڕوانی.

گەلێك جاران بەم خەیاڵە بەرزەفڕانە دەبوو بەباڵندەیەکی چوکەلانە و لەسەر شێوەی چ بنیادەمان نەدەما، بەڵام ئەودەمی کە واگا دەهات یا زنجیرەی بیر و خەیاڵیان لێ دەپچڕاند وەك جاران خۆی دەدیتەوە، ئەودەمی هەستی بەوە دەکرد کە دەبوایە بنیادەمیش دوو باڵی لێ ڕسکابووان تا بیتوانیبایە بەئاسانی بەهەموو گۆشە و کەلێن و توولە ڕێ و خەرەند و ڕەوەزاندا دۆش دانەمابوایە، تا لە هەموو کەشێکدا بیتوانیبا پەردەکانی ستەم و گۆشەگیری بدڕێنێ، ئەودەمیش مرۆڤ پێویستی بەداڵغە و خەونان نەدەما، ئەودەمی بنیادەم وا گۆشەگیر و بەستراوە نەبووە، ئەودەمی ونگەکانی پێ ئاشناتر دەبوو، ئەودەمی هیچ بستۆکێك لەو عاردەی خوایە نەدەما پەلانی بۆ نەکوتێ و نەیگاتێ، ئەودەمی دەگەیشتە هەموو بۆشاییەکان و وردتریش بەدوای ئەو جگەرگۆشەی خۆی دەگەڕا و هەموو نەخۆشخانە و زیندان و گۆڕستان و سەربازگە و ئەم شوێنە پەنهانانە دەگەڕا کە وەك مرۆیەك نەیدەتوانی بیانگاتێ. ئەو ئەگەرچی تەیرە ئەفسانەکەش نەبوو کە بتوانێت سنووری عەدەم بشکێنێ، وەلێ ئەم تەیرەی لێ بووبووە مەراق کە هەموو ساڵی جارێك دەهاتەوە هەواری ئەوان و ماوەیەك دەمایەوە ئینجا دەگەڕایەوە مەملەکەتی خۆی.

ئەو دەگەڵ ئەم تەیرەدا کۆچی دەکرد، چاوەکانی ئاراستەی هەڵفڕینی دەکرد و هەموو ڕێگە سەختەکانی دەگەڵیدا دەبڕی و هەستی بە چ ئازارێك نەدەکرد دە بەدەنێیدا، بگەڕێن، چونکە وای دەزانی ئەگەر بگاتە مەنزڵگەی تەیرەکە، ئەوا ئیتر دەحەسێتەوە و ئەم هەموو ساڵە چاوەڕوانییەی لە بیر دەچێتەوە، ئیتر بەدیداری ونبووەکەی شاد دەبێتەوە و ئەوەندەی لە تەمەنی پێوە دەمێنێ پێکەوە دەبن، ئیتر ئەودەمی بشمرێت چ قەیدی ناکا. ئیتر ئەودەمی دەزانێ لەسەر ئەم دنیا جەنجاڵەدا تەمەنێکی پڕ لە مەینەتی ڕابواردووە، وەلێ هەموو ئێش و ئازارەکانی لە بیر خۆی دەبردەوە و ئەودەمی شتێکی لە دوای خۆی بەجێ دەهێشت تا ئەوەی هەیەتی دەقەبەڵی بکات، بەڵام ئێستاکێ ئەگەر بمرێت بۆ کێیان بەجێ بهێڵێت. لە دوای بزربوونی ئەو تەنیا تاقە کچێك و نازەی خێزانی بۆ مابووەوە، بەڵام وا بۆ دوو ساڵ دەچێ ئەو تاقە کیژەشی وەبن خۆڵ نراوە تەنێ خێزانەکەیەتی ئەگەر ئاگەیەکی لێ هەبێت، بۆیە هەر پێنج فەرزەی نوێژان و پاڕانەوەی وی ئەوە بووە کە پێش نازە مەرگی خۆی ببینێ دەنا کێی هەیە دالدەی بدات، کێی هەیە توانای ئارامگرتنی. بیر و لێکدانەوەکانی ئەو بگرێ و هەمووی ساڵێك لە کاتی چوونەوەی ئەم باڵندەیە ئۆقرە بگرێ و چاوەڕوانی هاتنەوەی بێت. ئەمجارە باڵندەیەکی دیکە خەونەکانی خۆش دەکەن، لێکدانەوەکانی مێشکی پێی دەڵێن: ئەمجارە لەگەڵ گەڕانەوەی ئەم تەیرە کە مەنزڵگەی پشت قوللەی قافە، گوڵە ونبووەکەی خۆی لەوێدا دەچێنێ، ئەوێ ونگەیەکی ئەبەدی و بێ کۆتاییە، ئەفسانەکان بە ئەم دیو یان بنی دنیای دادەنێن، بنیادەم لەوێ تێکەڵ بەژیانێکی سەرابی و سروشتێکی پڕ لە ڕەنگی دیکە و جۆرە هەناسەدانێکی دیکە دەبێت، ئەوێ دنیایەکی دیکەیە و هەناسەکان تێکەڵ بەچڕە دووکەڵی قورس و غوبار دەبن، ئەوێندەرێ جێگەی دێو و درنج و تەیر و تواڵ و گیاندارە ئەفسانەییەکانە، ئەوانەی لە حیکایەتەکانی نەنکماندا

شەوانە لە بن لێفەکانمانەوە تفی مەرگمان پێیان قووت داوەتەوە و بەم خەیاڵە ترسناکانەوە رۆژمان لێ سپی بووەتەوە. ئەم تەیرەی ئەمساڵەکە هاتووە لە مەملەکەتێکی وەك ئەم ونگەیەی بنی دنیا دەچێت کە دەکەوێتە پشت قوللەی قافەوە. دەبێ ئەم باڵندەیە بۆچی لەوێوە هاتبێتە دنیای ئێمە، ئەوەتا دەنگ و رەنگ و پەڕەمووچەکەشی وەك تەیرەکانی ئێرە نییە، لە تەیرەکانی هیچ ئاوەدانییەك ناچێ. ئەگەر دەیگەیشتێ و پەڕەمووچێکی لێ هەڵدەکێشا و لە یاخەی خۆی دەدا ئەوسا ئەم دنیایەی بۆ رۆشن دەبووەوە و خواستەکانی دەهاتنە دی. ئاخۆ دەبێ ئاواتی ئەو چی بێت کە بەم کۆتایی تەمەنەیەوە دەیخوازێت، هەر ئەوەندەیە تا پێش ئەوەی تێکەڵ بەم خۆڵە دەبێتەوە جارێکی دیکە چاوی بەکۆترە ماڵییەکەی خۆی بکەوێتەوە. ئەم جەنگە شوومانە وان، مرۆڤ ریشەکێش دەکەن، بۆیە ئەویش بوو بەنێچیری ئەم گوناهە کە یەکێك لە دۆڕاوەکانی ئەو بوو، ئێستاکەش نازانرێ داخۆ کەوتبێتە ناو چ بیرێکەوە، داخۆ هێشتا رووحەکەی ماوە یا لە چ مەملەکەتێکەوە دەبن گڵ نراوە.

دەبێ ئەم عەنقایە شوێنەکەی پێ نەزانێت بێ شك دیارە لە مەملەکەتی ئەمانە دەنا بۆچی تا ئێستا چ تەیرێکی لەم شێوەیە رووی نەکردووەتە ئێرە. دیارە ئەمجارە داستان و ئەفسانەکان دەبن بەڕاستی، ئەی ئەوە نییە ئەم تەیرە کە تەنیا ناومان بیستووە لە بنی دنیاوە هاتووەتە ئێرە، دەبێ پەیامێکی بۆ ئەو دڵە هەڵکرووزاوەی ئەو نەهێنابێ؟ دەبێ نەیخاتە سەر پەڕ و باڵی خۆی و تەسلیم بەونگەی ئەوێی نەکات ئیدی کە گەیشتە ئەوێ هەقایەتەکان دەبن بەڕاستی. ئیتر دەبێ بچێ لەگەڵ دێوی رەش بجەنگێ و لە ناوی ببات، ئەوجا ئالاّ بەدێوی سپیش هەڵکات. پاشان وەك لە خەونەکەیدا رایان سپاردووە، دەبێ بەسەر ئەم شاخە رووتەنەشدا هەڵبگەرێت کە کەس نەیتوانیوە بگاتە قۆپەنەی، کە تەماشای دەکەی دەبینی شیلەی هەنگوینێکی ساف و بێگەرد بەهەموو لایەکیدا هەڵدەڕژێ

و دیمەنی شاخەکە وەك بریسکانەوەی ئاوێنەیەك نیشان دەدات، بەڵام بەرد و تاوێرەکانی وەك هەسان لووس کردوون.

تا دەگەیتە سەرەوە نابێ هەنگوینەکە بخۆی دەنا دڕندەکانی دنیای ئەوێ هەموو بەسەرتدا زاڵ دەبن، ئەوسا بەتەواوی لەم مەملەکەتە دادەهێزرێ و بێهێزترین گیانلەبەر پێی دەوێرن. دەبێ وەك چۆن لە خەونەکەیدا پێیان وتووە وا بکات بەرگەی ئێش و ئازار و برسییەتی و تینوویەتی بگرێت ئەوسا کە بەسەر شاخەکە هەڵگەڕا، پەرییەکان بەکراسی سپی و فۆسفۆرییەوە لە دوورڕا دەبریسکێنەوە و بەچەپکە گوڵ و سەبەتەی سێوەوە پێشوازی دەکەن. ئاوێکی وای بۆ دێنن قەت ئاوی وا سازگاری لە دنیای خۆی نەخواردووەتەوە. خواردنی وای بۆ دێنن کە هەرگیز تامیان لە بن ددان و پدووان لانەچێت. دەبێ بگاتە ئەم گوڵە کێویلەیە کە بەڕۆژ دەکرێتەوە و گوڵاو دەپڕژێنێ، بەشەوانیش دەسرێتەوە و نابینرێ... ئەگەر کەسێك بتوانێ بگاتە ئەم گوڵە و خۆی لە گوڵاوەکەی وەربدا، ئەوا مەرامەکانی دێنە دی و بەمرازی خۆی دەگا. ئینجا دوو پەری نوورانی کە لە دوورڕا باڵەکانیان دەبریسکێتەوە، بەباڵەفڕە دێن و بۆن و بەرامی ئەم ناوە پڕ لە بۆنی بەهەشت دەکەن. کاتێ دەنیشنەوە باڵەکانیان دەنوشتێتەوە و دەچێتەوە ناو جەستەیان. ئینجا بەکڕنووشەوە دەست بەسەر سینگ، بۆن و بەرامی خۆیانت بەسەردا دەڕێژن و ماندوویەتیت دەحەسێتەوە و داخوازیت لێ وەردەگرن. ئەویش ئەمکاتە بێ سڵەمینەوە داخوازی گەڕانەوەی کۆترەکەی خۆی دەکات. هێندە نابا ئەوان لە چاوان ون دەبن و بەدیداری شاد دەبێتەوە، بەڵام دەبێ ئاگەدار بێت وەك چۆن خەونەکە ڕێی نیشان داوە، نەهێڵێ ئەم تەیرەی کە ئەوی بەدوای خۆیدا هێناوە بۆ ئەم مەملەکەتە لە بەرچاوانی ون بێت. دەبێ وازی لێ نەهێنی، نابێ لە خۆڕا بەشاخەکەدا بێنە خوارەوە. دەبێ بە نۆرە هەڵیان بگرێت و لە شاخە پڕ لە هەنگوینەکە بیانهێنێتە خوارەوە و بەسەر مەملەکەتی ئەژدیها

برسییەکان ڕەتیان بکات. ئەوجا بەجێشیان بهێڵێت قەیدی ناکا. بەڵام وەك لە خەونەکەدا پێی وتراوە بۆ ئەوەی ئەو باڵندەیە بەجێیان نەهێڵێت دوای دۆزینەوەی کوڕەکەی دەبێ یەکسەر بلوێرە ئەفسانەییەکە لەبەر پشتی خۆی دەربهێنێ و ئاوازەکەی بۆ بژەنێت، ئەگەر ئاوازەکەی لە بیر کرد ئەوا ئیتر ناگەڕێتەوە و تا دەمرێ لەوێدا دەمێنێتەوە، ئەوسا لە جیاتی کوڕەکەی خۆشی تێکەڵ بەدنیای دێو و درنج و ئەژدیها و باڵندە و دڕندە ئەفسانەییەکان دەبێت و مەملەکەتێکی بەردین چاوەڕوانی دەکات. بەردێکی گەورە دەکەوێتە سەر سینگی و زەحمەتە بتوانێت لێی بترازێ لە بنی دنیادا دەمێنێتەوە، ئەو دنیایەی کە هەمووی بەچڕە دووکەڵ داپۆشراوەو دەخزێتە ناو ونگەیەکی بێ کۆتایی، کۆتاییەك کە ژیانی مرۆڤیی بوونی لەوێدا تۆمار دەبێ و زمانی لەگەڵ گیاندار و تەیروتواڵ تێکەڵاو دەبێت و ڕووحەکەشی بەسەر دوند و چیا بەستەڵەکییەکانەوە هەڵدەسووڕێتەوە. ئیتر دنیای ئەوێ تەنێ ئەم شاخە ژیانێکی خۆشی تێدایە کە هەنگوینی لێ هەڵدەڕژێ.

دەنا ئەوی دیکەی هەموو هەر تەمومژ و چڕە دووکەڵ و غوبار و هەوای شێدارە. لەوێدا وا دەزانی لەسەر هەوا وەستاوی و دەڕۆی و بەرنابیتەوە، چاوی مرۆڤ ئەوەندە هەتەر ناکات. ڕووناکییەکەی لە شێوەی کزە فانۆسی گوندێکی دوور دێتە پێش چاوان، دەنا هەمووی هەر تاریکییە، تاریکاییەکی پڕ لە لەزەت، لەزەتێکی پڕ لە گومان و چاوەڕوانی و گەڕان و سۆراغ و دۆزینەوە، بەهایەکی لە دەستچوو و ئاواتێکی ون، ونبوونێکی پڕ لە تەلیسم و کەش و هەوای ئەفسانەیی و وردبوونەوە و پشکنین و تێڕامان، تێڕامانێك لە دنیایەکی تازە دۆزراوە کە هەموو شتێکی لەگەڵ دنیای جێهێڵراو جیایە و مرۆڤ لەوێ لە ونگەیەکی ئەبەدی و بێ کۆتاییەوە وەك بوونی نەبێ وایە، تێکەڵ بەسروشت و تەشقە ئەزیەتبار و سەختی ژیار و ستەمی بەمرۆڤبوون و دڕندەیی و خۆڕانەگرتنی مرۆ لە

بەردەم ئەم سروشتە پاکە دوور لە دەستی بنیادەمان، بنیادەم لەوێ یا بووە بەبەشێك لە سروشت، یانیش تەمومژە چڕەکان شاردوویانەتەوە، یا ئەفسانەکان لە نووسراوی سەر دار و بەردی خۆیان تۆماریان کردووە و هێشتا دەستی بنیادەمانی مەملەکەتانی دیکەی پێ نەکەوتووە، یا ڕاستتر بڵێین مرۆڤ گەرای نارەحەتی و شارستانی پڕ ژاوەژاوی خۆی لێ دانەناوە. ئەو پیاوە ڕەنگە یەکەم مرۆڤ بێت ئەگەر ڕێگەی کەوتە دنیای ئەوێ، وەلێ جار جارە کە تەماشای دنیای خۆی دەکاتەوە هێشتا هەر بەدیار ئەم عەنقایەوە دۆش داماوە... هێشتا قاچەکانی لە جێی خۆیاندا هەڵنەکەندراون. ئەم سەفەرە لە تۆمارگەی مێشکیدا وەك وێنەی سینەمایی خێرا تێکەڵ بەخەون و زیندە خەونەکانی دەبن، دوور ڕوانینەکانی ئاواتێکی دووری نیشان دەدات تا وردە وردە لە ناو چاوەکانی عەنقایەکەدا دەیاندۆزێتەوە. هێشتا جوامێر لە دیدگای ئەوەوە لەم چاوانەدا دەبینرێ و ئەوا خەریکە و دوای بکەوێت، بڕیاری داوە هەرچەند سەختی و دژواری و نسکۆیان ببینێ ئەو وەك سێبەر بەدوایەوە دەبێت تا تەلیسمەکە دەشکێنێت و پێی شاد دەبێتەوە، بەدەست خۆی نەبوو دڵی وای پێ دەوت، ئەوەندە ساڵە بەدوای باڵندەی سەیر و دەگمەنی هەموو مەملەکەتان کەوتووە کەچی هەر چاوەڕوانییەکەی بۆ ماوەتەوە. بەڵام ئەمجارە دیمەنی ئەم تەیرە بیر و خەیاڵ و لێکدانەوەیان خۆش کردووە. لە جاران زیاتر دیقەتی دەدا پەرەمووچە سیحراوییەکانی، قەوارەی نائاسایی جیاوازی لەگەڵ تەیروتواڵی مەملەکەتی خۆیان، خوێندنی جیاوازی، ڕەنگی چاوە کریستاڵییەکانی، ڕوانینەکانی وەك ئەوەی دێتە پێش چاو و وای تێ دەگا کە بەدوای ئەودا هاتبێ و ڕێنیشاندەرێکی دواجاری کیشوەری خەونە جیوەیییەکانی بێت و بیگەیەنێتە ناو کۆشکی ئاوات، ئاواتێك کە تا ئەم چرکەیەش تەمەنی خۆی هەموو بۆ تەرخان دەکات تا بیگاتێ، گەیینێك ڕەنگە لەگەڵ دوا ترۆپکی تەمەنی ئەو

بەکۆتاییەکی چاوەڕوان نەکراوی بسپێرێ و بنی دنیای بۆ بکا بەکۆتایی، یا کۆتاییەك کە خۆشترین تەمەن لە ژیانی کڵۆڵ و کەنەفتی ئەو تۆمار دەکات و ئاوی حەیاتی پێ دەبەخشرێ، بەخشینێك کە لەوەتەی ئەم باڵندە هاتووە بۆ مەملەکەتی ئەوان و لە دەوری ماڵەکەیاندا دەسووڕێتەوە و بەرامبەر دیدگای ئەو هەڵدەنیشێت و تێکەڵ بەخەونە پەمبەییەکانی دەبێ، ئەم خەونانەی تێکەڵ بەئەفسانەکانی مەملەکەتی ئەم تەیرە غەریبە دەبن و پرسیاری قورس و سەیر و سەمەرەی لە لا دروست دەکەن، ئەم پرسیارانەی کە لەوەتەی هەست بەبوونی خۆی دەکات لە ناو تۆمارگە چکۆلانەکەی مێشکیدا بەردەوام دێن و دەچن و وەڵامەکانیان نازانێت، وەڵامێك کاتێ کە ئەو لە خەڵکی دیکەشی دەبیست، ترسێك دای دەگرت، ترسێك لە بوون و مانەوەی خۆی وەك مرۆڤێك، ئەو مرۆڤەی ئێستا گیانی تێکەڵ بەجوولانەوە و ڕوانینەکانی ئەو باڵندەیە بووە و چاوەڕێی گەڕانەوەیەتی تا بۆ ئەم سەفەرە نادیارە ببێ بەتەتەر و ڕێنیشاندەری، ڕێنیشاندەرێك دەبێ هەتەری چاوەکانی لە بینینی نەترووکێنێ نەوەکا لێی بزر بێت و خەونەکانی هەڵبزرکێن، هەڵبزرکانێك لە ڕوانین و بیرکردنەوەکانی، لە چۆنیەتی پەڕینەوەی لە قوللەی قاف کە وەك ئەفسانەکان باسی دەکەن زەحمەتە هیچ بنیادەمێك توانیبێتی ئەم دیوارە سەختە ببەزێنێ و بگاتە ئەم کۆتاییە، ئەم کۆتاییەی لای ئەو سەرەتای لەدایکبوونێکی ترە و دۆزینەوەیەکە، ئەم دۆزینەوەی کە تا ئەو دەمەش تەیرەکە دەگەڕێتەوە لە بازنەی خەونەکانی ناچێتە دەرەوە، چوونە دەرەوەش لەم بازنەیەدا ئەوپەڕی ڕەهایی بۆ دابین دەکات، دابینبوونی ژیانێکی نوێ و دۆزراوەش لای ئەو تەنیا بەجوامێر باوەشی گەرم دەبێ و پێش چاوەکانی خۆش دەکەن، خۆشییەك کە لەوەتەی پێی ناوەتەوە سەر ئەم دنیایە فام دەکات هەستی پێ نەکردووە، ئەم هەستەی کە هەموو دەم لە ناوەوە دەیکوڵێنێ و دەیهەژێنێ و پێشبینی سەرکەوتنی بۆ دەکات.

هاتنی ئەم باڵندەیە شارەکەی خرۆشاندبوو. پۆل پۆل ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری تەلەفزیۆنەکان دەهاتن و وێنەیان دەگرت و بڵاویان دەکردەوە. وەك ئەوەی بوونەوەرێکی نوێیان دۆزیبێتەوە، لە تەلەفزیۆنەکان سیمینار و مێزگردیان بۆ دەبەست و لە مێژوو و ئەفسانەکانی ئەو تەیرەیان دەکۆڵییەوە. حزبێکی ناودار وێنەی تەیرەکەی کردە ئارمی خۆیان. ڕۆژانە دەنگوباسی دنیا هەر باسی هاتنی ئەم تەیرە بوو. ئەویش ڕۆژ بەڕۆژ چیکڵدانی بچووکتر دەبووەوە لەم ترسەی نەوەك بۆ باخچەیەکی ئاژەڵان دەستگیر بکرێت و ئەویش لە خەونە خۆشەکانی بترازێ.  تا لە تیشکی بینینی دوا ڕۆژی جوامێر لای ئەو گەڕانەوەی ئەم تەیرە بوو. تەنیا مەرگ بوو ئەم سەفەرە سەختەی پێ لە گۆڕ دەنا... ئیتر نەیدەزانی چۆن وا بکات تەیرەکە ببزوێنێ و باڵی گەڕانەوە لێك بدات و ئەویش وەك شوون هەڵگرێکی بەسەلیقە و بەتوانا و ماندووبوونێکی لە ڕادەبەدەر وەدوای بکەوێ و نەهێڵێت لەبەر سێرەی چاوانی ون بێت. ئیدی ئەم سەفەرە ئەفسووناوییە مەگەر لە کاتی خەودا لێك بتۆرێن دەنا تا سەر ناتوانێت بەسەر هەموو بەرزاییياندا بڕوانێ، مەگەر شمشاڵە سیحرییەکەی خۆی بخاتە کار، چونکە لە خەونەکەیدا پێیان وتبوو: تەنیا لە کاتی پێویست دەبوایە بەکاری بێنی.  ئێستا وا خەریکە مەترسی دەسگیرکردنی لێ دەکات، دەبی کارێکی وا بکات لە جێگەی خۆی هەڵبستێ و بگەڕێتەوە و ئەویش بکاتە ڕێبوارێکی ئەم سەفەرە سەختە، بەڵام چی لەم باڵندەیە دەکەی دیارە هێشتا لە ڕامانەکانی ئەم دنیایە تێر نەبووە، یا هێشتا پەیامی خۆی تەواو نەکردووە. دەبێ جۆرە ئاوازێك نەبێت تا هەستی گەڕانەوەی لا دروست بکات و لە مەترسی دەستگیرکردنیشی ڕزگار بێت. لە دەرەوەی ماڵەکەی و لە دەوروبەری باڵندەکە ئامێر و تۆڕ و قەفەسی گرتن ئامادە دەکران. تەلەفزیۆن و ئاژانسەکان لە هەموو لایەکەوە دەهاتن و ئامێرەکانیان ڕێك دەخست، وەك ئەوەی گرتنەکەی لە یەکەم هەنگاوەوە بۆ

هەموو ماڵێکی دنیا بگوازنەوە. ئەویش زۆر نیگەران و دوودڵ بوو، حەزی دەکرد کارێکی وا بکا تەیرەکە هەڵبفڕێنێ و شوێن پێی هەڵبگرێت و بۆ سەفەرە ئەفسووناوییەکە وەڕێ کەوێ، بۆیە دوا چارەی دۆزینەوەی ئاوازێکی شمشاڵە سیحرییەکەی بوو، بەڵام نەیدەزانی بەکامە ئاواز بەجوولەی دەخات، بێ پشوودان و بەپەلە پەنجەی لە کونەکانی شمشاڵەکە دەکوتی و ئاوازی جۆراوجۆری تاقی دەکردەوە. دنیای لێ وێك هاتبووەوە بەقەد کونی دەرزییەکی لێ هاتبوو. حەز و خواردن و خواردنەوە و حەسانەوەی خۆی لە ناو گۆڕینی بەردەوامی ئاوازەکاندا دەدیتەوە. دڵەکوتەی پێ کەوتبوو، ئارەقەی نێوچەوانی دڵۆپ دڵۆپ لە شمشاڵەکە دەڕژان، ترس و نیگەرانییەکی زۆر نیشتبووە سەر ڕوخساری، زۆر ناڕەحەت بوو... هەستی کرد ماوەیەکی کەمی لە بەردەم ماوە بۆ دۆزینەوەی ئاوازەکە و ئینجاش ڕزگاربوونی هەردووکیان، ئەمیان گەڕانەوەی بۆ مەملەکەتی خۆی و ئەویشیان بۆ سەفەرێکی چۆکشکێن و ڕێگەیەك کە ڕەنگبێ بیگەیەنێ یا نا.

١٩٩٨

## پەپوولەی گوناه

وا خەریکن دەمنێژن. ئێستا دەمنێنە ناو گۆڕێکی تەنگ و تار و لەسەر تەنیشت و ڕوو لە قیبلە درێژم دەکەن و بەچەند بەردێکی پان سەری ژوورە تەنیایەکەم دەگرن و بەدنیایەکی ترم دەسپێرن، ئینجا بەخۆڵ دام دەپۆشن و چەند زەلامێك بەپێیان وەسەر خۆڵەکە دەکەون و پاشان بەبێڵ و خاکەناس گۆڕەکەم جوان دەپەستنەوە، ئینجا دوو بەردی زەلام دەکەن بەکێل و لەم سەر و ئەو سەری گۆڕەکەم دادەنێن. دوای تەلقیندانم لە لایەن مەلاوە تێکڕای خەڵکەکە فاتیحایەکم بۆ دەخوێنن و دوا ماڵئاواییم لێ دەکەن. هەندێکیان لەگەڵ ئامادەبوواندا هەر تەنیا لێویان دەجووڵێنن و لە ناخەوە بەمرچ و مۆنییەوە لە کارە درێو و گوناهەکانم دەدوێن. ئیتر سێ شەو و سێ ڕۆژان تازیەم بۆ دادەنێن و ناوم لەسەر زاران دەمێنێ، دوای ئەوە وردە وردە لە مێشکی ئەو خەڵکەدا دەسڕێمەوە، مەگەر منداڵەکانم جار جارە بێنە سەر گۆڕەکەم و بیریان بێمەوە. تازە تەواو ئیتر خزامە ناو دنیایەکی دیکەوە کە تا چرکەساتی پێ سپاردنیشم بیرم لێی نەکربووەوە. ئیتر لەوێ کەسێك نییە بەهانامەوە بێت و دڵنەواییم بداتەوە. هەمووی هەر لێپرسینەوەیە و بۆ خەڵکانی وەك منیش سزادانە، چونکە گلەیی و نارەزایی ئەو خەڵکەش لە کارەکانم دەفتەری لێپرسینەوەم قورستر دەکەن. ئینجا فریشتەکان خۆیان و تۆماری کردەوەکان دێن و دەیخوێننەوە. ئەو مەلائیکەتەی سەر شانی ڕاستم کە تەنیا ئیشی ئەوە بووە چاکەخوازییەکانم بنووسێتەوە، دەفتەرەکەی خۆی بەسپیەتییەوە دەداتەوە دەست گەورە فریشتەکان. ئەوجا ئەوەی لای چەپەشم لە نووکەوە دەفتەرە ڕەشەکەم بەگوێی دانیشتوانی ناو گۆڕستانەکەدا دەدات. ئەوانیش وەك لە دیار گێڕانەوەی هەقایەتێکی ترسناك دانیشتبن، بەترسەوە گوێی خۆیانی

بۆ شل دەکەن. لەوێ ئەوانەی وەك خۆمن دڵیان پێم خۆش دەبێ و هەست بەزیادبوونی هاوخەمێکیان دەکەن. کەچی پیاوە نوورانییەکان پشتم تێ دەکەن و لە کۆمەڵەی خۆیان وەدەرم دەنێن. کۆڕی هەقایەت و سەربردە بەجۆشتر دەبێ، ئەگەر بمتوانیبایە جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر دنیا بێ شك گێڕانەوەی ئەفسانەییان لێ دروست دەبوو. ئەو بەسەرهاتانەی لە هەقایەتخوازەکانی ناو گۆڕستان گوێم لێ بوون هیچ کامێکیان وەك من پاڵەوانی ترس نەبوون. ئەم گوناهە ڕەشانەی من لەسەر دنیا لێم جیا نەدەبوونەوە، لێم بووبوون بەجل و بەرگی سەخرەجن و پێم دانەکەندران، گەلێك جار بەرگێکم لە خۆ دادەماڵی کەچی سەیرم دەکرد بێ ئەوەی هەست بەخۆم بکەم لەبەر خۆم کردووەتەوە. ئیتر ئەم بەرگانەش هەموو گوناهی دیکەیان پێ تۆمار دەکردم، بۆیە هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم کە لەو گوناهانەم پاك ببمەوە، بیرم دەکردەوە و دەمگوت: ئەگەر باوك ئادەم و دایك حەوا لەسەر سێوێك لەو بەهەشتە خۆشەدا وەدەرنران و ڕەوانەی سەر زەوی کران، ئیتر دەفتەری پڕ لە گوناهەکانم بەچی دەسڕێنەوە. بەتایبەتی یەکەم گوناه کە کردم بڕوا ناکەم لەم دەفتەرەدا ڕەش بکرێتەوە. هیچ دوعا و پاڕانەوە و لێبووردنێك نەیدەگرتنەوە، لێم بووبوو بەترسێك و هەموو کات هێلانەی لە دڵما چێ کردبوو. لێم بووبوو بەپەڵەیەکی ڕەش و لە هەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا پێی دەناسرامەوە. لێم بووبوو بەنەخۆشییەکی کوشندە و تا نەیگەیاندمە ئێرە لێی چاك نەبوومەوە، ئەگەر تا ئێرەش بەردەوام سۆفییەکی خەڵوەتگەی چوڵەوانیش بوام لە پاکبوونەوەم دڵنیا نەبووم، ئەگەرچی زۆریش دڵنەواییان دەدامەوە و ئامۆژگارییان دەکردم، وەلێ دیوەزمەی شەڕ گوناهی دیکەی پێ تۆمار دەکردم و دەستبەرداری لەزەت و شەهوەتبازی دنیا نەدەبووم. وام لێ هاتبوو بەخوێن نەبوایە دڵم ئاوی نەدەخواردەوە و مەراقێك بوو لە کەللەی دابووم و جوولەیان بە هەست و دەمارم دەکرد، ئەوجا پێیان

دەحەسامەوە. خوویەك بوو، خولیایەك بوو، لە یەكەم تاوانەوە تەواو ترسم لێی شكاو تێكەڵ بەجیهانێكی دیكەی كردم. تۆبەی نەسوحیشم پێ نەدەكرا و چونكە زوو پەیمانەكانم دەشكاند و تا سەرم نەدەبرد. جارێكیان پیاوێكی نوورانی هاتە خەونم وەسفی ئەشكەوتێكی بۆ كردم كە كەوتبووە ناو قەد چیایەكی هەزار بەهەزار، پێش ئەوەی بگەیتە دوندی چیاكە ئەشكەوتەكە قورگی خۆی كردبووەوە، دەبوایە بەپیادەش ڕێگەكە بگرمە بەر، تەنیا دەمتوانی مەتارییەك ئاو و نانی وشك لەگەڵ خۆمدا ببەم. لە زاركی ئەشكەوتەكەدا دەبوایە پێڵاوەكانم داكەنم و بەسەر درك و تیژە بەردەكاندا بڕۆم تا دەگەیشتمە بنەبان ئەوجا چاوم بەكانییەكە كەوت، بەڵام نەدەبوو تا بەردی مرازم بەدیواری لووس تەنیشت مەزاری ئەو پیاوە چاكەی لای كانییەكە نەنووسێ ئاو بخۆمەوە، ئەوسا پاك دەبوومەوە و ئاوی سازگاری كانییەكەم بۆ حەڵاڵ بوو و دەمتوانی خۆشم لێی بسمیل بكەم و لە نەفرەتی خواوەند دەبووڕام، دەنا گەڕانەوەشم ڕێگای هات و نەهات بوو. هەرچەندی دەستم بەمەزاری ئەو پیاوچاكە داهێنا و گریام و ماچم كرد و پاڕامەوە، بەردەكە بەدیوارەكەوە نەنووسا. سێ شەو و سێ ڕۆژان خەڵوەتم كێشا، نەمتوانی لەم تاقیكردنەوە سەركەوم. شەوێكیان لە كاتی بۆرژاندا ئافرەتێكی جوان لە كانییەكە هاتە دەرەوە. تیشكی چاوەكانی بێداریان كردمەوە، سەرسامی كردم، تەماشام كرد لای سەرەوەی ئافرەتێك بوو لە تیشك، لای خوارەوەشی ماسییەك بوو لە كریستاڵ، هات و دەستە شووشەییەكانی لە ناو قەدم وەرێنا، خۆی خستە سەر شێوەی ئەو ئافرەتەی كە دوای لە دەستدانی دنیای لێ ڕەش و تاریك كردم، لە دوای ئەو خۆشەویستی لە دڵی مندا مۆمێك بوو توایەوە كە ئەو نەما گوڵەكانی هەموو دنیام بەڕەشی دەدیت، لووتم هەستی بۆنكردنی نەما. پەردەیەكی ئەستوور چاوەكانی داپۆشیم. من بەو خەیاڵانە ئاگەم لەو نەمابوو، خەریكی گەوزاندنم بوو، ویستم دەستەكانی لادەم و خۆمی

لـێ دوور بـخـەمـەوە، بـەڵام سۆزی ونـبـووی ئـەو كـانـیلـەی حـەزێكـی كپ نەكراوی لە دەروونمدا تەقاندەوە، بیرەوەرییە هار و سەرشێتە دۆڕاوەكان قولابیان لە جەرگم گیر كرد، مووچڕكەی هەوەسێك بە جەستەمدا شۆڕ بووەوە، ئەو لەزەتەی پێ بەخشیم كە لەوەتەی بووم و ژیام چاوەڕوانی بووم. ئەوەم لە بیر چووەوە كە دەبێ پەیمان نەشكێنم و بەدكردەوەیی لە نـاو پـاقـژگـەی دەروونمدا ئـەنجام نـەدەم، ئـەوەم لـە بـیـر چـووەوە كـە چاوەڕوانی بارانێكی زیوینم تا جەستە پڕ لە گوناهەكەمی پێ بشۆمەوە. لە نێوان خەون و زیندەخەوندا، لە نێوان خەیاڵ و ڕاستیدا خۆم بزر كرد. جڵەوی هۆشی خۆم پێ نەگیرایەوە. ختووكەیەك بەشادەمارەكانی لەشم گوزەری كرد. بەدیداری خۆشەویستییەكی دۆڕاو پەنگری ناو خۆڵەمێشی ئاگردانی پڕ لە شەهوەت كانییەكەی لێڵ كرد. بەیانی لە خەو ڕابووم ئافرەتەكەم نەدۆزییەوە، هیچ ماسییەكیش لە ناو كانییە شێلوو بووەكە مـەلـەی نەدەكرد. گـونـاهـێكـی تـریش بـەتـەویلـی نێوچـەوانمەوە نووسا. تـیشكـێكـی دەنگ تـۆقـێنـەر لـە ئـەشكـەوتـەكـە وەدەری نـام، بـەربـوومـەوە و خەرەندێك هەڵی لووشیم. زریانێكی تووڕە و یاخی ڕێی گەڕانەوەی لێ گرتم. نازانم چیم لێ هات و چەند شەو و ڕۆژم پێ چوو. هەر ئەوەندەم زانی لە شارێكی لەمەچێتران خۆم دۆزییەوە. كە سەیری ئاوێنەی باخەڵی خۆم كرد، وەك بنیادەمێكی شێتم لێ هاتبوو، بەسەر و قژی شێواو و جلی دڕاو پێ پەتی، بەبێ هۆشی لەبەر ماوەی بەر دەرگەی ماڵەكان بەدوای خواردندا دەگەڕام و دەستم نەدەكەوت ئەوجا وەك خواز خوازۆكێك بۆ لەتە نـانـێك لـە دەرگـەی زۆر مـاڵانم دەدا. هـەستـم كرد ئـەوانـە بـنـیـادەمی لای خۆمان نین، بەژن و باڵا و هەڵسوكەوتیان جودا كردنەوە. دیارە ئەوانیش پێم ڕازی نەبوون، بۆیە لە چۆڵەوانییەك خۆم دۆزییەوە. دوا هەناسەی مەرگم دەدا، كاتێك چاوەكانم كردەوە بۆ دوا نیگا سەیری دنیا بكەم، دەروێشێكم لەسەر ڕێگەی پڕ نەهامەتی خۆم بەدی كرد، دەفی دەژەنی و

دوعای دەکرد و دەپاڕایەوە، تا جنۆکەکان لە جەستەم هاتنە دەرەوە و بەریان دام و گەڕانەوە مەملەکەتی خۆیان. ئینجا هۆشم هاتەوە بەر. مەتارەیەك ئاوی بەسەر دەمەوە کردم و پارچە نانێکیشی لە هەگبەکەی خۆی هێنایە دەرەوە و برسیەتی پێ ڕەواندمەوە. ئینجا هەستم بەخۆم کردەوە کە مرۆڤەکەی جارانم هیچ گۆڕانێکم بەسەردا نەهاتبوو. کە پشووم هاتەوە بەر ئەو لە ڕۆیشتن بوو، چیایەکی بۆ دەستنیشان کردم و وەسفی گوڵێکی ئەفسانەییشی بۆ کردم، ئەگەر بتوانم ئەفسانەی ئەو گوڵە وەگیرکەم، ئەوا ڕێگەکانم بۆ دەکرێنەوە و دەتوانم بگەڕێمەوە شارەکەی خۆم. گوڵەکە هەر پەلکێکی لە ڕەنگێك بوو، ڕەنگەکانی هەموو تێدا کۆ کرابووەوە. کاتێ کە دەکرایەوە گەڵا و پەلکەکانی تەواو لەگەڵ زەوی جووت دەبوون. ئینجا بۆنێکی بەهەشتی ئاسای لێ پەخش دەبوو و مرۆڤی بێهۆشی وەئاگە دێناوە، بەڵام کە دادەخرایەوە یەکسەر لە جێگەی خۆیەوە دەبوو بەدڵۆپێك شەونم و تێکەڵ بەزەوی دەبووەوە، بەڵام زۆری نەدەبرد خونچەیەکی دیکە لە جێگەیەکەی دەڕوایەوە و دیسانەوە دەبووەوە گوڵ و بەهەمان شێوە بەردەوام لە پرۆسەی مردن و زیندووبوونەوە دابوو. دەبوایە خاوەن مەبەست لەگەڵ پەخشبوونی بۆنەکەی و کاتێ لەگەڵ زەوی جووت دەبوو خێرا دەست بەپەلکێکەوە بگرێ و توند لە ناو لەپەکانی دەستی بیشارێتەوە و ڕۆشنایی بەرنەکەوێ دەنا لە ناو لەپانیدا هەڵدەفڕێ و نهێنییەکەی لە دەست دەچوو. پێش ئەوەی دوا هەناسەی تەمەن هەڵڕێژم لە دەستم گیر بوو. دنیام بۆ ڕۆشن بووەوە، ئینجا توانیم لە سەفەری هات و نەهات وەگەڕێمەوە. لە ژیاندا ئەمەشم تاقیکردەوە، بەڵام لە ناو گۆڕدا سەختترین کاتم ئەو دەمانە بوو کە فریشتەکان لە بەردەم حەشامەتی ناو گۆڕستانەکە یەکەم تاوانی منیان گێڕایەوە، ئەودەمی مووچڕکی ترس بەجەستەی هەمووواندا گەڕا، منیش ئەو کات لە ترسا میزی خوێناویم پێدا شۆڕ بووەوە و بەزەوییەوە نووسام و هەردوو گوێچکەکانی خۆم بەتوندی

گرتن، بەڵام چارەی نەبوو، نەدەمردم و ڕووحم هێشتا زیندوو بوو و لە قەفەسی تاوانباری دەربازم نەبوو. توخوا فریشتەکان لێم گەڕێن وای دابنێن منیش باڵندەی دارکونێرە بووم کە بەڕۆژ لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەدەنووکی خۆی داری کون دەکرد، شەوانیش لەبەر ئازاری خۆی خەوی لێ نەدەکەوت و بڕیاری وازهێنانی دەدا، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی کازیوە هیچی وەبیر نەدەماو سەرلەنوێ دەستی بەدار کونکردن دەکردەوە و هەستی بەئازار نەدەکرد. منیش وا بووم کە تاوانێکم ئەنجام دەدا شەوان ئۆقرەم لێ دەبڕا و لێی دوودڵ بووم، بەڵام بەیانی هیچم وە بیر نەدەما و دەستم پێ دەکردەوە. خوایە گیان دە توخوا زوو بمخەرە ناو دۆزەخەکە و با فریشتەکان چی تر لاپەڕە ڕەش داگەڕاوەکانم بۆ نەخوێننەوە. تا ئەم ئاگرە هێز و تینی تێدایە بمسووتێنێ باشترە لەوەی لە یەکەم تاوانمدا پێم بڵێن تۆ بووی بۆ مەرامی خۆت لە پڕخەی خەودا ئەستێرەیەکی خەباتی میللەتێکی خۆت وەك چۆلەکە سەربڕی و دواییش وەك ڕێوی خێزانەکەیت لە ناو زەلکاوی شەهوەتێکی پیس خنکاند و دوو منداڵە جوانەکانیشیت کردە خۆراکی نەهەنگە برسییەکانی ڕووبارێکی هار و شێلوو. توخوا فریشتە نازدارەکان لاپەڕەکانم زوو هەڵدەنەوە با مردووەکانیش لەم مەملەکەتە وەدەرم نەنێن، ئەوجا کێ هەیە دڵنەواییم بداتەوە، تەنیایی گۆڕیش گەلێك ترسنۆکتر و سەد جار لە ئاگری دۆزەخەکە ناخۆشترە. خوایە گیان ئێ خۆ منیش بوونەوەرێکی تۆم، لە دنیای ئەودیو کوێر و نابینا بووم، هەر ئەوەندە یارمەتیم بدە، بەفریشتەکانت بڵێ با لاپەڕەکانم زوو هەڵدەنەوە و زوو سزاکەتم بەسەردا بسەپێنە، تازە ئەوەی کردوومن پێم ناسڕێنەوە و ناشتوانم نکۆڵیان لێ بکەم. گوناهەکانم وەك بۆ پەپوولەیەك بنووسرێ وایە، پەپوولەیەك کە بۆ گوناهـ نابێ و لێی ناوەشێتەوە. بۆیە منیش خۆم وا هاتە پێش چاو ئەگەر پەپوولەیەك بخەیتە ناو جانتای پڕی گوناهەکانم دەمودەست هەردوو باڵەکانی هەڵدەوەرن، ئیتر هەڵدەپڕووزێ

و دەبێتە باڵندەیەکی درندە و لای خواوەند و فریشتە و خەڵکی لە وێنەی ئاسایی خۆی دادەماڵرێ. دیارە من هەرگیز بنیادەمێکی ئاسایی نەبوویمە، نازانم نە ئەم گوناهانە ئەوەندە خۆش بووینە نەمتوانیوە دەستیان لێ هەڵگرم، نەتاوانەکان بێ من کەم توانا بووینە، بۆیە هەمیشە بەدوای مندا گەڕاون، تا تەواو باری سەرشانیان قورس کردم و خزاندمیانە ئێرە و تەواو هەستم بەدڕندایەتی خۆم کرد. ئێستاش گوناهەکانم خراونەتە سەر پشتی پەپوولەیەکی باڵ هەڵوەریو، کەوتووەتە بنی بنەوەی دۆزەخ و هەرگیز ناتوانێ ئەم بارە قورسە لەسەر پشتی ناسکی خۆی فڕێ دا و جارێکی تر باڵە فڕە بکات و وەسەر کەوێتەوە و خۆی لەم پەتایە ڕزگار بکات کە تێی کەوتووە و ڕۆژگارێکی تر بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

١٩٩٨

## پەیژەکانی تاریکی

ئـەم شتـەی بـیـر و خـەیـاڵـی شپـرزە و ئـاڵـۆز کـردبـوو تـەنـێك بـوو خـۆی خـزانـدبـووە نـاو جـێگـەکـەی. ئـەم جـێگـەیـە لـە پـێش چـاوەکـانـی بـووبـوو بەمەنزڵگەی زیندەوەرە ئەفسانەیییەکان و حەزی نەدەکرد خۆی بخاتە ناوی... ناو ژوورەکەش کەلاوەیەکی وێران بوو، بنمیچی خانووەکە بەدار و حەسیر گیرابوو... کەلێنی بلۆکەکان بەقوڕ سواق درابوو، درزەکان لە هەندێك لاوە دیوی دەرەوەیان تێدا دەبینرا. ئەو بینینەی کە لە ئاوێنە شکاوەکەدا تێکەڵ تیشکی فانووسە کزەکە دەبوو و لە وێڕا سەیری خۆی دەکرد و لە دنیایەکی دیکەدا خۆی دەدیتەوە، ئەم دنیایەی کە هێشتا خۆشی بەچاوەکانی نابەخشن و پێی ئاشنا نەبوو. ئاشنایی ئەم شەوەی لەگەڵ حەپەسانی بەدیار ئەم تەنە هەستی بەوە دەکرد کە ئەم شەوەی لێ سپی نەدەبووەوە، بۆیە خەو لە چاوەکانی تۆرا بوو. حەزی دەکرد یاتاغی نووستنی لە ناو جۆلانەیەك بوایە و لە ئاسمانەوە شۆڕ بکرابوایەتەوە و چ زیندەوەرێك نەیتوانیبا خۆی بخزێنێتە ناوی و ئارامی نوستنی شەوانەی بۆ مسۆگەر بووبووایە. ئەو دەمیی ترس و دڵەڕاوکێ هێلانەیان لە ناو دڵیا چێ نەدەکرد و بێزاریش گەرای خۆی لە تۆمارگەی مێشکی دانەدەنا، ئەو دەمی هیچ مەترسییەك ڕایان نەدەچڵەکاند، کە ڕاچڵەکی خێرا باوکی منداڵەکانی بێدار کردەوە، منداڵەکانیشی لەگەڵ هاوار و قیژەی لە ناو تارمایی ژوورەکەدا خۆیان بەسینگی یەکتری شۆڕ کردەوە. کە شۆڕیان کردەوە ناو گۆڕەکە و خۆڵیان وەسەری دا ئیدی بەتەنیا لە ژوورێکی زۆر چکۆلانەی تاریك و نووتەکدا مایەوە، تازە کێ بەهانایەوە دێت، تاریکیش تا دەهات بارستایی خۆی دەخستە سەر جەستە هیلاك و ماندووەکەی. چەندی هاواری دەکرد دەنگی دەر نەدەهات. هەر زوو زیندەوەرەکانی ناو

گۆڕستـان خـۆیـان خزانـدە نـاو کفنـەکـەی و خـامـەکـەیـان کـون کـون کرد. جورج و مشکەکان خەریك بوون چاویان هەڵدەکۆڵی، پێش ئەوەی دوا دەماری چاوی بپسێنن، لە دوا دیتنیدا مشکەکەی ئەم شەوەشیان سەرنجی ڕاکێشا، دیـاربـوو ئـەمـیـشیـان لـەگـەڵدا بـوو، نـەیـدەزانـی بـۆچـی لـە هـەردوو دنیاکە وازی لێ نەهێنێ. لەگەڵ پسانی دوا دەزوولەی دەمارە باریکەکەی چاوی لای چەپی لە زیندەخەوەکەی ڕابوو. کە ڕابوو بینی خێزانەکەی هـەموو نووستوون و ئـەویش بـەدیـار دەرگـەی ژوورەکـەوە بـووەتـە ئێشکگر و دەمـوچـاوی خـستـبـووە نـاو لـەپـەکـانـی دەستی. ئـەم دەستـانـەی تـوانـای ئـەوەیـان نـەبـوو لـە دیـمـەنـی زۆرانـبـازی ئـەم شـەوەدا بـەرەو کـەنـاری ئـارامـی بپەڕێننەوە و ئەم دیمەنەی لە پێش چاوان وەلادەن. مێردەکەی خۆی لە خـەو هـەڵساند... نـاو مـاڵـەکـەی پـڕ کـرد لـە لـەزگـە و تـەڵـە مشك. هـەموو مشکەکانی دنیای لە دیمەنی زەینی خۆیدا لەم ژوورەیدا دەهاتە پێش چـاوان وەك زۆرانـبـازی پشیلـە و مشکی فیـلـمـی کـارتـۆن و ئـەو بـووبـوو بەپشیلەیەك و مشکەکان ئازاریان دەدا و ئەویش هەر چەندی بەرەنگاریان دەبووەوە، بەڵام لەم کێشمە کێشەدا هەر دۆڕاوبوو، دۆڕانێك لەوەتەی ئەو مێردەی فێری قومار بووە ڕۆژ بەڕۆژ ماڵەکەی لە کورتی دەدا. دوا جار لەبەر قەرزەکانی زێڕەکانیشی هەمووی بۆ فرۆشت، تا دەستی بەکەرەستە و وردەواڵەی ماڵەکەشی داهێنا، دوا جار بەفرۆشتنی خانووەکەشی هەر وازی نەهێنا و قەدەر گەیاندنیە ئەم کەلاوەیە. ئێستاش هەر بەئاواتی گەڕاندنەوەی ڕۆژگاری جاران هەموو دەم بەدیار یاری قوماربازانەوە دادەنیشێ، بەڵام دەسکەوتی هەر ئەوەندەیە کە یەکێکیان گیرفانی پڕ دەبێ ئـەویش بـاخـەڵـی گـەرم دەکـرێـتـەوە و بـۆ نـووستـنـیش خـۆی دەکـاتـەوە کەلاوەکە. تۆش بیست و چوار سەعات بوویتە دیلی ناو دیوارەکانی خەم و خەفەت و نەداری، ئەو چ باکی بەم ژیانەیە. بەڵام تۆ بەلاتەوە ئاسایی نەبوو، چرکە بەچرکە لەگەڵ ئەم ژیانەدا دەتوایەوە و لە گۆڕیان دەنای،

گۆڕێك پڕاو پڕ لەو مشكانەی تەواو هەراسانیان كردبووی و ئۆقرەیان لێ هەڵگرتبووی و لە زیندەخەونەكانتدا چاویان هەڵدەكۆڵی و پێیدا هەڵدەگەڕان. تازە تۆ لەم ژیانەدا دەبێ بەپەیژەی سەربەرەوخوار شۆڕبیتەوە تا دەگەیتە ئەو قەبرەی بەر لە مردنت وێنەكەی لە مێشكتدا تۆمار كراوە. ئیتر ئەگەر ئەو تەنە چكۆلانەی كە خۆی خزاندە ناو جێگەكەت تۆی ئەوەندە ترساندبێ، داخوا لە دنیایەكەی دیدا چۆن دەتوانی خۆت لێیان لادەی و لە بن دەستیان ڕزگارت دەبێ؟ خۆ تاریكی ناو گۆڕەكە بۆ خۆی بەشێكە لە دۆزەخ ئەم دۆزەخەی بێ شك لە دیمەنی مێشكی خۆتدا دایكت و باوكتی لە ناوە، ئەوان نەیانهێشت ڕەز و باخی سینەت پاوانی سیروان بێت، ئەوان بوون لەسەر دنیا بەدۆزەخیان سپاردی دەنا ئێستا بەم ڕۆژگارە نەدەگەیشتی. ئێستا نەدەگەیشتیتە ئەم پەیژانە. ئێستا ماڵێكت دەبوو پڕ لە بۆن و بەرامی خۆشەویستی. ئەم خۆشەویستییەی كە لە دڵە پاك و بێ گەردەكەتدا بەزۆری هێنایانە دەرەوە. هاتنە دەرەوەیەك لە هەنگوینی ژیان. ژیانێك پڕ لە تەنی نائارامی و ترس و مردن و مرۆڤی ناڕەحەت. ناڕەحەتییەك مەگەر بەمردن بتوانی بگەیتە كۆشی ئارام. ئارامییەك لە گەیشتن بەخەونە هەڵبزركاوەكان. هەڵبزركانی خەون و زیندەخەونی كاتە دۆڕاوەكان. دۆڕانێك هی تۆ بەرۆح و بەجەستە و هی مێردەكەشت بەسامان و خۆشگوزەرانی و ماناكانی خۆشەویستی. ئەم خۆشەویستییەی بەلایلایەك خەمەوە خرایە ناو جۆلانەیەك و وەك پەپوولەیەكی باڵشكاو بەئەزیەت بارییەوە بەرەو قوولایی ئاسمان هەڵفڕی یانیش لە زەوی ڕۆچووە خوارەوە. هەڵكشانێك یان شۆڕبوونەوەیەك بەپەیژەكانی تاریكیدا.

١٩٩٩

## ئاگری خەیاڵ

بە د. عادیل گەرمیانی هاوڕێم پێشکەشە

چەند خۆش دەبوو ئەگەر لەگەڵ ئەم کارەساتە جەرگبڕەدا یادگاری و بیرەوەرییەکانی لە تۆمارگەی مێشکیدا هەڵفڕیبان و جارێکی دی نەهاتبانەوە پێش چاوانی، بەڵام ئەو ئاگای لە ئازاری جەستەی هیلاکی نەمابوو، هزر و خەیاڵی چۆلەکەیەکی بەزرەفڕ بوون و تا دەهات زیاتر لە شەقەی باڵیان دەدا، لەم کاتانەدا کە پزیشکەکان هەموو بەدەورییەوە بوون، منداڵەکانیشی ئەوانەی کە مابوون یەکێکیان پەنجەی دەستیان بڕیبووەوە و یەکێکیشیان سووتانەکەی ئەوەندە بەسفتوسۆ بوو لە گریان و هاوار نەدەکەوت، خۆشی چارەنووسێکی نادیار خستبوویە سەر لێوارێك یا دەکەوێ و نقومی ناو دەریای ئاگرەکە دەبێ یانیش هەناسەیەکی بەبەرەوە دەمێنێ و شتێك دەمێنێتەوە بۆی بژی، ئەگەرچی دەشیزانی تازە ئەگەر بشڕەوێتەوە دڵی بەم دنیا شوومە خۆش نابێ. لەو دەمانەدا بەجەستە دەتلایەوە و خزمەکانیشی هەندێکیان لە خەستەخانە و هەندێکیشیان لە تازیەی خێزان و کوڕەکەی دانیشتبوون.

ئەویش لەگەڵ چەخماخەی شریتە تراژیدیاکەدا ئەو چرکە ساتانەی دەکەوتەوە یاد کە چۆن لەم حاڵەتە سەختەی خۆیدا دوو جەستەی سارد و سڕی بێ گیانی خێزانەکەی خۆی بینی، چۆنیش، دەرو جیران بەهاواریانەوە چوون بەڵام تا ئەوان گەیشتنێ و ئەوانیان دەرباز کرد و بردنیان بۆ خەستەخانە ماڵەکەی بووبوو بەخەڵووز و خۆڵەمێش، تەنانەت نامەیەکیشی بەیادگاری و وێنەی خێزان و منداڵەکانیشی بۆ نەمابووەوە. شریتەکە لە یەکەم ڕۆژی هاوسەریەتی خێزانەکەیەوە تا ئەو دەمەی کە لە شیرینی خەودا ئامۆزا شەیتانەکەی گڕی لە هەموو یادگار و

بیرەوەری و کەلەپووری ژیانی بەردابوون بەچەند لەقتەیەکی خێرا و پڕ لە ترس و مووچڕکەیان بەهەموو گیانی دادەهێنا، ترس و یادگار و فرمێساکەکان تێکەڵ یەکتر دەبوون، نەیدەزانی ئاگای لە جەستە سووتاو و پڕ لە برینەکانی بێت یا ئەم دیمەنە پڕ لە شووم و ناخۆشانەش لە پێش دیمەنی ڕوانینیدا بسڕنەوە، دیمەنی یەکەیەکەی خێزان و منداڵەکانی، کتێبە بەسەریەك کەڵەکەبووەکانی، گۆڤار و ڕۆژنامە و دەستنووسە تۆز لێ نیشتووەکانی، ئەلبوومی وێنەکانی ڕۆژانی ڕابردووی، ڕادریۆ و نامەی دکتۆراکەی و هەرچی کە هەیبوو لە ناو ماڵ و ئەوەی کە چەندان ساڵ پاش کوێرەوەری و پاشەکەوتکردن و بەقەرز و کوێرەوەری بەسەر یەکەوەی نابوون، ئەوەی کە مابووەوە تەنیا چەند دیوارێکی ڕەش و چەند پاشماوەیەکی نەسووتاو بەئاگری بۆ مابووەوە، دەنا لە چەند چرکەیەکدا هەموو بوون بەخۆڵەمێش و وێرانەیەك لە ناو ماڵ و لە ناو دڵیا دروست بوو. بیری دەکردەوە ئەدی ئەگەر سبەی خۆی و ئەو چەند منداڵەی کە مابوون نەبوون بەخۆراکی مردن، ئەو ماڵە چۆن ئاوەدان بکەنەوە، کێی هەیە دەست بەبن باڵییەوە بگرێ و یارمەتییان بدات، کێ هەیە منداڵەکانی داڵدە بدات و ئەویش خوێندنی دکتۆراکەی تەواو بکات کە زۆری نەمابوو، خەریك بوو. ئامادەی دەکرد، بەهیوایەکی گەشەوە چاوەڕوانی دەکرد و هەزاران خۆزگەشی لەگەڵیان لە دایك دەبوون. ئەمانە و چەندان هزر و لێکدانەوەی دواڕۆژێکی تاڵ و پڕ لە مردن و داهاتوویەکی پڕ لە شووم لەگەڵ هەڵگێڕ و وەرگێڕی جەستە سووتاوەکەیدا دەخزانە ناو دەروونی و تۆمار دەبوون و پرسیاری بەردەوامیان لێ دەکەوتە خوارەوە. ئەگەر بەگریان هیچی بۆ کرابوایە ئێستا بەفرمێسکە گەشەکانی خەستەخانەی پڕ لە کانی فرمێسك دەکرد، لەم دوورە دەستییەدا لەگەڵ برینە سەختەکە و سووتانە بەسۆکەی هەموو هاورێکانی خۆی وەبیر دەهاتەوە، بەڵام کەسیان نەیاندەتوانی سەردانی بکەن و سەرەخۆشی لێ بکەن و دڵنەوایی

بدەنەوە. ناچار بە تی چاوێك لە منداڵەكانی تەنیشتی ڕادەما و جار جارەش بەهەندێك برادەر و خزمانی ئەوێ تۆزێك ئۆقرەی دەگرت. هەر ئەوەندەی بۆ مابووەوە كە بەدوای دەرمانێكدا بگەڕێ تا ڕابردووەكانی لە بیر ببەنەوە و لەم خەیاڵە ناخۆشانە دایانبڕێت، دەرمانێك ڕەنگە دەستی بكەوێ و دەستی نەكەوێ.

١٩٩٩

## دیواری هەشتەم

خۆشم نازانم چۆن ئەو ڕێگەیەمان بڕی، ئێمە پێنج کەسی خێزانێك بووین، تەلبەندەکان بووبوون بەدرك و چۆڕاوگەی خوێنیان لە پێکانمان دەچۆڕاندەوە. لەم خێزانەدا تەنیا من دەرباز بووم، ئەوان خەتای خۆیان بوو وەبەر نەفرەت کەوتن دەنگێکی غەریبی پێی گوتین تا لە کێوەکە ئاوادەبن نابێ ئاوڕ بدەنەوە. ئەوان ئۆقرەیان نەگرت و لەم ترسە مێژوویییەدا بوون بەپەند بۆ من. دەنگەکان وەك تارماییيەکی کریستاڵی دەهاتنە پێش چاو، تا زیاتر دەڕۆیشتن زیاتر مەترسییان دەخستە ناو دڵیانەوە. دوایین دەنگ ئەوەندە بەهێز بوو لەگەڵیدا دەلەرینەوە و بەلایانەوە لە دەنگی دڕندەی دنیای ئەوان نەدەچوو. سنووری دێوی ڕەش و سپییان بڕی. لە ئەژدیهای حەوت سەرە تێپەڕین، هێندەی نەمابوو کێوەکە ببڕن، نازانم بۆچی ئاوڕیان دایەوە، شەیتان هاتە بن کلێشەیان، یانیش ئەم دەنگە گەورەیەی بەقەد قەوارەی هەموو دنیا لە ترسان ئاوڕی پێدانەوە، ناهەقیان نەبوو ئەم دەنگە لە هیچ ئەفسانەیەکدا نەبیسترا بوو. ئەژدیهایەکی زۆر گەورەی سێ سەرەی ئاسن و سێ دەستی چەنگاڵ ئامێز و شەش قاچی درێژ بەقەد درێژایی ئاسمان، خۆی و بەچکەکانی بەرەو لای ئێمە دەهاتن، وامان زانی تازە گەیشتنە سەرمان و کار لە کار ترازاوە و چنگیان لێ گیر کردین. ئەوان لە ترسان ئاوڕیان دایەوە تا بزانن وەبەر چەپەرۆکی دڕەندەکان کەوتوون یان نا، بەڵام من زیاتر تەکانم دایە بەرخۆم و دەنگە غەریبەکەم هاتەوە بەرگوێ، ئینجا شەرتەکەم هەڵێنا و لە کێوەکە پەڕیمەوە و شێوەیانم بەدی کرد، بەڵام کە براکانم وەبەر نەفرەت کەوتن و بوون بەڕەژوو دڕەندەکانیش گەڕانەوە.

نەمتوانی بگەڕێمەوە، چونکە شارەکەم خاپوور کرابوو، ئەوەی مابووش

لافاوەکە ڕایماڵیبوو ئەوەندە هەبوو ئەگەر شوێنەوارناسان تەماشایان بکردایە دەیانزانی ڕۆژێك لە ڕۆژان شارێکی ئاوەدان بووەوە بەپیلانی دوژمنان وێران کراوە. میلی کاتژمێرە ژەنگاوییەکەی باخەڵم کەوتە سەر زەمەنێکی نادیار، گەردەلوولە نادیارەکەش تووڕی هەڵدامە ئەشکەوتێکەوە ئەم ئەشکەوتەی نیو سەدە بوو بارانی بەسەردا نەباریبوو، ئەو نەبارینەی ئاوی تاڤگەکەی ناو ئەشکەوتی زۆر کەم کردبووەوە کە سەرەو هەوراز هەڵدەکشا و لە کونێکی سەرەوەدا دەڕژایە دەرەوە. دەرەوەی ئەشکەوتەکە هیچ بوونەوەرێکی تێدا نەدەژیا. ژیان بۆ من گەیشتن بوو بەبنەبانی ئەشکەوتەکە و خواردنەوەی ئاوی ئەم کانییە بوو کە خدری زیندە بەدەستی خۆی بەجامی هەزار کلیلەوە قاچەکانی بەئەرزی دادابوو و هەڵقولا بوو و لە پاشانیش دیوارێکی ڕێکوپێك و جوانی بۆ هەڵچنیبوو. بەڵام کێ گەیشتووەتە سەر ئەم کانی و ئاوە، ئەوەی کە وەسفیشی کردووە تەنیا لە خەوندا بینیویە و لای خەڵکی دەماودەم گێڕدراوەتەوە و بووە بەئەفسانە. ئەفسانەکان چیرۆك و سەرگوزشتەی سەدان داستانی پاڵەوانانی یەك بەدوای یەك دەگێڕنەوە، کە هەوڵیان داوە ئەم هەشت دیوارە بەردینەی پێش کانی و ئاوەکە ببڕن و هەر لە ناو ئەشکەوتەکەدا ئەو هەموو دێو و درنج و ئەژدیها و گیاندارە مەترسیدارە خورافییانە لە ناو ببەن کە لەوەتەی دنیا دروست بووە بێ ژمارە لە چین بەچینی دیوارەکان دەژین و هەر دیوارێك ببڕێت جۆرێکی بەهێزتر و مەترسیداری دیکەت دێتە پێش کە لەوانەی پێشتر سەرسوڕهێنەرتر و زەبەلاح و بەتین و مەترسیدارترن، بۆیە تا ئێستا کەس ئەم شوورانەی نەبڕیوە و پێی نەگوتراوە پاڵەوان. پاڵەوانی وا هەبووە ڕێگەی هات و نەهاتی بڕیوە و حەوت شەو و حەوت ڕۆژان بە کالەی ئاسن و جلی زرێپۆشەوە، بەشیر و تیروکەوانی سیحری و ڕمی ئاگرینەوە جەنگاوە. جەنگی دۆن کیشۆت حەوت ساڵان درێژەی کێشاوە، حەوت کالەی ئاسنی لە پێدا شکاوە، حەوت

شیری ئاسنی لە دەست شکاوە، حەوت پەرژینی ئەشکەوتەکەی بڕیوە، بەڵام لە دیواری هەشتەمدا دێوە حەوت سەرەکە بەزاندوویەتی و لە بەردەم حەوت دەست و قاچەکانیدا پلیشاوەتەوە. هی واش هەبووە لە ترسان هەر لە زارکی ئەشکەوتەکە بەربووەتەوە و حەوت ڕۆژان بووراوەتەوە و نەیتوانیوە تەکان بدات.

تەکانێکی دایە خۆی لە زارکی ئەشکەوتەکە چووە ژوورەوە، چاری ناچارە تازە هەتا ئێرە هاتووە و بۆ ئەم مەیدانە خۆی ئامادە کردووە و پێی خۆش بوو ئەگەر بتوانێ ئەویش ئەم سەرکێشییە ئەنجام بدات و ئاوی سەروەری بۆ شارەکەی خۆی دابین بکات و وەك مرۆڤی ئەم دنیایە بژین، دەنا دوور لە خەڵکی شارەکەی ئەویش دەچێتە ناو لیستی مێژوویی هەوڵەکانی پێش خۆی و خەڵکی شارەکەشی زیاتر پەڕاگەندە دەبن و وڵاتی خۆیان لە بیردەچێ و لەسەر نەخشەی دنیادا بە لە بیرکراوی دەمێنێتەوە، بۆیە بڕیاری دا نەگەڕێتەوە، گەڕانەوە بەلای ئەو واتە مردن و سەرشۆڕی و ڕاکردن و مانەوەی ژێر چەپۆکی میرەکانیش و خزمەتکردنیان لەو خراپتر، بۆیە بەدەست لە ملانێی ئەم خەونەیدا دەتلایەوە و ئاشقی ئاوی حەیات بوو، کانییەکە لەبەر زەین و دیدگای چاوەکانیدا دەبوون بەدەیان کانی و دەبوون بەسەراب و ئەویش دێوانە و شەیدا. شەیدایی ئەو ئامانجە دیدگای چاوەکانی ڕۆشنتر دەکرد و خەونەکانیشی خۆشتر. خۆشییەك کە گوڕوتینێکی شێتانەی خستە ناو جەستەی و هێرشی خۆی دەست پێ کرد، پەرژینی یەکەم دووەمی بڕی. لە پەرژینی سێیەمدا بایەکی وەك ڕەشەبای سلێمانی پێچایەوە و بەدیواری ئەشکەوتەکەی دادا و بەدەم ئێش و ئازاری جەستەیەوە نەیتوانی هەڵبستێتەوە سەر پێ. ڕەشە مارێکی گەورە خۆی خزاندە سەر جەستەی هیلاکی و پێیوە دا و یەك سەدە هەڵنەستایەوە. کاتێ کە لەم خەوە قووڵە بەئاگا هاتم وەك جاران لە جێگەی خۆم مابوومەوە و دڕندە و گیانەوەرەکان تخوونم نەکەوتبوون، لەوانەیە بەمردوویان لە

قەڵەم دابم یانیش دەسکە گیایەکی سەخرەجن کەوتبێتە سەر جەستەم لە بەرچاوان ون بووبم. ونبوونێك کە وەك تۆزێکیش نەکەومە بەرچاوان. چاوەکانی خۆم هەڵگلۆفت، خۆم کۆکردەوە، هێزم دایەوە بەخۆم تا بگەڕێمەوە شارەکەم و خەڵکەکەی کۆ بکەمەوە. کۆکردنەوەیەك کە ئەوەندە زۆر یەکدەست بێت بتوانێ هەموو ئەم پەرژینانەی کە ماون تێك بشکێنێ و دیواری ترس بڕووخێنێ. ئەم ترسەی کە لەوەتەی هەینە هێلانەی خۆی لە نێو دڵماندا چێ کردووە و لەگەڵماندا گەورە بووە و هێزی لەبەر بڕیوین و بەم هۆیەشەوە قڕیان کردووین و ئێمەش خۆمان پێکەوە بەیەك دڵ و یەکدەست و یەکڕیزەوە بەرەنگاری بووینەوە و تێنوێتیمان نەشکاوە و هەمیشە بیر و خەیاڵمان لە ئاوە... ئاو... ئاو... ئاو... ئاوی حەیات تا ئەو ئاوە نەخۆینەوە تێنویتیمان ناشکێ. گەڕامەوە، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ڕێگەم بڕی... لە شارەکەم نزیك کەوتمەوە. باب و باپیرانم نەمابوون، نەوەیەکی دیکە پێشوازییان لێ کردم. شارەکەم هێشتا شوێنی وێرانەو شەڕ و چەکە کۆکوژەکانی پێوە مابوو. چوار میری غەوارە شارەکەیان چوار لەت کردبوو. نەمتوانی بگەمە لایەکانی دیکە لەبەر تەلبەند و پاسەوانەکانی سنوور، بەڵام لەم لاوە کە بۆی گەڕامەوە خۆم گەیاندەوە نەوەکانم. نەیان دەناسیم، ناهەقیشیان نەبوو من سەدەیەك لە نووستن بووم، کە هاتمەوە نەوەی خۆم نەمابوو و ئەم نەوەیەش نەیاندیبووم، بەڵام کە چیرۆکی خۆم و بەسەرهاتی چوار براکەم بۆیان گێڕایەوە باوەڕیان پێ کردم و ئەوانیش ئەم بەسەرهاتەیان دەماودەم بۆ گێڕانەوەیەك کە ورد و درشتی گەشتەکەمیان دەزانی و بەپەرۆشیشەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەم بوون. گەڕانەوەیەك کە ئەوان لە من پێی شادتر بوون. میر هاتنەوەی منی پێ زانیبوو و دەشیزانی خەریکی تەیارکردن و ئامادەکردنی خەڵکەکەم، بەڵام چیاکان بووبوون بە بەربەست و تەواو هێزی بەسەر ناوچە شاخاوییەکاندا نەدەشکا، منیش لەوێوە دزەم کرد و

خۆم بۆ سەفەرێکی سەخت ئامادە کرد. وردە وردە خەڵکەکەم تێ گەیاند دەبێ ئێمە هەموومان پێکەوە بگەینە لای ئەو شکەوتەکە و هەموو پێکرا مێشك و بازوومان بکەین بە ڕم و قەڵغان و بەیەك چارەنووس بۆ ڕووخانی دیوارەکان بچین. تا دەگەینە ئاوی حەیات و شارەکەمان ڕزگار دەکەین. لەم بانگەوازەدا پارچەی شارەکەم یان نەوەکەم بوون بەدوو گرووپ. بەشێکیان نائومێد بوون و لە میرەکان دەترسان و هیوای بڕینی ئەم هەشت دیوارانەیان نەبوو، بۆیە تەنیا دەیانویست بژین و تووشی ڕاکردن و ماڵوێرانی نەبنەوە و ئەگەر لەبەر دەستی میرەکانیش بێت شارەکەی خۆیان بەجێ نەهێڵن، بەکورتی کورد گوتەنی کڵاوی خۆیان گرتبوو با نەیبات، بۆیە ئەوانە نەهاتن و لە جێگەی خۆیان مانەوە. گرووپەکەی دیکەش بەدوای ژیانێکی بەختەوەریدا دەگەڕان، بۆیە شمشێری خۆیان لە کالان دەرهێنا و بووین بەبەشی هەرە زۆر بەگەڵم کەوتن، پێش ئەوەی بەرەو ئەشکەوتەکە بەڕێ بکەوین لای خۆمان لە بنکەکانی میر پاك کردەوە، بەڵام ئەوانی دیکە هێشتا لە ژێر فەرمانی ئەو بوون. خەڵکەکەم ئامادە کرد و خورد و خۆراکە پێویستییەکانی خۆمان خستە ناو توورەگەکانمانەوە. لەبەر پیلانی میرەکان نۆ ساڵان بەرێگاوە بووین تا گەیشتینە بەردەم ئەشکەوتەکە. نۆ ساڵانی دیکەش بە سکی برسی و هەوڵ و کۆشش و دیوارەکان بووینەوە تا گەیشتینە بەردەم دیواری هەشتەم. ئەگەر ئەم دیوارەش بڕووخێنن دەگەینە سەرکانییەکەی خدری زیندە و بەجامەکەی هەزار کلیلەوە ئاوی حەیات دەخۆینەوە و چی دیکە کۆیلایەتیمان نامێنێ و میرەکانیش وازمان لێ دێنن و خاوەن میری خۆمان دەبین. دیاربوو ئەوانیش ڕۆژ بەڕۆژ چرکە بەچرکە ئاگەیان لە هەموو هەوڵ و جوولەیەکی ئێمە بووە بۆیە وازیان لە دوژمنایەتی خۆیان هێناوە بەهەموو توانایەکیانەوە دیواری هەشتەمیان ئاسن ڕێژ کرد. ئاسنێك کە ئێمە نەتوانین بەهیچ شێوەیەك لێی بپەڕینەوە. ئێمەش شنگ و

تاقەتمان لەوە زیاتر بڕی نەدەکرد، لەمەش زیاتر بجەنگین هەمووومان لە ناو دەچووین. بۆیە هەموومان بووینە ئێشکگر و چاومان بڕییە دیواری هەشتەم، بەڵکو ئێ دەروازەیەکی لێ ببێتەوە یان درزێکی تێ کەوێ و بپەڕینەوە.

١٩٩٩

## هەڵگەڕانەوەی ڕووبار

پیرە بەدەم ئازارەوە دوا ڕۆژەکانی خۆی دەپێچایەوە و کەوتبووە بەردەم شەپۆلان. شەپۆلەکان کە لەنگەریان لە دەست بڕیبوو، بەڵام تەنیا ئەوەندەیان بۆ هێشتبووەوە، نەبووبوو بەدێوانەی چیا و چۆڵان. ئەم چۆڵاییانەشی وا لە پێش بیناییدا سڕانەوە و تەمێکی ڕەشی قەترانی کەوتە سەرچاوان. چاوەکانی لە تێنوێتیدا ڕۆندکەکانی خۆیان دەڕشت و تەڕاتییان دەدا بە لێوان. لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد و لەسەرخۆ و لە دڵەوە دەیانکردە قورپێوانێك کە کڵاوی پڕ لە وردە گەڵای سپی دەرژاندە کێوان. کێوەکان بەسەرهاتی ئەویان بۆ پەیامبەرانی دنیا دەم دەم دەهێنایە دوان. دوانێك کە هەرچی تەیروتواڵی ئەم مەملەکەتە هەبوو، تێی دەگەیشتن و خۆیان لە جەستەی پیرۆزی هەڵدەسوی و بەسۆز و عیشقێکی سۆفییانەی پاکەوە بۆی دەپاڕانەوە و دەگریان. گریانێك کە لە پشت حەوت چیا و دۆڵ و نشێوان ئیسۆیان ڕادەچڵەکاند و پەیامێکیان دەنایە دڵ پڕ لە وەیشوومە و پڕ لە ژان. ژانە سەرێك کەوتە ناو کەللەی مێشکی حەجمانی لێ بڕیبوو و برادەرانیشی دەستیان لە ڕاو سارد بووەوە و کەوتنە دڵەڕاوکێ و ترس و داڕمان. داڕمانێك لە بەفر خراپتر بوو بەپەلە ڕێگەی گەڕانەوەیان گرتەبەر و تاسان. تاسانێك، هەواڵی کۆستێك، ماڵوێرانییەك، جیابوونەوەیەك، فڕینی ڕۆحێکی پیرۆزی بەگوێیاندا دەچرپاند و دەیانزانی تازە کەوتوونەتە ناو وەرزێکی دیکە و ئەوەی پڕیاسکەی خەمێکی دیکەیان دەداتە دەست، بێ شك گەڵاوەرینە و پێی دەڵێن خەزان. خەزانێك درەخت و مرۆڤ و بوونەوەر وەك یەکدی هەڵدەوەرێنێ و گیانە پیرۆزەکان بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان. ئاسمانێك لە مەینەتی و فرمێسکەکانی پیرە دڵۆپی حەسرەتیان دەباراند و دڵیان پڕ دەکرد لە

تەمتومان. تەمتومانێك ئیسۆی لە گەڕانەوە دواخست و دایكی عیسۆش دواكەوتنەكەی بەهەل زانی و كوڕی خۆی بردە لای باوكی و دەیویست بیخاتە بەردڵان. ئەو دڵە ڕەقەی وەك بەرد بوو، بەوەندە وازی نەهێنا و بەهەموو فێڵ و مەكرەوە بۆ ئیسۆی زڕ كەوتە پیلان. پیلانێك بۆ سڕینەوەی ئیسۆ و وەرگرتنی بەرەكەت بۆ عیسۆ و وەرگرتنی پەیامی باوك و فەرمانڕەوایی و كلیلی مەملەكەتی عیشقستان. عیشقێك كە لە دڵی پیرەدا خەفە كرابوو و پێی خۆش بوو پێش هەڵفڕینی ڕۆحەكەی خوێنی نێری بەپشتی متمانەی ئیسۆ بسڕێتەوە و پەنجەمۆری مەملەكەتیش بەدیاری بكاتە بەرەكەت و دوای خۆی ئیسۆ ببێ بەشوان. شوانكارییەك لای خۆی ئیسۆ هەڵبژاردە و سوارچاك و كوڕی بەئەمەك و دادپەروەر و بۆ میللەتی خۆی دەبوو بەنان. نانێك بۆ مەملەكەتی عیشقستان سەرداری بۆ مسۆگەر دەكرد و ئەگەر بەهەڵبژاردنیش بوایە خەڵكەكە هەر ئەویان پەسند بوو، بەبێ شك و بێ دوودڵی و بەبێ گومان. گومانێك دڵی ناسكی پیرەی كون كردبوو كە تازە ئیسۆی ناكەوێتەوە بەرچاوان و ئیدی هێزی ئەهریمەن وا خەریكە خۆی دەكاتە گیانێكی شەڕانگێز و تاڵی و نەهامەتی وماڵوێرانی و شەوەزەنگ دەخاتە وڵات و ئیتر ئەو دەستە پیرۆزانەی ناكەونەوە پێشی تا دەستە پیرۆزەكانی خۆی بخاتە ناو دەستان. دەستی ڕەش و نەهامەتی چەشنی شەیتان گەییە ئیسۆ و نەیهێشت بزانێ كە باوكی چاوەڕێی هاتنەوەی ئیسۆیە، بەڵام قەت بیریان لەوە نەكردبووەوە كە عیسۆی دڵ تاریكستان خۆی دەگەیەنێتە سەر ڕێگەی براكەی و دەیخافڵێنێ و لە هەواڵی باوكی دڵنیای دەكا و دووری دەخاتەوە لە بەرچاوان چاوە سیحربازەكانی عیسۆ و پیاوە شەیتانییەكانی كۆشك و سەرا ڕێگاكانیان هەموو گرت و كردە بۆسە و ئامادە بوون بۆ ڕمبازی و هاویشتنی تیروكەوان. تیری دەستی پیاوێكی شەیتانی عیسۆ پێكای دڵی ئەو شاكوڕە و لەبەر زەبری ئاگرینی ئەم تیرەدا پیرەی خستە چاڵی مەرگ و جەستەشی

هێنایە لەرزان. لەرزانێك کە بوورایەوە و لە بەئاگاییدا زانی کوندەبەبۆی نەگبەتی شووم لەسەر ماڵەکەی نیشتووە و مەملەکەتی کردووە وێران. وێرانێك لە وەرزی ڕەشدا ڕۆحی پیرۆزی ئەویشی هێنا لێوان. لێوەکانی بزاوتن و پڕ بەدەنگی هاواری ئیسۆی کرد و دەنگی دایەوە لە دەشت و کێوان. کێوەکانیش وەڵامیان دەدایەوە و کۆستێکی گەورەیان دەخستە دڵی، بەڵام کەسێك نەبوو بەمردووییش لاشەکەشی بۆ بێنێتەوە و تا تێر بۆنی بکا و ماڵئاوایی یەکجارەکی لێ بکات، ئینجا سەر دەنێتەوە و لە دنیای ئەمدیو پێك شاد دەبنەوە لەگەڵ شازادەکەی جوانی لاوان. لاوانی مەملەکەت خۆیان ساز و ئامادە و تەیار کرد تا بچن بەدوای گەورە و سەرداری هەڵبژاردەی خۆیان. خۆیان لە سوپا شەیتانییەکەی عیسۆ دزییەوە و سواری ئەسپ و ولاغی خۆیان بوون و کەوتنە سۆراغ و بەدواگەڕان. گەڕانی ئەوان تەواو نەبووبوو و نەگەڕابوونەوە کە عیسۆ نێرییەکەی بەبریندار خستە بەردەم پیرەی باوکی و مەرجی پاشایەتی هێنایەدی، چونکە دابونەریتی مەملەکەتی ئەوان وا بوو، دەبوایە ئەم بەبرینداری بیهێنێ و لە پێش باوکی سەری ببڕێ و ئەویش ناو لەپی خۆی لە خوێنەکەی وەردا و وەك مۆر بخاتە سەر پشتی ڕووتی، ئینجا حەمام و سەرشۆری بۆ ئامادە دەکرێ و بەجلی پاشایەتی شان بەشانی مارشی مەملەکەت دەیخەنە سەر کورسی مەلیك و حەوت شەو و ڕۆژان ئاهەنگ بەردەوام دەبێت، ئەویش دوای تەواوبوونی ئاهەنگ و خۆشی دیاری خۆی بەسەر ڕەعیەت دابەش بکات و خەریکی ئیشوکاری مەملەکەت دەبێ، خۆشی دنیایەکی دیکەی دەکەوێتە پێش چاوان. بەچاوە سیحربازەکانی سەرکەوتنی پیلانەکەی لە دایکی گەیاند، ئەویش بزەیەکی کرد و زانی تازە عیسۆ پاشای مەملەکەتە و ئیسۆش بووەتە خواردنی سیسارکە کەچەڵ و داڵاشان، ئەگەر وەبن گڵیشەوە نرابێ لە بن خاکدا دەبێتە خۆراکی جورج و مشك و ماران. مارەکە پێیوە دا و ژەهری خۆی ڕژاند، پیرە پێش ئەوەی

دەست بخاتە ناو خوێنی نێری و ئاهەنگی شاهانە دەست پێ بکات گیانی دا و ڕۆحی پیرۆزی هەڵفڕی بۆ ئاسمان. ئاسمانێك پڕ بوو لە ئەستێرەی داڕژاو دنیا بوو بەخۆرگیران. خۆرگیرانەکەش شینی دەکرد و بەستەزمان. بەستەزمانانە دوای گەڕانێکی زۆر حەوت شەو و ڕۆژان ڕێگەیان بڕی و گەڕانەوە بێ هیوا و بێ لاشە و بێ تەرمی کوڕی جوان. جوانمەردەکان دەستیان دایە چەك و یاخیبوون لە پاشای بەناهەق و شێرانە جەنگان. جەنگێك ڕووبارێکی خوێنی لێ دروست بوو و ڕژایە شاران. لە شارەکانیش دەنگەکان کپ دەکرانەوە و پاشا کەوتە خۆو قڕکردنی سوارچاکانی خستە ئەستۆی یاساولان. یاساوڵەکان بێ گیان ڕم و شیریان تیژ دەکردەوە و منداڵ و پیر و جوان لە ناو دەبردران. بەم لە ناوبردنە مەملەکەت گیانی هاتە سەر لێوان. لێوە بەبارەکان ڕق و قینیان لێ هەڵدەچۆڕایەوە و شەڕ و کوشتار درێژەی کێشا بۆ ماوەی نۆ ساڵ و نۆ مانگ و نۆ ڕۆژان. ڕۆژەکان وا بەئاسانی تێنەدەپەڕین و لاپەڕە خەمبارەکانیش ئاودیو نەدەبوون. بوونی برسییەتی و ئێش و ژانی ڕەعیەت بووە هۆی هەڵتەکاندنی ڕەگ و ڕیشەی یاساولان. یاساوڵەکانیش ماندوو بوون، بێزار بوون، توورە بوون، ڕق لە دڵ بوون. ڕقیان گەیشتە سەر لێوان و زۆربەی زۆریان گەڕانەوە ناو سەنگەری میللەتی ژێر چەپەرۆکی بالادەستان. دەستەکانی پاشا کەوتنە لەرزین، گیانی کەوتە هەلەکە سەماو تەخت و تاراجی کەوتە ژێر پێیان. پێیەکان کەلەبچەیان لێ داماڵرا و دەستەیەك سوارچاك بوون بەنوێنەری ڕەعیەت و کەوتنە خۆ بۆ چاککردنەوە و ئاوەدانکردنەوە و پاراستنی دەستدرێژی نیشتمان. نیشتمان کەوتە دەرهاویشتنی تاڵی و سوێری شەڕانگێزان. شەڕ و شۆڕ باری کرد و دیموکراسی بوو بەدەستووری بالایان... بالایی دەوڵەت و گیانی خۆشەویستی بوو بەئاوێنە و گەڕاندیانەوە گیانی پڕ لە خۆشەویستی ئیسۆی نەوجەوان. نەوجەوانیش بوون بەسەربازی ئێشکگر

و ڕۆحـی خـۆیـان خستـه سەر دەستان. دەستـەکـانیش کە بـەگژ زوڵـم و زۆرداریـدا چـوونـەوە و دەستـی پیرۆزی پیرە بوو بـەچـەتر و پـارێزگـاری بــەسەر سەریان. سەری خـۆیـان بــەرز کـردەوە، ئـاسمـان پـڕ بـوو لــە خوشنوودی و ئەستێرەی بریسکاوە و فیردەوس و گوڵ و گوڵاڵەی پڕ بۆن و تـەیـری ڕەنـگـاوڕەنگ و مـەلـی جـوان جوان. نیشتمـانی خۆیان کردە ئەلبومێك و بەجوانی و دڵگیرییەوە خستیانە بەرچاوان.

٢٠٠٠

## ویستم چیرۆکێك بنووسم

بیرۆکەی سەرەکی چیرۆکەکەم لە مێشکی خۆمدا دارێشتبوو، هەر ئەوەندەی مابوو بیگوازمەوە سەر کاغەز و دەست بەنووسینی بکەم. پێویستم بەجێگە و کەشێکی ئارام هەبوو تا ئەو هزرانەی خۆم لە دەربڕینێکی جواندا ببتە نووسین. ئەم بێدەنگی و ئارامییە بەهیچ شێوەیەك دەستەبەر نەدەبوو. بەهەرحاڵ ئێوارەیەك دوای نان خواردن و چایە خواردنەوە قەڵەم و کاغەزم ئامادە کردو و بۆی دانیشتم. دەستم کرد بەدالغە لێدان و بیرم کردەوە. یەکەم ڕستە کە لە دایك دەبێ زەحمەتە دوای ئەوە ڕستە و گوزارشتی دیکەی بەدوادا دێ و کاتێکت زانی چیرۆکەکە تەواو بووە، یا قەڵەمەکەت لە شوێنێك ڕادەوەستێ چی دیکە نەماوە بیڵێی، ئەوێ کۆتاییی چیرۆکەکەیە.

قەڵەمەکەم دانایە سەر کاغەز و ویستم دەست بەنووسین بکەم، لە نکاوڕا منداڵە بچووکەکەم بەغاردانەوە بەرەو لام هات و خۆی خستە سەر پشتم و قەڵەمەکەی لە دەست دەرهێنام. گەلێك هەوڵم دا تا قەڵەمەکەی لە دەست دەربێنم، بەڵام ئەو خراتر مەرەقی لێ داگرتبوو نەیدامەوە. ناچار بووم کاغەزەکانم پێچایەوە و وازم لە نووسین هێنا... شەو بەدەرفەتم زانی کاتێ کە کوڕە بچووکەکەم خەوی لێ کەوتبوو تا جارێکی دیکە قەڵەم و کاغەز دەربێنم و بەڵکو هەر هیچ نەبێ سەرەتای چیرۆکەکە بنووسم. بەڵام ئەمجارەش نەمتوانی چونکە تازە دەستم لەسەر کاغەز دانابوو بنووسم ئەو کاتە خێزانەکەم لەملاوە بانگی کردم و هاواری کرد: «هەستە واز لەم پەڕە کاغەزانە بێنە، دڵۆپێك ئاومان نییە و مشوورێکی ئاوەکە بخۆ» ئەمەش یەکێك لەو گرفتانەی هاوینان بوو کە بەتایبەتی من بەدەستییەوە دەمناڵاند. هەستام و نەمویست لە ماڵەکەم ژاوەژاو پەیدا بێ، بۆیە جارێکی

دیکەش نەمتوانی دەست بەچیرۆکەکەم بکەم. درەنگانی شەوێ خێزانەکەم خەریکی جل شوشتن دەبێ و کراس و پانتۆڵەکەم دەپشکنێ و وێنەی ئافرەتێك لە گیرفانی کراسەکەمدا دەدۆزێتەوە کە لە پشتی وێنەکەدا نووسرا بوو «بۆ بەرێز... شوان خۆشناو لەگەڵ ڕێزمدا» دەکاتە هات و هاوار و قیژە و قژ ڕنینەوە، بەم شەوە بێ ئەوەی لێم بپرسێ مەسەلە چییە، منداڵەکانی هەموو لێ خڕ کردمەوە، تا دەهات گەرمتر دەبوو هەڕەشەی دەگەیشتە کۆڵان. ئەوکات لەبەر خۆمدا پڕۆڤەی داڕشتنی سەرەتای چیرۆکەکەم دەکرد، بەڵام ناچار دیسان دەستی خۆم لێ کێشایەوە و جارێکی دیکەش وازم لێ هێنا... هەرچەندی هەوڵم لەگەڵی دا و تکام لێ کرد و لەبەری پاڕامەوە و پێم گوت: «وێنەکە هی ئەو ئافرەتەیە کە لە ڕۆژنامەکەماندا چاوپێکەوتنمان لەگەڵیدا کردبوو، بەڵام وێنەکەیمان بۆ نەهاتبوو، ئەم ئێوارەیە بەبرادەرێك بۆی ناردبوومە چایەخانە و تۆش بێ ئەوەی بزانی مەسەلەکە چییە کردت بەم فەرتەنەیە» ئەویش هێشتاکە بڕوای نەدەهێنا، بەڵام ئەمجارە بێ هەڕ و گیفکردن دەیگوت: «ئەوا هەموو شتێك ئاشکرا بوو بۆیە هەموو جارێ دەتگوت: ئافرەت خەریکم ژنێکی دیکە دێنم، ئەگەر وا نەبێ بۆچی وێنەکە پێشکەشی تۆ کراوە» هەرچۆنێك بوو توانیم باوەڕی پێ بێنم کە وێنەکە بۆ ڕۆژنامە هاتووە و ئەرکی منیش وەك ئەندامێکی ڕۆژنامەکە تەنیا گەیاندنە ئینجا وازی لێ هێنام، بەڵام لەبەر خۆشیەوە هەر پرتە و بۆڵەی بوو گلەیی لە پیاوانی ئەم زەمەنە غەدارە دەکرد.

منیش زۆر پەست و خەمبار بووم چونکە تێکنەگەیشتن ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ لە دوا ڕۆژدا کاریگەری خۆی هەر دەبێ، بۆیە لەو دەمەدا بیرۆکەی چیرۆکەکەم هاتەوە یاد کە دەرفەت نەبوو بینووسم، ئەوا بەسەر خۆشمدا هات، دەبێ هی خۆم کەی بنووسم. چیرۆکی برادەرەکەم لە ئەنجامی گاڵتەیەك دروست دەبێ، کەچی هی من وێنەیەك دەبێتە گرێچنی

چیرۆکەکە بێ ئەوەی لای خۆمەوە هیچ حیسابێکم بۆ کردبێ. لە چیرۆکەکەدا ئەو بڕادەرە ئەم شەوە زۆر بەختەوەر دەبێ و ماڵ و منداڵەکانیشی تا درەنگانی شەو بەختەوەر دەبن و ئاهەنگی خۆشی دەگێڕن، چونکە ناوی لە لیستی ئەو ئەندامانە بوو کە سەندیکاکەیان زەوی پێ بەخشین. لەگەڵ خێزانەکەی دەیان بیرۆکە دادەنێن و نەخشەی دوارۆژی خۆیانی بۆ دەنەخشێنن. ئەویش بۆ گاڵتە گوتبووی: «ژنەکە دەڵێن عاردەکەمان پارەیەکی باش دەکات، بەڵام خۆ ئێمە هەر ناتوانین بیکەین بەخانوو، بۆچی نەیفرۆشین و پارەکەی بەشێکی دەدەم بەتۆ و منداڵەکان و بەشەکەی دیکەشی خۆمی پێ نوێ دەکەمەوە».

هەرکە ئەم قسەیەم لە دەم هاتبووە دەر، ئیتر مەپرسە چی ڕووی دابوو، خێزانەکەی وەك فیشەکە شێتە بەڕوویدا دەتەقێتەوە و بەهیچ بارێك ڕاناوەستێ تا دەمەقاڵێیەکەیان دەگاتە کۆڵان و خەڵکەکە بۆ ناوبژیوانی ڕوو دەکەنە ماڵەکەیان و شەڕەکە ڕادەگرن ئاشتیان دەکەنەوە، بەم مەرجەی جارێکی دیکە ناماقووڵی وا نەکات یان گاڵتەی لەم جۆرە نەکات. ڕەنگە دوای ئەوەش ژنەکەی هێشتا هەر لێی بەگومان بێت.

منیش وەك ئەوم بەسەر هات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نەمتوانی یا دەرفەتم بۆ نەڕەخسا هیچ کامێك لەم دوو بەسەرهاتە بکەم بەچیرۆکێك یانیش هەردووکیان تێکەڵ یەکتری بکەم و چیرۆکێکی تەنز ئامێزی لێ دروست بکەم.

لەگەڵ هەندێش نووسینەکە لە کەللەی دابووم و وازی لێ نەدەهێنام.

نیوەشەو هات و منداڵەکان هەموویان نووستبوون.

بۆیە منیش وام بەچاك زانی بەسەر ئەم دەرفەتە باز نەدەم و لەم بێدەنگییەدا دەست بەنووسینی چیرۆکەکە بکەم.

هێشتاکە نیو دێرم نەنووسیبوو کە خێزانەکەم خۆی جوولاندەوە و

چاوەکانی خۆی هەڵگڵۆفت و بەتوورەییەوە گوتی:

– ئەرێ ئەوە چیتە لە ئێوارەوە هەر خەریکی ئەم پەڕە کاغەزانەی، ئەوە چی بوو ئەم نووسینەی تۆ هەر تەواو نەبوو؟

– بڵێم چی دەنا هێشتاکە نەمتوانیوە چیرۆکەکە بنووسم.

– دەی خێر ئینشاڵا لە ئێوارەوە خۆت لە کەس نەگەیاندووە و نیو سەعات نەهاتووی لە ناوماندا دابنیشیت و وەك بڵێی لەمماڵەدا میوان بیت، بەردەوامیش قەڵەم و کاغەزت لە دەست بووە، ئەدی پێم ناڵێی چیت کردووە؟

– هیچ

– ئەدی پێم ناڵێی چیرۆکەکەت لەسەر چییە؟

– شەڕی ژن و مێردێك.

– ئەوە من و تۆین.

– نەخێر

– هۆی شەڕەکەیان چییە، ناکا لەسەر چوون و نەچوونیان بێت بۆ هەندەران؟

– نەخێر لەسەر عاردە.

– ئەرێ بەڕاست بۆچی چیرۆکێکیش لەسەر ژیانی خۆمان نانووسی؟

– ئەم شەڕەی لەسەر وێنەکە؟

– نەخێر لەسەر شەڕی بەردەوامی من و تۆ بۆ هەندەران.

– ئەوە جارێ لێی گەڕێ لە دوارۆژدا دەیکەم بەڕۆمانی.

–ئێستا پێی ناوێ، واز لە چیرۆك و ڕۆمان بێنە، ئەگەر دەتەوێ خێزانەکەمان بەختەوەر بێ و ئاسوودە بین بمانبە بۆ هەندەران.

– دیسان بەزمەکە دەستی پێ کردەوە.

–ئەرێ وەڵا ئەوە کەی ژیانە ئێمەی تێداین، مادام ناتوانی بەچاکی بەخێومان بکەی و ناتوانین وەك ئەو خەڵکە بژین، بمانبە بۆ هەندەران.

ئەو کاتە ئێمەش وەك ئەو خەڵکە ئیش دەکەین و ئەگەر هاتینەوەش بەپارەیەکی چاك و ئۆتۆمبیلێکی چاکی وەها دێینەوە و لای خەڵکیش بەقەدرتر دەبین.

– مادام دەتوانین بژین مەملەکەتی خۆمان خۆشترە و غەریباتی ناخۆشە. کەی پارەت پێویست بووە و لێم گلداویتەوە.

– دە مادام وایە دەبێ وەك مەلیکان بەخێومان کەی، ئەوە نییە دوو مانگە داوای سەد دینارت لێ دەکەم بۆ ماکسییەك و هەموو جیرانەکان لەبەریان کردووە و تۆ دڵت نایەت بمدەیتێ.

دە بێنە سەد دیناریش دانێ ماڵی خوشکت منداڵیان بووە و ناکرێ بەدەست بەتاڵییەوە بچینە لایان.

دەی بزانم چۆنمان دەژێنی ئەوەیە کە دەڵێی ئێرە لە هەندەران خۆشترە.

بێدەنگ بووم... هیچم بۆ نەگوترا.. هیچ وەڵامێکی دڵخۆشکەر و ڕازیکەرم پێ نەبوو.. ناچار ئەمجارەش دەستم لە نووسینی چیرۆکەکە هەڵگرت.. ڕەنگە ئەوەشیان بۆ خۆی چیرۆکێك بێت.

ئیتر نازانم کەی دەرفەتم دەبێ ئەم بەسەرهاتانە لە چیرۆکێکدا کۆ بکەمەوە.

بێ شك پرۆژەی چیرۆکێکم لە مێشکدا دروست بووە. بەڵام کەی دەینووسم؟ ئەوەیان نازانم.

٢٠٠٠

## کەفی دەریا

وێنەکانی ڕابردوو هەموو خرانە ناو ئەلبوومێك و هەڵگیران. یادەوەری و مێژوو بوون بەمشتێ خۆڵ و لەسەر دەستان هەڵفڕین. چاوەکان لە ئاستی دیمەنەکانی دوێنێ کول بوون و شارە دوورەکان مەرهەمی زامی ئایندەیەکی شاردراوە بوون.. هەنگاوەکان خێرا و بەپەلە بوون و وەك هەزاران قاچی سەرنشینانی مەملەکەت شەقامە برینداره‌کانیان دەپێچایەوە.

دەستە شەقارەکان مێژووی میرنشینەکانیان خستە ناو زەمبیلێك و بەپشتی خۆیان دادا و بەلەمە داهێزراوەکانیش بەدەریای گەورەیان سپاردن. دیمەنە تراژیدیاکان لەوێوە کەوتنە بەردەم دیدگای چاوەکان.. چەند منداڵێك بەدەم هەنسکی گریانەوە:

– منداڵەکانی کۆڵان بەجێ ناهێڵین. نایەین بمانگەڕێننەوە.

– وس.. س .. س.. وسبن.. باگورگ نەتانخوا. دوو نووسەر سەریان بەسەری یەکترەوە نابوو یەکێکیان لە دەمڕاستی بەلەمەکەی پرسی؟

– گەیشتین بەکوێ؟

– هێشتان لە دۆزەخەکەی هزری باربۆس نەچووینەتە دەرەوە.

– تازە جارێکی دی ئاوڕ نادەمەوە.

– وا مەڵێ غەریبی ناخۆشە.

– جا کێم ماوە بۆی بگەڕێمەوە.

– بۆ گۆڕستان.

پیرە مێردێك کە سێ ڕۆژ پێشتر لە دامەچییەکانی پێش مزگەوت خواحافیزی کردبوو، بەدەم گریانەوە یادگارییەکانی خۆی لە دەفتەرێکی

کۆن نووسی و خستییە کونە دیوارێکەوە. دەستەکانی دەلەرزی و دوعای دەکردو دەپاڕایەوەو دەیگوت:

– بزانن چیتان پێ کردم، ئەگەر تاقە خزمێکم لێرە دەمایەوە هەرگیز بەگەڵتان نەدەکەوت.! کێ لەوێ خەمەکانی من دەلاوێنێتەوە؟

– بابە خەم مەخۆ ئەوەندەت زەحمەتە تا دەگەینە ئەوێ. لەوێ هەموو شتێك بۆ پەککەوتەکان دابین کراوە. جارێکی دیکە گەنج دەبیتەوە.

نووسەرە سەرسپییەکە خۆی لە دوو گەنجە نووسەرەکەی دیکە ئاشکرا کرد و یەکتریان ناسی. لە دوورگەیەك نزیك کەوتنەوە لێیان پرسی؟

– مامۆستا ئێرە کوێندەرە؟

– بەهەشتەکەی «دانتی».

– ئەی دۆزەخەکەی؟

– «هیرمان هیسە» خستییە ناو کتێبی «گەشتێك بۆ ڕۆژهەلات»ی خۆیەوە و ئێمەش نایخوێنینەوە.

کاتێ لە مامۆستایان پرسی: ئاخۆ دوا بەرهەمی لەگەڵ خۆی هێناوە؟

مامۆستا فەرمووی: بەنیازە و نووسینی ڕۆمانێکی نوێی کەوتووەتە مێشك و چەندی دەکات بۆی نانووسرێتەوە، بەلام بڕیاری داوە کە گەیشتە ولاتی گوڵەزەنبەقە سپییەکان، تراژیدیای پەڕینەوەی خۆی و خێزانەکەی بکاتە داستانێك و بەو هۆیەوە کێشەکەی خۆی بە دنیا بناسێنێ و بەڵکو خەلاتی نۆبلیش ئاورێکی لێ بداتەوە.

پوورە زولەیخا لە ماڵەوە حەبی زەخت و دڵی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو بۆیە لە ناو بەلەمە شڕەکە بوورایەوە. کوڕە گەنجەکەی کە تازە سمێڵی خۆی تاشیبوو و قژی خۆی حەفر کردبوو و چاویلکەیەکی ڕەشیشی لە چاو کردبوو دەیویست ئاوی ناو دەریاکە بەدەموچاوی دایکیدا بکات.

پیرە مێردەکە بەتووڕەیییەوە پێی گوت:

– ئەم بەستەزمانە هی ئەو ڕێگە سەختە نییە.

– ئەی جەنابت بۆچی خۆت لە ڕێگەی هات و نەهات داوە؟

– ئاخر من، بڵێم چی حاڵەتی من جیاوازە.

– جیاوازی چییە... ئەمە ڕێگەی هەموومانە ئەگینا نەهەنگەکان دەمانخۆن.

– نەهەنگەکانی دەریا یا...

– جیاوازی نییە، بەڵام من لەبەر منداڵەکانم نەبێ پشت لە وڵات ناکەم.

– مامە تۆ چوویتە ئەم شانۆگەرییەی **١١** ساڵە لە شارەکانی وڵاتی ئێمە نیشان دەدرێن و بەردەوامە.

– کامە شانۆگەری؟

– بەتووڕەیی ئاوڕێك لە دوای خۆت بدەرەوە.

– نەخێر، بەڵام پێم وایە ئێمەش هەمووومان لەم شانۆگەرییەدا بەشدارین!

دایکەکە بەخۆ هاتەوەو هاواری کوڕەکەی کرد:

– ڕۆڵە زۆرمان ماوە وا بزانم ناگەمە ئەوێ و دەمرم.

– نا دایە دڵگیر مەبە، لەوێ چاك دەبیتەوە پێویستت بەحەب و دەرمان نامێنێ.

– ئینشاڵا، بەڵام لەوێ جلەکانم پێ مەگۆڕە، من نازانم جلی مۆدە لەبەر کەم.

– دایە نابێ.. پێویستە تۆش فێری مەدەنیەت بی، دوو نووسەرە لاوەکە خۆیان خستە ناو دەمەتەقێکە و یەکێکیان گوتی:

– لەسەردەمی گلۆبالیزمدا، جلە کۆنەی باب و باپیران بوونەتە فۆلکلۆر و پێویستە نوێ بکرێنەوە.

– چی لەبەرکەم؟

– جلی مۆدەی نوێ.

مامۆستای نووسەر خۆی پێ نەگیرا و گوتی:

– بابە گیان کەی ئەوە کێشەی سەرەکیمانە لە پۆست مۆدەرنێتەدا لە باخچەیەکدا هەموو گوڵەکان هەن و هەریەکە و بەجیا بۆنی خۆی لێ دێ و پێکەوەش باخچەکە جوان دەکەن.

– کەواتە مامۆستا گیان. لێم دەگەڕێن، بەجلکی خۆم بمێنمەوە؟

– بەڵێ مەدەنیەت بەئەقڵ و لۆجیکە نەك بەجل گۆڕین.

– مامۆستا ئاخر ئەمەش بەشێکە لە پێشکەوتن.

– نەخێر پێشکەوتن بەڕوخسار و ناوەڕۆکە.. بەڕەفتارە، بەهەڵسوکەوت، بەڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵە، بەوەرگرتنی گیانی دیموکراسی و دادپەروەری و سەروەری یاسایە.

– ئەی ئێمە بۆچی نابین بەم کۆمەڵگەیە!؟

– ئێمە هەموومان نەوەی هابیل و قابیلین؟

– ناکرێ لەم داوونەریتە ڕزگارمان بێت.

– ئەگەر بووبووایە بۆچی لە ناو بەلەمی ئاسماندا سەوڵی ڕزگاربوونمان لێ دەدا و چاومان دەبڕییە کەناری ئارام و بەهەشتی دانتی.

چەند نەهەنگێك لە دوورەوە بەرەو لای بەلەمەکە دەهاتن. سەرنشینەکان هەموو ترسیان لێ نیشت.. بوو بەزریکەلێدان و بابەڕۆ غەڵبە غەڵب و حەپەسان.. ڕیشدارە چاویلکە لە چاوەکەش دەستی بەدوعا خوێندن کرد و دەستەکانی بەرەو قووڵایی ئاسمان درێژ دەکرد و فووی بەناو دەستەکانی خۆی دادەکرد و سەری خۆی بادەدا.

– یا شێخ دوعای خێرمان بۆ بکە.

– وس،بن! هێندەمان نەماوە با خوا غەزەبمان لێ نەگرێ. چیمان لە چارە نووسرابێ هەر ئەوەیە.

پیرەمێردەکە ڕووی لە شێخ کرد:

– یا شێخ دەبێ ئەمجارە ڕزگارمان بێ

– بەرگە بگرن.. ئەوەی خوا نەیکا نابێ، گەنجێك بەدەم هەنسکی گریانەوە:

– پێڵاوەکانم دڕان، سێ شەو و سێ ڕۆژە بەناو دارستانەکەدا ڕۆیشتووم. نەحەساومەتەوە! دوای ئەم هەموو ئازارە نەهەنگ بمخوات.

– منیش مانگێکە لە ژوورە تەنیاکەی ئیستەمبۆل لە دنیا گۆشەگیر بوویمە.. مانگێك چاوەڕوانی ئەو فریاد ڕەسەی بەسەر شەپۆلاندا بمگوازێتەوە بۆ خەونەکانی پشت دەریا، ئەو خەونانەی چەندان ساڵە گەورە و بچووکی خەڵکی وڵاتەکەم تا بەیانی بۆ وەدەستهاتنی دەمیان پڕ کەف دەبێت، بەڵام قەی ناکا وا بەرگەم گرت و قەدەر گەیاندمیە ناو ئەو بەلەمە، ئاخۆ ئەو خەونانە دەمگەیننە بەهەشتی ئەوبەر؟ هێشتا دەڕۆم بەرگەی هەموو ئازارێکیش دەگرم، تازە سەرێکە و هێناومەو ناگەڕێمەوە، مەگەر تەرمەکەم بگەڕێننەوە نیشتمان دەنا بەسەر ئەو هەورانەدا ڕەت دەبم، لەم شار بۆ ئەو شار لەم دارستان بۆ ئەم دارستان، لەم دەریا بۆ ئەو دەریا.. ناگەڕێمەوە و بڕیارە.. دەبێ بەرگە بگرم؟ ئا. چۆن بەرگە ناگرم.. کەسانی میللەتەکەم ئازان و ئەوە نییە ئەو خەڵکە بەم دەرد و ئازار و مەینەتییە گەیشتوونەتە هەموو کووچە و کۆڵانێکی دنیا. منیش بەرگە دەگرم، تەنیا ناتوانم بەرگەی یەك شت بگرم ئەویش گەڕانەوەیە. با بڕۆین و بەتووڕەیی ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەینەوە وەك ئەو شانۆگەرییەی باسیان کرد پوورە زولەیخا وەك ئەوانەی دیکە نەبوو، بەردی مەملەکەتی لەسەر

سینگی لانەدەکەوت، بۆیە وەك پاڕانەوە ڕووی لە سەرنشینی بەلەمە یاخییەکە کرد و پێی گوتن:

– ئازا بن ئەو بڕیارە بدەن، پەژیوان ببنەوە.

– ئەوە چی دەڵێی پووریْ خەڵەفاوی؟

– با بگەڕێینەوە، ئەو وڵاتە شیرینە نەکەینە دیاری بێگانە.

– وڵات

– وڵات

– وڵات چییە؟

– وڵات هی کێیە؟

چما من خاوەن وڵاتم؟

وڵاتی من ناوی چییە؟

– کیْ گەرەنتی مانەوەمانە لە وڵات؟

منداڵەکان ئاگایان لە هیچ نەبوو یارییان بەکەفەکانی دەریا دەکرد. کەفەکان تێکەڵی شەپۆڵەکان دەبوون و لە بەرچاوی کاوەدا دەمێك دەبوون بەگەڵای درەخت و دەمێکیش بەگەڵای ئەمریکی و ئەویش باوەشی خۆی دەکردەوە و بایەکەش کۆشی پڕ دەکرد. لەو کاتەدا شەپۆڵی هۆشی تێکەڵ شەپۆڵەکانی دەریا دەبوو و بەقات و جلێکی جوانەوە خۆی لە ناو باڵەخانە و ڕیزە دووکان و ئۆتۆمبێلەکانی پێش ڤێلاکەی دەدیتەوە. دوو پاسەوان بەدوایەوە بوون و شوفێرەکەشی دەرگەکەی بۆ دەکردەوە و ئەویش لە پشتەوە دوا مۆدێلی عەفریتەکەی سوار دەبوو و لە پشت چاویلکە ڕەشەکەیەوە خەڵکەکەی بەسەری پەنجەکانی مەرحەبای لە برادەرەکانی دەکرد.

– ئەی هاوار وا نەهەنگەکان نزیك بوونەوە.

لەگەڵ ئەم هاوارە هەموو سەرنشینەکان گەڕانەوە ناو بەلەمە یاخییەکە.

– خوایە هاوارە.

– وەی دایە گیان نامەوێ بمرم.

– کوڕم بۆ هێنامت لە چیم کەم بوو.

– بمگەڕێننەوە نایەم.

– وس بن.. شین و گریان دادمان نادات.

جەماعەت با گەردەنی یەکتر ئازاد کەین.

– خوای بێ کەسان بەهانامان وەرە، هێشتا تامی ژیانمان نەکردووە.

– دایە.. بمخە باوەشت نەهەنگەکان دەمخۆن.

– یا ئاڵڵا خوایە ڕەحمێك بەو منداڵانە بکەی.

نەهەنگەکان چەند مەترێك مابوو بگەنە بەلەمەکە.. هەموو سەرنشینەکان هاواریان دەکرد و دەگریان.. هاواری فریاد ڕەسێکیان دەکرد. بەڵام لە ناو ئەم دەریا گەورەیەدا کەس گوێی لە دەنگیان نەدەبوو. هەموو لە ترسا فاتیحە و قولوەڵڵاو ئایەتولکورسی و دوعایان دەخوێند. هەموو چاوی خۆیان داخستبوو و چاوەڕوانی مەرگێکی بەکۆمەڵیان دەکرد.. گرمەیەك هات و هەموو کەوتنە ناو دەریا.. قیژاندی و هاواری کرد.. خێزانەکەی و منداڵەکانی هەموو لەگەڵیدا ڕاپەڕین و خۆیان گەیاندێ و دەستیان لە ملی کرد.

– چی بووە؟ خێر چی قەوماوە، ئەوە مۆتەکە بوو یان خەون؟

ئەویش چاوەکانی خۆی هەڵگڵۆفت.. هێشتان زمانی نەدەهاتە گۆ.. تاسا بوو. کە چاوەکانی خۆی کردەوە زانی خەونە.. دەستی لە ملی خێزان و ماڵ و منداڵەکەی کرد.. زانی شەڕەکەی ئەمشەوەی گەیاندوویە بەم خەونە. ئێ خۆ ئەمە شەوی یەکەم جاری نەبوو ئەو لەگەڵ خێزانەکەی مشتومڕیان

بوو.. بەردەوام لێیان دەبوو بەگفتوگۆ و هەندێ جار دەگەیشتە ڕادەی زویر بوونیش:

– هەموو بارگەیان تێکنا و گەیشتن و بەسەردانیش گەڕانەوە و خانووشیان کڕی. تەنیا ئێمە ماوینەتەوە.

– وازم لێ بێنە، بەتەنیا نیم، ئەم بارە قورسە بەمن هەڵناگیرێ.

– ماڵ و کەلوپەلی خۆمان هەمووی دەفرۆشین.

– بەشی پەڕینەوەمان ناکات.

– قەرزاری دەکەین.

– کێ بەکەڵکی کێ دێت؟

– ئێرە ژیانی تێدا نەماوە، یان دەبێ گیرفانت پڕ بێ و وەك پاشا بژی دەنا لە برسا دەمری، کەچی لەوێ خەڵك خەمی هیچ شتێکیان نییە.

نەیدەزانی چی بکات لە دەست سەرکۆنەی خێزانەکەی. داوا و داخوازی و خەرجی منداڵەکانی، بایەخ پێنەدانی لە لایەن دەزگاکەی خۆی.

لە لایەك خەونە خۆش و ناخۆشەکانی دەیانگەیاندە باوەشی ئارام و دەیانپەڕاندەوە بەهەشتی ئەوبەر کە بەئاگاش دەهاتەوە هەموو ڕۆژ« وەك جاران.. بەیانییان بۆ فەرمانگە و نیوەڕۆیان پشوویەك خەو.. ئێواران بۆ مەچکۆ، شەوانیش بۆ یانە و خواردنەوە.

درەنگانی شەویش بۆ ئوتێلی ماڵەوە.. بەم جۆرە دیسانەوە جارێکی دیکە بەیانی بۆ فەرمانگە. کە هیچ گۆڕانێکی بەخۆوە نەدەبینی وەك ئەوەی هەموو ڕۆژێ لە دوای شەو ڕۆژ دەبێتەوە و لە دوای ئەویش دیسان شەو دێتەوە ژیانی ئەویش خەونەکانی لێ بترازێ کە ئەویشی لێ دەبوون بەکەفی دەریا دەنا هەموو ڕۆژێك وەك جاران دووبارە دەبووەوە وەك مزراحێك هەمیشە بەدەوری خۆیدا بسووڕێ تا بەردەبێتەوە.

ئەویش ئاوا تا مردن یەك جۆرە ژیان بەسەر دەبات تا فەنابوون، هیچ گۆڕانی تێدا نەدەبینی وەك لە دەوری بازنەیەكی بەتاڵ بخولێتەوە، بەردەوام بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە و تا دەهات باری سەرشانی قورستر دەبوو، قورساییەك ڕەنگە لە ناو ئەو بازنە بەتاڵەدا بەڕۆژ تەواو گۆشەگیری بكات و ژیانی بخاتە مەترسی و شەوانیش چۆلەكەی خەونەكانی دەیانپەڕاندەوە فیردەوسەكەی دانتی.

٢٠٠١

## ساڵی ٢٠١٠

ماوەیەك بوو لە جاران زیاتر هەستی بەتەنیاییەکی کوشندە دەکرد.. حەزی گەڕانەوە تەواو بیر و هۆشی لێ داگیر کردبوو، گەڕانەوەیەك بەرەو بیرەوەرییەکانی منداڵی و هەقایەتەکانی داپیرەی و گەمە و قسە خۆشەکانی باپیرەی ڕەحمەتی و یاریی و تۆپانێی هاوڕێکانی کۆڵان و برادەرانی قوتابخانە و سەرجەم بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی شارەکەی، ئەو شارەی تەمەنی جێهێشتنی لەگەڵ تەمەنی لاوێتیدا لێ بزر بوو.

ئەو دەمانەی لە قوتابخانەش بوو خەیاڵی لەگەڵ هاوڕێکانی سەردەمی منداڵی قوتابخانەی پیرە گەڕەکەکەی خۆیان بوو. کاتێ کە دەگەڕایەوە ماڵەوە و خۆی لە ناو شوقەیەکی چۆڵ و تەنیا دەدیتەوە و تەنیاییەکەی کوشندەتر دەبوو.

ئەو دەمانە شەپۆلی بیر و خەیاڵی دەبوو بەکۆترێك و ئەم هەموو سنوورە دوورانەیان دەبڕی و تا لەسەر منارەی چۆلی دەنیشتەوە و پشوویەکی دەدا و دواییش بەرەو گەڕەکەکەی خۆیان و لەوێش دەبووەوە بنیادەمەکەی جاران و دەگەڕایەوە سەردەمی منداڵی و تێر لەگەڵ منداڵانی گەڕەك تۆپانێ و یاری و غارغارانێی دەکرد تا بێزار دەبوو، ئینجا بەهێواشی خۆی دەخزاندە ماڵی داپیرە و لە ناو نوێنەکەیدا لە باوەشی کپ و ئارامی ئۆقرەی دەگرت و دەحەسایەوە و مێشکی دەهاتەوە دۆخی جاران و خەوی لێ دەکەوت، بەڵام کە بەئاگا دەهاتەوە دەیدی بەدیار کۆمپیوتەرەکەی خۆیەوە ڕۆژە سەختەکانی شیکاگۆ بەڕێ دەکات و ئەو تەنیاییەی لێ بووبوو بەدێوەزمەیەك و سواری سەر ملی بووبوو، زۆریشی لەبەرئەوە بوو کاتی بێ کاری ئەوەندە زۆر بوو، بەتەماشاکردنی فیلم یارییەکانی C.D کۆتاییان نەدەهات، بگرە بەتەماشاکردنی

ئـینـتـەرنێتیش تـەنیـاییـیـەکـەی نـەدەڕەوییـەوە. دایك و بـاوك و خـوشك و براکانی هەمیشە لە تەنیاییدا بەجێیان دەهێشت و هەرکەسە خەریکی کاری خۆی بوو، لە بەیانییەوە تا درەنگانی شەو بۆ چەند ساتێك یەکتریان دەدیت و لێکتر گرد دەبوونەوە، ئینجا جارێکی دیکە سەرلەنوێ هەرکەسە و بـەرەو کـارەکـەی بـەڕێ دەکـەوتـەوە و جـارێکـی دیکـە بـەتـەنیـاییـیـان دەسپارد.

جار جارە نەبێ کە لە پشوویەکی گشتیدا هەموو پێکەوە دەخزانە ناو قەرەباڵغی ئەم شارە و شوێنە خۆشەکانی ئەم شارە وەك خێزانێك دەیگرتنە باوەش، بەڵام بەم کزە بایەش دڵی تەنیای فێنك نەدەبووەوە پەنجەرەی ناخی بەسەر جەنجاڵی ئەم شارەدا نەدەکرایەوە. هەموو بیرکردنەوەکانی دەیانگێڕایەوە بۆ ڕابردوو، دەمێك بوو دەخیلەکەی خۆی بۆ ئەوە گرتبوو تا بتوانێ بەم پەیوەندییە تەکنۆلۆجییە نوێیە کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە بەتەلەفزیۆنی ئەو ماڵەی کە لە هەر کونجێکی دنیادا دەیەوێ کەسانی ئەو ماڵە بدوێنێ و بیدوێنن بگەیەنێت، وەك ئەوەی سەفەرێك بکات، بەڵام بـەجـەستـە هـەر لـە جـێگـەی خـۆی بـێت.. ئـەو دەیـویست یـەکڕاست خـۆی بخزێنێتە ناو شاشەی تەلەفزیۆنی ماڵی داپیرەی و هیچ نەبێ بەوێنە و دەنگ جارێکی دیکە پێی شاد دەبێتەوە، هیچ نەبێ غەریبی ٩ ساڵەی خۆی پێ بڕەوێنێتەوە، چونکە کە ڕۆیشت ئەو تەمەنی ٦ ساڵان بوو، ئێستاکەش کە ساڵی ٢٠١٠ز. یە تەمەنی ١٥ ساڵانە، ئەم نۆ ساڵی خەونی بەردەوامی بەداپیرەیەوە دەدیت، چونکە لە کاتی منداڵیدا تەنیا لە ماڵی ئەواندا و بـەتـایبـەتیش لـەگـەڵ ئـەودا دڵی ئۆقرەی دەگرت و دەحەسایەوە، هەموو جارێ کە دەچووە ماڵێ کوڕ و کچەکانی هەرکەسە خەریکی کاری خۆی بوو، کەسێك دەرفەتی نەبوو ڕووی بداتێ و بیدوێنێ، ئەویش بەم تەمەنەوە حەزی لە تەنیایی نەدەکرد، خوا خوای بوو یەکێك هەبێت خەمەکانی بڕەوێنێتەوە بۆیە کە دەهاتە ماڵی حەسەنباز ئەو داڵدەی دەدا و حەزی لە

سەربردە و هەقایەتەکانی دەکرد، تا درەنگانی شەو تەنیایی یەکتریان دەڕەواندەوە و لە دواییدا لە ناو ئەفسانەکانی داپیرەدا خەوی لێ دەکەوت، ئێستاکە ئەم پەیوەندی کردنە نوێیە ولآت و شارەکەی ئەوانی خستووەتە ناو کۆمپیوتەرەکەی حەسەنباز، بەلآم پارەی بەشداریکردنەکە گران بوو لە توانای هەموو کەسێکدا نەبوو لەم تۆڕەدا، بۆیە ماوەیەکە لە خەرجی خۆی گل دەداتەوە و ئێستاکەش بایی ئەوەندەی پارە لەسەر یەکتر داناوە بتوانێ بەم تەکنۆلۆجیا نوێیە جارێکی دیکە دوای ئەو دابڕانە سەختە بەوێنە و دەنگ داپیرەی بدوێنێ. بڕیاری دا جوانترین چەپکەگوڵی شیکاگۆ وێنە بگرێ و بۆی بخاتە سەر شاشە و لەگەڵ ماچ باراندا بۆی بنێرێ.

پەیوەندیکردنەکە وایە کە دوگمەی ولآتەکە دەکرێتەوە ئیشارەتی کۆمپیوتەرەکە دەبێتە کۆترێك و لەسەر پایتەختی ولآتەکە دەنیشێتەوە دوایش دوگمەی شارەکە لەگەڵ جوولانەوەیدا دەچێتە سەر شاشە.

ئینجا کۆلآن بەکۆلآن تا دەیگەیەنێتە ئەم ماڵەی کە مەبەستە.. دوای داگرتنی دوگمەکە کۆترەکەی حەسەنباز هەڵفڕی و لەسەر قەلآی هەولێر نیشتەوە، ئینجا پێش ئەوەی بەکۆلآنەکاندا بیگێڕێ بەچوار دەورەی شار و بەسەر گەڕەکەکاندا گێڕای و ئینجا ڕووی خۆی بەرەو لای چیای سەفین وەرگێڕا و بەرەو گەڕەکی شۆڕش و دواتریش بەرەو کۆنە گەڕەکەکەی خۆیان ملی ڕێگەی گرت، کە گەیشتە ئەوێ لەسەر تەلی تەلەفزیۆنەکە نیشتەوە و لەگەڵ داپیرەیدا کەوتنە بەرامبەر یەکتر، داپیرە زۆری پێ سەیر بوو، یەکێك لە تەلەفزیۆن بیدوێنێ، لە سەرەتاوە وای دەزانی ئەمەش پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنە یا زنجیرەی تەلەفزیۆنی کوردی ئاسمانییە، بەلآم کە حەسەنباز خۆی پێ ناساند، داپیرە شاگەشکە بوو، بۆیە پڕی دایە تەلەفزیۆنەکە و یەکتریان ماچ کرد. دوای گریان و سکالآ و هەواڵ پرسین و باسکردنی کەسانی خێزانەکەیان، حەسەنباز باسی ئەم تەکنۆلۆجیا گەیاندنە نوێیەی بۆ داپیرەی کرد، داپیرەش باسی تەنیایی خۆی و نامۆیی

خەڵکی گەڕەکەکەیان و شارەکەی بۆ کرد، کە بووەتە جێگەی خەڵکی بێگانە و لە گەڕەکەکەی ئەوان کۆنە جیران و هاوەڵێکی لێ نەماوە و خزمەکانیش هەموو وەك ڕەوەکۆتر بەدنیا و شاراندا بڵاو بوونەتەوە، کەسێك نەبوو هاموشۆی بکات و تەنیایی خۆی پێ بڕەوێنێتەوە، خەڵکی شارەکە کەسیان یەکتر ناناسن. دوای ئەوە حەسەنباز چەند کارتێکی پێ مابوو حەزی دەکرد تۆزێك شارەکە بەسەر بکاتەوە، بۆیە داپیرەی بەجێ هێشت و تۆزێك بەسەر گەڕەکەکەیاندا سووڕایەوە، یادگارییەکانی منداڵی هەموو لە چرکەیەکدا خڕبوونەوە و بەمێشکیدا گوزەریان کرد، بەدوای گۆڕەپانی یاریکردندا گەڕا، بەڵام نەیدۆزییەوە، بینی لەم جێگەیە چەند باڵەخانەیەکی گەورە دروست کراون بەدوای برادەرەکانی خۆی گەڕا کەسیانی نەدۆزییەوە پێی سەیر بوو نەیدەزانی نەئەو زەینی کوێر بووە نەبرادەرانیشی هیچ کامێکیان لەو شارەدا نەماون، بێ ئامانج ئەوێی بەجێ هێشت و بەناو شەقامەکانی شاردا گوزەری کرد. شەقامەکان لە پڕاو پڕی جۆرەها ئۆتۆمبێلی کۆن و نوێ و پایسکل و عارەبانە و ماتۆڕ بەزەحمەت جێگەی ڕۆیشتنی لێ دەبووەوە، شۆستەکان پڕا و پڕبوون لە فرۆشیاری دەستفرۆش بۆیەش خەڵکەکە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکان بەناو شەقامەکان وەردەبوون. کە لە ئاسمانەوە سەیری ئەو شارەت دەکرد، چڕە دووکەڵێکی خەست داپۆشیبوو، درەختە گەورەکانیش لەبەر بێ ئاوی و چڕە دووکەڵ زەرد هەڵگەڕابوون.

زەوییەکان ئەوەندە وشك و برینگ دیار بوون، لە زۆر جێگەدا خاکەکەی شەقار شەقار کردبوو، لە خوێندنەوەی کەشناسی تەلەفزیۆنەکاندا دەیزانی ئەمساڵ پلەی گەرما لە ساڵان بەرزترە و خەڵکەکەش لە گەرما هەندێکیان چەتریان هەڵگرتووە و عەرەبانچی و تەڕە فرۆشەکانیش شەپقە و کڵاوی حەسیر و لبادیان لەسەر دەنا، خەڵکێکی زۆریش لەبەر دووکان و چایخانە و چێشتخانەکاندا باوەشێنیان لە خۆ دەکرد،

خەڵکەکەی بەسەر لێشێواوییەوە دەدیت وەکو گێژیان لێ هاتبوو، هەموو بەدەم وڕێنە و خەیاڵەوە بەناو یەکدا تێ دەپەڕن، پیر و منداڵ و شێت و پەککەوتەی زیاتر دەکەوتە بەرچاوان، زۆر مەراقی بوو هەست و نەست و ڕاز و نیازی ناخی خەڵکی شارەکەی بزانێ و ئاگای لە گوزەران و باری دەروونی ناوەوەی خەڵك بێت.، بەڵام ئەوەیان لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و تەکنەلۆجیایەش پێی نەدەکرا. حەزی دەکرد بزانێ خەڵکی وڵاتەکەی چۆن بیر دەکەنەوە، لە پاراستنی زمان و مێژوو و ڕابردووی خۆیان بەردەوامن یا نە. حەزی دەکرد بزانێ بۆچی لە دنیادا تەنیا وڵاتەکەی ئەو ماوەتەوە ئاڵای نەگەیشتووەتە ڕیزی نەتەوە یەکگرتووەکان. بۆ ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکەش بیری لە جێگرەوەیەك، دۆستێك، هاوڕێیەکی قوتابخانەی، برادەرێکی کۆڵان دەکردەوە. یا دەبوایە پەنا بۆ هەر خێرخوازێکی دیکە ببات، پەیوەندی پێوە بکات و بەنامە هەموو شتێکی پێ بگەیەنێ، بەڵام چەندی دەکرد کەسێکی چنگ نەدەکەوت.. ئەوەی دەیناسین لە خزم و برادەر و کەسانی سەردەمی خۆی هیچیان لەم شارەدا نەمابوون، پەناهەندەی وڵاتان بوون.. حەسەنباز پێش ئەوەی سنووری شار بەجێ بهێڵێ بیری کردەوە، دەبوایە سەرێکیش لە گۆڕی باپیرەی بدات، ئەو باپیرەی کە هێشتا ئەو فامی دەکرد و نەدەکرد لە کۆڕەوە ملیۆنییەکە لە خانەوادەی خۆی بزر بوو و تەمەنی درێژی بۆ ئەو بەجێ هێشت. هەندێك دەڵێن لە نزیك حاجی ئۆمەران نەخۆشی تەنگی پێ هەڵچنیوە و مردووە و هەر لەوێش شاردوویانەتەوە، هەندێکیش دەڵێن لە نزیك هێڵە دەستکردەکان لەبەر سەرما و لە برسانا و لەبەر هیلاکی مردووە و لەوێ گۆڕەوشاریان کردووە، بەڵام ئەو کاتی خۆی لە باوکی خۆی پرسیبوو، ئەویش پێی گوتبوو: نەخێر کە لە شار دەرچووین لە ڕێگە لێمان ون بووە و گوایە خزمێکی خۆی لە ڕێگەی کۆیە لە پیرەر ناشتوویەتی، باوکیشی ئەو سەربردەی لە هەموویان بەڕاستتر دەزانی، بەڵام گۆڕەکەی ناوی لەسەر

نەنووسراوە، کەچی باوك و دایکی سەردانیان کردووە و دەزانن کامەیان گۆڕی ئەوە.. کەچی ئێستاکە ئەو پێی نازانێ بیری کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: جا قەیدی چییە ئەگەر پێشی نەزانم بەسەر گۆڕستانەکەدا ڕەت دەبم، تاوێك لەوێ دەوەستم و فاتیحایەکیش بۆ ڕۆحی باپیرە و هەموو مردووەکانی گۆڕستان دەخوێنم، ئەی گوایە ئەو گۆڕستانەی ئەوێ هەموو برانین کێ دەڵێ دەیان شەهیدی لە باپیرەی نازدارتریشی لێ نییە، بەدەم یادگارییەکانی باپیرەی کۆترەکانی سەر شاشەی بەردەمی سووڕاندنەوە لای سنووری کۆیە، لە چرکەیەکدا ئەو دەمانەی هاتەوە یاد کە باپیرەی هەموو جاران دەهاتە ماڵەکەیان و بەهۆی ئەوەوە پارێزی نەخۆشییەکەی دەشکاند و پارەی دەدایێ و دەیگوت: «بڕۆ کوڕم دوو کێك و بیبسی بێنە و بۆ خۆمان دەیخۆین» ئەویش بێ دڵی نەدەکرد و خۆشی حەزی لێ بوو، بەڵام دوایی لای باوکی ئاشکرای کرد، باپیرەی نەعلەتی لێ کرد و پارەی لێ بڕی و چی دیکە بەدزی خواردنی لەگەڵ نەدەخوارد. سنووری شاری بڕی و گەیشتە نزیك تابلۆ نەخشێنراوەکانی ئاشتی کە هونەرمەندە دڵسۆزەکانی میللەت دار و بەردی سنوورە دەستکردەکەیان بە بەردە ڕەنگا و ڕەنگەکانەوە کردبوو بەتابلۆ و پێکەوەیان گرێ دابوو. چاوی گێڕا سێ چوار گۆڕستان سنووریان بەتەنیشت یەکترەوە بوو هەر گۆڕستانە و بە زمانێك مێژووی مردووەکانی خۆی گەڕاندبووەوە پێش زەمەنی لە دایکبوون و هی ئێمەشیان تێدا بزر کردبوو، ئەو کاتە ئەوەی هاتەوە بیر کە کاتی خۆی بەهۆی ئینتەرنێتەوە لە ڕۆژنامەیەکی کوردی خۆمانی خوێندبووەوە کە ئەو جۆرە گۆڕستانانە بێ مردوو دروست کراون و هیچ بنچینەیەکی مێژوویی نییە، لە بیری چوو لە نەنکی بپرسێ ئەوانەی لەو شارەدا جێگەی کۆچ کردووانیان گرتۆتەوە چ ڕەگەزێکن، بەڵام کە لە گۆڕستان ڕەت بوو دوو سەنگەری بەرامبەر یەکتری بینی هەریەکە و لە لایەك، بەڕەنگی ئاڵای خۆی ئەمبەر و ئەوبەری جادەکەیان دوو لەت

کردبوو لە بەرانبەر یەکتریش دەبابە و سەنگەریان لێکتر گرتبوو، بینی چەندان ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و ئۆتۆمبێلی نەفەرهەڵگر لە شەقامەکە وەستاون و بێ پشکنین و هێنانە خوارەوە و پرسیار و وەڵام ناهێڵن هیچ کەس ئاودیوی نیوەکەی دیکە بێت، ئینجا خۆی وەڵامی پرسیارەکەی پێشتری خۆی دایەوەو بێ ئەوەی لە گۆڕستانەکەشدا فاتیحایەك بۆ باپیرە و مردووەکانی دیکە بخوێنێ نەگۆڕستانەکەی پێ دۆزرایەوە نەتاقەتی ئەوەشی مابوو جارێکی دیکە بەم تامەزرۆیە بەسەر ئاسمانی ئەو شارەدا بمێنێتەوە، بۆیە بڕیاری دا خۆی و کۆمپیوتەرەکەی خەمی یەکتر بلاوێننەوە و ئەو پرسیارانەش کە لە لای دروست بوون و تا ئەو ساڵە کە ساڵی ٢٠١٠ز. یە کەسێك نەبوو وەڵامیان بداتەوە ئەو بتوانێ زیاتر بخوێنێت و بەهۆی کۆمپیوتەر و زانستەوە، وەڵامیان بۆ بدۆزێتەوە و لە داهاتووشدا شوێنی وڵاتەکەی خۆی بەو کەسانە بڵێ کە پرسیاریان لێ دەکرد، بەمامۆستاکانی بڵێ ئەوانەی لێیان دەپرسی:

– تۆ خەڵکی کامە وڵاتی؟

ئەویش باسی وڵاتی خۆی بۆ دەکردن، کە باوکی بۆی دەستنیشان کردبوو، بەڵام ئەوان کە نەخشەی دنیایان دەردێنا و بەدوایدا دەگەڕان نەیاندەدۆزییەوە.

لێیان پرسی: بۆچی خەڵکی وڵاتەکەی تۆ شوێنی باب و باپیرانی خۆیان خۆش ناوێ و جێی دەهێڵن؟

– کارەبامان نییە.

– ئەوان پێ دەکەنین

– ئاومان نییە.

– گاڵتەیان پێ دەکرد

– دوا ڕۆژمان دیار نییە.

- سەری خۆیان دەلەقاند.
- چاو لێکەرییە!
- عەنتیکەیان پێ دەهات.
- بێ ئیشییە.
- زەردەخەنە دای دەگرتن
- گرانییە
- بەچاو دەیانگوت کوا؟
- ئەی تۆ؟

حەسەنباز نەیدەزانی لەم وەڵامانە کامەیان پەسندترن تا ئەو وەڵامەیان پێ بداتەوە بەڵام ئەو زوو خۆی پەڕاندەوە و گوتی:

- نازانم باوکم دەزانێ. بەڵام ئەو مەراقی بوو وەڵامی پرسیارەکان بەڕاست و دروست بزانێ، حەزیشی دەکرد بزانێ بۆچی تا ئەو مێژووە کە ساڵی ٢٠١٠ز. یە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و تا ئێستا پەناهەندەیە و نـاشزانـێ ساڵـی چـەند دەگـەڕێتـەوە وڵاتـەکـەی خـۆی، بـەڵام کـە ئـەو پرسیارەی لە کۆمپیوتەرەکەی کرد ئەو گوتی: برۆ جاری گۆڕی باپیرەت بدۆزەرەوە، ئینجا وەڵامی هەموو پرسیارەکانت پێ دەدرێتەوە ئەوکاتە منیش دەتوانم وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە. بۆیە بوو بەئێشگر و هاوڕێی کۆمپیوتەر، بەڵکو لە ڕێگەی زانستەوە گۆڕەکەی باپیرەی بدۆزێتەوە و لە تەنیایی و ئاوارەییش ڕزگاری بێ و تەنانەت لە سەرەمەرگیشدا بگاتە داپیرەی و جارێکی دیکە باوەشی پێدا بکات و تێر بۆنی بکا و لە باوەشیا خەوی ئاسوودەیی لێ بکەوێ و پێکەوە چەپکە گوڵی دۆزینەوە و گەڕانەوە و سەرکەوتن لەسەر گۆڕەکەی دانێن و داپیرەشی ڕێگەی باپیرەی نیشان دا و پەیامەکەی لێ وەرگرێ.

٢٠٠١

# ئاوێنە

١- ئاوێنە

ئەم ئاوێنە بچکۆلانەی بەر باخەڵم، قەت هەڵە ناکا، هەمیشە وێنەی مردووی خۆم نیشان دەدا.

٢- ئاوێنە

کە لە ئاوێنە شکاوەکەی بەرامبەرم سەیری دەوروپشتی خۆم دەکەم، هیچ کەسێك بەدی ناکەم، شارێکی تەماوی و خامۆش، خەڵکی بینە قاقای مەرگ، ناکەس بەچەکان دەبینرێن پردێکیان لەسەر ملی خەڵکی کردووە و لەمسەر و ئەوسەری شار تەراتێن دەکەن و میز بەئاوێنەکەدا دەکەن.

٣- ئاوێنە

کەللە سەرێك لە ئاوێنە ژەنگاوییەکەدا، دایە قاقای پێکەنین. دایە گریان لە شەهیدبوونی خۆی پەشیمان بووەوە.

٤- ئاوێنە

ئەم مەملەکەتەی ئێمە هەر جێگەیەکی هەڵی دەیتەوە، هەمووی هەر گۆڕستانە، کیمیاباران کراوەکان ئەنفالکراوەکان، کوشتاری دەست دز و جەردان لە ئاوێنە شکاوەکانی ناو گوفەکان ڕۆژێ سێ جار کەللە سەرەکانیان چاوشارکێ دەگەڵ یەکتر دەکەن.

٥- ئاوێنە

دوای خۆرگیرانەکە هەندێك بەدەستی ئالاوە بەچیاکەدا هەڵدەگەڕان هەندێکی تر ئالای جۆراوجۆریان هەڵگرتبوو و لە بناری چیاکە بارگەیان لێ خستبوو. هەندێك سکی خۆیان گرتبوو بەدوای کاروانی مردووان

کەوتبوون. تاقمێکی تریش بەدوای سیحربازێکدا دەگەڕان زەمەنیان بۆ بگەڕێنێتەوە دواوە. بوو بەچڕە دووکەڵ، لە دەلاقەکانی دەوروبەر، ئەژدیها ژەهراوییەکان، چاوەڕوانی ئەنجامی یارییەکە بوون. خەڵکی گەڕەکەکەم تێکبەربوون، لافاوی خوێن کەللەسەری ڕادەپێچا.. ئاوێنەکان خڕبوونەوە و لە حەژمەتان بوون بەمێژوونووس.

٦- ئاوێنە

لە مردووستانەکەدا دەم نادەم بنیادەمێکیان بەخەڵتانی خوێنەوە گلۆر دەکردەوە، تا دەهات لاشەکان لەسەر یەکتر کەڵەکە دەبوون. لە گۆشەیەکی ئاوێنەکەدا دیتم. پاسەوانانی شار لەگەڵ دز و پیاوکوژەکان پێکەوە دامەیان دەکرد.

٧- ئاوێنە

منداڵانی شارەکەم وردە ئاوێنەکانیان کۆ کردەوە و نەخشەیەکی تازەیان لێ دروست کرد. ڕمبازەکان هاتن مردووستانیان لەسەر نووسی و کردیان بەوانەی جوگرافیا.

٨- ئاوێنە

پێش ئەوەی بەرەو دەوام بکەوێتە ڕێ سەعاتێك لە پێش ئاوێنەکە خەریکی قژ ڕێکخستن و ماکیاج و تیف تیفە بوو. لە ئاوێنەی ماشێنەکەش هەر دەیڕوانییە وێنەی خۆی و سەر و قژی ڕێك دەخستەوە. کە گەیشتە بەردەم دایەرە، جانتاکەی دەستی کردەوە و بەئاوێنەکەی ناوی دیسان سەیری خۆی کردەوە. کە گەیشتە ژوورەکەی خۆشی لە ئاوێنەی ژوورەکەیدا دیقەتی خۆی داوە، ئەمجارە خۆی بەبەرەواژی دیتەوە، وێنەیەکی تری خۆی بوو.

٩- ئاوێنە

لە ئاوێنەی ئوتومبێلەکەدا دیقەتی ڕۆیشتنیان دەدا. لە ناکاو

پەلەواژیان کردەوە. عەلاگەیەکی ڕەش کە تاقە بلوزێکی لەنگەی تێدا بوو، ژمارەیەکی تری لە داستانی پیاوکوژان تۆمار کرد.

١٠- ئاوێنە

خۆم دانەواندەوە، ئاوێنەکەی ناو باخەڵم لێ کەوتە ناو زێرابەکەوە کە شۆڕ بوومەوە ناوی دەربێنم، سەیرم کرد جیهانێکی تر بوو. خەڵکی ئەوێ گۆشتی سەگیان دەخوارد.. لەگەڵ خوشك و دایکی خۆیان جووت دەبوون. زەلامیان وەك چۆلەکە سەردەبڕی. دز و جەردەکانیان لە باتی گیران خەڵات دەکران. نەدارەکانیان لە دیار مێزی ڕازاوەی گەورەکان تێر دەبوون.. باش بوو زۆر لەوێ نەمامەوە، کە ئاوێنەکەم دۆزییەوە بەهەڵەداوان هاتمە دەرەوە.. دەنا شتی سەیر و سەمەرەتریشم بۆ دەگێڕانەوە.

١١- ئاوێنە

بەدوو برا خانوویەکی ساکاریان بینا کرد. هەر خۆشیان دەستیان دایە کەرەستەی ڕووخان و لە ڕقی یەکتر تێکیان دەدا. باش بوو پێش ئەوەی تێك بچێ ئاوێنە ڕەنگاوڕەنگەکان بوون بەکاریتە.

١٢- ئاوێنە

«دایك و منداڵە ساواکەی، لە تەنەکەی بەردەم چێشتخانەکە دەلەوەڕان» ئەم وێنەیەم لە پشتی ئاوێنە خڕەکەی باخەڵم کردەوە و خستمە ناو نامەیەك و بەباڵی کۆتر بۆ ڕۆژنامەیەکی هەندەرانم نارد.

١٣- ئاوێنە

دوێنێ خەڵکی شارەکەم لە سێبەریشی دەرەوینەوە. ئەمڕۆ دۆستە و بجووڵێتەوە وەك نەهەنگ سەدان کەس لە بن دەست و قاچیدا دەپلیشێنەوە. کە مەملەکەت بوو بەشەوەزەنگ، ئەویش بوو بەپاڵەوانی شەڕ و خەلاتەکەشی کورسییەکی زێڕین بوو.

١٤- ئاوێنە

ڕۆژنامەنووسە بیانییەکە کە گەیشتە بازاڕی شێخەڵا، کامێراکەی خستە کار، وێنەی جۆراوجۆری دەگرت. خەڵکەکە لە خۆشییان شاگەشکە بوون.. بۆ ئەوەی وێنەکانیان دەربچێ، دەستە دەستە دەهاتنە پێش کامێراکەی.. هەر هێندەم زانی خەڵکی شار هەموو ڕژانە ئەوێ. بوو بەشایی و دۆڵ و زوڕنا.. هەموو هاتن بۆ ئەوەی ئەم ئاهەنگە خۆشە بەخەڵکی ڕابگەیەنن.

١٥- ئاوێنە

زۆرم نەمابوو بگەمە سەر ترۆپك. هێشتا بەردەکەم لەسەر پشت بوو.. لە ناکاو بەرپێنەیەکم درایێ.. کەوتمە ناو چاڵێکەوە، بەردەکە کەوتە سەر جەستەم، بەخاکەوە نووسام. دالاشە برسییەکان نێچیری خۆیان دەستکەوت، لە دەورم دەسووڕانەوە، لە دیارما هەڵترووشکان. چاوەڕوانی ئەوە بوون لە بن بەردەکە بمێنمەوە. کە هاتمە دەرەوەش شالاوی مەرگم بۆ بێنن. هەڵۆیەکی گەورە هات بەردەکەی لەسەر لادام و وەك جاران خستییەوە سەر پشتم، لە چاڵەکە دەری هێنام و نان و ئاوی دامێ. تۆزێك پشووم هاتەوە بەر. هەنگاوم هەڵێنا نەدەگەیشتمە جێ. کاتێ لە ترۆپك نزیك دەبوومەوە، هەڵۆکە ڕێی بەدالاشەکان دەدا بەردەکەم لەسەر پشت فڕێ دەن و بۆ ناو چاڵەکە گلۆرم بکەنەوە. دیسان وەك جاران بەردەکەم بەکۆڵ دادەدرایەوە. سەیری ئاسمانم دەکرد یەك پارچە بووبووە ئاوێنە، کەچی بەردەکەی سیزیف هەر لەسەر پشتی من بوو.

١٦- ئاوێنە

هەموو ڕۆژێك ئاوێنەیەکی نوێم دێنا و لە دەرگەی قەڵام دادەنا. خەڵکی شارەکەم پێی بەختەوەر بوون. شەوان ناکەسبەچەکان دەیانشکاند، لەبەر ئەوان چی تر نەوێرام بەم ناوەشدا بچم.. سێرەیان لێ گرتبوو، ئەوەی لە قەڵاکەش نزیك دەبووەوە خەڵتانی خوێنیان دەکرد.

١٧- ئاوێنە

کورتترین چیرۆکی کوردی تا ئێستا خوێندبمەوە ئەوە بوو «دایە گیان خواحافیز» منیش دەمەوێ لەو برادەرە کورتتر بنووسم، بۆیە دەبێ بڵێم «دایە» یان بڵێم «خواحافین» یان «بای بای»، بەدڵم نەبوو بۆیە بیرۆکەیەکم بۆ هات کە بڵێم: «دایەگیان خواحافین، بەڵام بۆ هەندەران» کە سەیرم کرد لە چیرۆکەکەی ئەو برادەرە درێژتر بوو، بۆیە بڕیارم دا کە هەر لەم ڕستەیە سەرەتای پیتەکان هەڵبژێرم، ئەوسا چیرۆکەکەم بەم شێوەیە دەبێت «د.خ.ب.هـ» ئیتر نازانم خوێنەران ئەم مۆدیلە چیرۆکەم لێ وەردەگرن یان نا؟ ڕەخنەگران حیسابی وردترین چیرۆکی کوردیم بۆ دەکەن یان نا؟

**تێبینی:** ئەگەر کرا وێنەی فرۆکە و کوردێکی سەربەشەبقەم بۆ بکەن بەناونیشانی چیرۆکەکە و ئاوێنەکەی بازاڕی شێخەڵاش لەسەر سەری بێ و بای بای لێ بکات بۆ هەندەران.

١٨- ئاوێنە

لەسەر کورسییەکەیدا تەماشای خۆی دەکرد بینی هێشتاکە بچووکە، بۆیە کورسییەکانی شوێنی کارکردنی خۆی هەموو کۆ کردەوە و وەك سۆپەرمانێك جلیتبازی لەسەر دەکردن. هێندەی نەبرد بەهۆی شکانی پێچکەی کورسییەك کەوتە خوارەوە. هیچ دکتۆرێك چارەی نەکرد و نەیتوانی جارێکی دیکە ببێتەوە سۆپەرمانی کورسییەکان.

١٩- ئاوێنە

لە ناو گۆڕەکەیدا بۆ بەختی خۆی دەگریا، چونکە کە بەڕێیان کرد لە چەند خزم و کەسێکی بترازێ کەسی دیکە لەوێ نەبوو. لەو دنیاش بەغەریبی بەخاك سپێردرا کەچی مردووەکەی بەرامبەری سەدان پلەدار و پاسەوان و کاسەلێس و بەسەدان ئۆتۆمبێلی گرانبەها ئاپۆڕەیان لە دەوری گۆڕەکەی بەستابوو.

٢٠– ئاوێنە

سەیری هەر ئاوێنەیەکی دەکرد وێنەی خۆی بەسەراوژێری دەهاتە پێش چاو. سەری لێ سورمابوو نەیدەزانی نە ئەو لێی تێك چووە نەئاوێنەکان وای پیشان دەدەن. بوو بەدوژمنی ئاوێنە، لە هەر شوێنێك بیدیبا و نیشانیان بدایە دەیشکاند. پشتی لە ئاوەدانی کرد تا چیتر چاوی بەئاوێنەکانی شار نەکەوێتەوە.

٢١– شەمەندەفەر

سواری شەمەندەفەرێك بوو.. لە کاتی دابەزینیدا سەیری کرد کەللەسەری خۆی لە یەکەم وێستگەدا ون کردووە.. ناچار بەهەمان ڕێگەدا گەڕایەوە شوێنی یەکەم جار. تا کاسە سەری خۆی بدۆزێتەوە.

٢٢– تابلۆیەك

لە پێشانگەکەدا گوریسی خەیاڵی ئاڵۆزکا. کەلای چاوەکانی لەم تابلۆیە چەقین کە دیمەنەکەی ئەمە بوو: کابرایەکی نیوە مردوو.. خەنجەرێکی ژەهراوی بەسەرکیدا ڕووچووبووە خوارەوە. جەستەی هیلاك و ماندووی لە خوێنا شەلاڵ بووبوو. ئەگەر تابلۆکە گیانی لەبەر بوایە، باوەشی سۆزی پێدا دەکرد و پێی دەگوت:

– بابە منیش وەك تۆ ئەم ڕێگەیە سەختە دەگرمە بەر.

٢٣– داربەڕوو

لە بیرمە جاران کە منداڵ بووم دەچووین لە داربەڕووەکانی قەد پاڵ چیا باخەڵی خۆمان پڕ دەکرد، کە دەهاتینەوە لە ناو ئاگردانی ماڵەوە دەمانبرژاندن و لە خواردنی تێر نەدەبووین. پاشان کوڕی ئاغا ئەم ڕێگەیەی لە ئێمە قەدەغە کرد.. کە گەورە بووین هەستمان پێ کرد کە ئێمەش بەشمان هەیە، گوندەکەمان ئاوەدان کردەوە، درەختەکانیش لەگەڵیدا چرۆیان دەرکرد.

٢٤- گەشتێکی خەیاڵی

نووسەرەکە دوای ئەوەی «کۆمیدیای خواوەندی» دانتی خوێندنەوە.. ئێجگار ماندوو بوو، بۆیە لەگەڵ پەرتووکەکە دەست لە ملانێ خەوی لێ کەوت. ئەو نووسەرە شەو لە خەویدا بوو بە «دۆن کیشۆت»ێك و سواری ئەسپە شێیەکەی بوو و ئەمسەر و ئەوسەری دنیای تەی دەکرد. بەردەوام لە ئەستێرە و خۆر و مانگی دەپرسی و بەدوای ئەم جیهانە ونەی دانتیدا دەگەڕا.

٢٥- خانوو

کابرا هەموو حەز و ئارەزووی ئەمە بوو کە ئەم خانووە بچکۆلانەی تێدا دەژیا لە خاوەنەکەی بکرێتەوە و ببێتە خاوەنی یەکجاری و خۆی سەروەری ماڵەکەی بێ. چەند ساڵێك بوو مووچەکەی پاشەکەوت دەکرد و گەلێك شتی ماڵەوەشی فرۆشت. سەرەنجام خەونەکانی نەهاتە دی و وەك جاران بەکرێچییەتی مایەوە.. ئیتر ئێوە خۆتان هەریەکە و هۆیەکی بۆ دابنێن، لای من گرینگ ئەوەیە کە لە ئەنجامدا وا بکەوێتەوە: یان کابرا هەمیشە بەخەونی دەسکەوتنی شوێنی حەوانەوەیەکدا دەژی یانیش هەراجخانە و بۆ هەندەران.

٢٦- کەپر

خێزانێك لەبەر دوژمنداری ئاوایی خۆیان بەجێ هێشت. لە شوێنێکی دوور گیرسانەوە و کەپرێکیان بینا کرد. دوای ماوەیەك دوژمنەکانیان بەسەریان دادان، بەڵام ئەو کاتی پیاوەکانیان لەوێندەرێ نەبوون.

ئەمانیش بەخۆڕایی نەگەڕانەوە و ئاگریان لە کەپرەکە بەردا.. ئەمە جاری چەندەمیان بوو کە ماڵ دروست بکەنەوە و لێیان تێك بچێت، بۆیە بڕیاریان دا ئیتر ببن بەئێشکگری گیانی خۆیان و کەپرەکەیان.

٢٧- کولێلك

دالآشە برسییەکان چڕنووکیان لە گیانی مرۆڤێك گرت و لاشەکەیان هەمووخوارد، تەنیا ئێسکی مایەوە. ئەو خوێنە پاك و بێگەردەی لە زەوییەکەدا ڕووچوونە خوارەوە.. دوای چەند ساڵێك لە هەمان جێگەی لاشەکەدا، کولێلکێك بەدەم خۆر دەگەشایەوە.

٢٨- هەڵوێست

منداڵە گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکە خلیسکێکی برد و قاپەکەی لە دەست بەربووەوە و جلەکانیشی پیس بوون. دەستی کرد بەگریان.

- بۆچی دەگریێ؟

- باوکم لە ماڵەوە لێم دەدات.

- دە برۆ جلەکانت پاك بکەرەوە و ئێمەش پارەی گوڵەبەڕۆژەکەت بۆ خڕ دەکەینەوە.

- نا. نا. باوکم هەر لێم دەدات.

زۆر هەوڵیان لەگەڵی دا کەچی ئەو هەر دەگریا. دوا جار بەهەنسکی گریانەوە وەها دوا:

- بۆچی باوەڕم پێ ناکەن، ئەو زاڵمە هەرچی بکەم هەر تێم هەڵدەدات بەتایبەتی ئەگەر هەموو ئێوارەیەك پارەی عارەق و مەزەکەی بۆ مسۆگەر نەکەم.

- دە وەرە بائێمە پارەکەت بۆ گردەوەکەین نەبادا لە ماڵەوە وەدەرت بنێت.

تۆزێك داما. مت بوو. پاشان هەڵوەستەیەکی کرد و بەگریانەوە بۆی خشی.

٢٩- تەلیسم

هەبوو نەبوو پاشایەك هەبوو، ئەو پاشایە چەند ساڵێك بوو

فەرمانڕەوایی خۆی بەئاگر و ئاسن پۆلاڕێژ کردبوو.. ڕۆژێکیان لە ژێر پەیکەرێکی گەورەی خۆیدا سەری بەسەر گۆچانەکەی دەستییەوە کردبوو لە جێوە مرد و لە شوێن خۆی ڕەق بووەوە. چەند ساڵێك بوو کەسێك نەیدەوێرا لێی نزیك بکەوێتەوە بۆیەش دەسەلاتداری هەر بەناوی ئەو بوو.. وەك بلێی تەلیسمی لە خەلکەکە کردبیّ ئەگینا لەسەریان دەدا.. تا شارە مۆرانە بەگۆچانەکەیدا هەلگەڕا و دارەکەی ڕزی و لاشەکەی کەوتە سەر زەوی. ئینجا زاتی ئەمەیان کرد کە بلێن مردووە و ناویان لە لاپەڕەی مردووە ترسناکەکان تۆمار کرد. ئەوسا ڕەشوڕووت کردیان بەئاهەنگ و کردیان بەجەژنی ڕزگاربوون.

٣٠- بەراورد

سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد. بینی سەگێك لەگەل پالەوانی فلیمەکە خۆ دەگەوزێنن و دەست لەملانێن. پاشان پێکەوە نانیان خوارد و نووستن و خۆشیان شوشت. کە بەرەو مال گەڕایەوە دیتی زەلامێك لە ناو گوفەکێکدا خلتانی خوێن کراوە. شەویّ هەتا خەویشی لیّ کەوت بەردەوام ئەم دوو دیمەنەی لە مێشکی خۆیدا بەراورد دەکرد.

٣١ – هەلە

بەناو قەلەبالغی خەلکەکەدا دەڕۆیشت، لە ناکاو گوللەیەك پێکای و خلتانی خوێن بوو. بەهەلە ئەوی گرتەوە. ئەوە کابرایەك بوو ویستی دوژمنەکەی خۆی بکوژێت، بەلام ئەو بوو بەو نێچیرە و نانی سەر دەستەکانی و خوێنی ناو لەشی و خۆلی سەر شۆستەکە هەموو تێکەلی یەکتری بوون.

٣٢- بالندە

هونەرمەندەکە دوای ئەوەی تابلۆکەی تەواوکرد ئێجگار هیلاك بوو بۆیە ژووری وێنەکێشانی بەجیّ هێشت. لەملاوە کوڕەکەی کە هەمیشە بەدیار

باوكییەوە دادەنیشت و بەقەڵەم لاسایی دەكردەوە. ئەمجارە بەپێچەوانەی باوكی تابلۆكەی ئاوەژوو كردەوە.. ئەم باڵندەیەی كە باوكی لە وێنەدا خستبوویە ناو قەفەز، ئەو خستیە سەر چڵی درەختێكی سەوزی قەد پاڵ چیایەك.. كە باوكی هاتەوەو چاوی بەوێنەكەی كەوت دەستخۆشی لێ كرد. بەڵام ئەو ڕاوچییەكی بۆ زیاد كرد بەساچمەكەی دەستی باڵندەكەی بریندار كردبوو.

٣٣– شوفێر

شوفێری تاكسییەكە لەبەرئەوەی زۆر پیاوێكی بەخشندە و میهرەبان بوو، لە بەردەم دوو پیاو و ژنێك وەستا.. بەچوار دەستە ژنەیان خستە ناو ماشێنەكە و داوایان لێ كرد بیانبات بۆ نەخۆشخانە، بەڵام كە گەیشتنە شوێنێكی لابەلا یەكێكیان لەو دوو كەسە دەمانچەكەی خستە كار، ژنەكەش وازی لە تەمسیلكردن هێنا و بەهەرسێكیان كابرایان لە پەلوپۆ خست. شوفێری بەسەزمان بەجۆرێك خۆی دیتەوە بێ ئۆتۆمبێل بێ پارە بێ چارە سەرگەردان و ماڵوێران.

٣٤– ڕێگە

دایكی كە بەڕێی كرد هەر ئەوەندە ئاگای لێ بوو كە لە نێوان چواریانەكەدا لەبەر چاوان بوو.. چی لێ هات. بەرەو ئاسمان هەڵكشا؟ یانیش زەوی قووتی دا؟ نەیدەزانی دەگەڕێتەوە یان نا؟ دەمرێ یان خۆر لە باوەشی دەگرێت؟ بۆیە هەموو بەیانییەك لەگەڵ كازێوەدا چاوی دەبڕییە ئاسۆ و دیقەتی خاڵی بەیەكگەیشتنی چوار ڕیانەكەی دەدا، بەڵكو ئێ كۆرپە خێرنەدیوەكەی بۆ بگەڕێتەوەو جارێكی تریش بەدیداری شاد بێتەوە.

**تێبینی:** ئەو پیرە دایكە تا كاتی نووسینی ئەم كورتیلە چیرۆكەش هێشتا هەر لە ژیاندایە و چاوەڕێی گۆدۆیەكی تر دەكات.

٣٥- جیاوازی

بەناو قەڵەباڵغی خەڵکەکەدا چووە ژوورەوە. چاوی بەهەموو لایەکدا دەگێڕا تا لەم سەری هۆڵەکە دۆزییەوە. زۆربەیان بەدیاریەوە وەستابوون. ئەمیش بێ ئاگا لە نێو جێگەکەی. دڵی بۆی کرووزایەوە.. هەناسەیەکی نائومێدی قووڵی هەڵکێشا و لە ناوەوە خۆی دواند.. خۆزیا بەم شێوەیە نەمدیبا کە ئەم پەیکەرە ڕەنگینە وەك خەڵووز سیمای شیرینی دابپۆشێت. ئەوەتانێ مێردەکەی وەك کێل بەسەریەوە وەستاوە. وا چاکە من نەچم و هەر لە دوورەوە سەیرێکی بکەم و لە دڵەوە بۆی بگریم. ئەوەتانێ دایك و باوکیشی شینیان بۆی داناوە و لە چۆکی خۆیان دەدەن، ئەدی بۆچی ئەوسا نەیانهێشت من و ئەو پێکرا هێلانەی خۆشەویستیمان چێ کەین، چونکە من وەك ئەو مێردەی سامان باخەڵی هەڵنەدەتەکاندم وەلێ خۆ لە خوێندەواریدا مێشکی من قەبەتر بوو، کەچی ئەویان خستە ناو کەژاوەی بووکێنی. دیسان بیخۆن و پەنجەی پەشیمانیتان بگەزنەوە، پێم ناڵێن ئەم پوولانە ئەم برینە سەختەیان چۆن پێ ساڕێژ دەکرێ، چۆن ئەو مردنەیان پێ ڕادەگیرێ؟

بۆ دوا جار لە دوورەوە سەرنجێکی تری دایێ و وێنەی پڕی چاوەکانی خۆی کرد بەناچاری لە قاوشەکە چووە دەرەوە، بەڵام بەدڵ و ویژدانێکی زیندوو، بەخاوەنی دڵێکی دزراو، بەئاواتێکی لە گۆڕنراو، بەبیر و لێکدانەوەی بەردەوام بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاوەکانی یەك لە دوای یەك سستتر دەبوون وردە وردە شەقامەکان قووتیان دەدا و بچووکتر دەبووەوە.

٣٦- دابڕان

خۆی و جووتە شەقرەکەی بەناو داڵان و کەلەبەرەکانی نەخۆشخانەدا دەگەڕا. چەندان بیرۆکەی سەیر ختووکەی مێشکیان دەدا بەردەوام چاوەڕوانی بڕیاری پزیشکێ بوو ئێ ئەمە خوایە دەری بکات و بینایی

بەچاوە نازدارەکانی خۆشەویستەکەی ڕوون بێتەوە، هەرچەندە ماوەیەکی زۆریش بوو هیچ هەواڵێکی پێ نەگەیشتبوو، بەڵام قەتیش بەخەیاڵیدا نەدەهات وەکو دوو دڵدار ناوی لە فەرهەنگی خۆشەویستیدا بسڕنەوە. هەر بەم خەیاڵانە گەیشتەوە لای قاوشەکەی خۆیان و یەکسەر بەهەواڵی مارەبڕینی کەژاڵ خوێن لە لەشیدا نەما و ڕەق هەڵگەڕا ئەوکاتی هەستی بەمە کرد کە بڕینەوەی قاچەکەی وای خستووەتە بیر و لێکدانەوەی کە تازە نیوە مرۆڤێك بەکەڵکی هاوسەریەتی نەماوە. بۆیە چی تر لەنگەری نەگرتووە و ئەم بڕیارەی داوە. ئەویش لەوساوە تاساوە، بێهوودەیی زمانیشی لاڵ کردووە هەتا بەجوولانەوەی ڕادەگات.

٣٧- پێوانە

گەلێك جاران وای بەبەر گوێ دەکەوت کە ئەگەر ئۆتۆمبێل لە یەکێکی دا و نەمرد، ئەوا ئەو کەسە بەختەوەر دەبێ و دەبێتە خاوەن سامان. هەر ئەم خەیاڵە ئەمجارە بەڕاستی گەیاندیە ڕێکەوتی ئەوەی وەبەر ماشێن بکەوێت. ئەگەرچی کەم ئازاریش بوو، بەڵام بەتەواوی هۆشی لە خۆی بڕی تا دڵنیا بوو لەوەی لەگەڵ قەرەوێڵەکەی خەستەخانە جووت بووە. دوای مانەوەی دوو ڕۆژ. پزیشکەکان ڕاپۆرتی خۆیان نووسی و دەریان کرد و شوفێرەکەشیان بەردا، بەڵام ئەو هەر بەم خەیاڵە دەخولایەوە کە پارێزەرێ ئەگەر بەنیوەییش بێ ئەو تەئمینەی بۆ وەرگرێ و لە کرێچیاتی ڕزگاری بکات.

٣٨- ئۆتۆمبێل

چەند ساڵێك بوو لە دەمی خۆی و منداڵەکانی دەگرتەوە، تا بڕێ پارەی خستە سەر یەکتر و هاوسەرەکەشی ئاڵتوونی خۆی بۆ فرۆشت. بوو بەخاوەن بۆرە ئۆتۆمبێلێك .. ئەوەندەی خۆش دەویست هەمیشە پاکی دەکردەوە. زۆری نەبرد بوو بەپارووی چەوری ڕێگرەکان.. هەموو ڕێگەیەکی گرتەبەر سەردانی لێپرسراوان، سەردانی جادووکەران، سیکرابخانە و

بازاڕی دزان.. کەچی بنگۆم بوو و شوێنەواری دیار نەما .. ئەوەندەی قازانج بوو شەوان لە خەونیدا سواری دەبوو و خێزانەکەی پێ دەگێڕا.

٣٩- کۆچ

منداڵان گۆڕەپانەکەیان کردبوو بەیاریگە. لە کاتی یاریکردندا یەکێکیان لەم لاوە سەرنجی گۆیەکی دا لە ژێر تەپۆڵکە خۆڵینەکەدا دەری هێنا و منداڵەکانی تری بانگ کرد. نەیانزانی چییە، یەکێکیان ویستی ئەڵقەکەی ڕابکێشێ .. ئەم پڕی دایێ و ئەوەی تر لەم لاوە دەیڕفاند تا لە پڕ لەگەڵ دەنگی تەقینەوە هەریەکێکیان بەلایەکدا کەوتن و خەڵکی دەورەیان دان و پێکەنین و ڕۆندکیان پێکەوە تێکەڵی خۆڵی گۆڕەپانەکە بوو.

٤٠- پاڵتۆ

لە بەیانییەوە تا ئێوارە پاڵتۆکەی خستبووە سەر دەستی، کەسێك هیچی پێ نەدا. چاری نەبوو تابەرەو لای کۆنەفرۆشەکان پێچی کردەوە و کابرایەکی بیانی بینی .. بەدەست، بەچاو، بەسەر، هەرچۆنێك بوو تێی گەیاند کە بۆی بفرۆشێت و بەشی ئەویش مسۆگەرە .. هەر بەچاو قوچانێك پاڵتۆکە وەك کابرا بووە بیانی و بەنرخێکی خەیاڵی قۆزتیانەوە، بەڵام بێگانەکە هیچ هەقی ئەم دەڵالییەی وەرنەگرت.

٤١- بەردەوامی

هەموو ساڵێك هەر لە هەمان کات و شوێندا کەڵلەسەرێك لە ژێر بەفرەکەدا سەرەتاتکێ دەکات. تا جارێکی تر لەگەڵ هەوای ناوچەکە خۆی ڕادێنێتەوە و دەبێتەوە مرۆڤ. ئینجا ڕوو دەکاتە ئاوەدانی .. لەم شوێنەدا کە یەکەم کەللەسەری تێدا شاردرایەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

٤٢- خوێن

ئەوە منم، تۆی، ئەوە، ئەویترە، ئەمیانە، برامە، باوکمە، دایکمە،

جیرانەکانمە، خەڵکی شارەکەمە، خەڵکی وڵاتەکەمە، ئێمە هەموومانین سەرکردە و ڕەعیەت .. دەستمان بەخوێنی خۆمان سوورە .. مێژوومان هەر بەخوێن نووسراوەتەوە. خوێن خۆری یەکتری خۆرین .. ئەگەر هەر کتێبێکی مێژووت خوێندەوە و باسی ئێمەی تێدا بوو، یان مێژووی ئەم دەڤەرەت نووسییەوە، تکایە ئەوەی سەرەوەم بۆ بکە سەرەتای کتێبەکەت.

٤٣– چیرۆك

ئەگەر چیرۆکنووسیش نەبی دەتوانیت ئەم چەند سەرەداوە بکەیت بەچیرۆکێکی ئاسایی، چونکە کارەساتەکە زۆر لەمە درێژترە کە من بەچەند دێڕێك بۆت بنووسم. بەکورتی: لاشەی کچێکی خڵتانی خوێن، تەمەن چواردە تا پانزە بەهار. پێوە دیاربوونی جێ پەنجەی چەند دڕندەیەك بە جەستە ناسکەکەی.

شێوەی وەهای نیشان دەدا کە بە زۆری کچێتی لێ دزراوە چی تریش بەخەیاڵتدا دێ و بیخەیتە سەر ئەم چیرۆکە ئەوا زیادەڕۆیی نییە.

سەرەتا و گرێچن و کۆتاییەکەی لە مێشکی خۆتدا بخەملێنە و ئەوسا وەرەلێکی گرێ دەرەوە و بینووسەوە. لەمە دڵنیا بە کە چیرۆکێکی سەرکەوتووی لێ دەردەچێت. ئەگەر شارەزاییەکی تەواوی نووسینیش بێ و تاقیکردنەوەت زۆر بێ ئەوا دەتوانی بیکەی بەڕۆمانیش.

٤٤– مەملەکەتی...!

کە دەچیتە مزگەوت پێت سەیر نەبێ ئەگەر وابزانی خەڵکی ئەم شارە هەموویان لە خواترسن، بەڵام کە نوێژەکەت دەکەی و دێیتە هەیوانی مزگەوت دەبینی پێڵاوەکانت گەیشتوونەتە هەراجخانە ئەوسا دەبێ قاپقاپەی مزگەوت لە پێ کەیت و بچیت ئەم پێڵاوانەت لە دزەکان بکڕیەوەو سوپاسیشیان بکەی. ڕەنگە یاساوڵیش لەوێ هەبن بەڵام ئەوان خوا خوایانە دزەکان بەگرتنیان نەدەن یان نەیانکوژن.

٤٥– پەنجەرە

ئـەم پـەنجەرەیـە نـاكـەمـەوە بـای ساردی تـێدا دێتـە ژوورەوە ئـەم پەنجەرەیەی لاكەی تریش ناكەمەوە ڕەشەبای تێدا وەژوور دەكەوێ ئەوی دیكەش هەر ناكەمەوە بەردبارانمان دەكەن. ئەوەی نزیك خۆشمان بەبۆن دەمكوژێت، بەڵام من لە ناو ئەم هەموو پەنجەرە داخراوانەدا هەر هەم.

٤٦– دیوانە شیعر

شاعیرەكە دوای ڕێگەی لە چاپدانی دیوانە شیعرییەكەی چۆنیەتی چاپكردنی بوو بەئەژدیهایەك و لە گەردەنی دەئالا. زۆر دەزگاكانی چاپكردنی بەسەركردەوە .. ڕووی لەم دەوڵەمەند و ئەو لێپرسراو كرد، هیچی بۆ نەكرا. سەرەنجام ئەلقەی دەسگیرانەكەی و هەندێك وردەواڵەی ماڵەوەی فرۆشت و كتێبەكانی هەشیبوو هەڕاجی كردن. بۆرە دیوان هەر چاپ نەبوو .. دانیشتنەكانی خواردنەوەی پارەی بۆرە كتێبیان لە گیرفان داتەكاند بۆیە ئەم خەونەشی نەهاتە دی. لە حەژمەتان چەند دانەیەكی بە كاربۆن نووسییەوە و بەسەر چەند ڕەخنەگرێك و دەزگایەكی ڕۆژنامەنووسی دابەشی كرد، بەڵكو ئێ هەر ناوی بكەوێتە ناو ناوان.

٤٧– ئەكتەر

خولیای هونەر كەوتبووە سەری. بەردەوام بن هەنگڵی پڕ بوو لە كتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار. هەمیشە لاسایی هونەرمەندە گەورەكانی دەكردەوە. دوای ئەم هەموو سەرقاڵی و خوێندنەوە و پرۆڤەكردنە، هەر بەكۆمبارسی مایەوە. ئەم كاتە دڵی زۆر خۆش بوو كە دەرهێنەری تیپەكەیانی داوەت كرد و دەورێكی سەرەكی پێ بەخشی. كەچی دوای مانگێك پرۆڤەكردن لەسەر شانۆگەرییەكە پێیان ڕاگەیەنرا كە لەبەر چەند هۆیەكی تایبەتی شانۆگەرییەكە نابێ نیشان بدرێ.

٤٨- بەڵێندەر

هەرچی پارەی هەیبوو خستیە ناو دەستی بۆ ئەوەی خانووەکەی بۆ بکات. دوای بناغەلێدان، کاکی بەڵێندەری لێ بوو بەهەناری شیرین. دوای چەند جارێك هات و چووی دادگە کۆمەڵە کەسانێکی ناسی کە ئەوانیش بەدەست هەمان کەس دەتلانەوە .. سەرەنجام لە قوژبنی چایخانەیەکدا بەکۆمەڵ دۆزییانەوە .. ئەویش بێ ئەوەی خۆی بشێوێنێ سەرو چایەی بۆ بانگ کردن، هەریەکەشی جگەرەیەکی نایابی دانێ. ئینجا لەسەرەخۆ دەفتەری چەکەکەی دەرهێنا و سەرو چەکی بێ باوەڕی پێ دان. هەر ئەوەندەیان دیتەوە تا دوا سۆراخیان لە نامەکەیەوە زانی کە لە هەندەران بۆ خزمێکی خۆی ناردبوو.

٤٩- پەڕاوێز

ئەمجارەیان زۆر لە جاران بەهەوەستر دیدەنی کرد. ئەم گۆڤارەشی پێ بوو کە بابەتەکەی خۆی تێدا بڵاو کردبووەوە. بەنازێکەوە لاپەڕەی باسەکەی خستە بەردەم مامۆستا .. جەنابی دکتۆریش هەمووی هەڵدایەوە هەتا گەیشتە پەڕاوێزەکان، ناوەکانی یەکە بەیەکە خوێندەوە، ئینجا بەگرژییەکەوە گۆڤارەکەی فڕێدایە پێشی و گوتی: «بابەگیان بابەتەکەت لاوازە، هێشتا ماوتە بۆ نووسین، بڕۆ جارێ بۆ خۆت بخوێنەرەوە» کاکی نووسەر بەدڵشکاوی هاتە دەرەوە و بەهاوڕێکەی خۆی گوت: «پێم سەیرە، مامۆستا هەمیشە لە نووسینەکانم ڕازییەو هەردەم ئافەرینی لێ کردووم نازانم بۆچی ئەمجارەیان هێنامییەوە سەر سفر.» ئەویش تێی گەیاند کە لەم نووسینەیدا ناوی مامۆستاکەی تری پێش مامۆستا هێناوە لە پەراوێزدا. ئەوانیش یەکتری دەسڕنەوە، بۆیە بەلای ئەمانیشەوە ناوهێنانی ئەوەی تر پێش ئەو دەبێ سڕینەوەی ئەو کەسە بێ کە هەڵەی وا دەکا.

٥٠-ناميلكه

دوای مانگێك سەری لە کتێبخانەکان دا بۆ ئەوەی نەختێك لە پارەی فرۆشتنی ناميلكەكەی بكەوێتەوە دەست و لايەكی قەرزەكانی پڕ بكاتەوە. كەچی خاوەنی يەكەم كتێبخانە كە چووە لای بەفيزێكەوە پێی ڕاگەياند كە دەبێ كتێبەكانی بباتەوە، چونكە قوژبنێكی چاكی دووكانەكەی داگير كردووە و دانەيەكيشی لێ نەفرۆشتووە. ناچار كتێبەكانی لێ وەرگرتەوە و زەرف فرۆشەكان لێيان كڕی.

٥١- پەيكەر

پەيكەرتاشەكە دوای ماندووبوون و شەونخوونييەكی ئێجگار زۆر قۆناغی يەكەمی پەيكەرەكەی تەواو كرد، بەلام نەيتوانی لەبەر هەژاری قالب ڕێژی بكا. چەند ساڵێك هاتوچووی ئەملاو ئەولای كرد تا پارەی بۆ ببڕنەوە و گۆڕەپانێكی شاری پێ برازێننەوە، سەرەنجام پەيكەرەكە بۆ منداڵان بوو بە بووكە شووشەيەكی گەورەی پڕ حەزی منداڵان.

٥٢- تابلۆ

لە پێشانگەكەدا خەڵكی هەموو يەك يەكە سەرنجی تابلۆكانيان دەدا .. ئەميش تا داخستنی پێشانگەكە نيگای چاوەكانی لەسەر كەڤاڵێك نەدەتۆرا .. ئەوەندە بەقووڵييەوە تێی ڕادەما تا بوو بەهەوێنی تراژيديای ژيانی .. ويستی تابلۆكە تەواو بكات بۆيە پڕی دايە ئەم چەقۆيەی كە لە پشتی ئافرەتەكە چەقێنرابوو تا لە جەستەی بێنێتە دەرەوە، بەلام لەگەڵ تاودانی هێستريانەی دەستی، تابلۆكە كەوتە خوارەوە. ئەوسا گەڕايەوە دۆخی جارانی و هەستی پێ كرد كە بێگيانێك بير و مێشكی تێكداوە و سەفەرێكی پڕ خەياڵی پێ كردووە.

٥٣- هەڵسوكەوت

يەك بەيەك بەدەوروپشتی خۆيدا دەهات. قسەی وەهای بۆ هەڵدەبەستن

مەگەر لە فلیمەکانی سینەمادا وێنەی ئاوا هەبن. لەم بەزمانەدا بۆ خۆی پاڵەوانێك بوو تاکی نەبوو. نۆرە گەیشتە نزیکترین هاوڕێی خۆی. چیرۆکەکەی ئاوەها بۆچنی هیچ کامێکیان وەك ئەو ئەستێرەی بەختی نەکوژابێتەوە .. سەرەنجام کابرا جارێکی تر نەبووە جێی متمانە. تەنیا ئەوەندەی قازانج بوو کەس نەدەوێرا شان لە شانی بدات نەوەك بخرێتە ناو لیستە ڕەشەکەیەوە. وای لێ هات گەلێك لە جاران زیاتر ناوبانگی پەیدا کرد.

٥٤– نووسەر

کە گوێی لە ناوی ئەو بوو تۆزێك سڵەمییەوە، سەد خۆزگەی بەمە دەخواست کە ناوی لەگەڵ ئەو مردووانەدا بهاتبایە کە لەبەر دەرگەی هۆڵەکە بێ ئەوەی بزانرێ مردوون ناویان خوێندرایەوە. خەریك بوو قێز لەمە بکاتەوە کە چۆن لەگەڵ ئەندامێکی تازەی کۆنگرە بچنە ناو یەك هۆڵەوە. کەچی نووسەری تازە پێش مامۆستا ناوی خوێندرایەوە. ئەم زاتەش کە خۆی بەئەندامێکی کۆن دەزانی دوای هەموو ناوەکانی کە تازە وەرگیرابوون بەهۆڵەکە سپێردرا.

٥٥– مامۆستا

مامۆستا زۆر سەر قاڵ بوو. هەفتەیەك بوو خەریکی ئامادەکردنی ئەم کۆڕە بوو. هەمیشە دەیگوت: ئەگەر مامۆستاکەی دیکە بێتە ئەم دیدارە ئەوا وەدەری دەنێ و نایەڵێ بێتە ناو هۆڵەکەش، کەچی کە هاتە ژوورەوە هەر ئەوەندەی پێ کرا دەفتەر و پەڕە کاغەزەکانی خۆی کۆکردەوە و بەهیچ تکا و پاڕانەوەیەك نەگەڕایەوە و بۆ مامۆستای دووەمی بەجێ هێشت.

٥٦– ڕەش و سپی

بەهەوەسی خۆی باسی دەکرد و دەیگوت: «بەسەری تۆ ئەو برادەرە نەخوێندەوارە و هیچ ناخوێنێتەوە، بەستەزمانەی ناتوانێ بۆ خۆی

دێرێکیش بنووسێت، ئەم کتێب و نووسینانەش هەمووی من بۆی دەنووسم و بەهۆی منەوە ناوبانگی زڕاوە ... تاد» هێشتا نیازی وا بوو زیاتر باسی بکات کە باسکرا و لە سووچێکی چایخانەکەدا سووڕایەوە و گەیشتە بەردەمیان، کەچی ئەمجارەیان قسەکانی بەچەشنێکی تر گۆڕی و ئەوەندەی پێدا هەڵدا تا کابرای گوێگر لە خۆی بێزار بوو و پێکەوەی بەجێ هێشتن.

٥٧– برسیەتی

گرینگ ئەوەیە لەم چیرۆکەدا ئەوەی مەبەستمە بەخوێنەرانی بگەیەنم. ڕەنگە کارەساتەکە لای ئەوان زۆر لەمە گەورەتر بێت کە من بەیەك دوو ڕستە پێیان ڕابگەیەنم، چونکە ئەرکی ئەم جۆرە چیرۆکانە ئەمەیە لە کۆتاییدا شتێك لای خوێنەر بەجێ بهێڵێ. با درێژەی نەدەمێ و پێتان بڵێم: «دوای ئەوەی مریشك فرۆشە گەڕۆکەکە کۆڵانی لاتەکان بەجێ دەهێڵێت، دەرگەی ماڵێك دەکرێتەوە و ئەم مریشکەی کە کابرا فڕێی دایە ناو تەنەکەی زبڵ، ژنی ئەم ماڵە بەپەلە هەڵیان دەگرێتەوە و بەهەڵەداوان دەگەڕێتەوە ژوورەوە و دەیەوێت بۆ منداڵەکانی خۆی، کە تامی گۆشتیان لە بیر نەمابوو بیکات بەدیاری»

٥٨– گۆرانی

دەنگی گۆرانییەکە تێکەڵ بەقەڵەبالغی و تێکچڕژانی دەنگەکان بووبوو. منداڵە سەکنەکەش هات و هاواری پارە کۆکردنەوە بوو .. هەزاران پرسیار و وەڵام تێکەڵ یەکتری دەبوون. دوا جار لە ڕیزی دواوە دەنگێك بەرز بووەوە. «تکایە ئەم کاسێتە بکوژێنەوە، ئەم گۆرانییانە بەسکی تێرەوە خۆشن با تام و چێژیان نەڕوات» دەنگەکان هێور بوونەوە. منیش لەم دەمەدا لە پاسەکە دابەزیم، جا نازانم بیر و لێکدانەوەی خەڵکی ناو پاسەکە چی بوو.

٥٩- کۆتایی چیرۆکێك

که هاوین دادەهات لەملاو ئەولا ئاوی هەڵدێنجا و چەند جارێکیش بەپارە دەیکڕی، بەڵام ئەمساڵ گەرەکەکەیان وەك گیرفانی خۆی و خێزانەکەی وشکی کرد. چارەی نەما ناومالّی خۆی هەموو فرۆشت. چەند مانگێك ئاو و خۆراکی بۆ منداڵەکانی پێ کڕی .. دوای ئەمە لە گەڕەکێکی بە ئاو بوو بە کرێچی، بەڵام باخەڵیان هەر هیشك بوو .. چی دەکەن و چۆن دەژین .. تا نووسینی ئەم چیرۆکە بیرم لە ئەنجامەکەی نەکردووەتەوە. ڕەنگە کۆتاییەکەی وەك کابرای جیرانمان لێ بکەم کە پێش جەژن خۆی کوشت .. تۆش سەربەستی ئەم کۆتاییەت بەدڵ بێ یان. نا

٦٠- ترووسکایی

ئەم دوو دەستەی هەزاران لوغمی لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان پێ دەرهێنا ئێستا بڕاوەن. ئەم دوو چاوانەی بەئاواتیان بوو ئەم خاکە ئاڵتوونەی بێ تەقەمەنی پێ ببینێ ئێستا نابینان. چاوێکیان تارمایی پێ بەدی دەکرێت. ئەگەر بگاتە دەرەوەی وڵات ڕەنگە ترووسکاییەکی پێ بەدی بکات. دەیان جار سکاڵای بەرز کردەوە. سەرەنجام بەخەمساردی مایەوە، بێ پوول، بێ بژێو، بێ توانا. ئەوەندەی قازانج بوو لە ئەرشیفی ئێستگەکاندا بەپاڵەوان ناوی تۆمار کرا.

٦١- دزەکان

دز و جەردە و پیاوکوژان چی نەما بەم وڵاتەی نەکەن دارتەل و وزەی کارەبا و مس و فافۆن و چینکۆ و ئاسن و لاستیك و ئۆتۆمبێل و شیش و دراو ماشێنی قیرتاو و تانکەر و لۆری و قەلابە و داودەرمان و ئامێری نەخۆشخانە و تا کۆنە شووشە و کاغەز و قونکە جگەرە و نازانم چی تریش؟ کردیانە پوول و بۆ ئەودیوی سنووریان بەڕێ کرد «کێ بەرپرسیارە کێ؟ وەك شێت و هار ڕووی پرسیاری لە خەڵکەکە دەکرد، هەندێك گاڵتەیان پێ

دەکرد و بەشێتیان دەزانی، هەندێکیش وەك خەنجەر دەخزایە گیانیان، بەڵام لە ئاخ هەڵکێشان بەملاوە هیچی تریان پێ نەدەکرا و بێدەنگ دەبوون، گەیشتە نوێنەرێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشڕە ئینگلیزییەکەی هەمان پرسیاری لێ کرد، ئەویش دڵنیای کردەوە کە زۆربەی کەسانی نەتەوەکەی دژی تەکنەلۆژیان، خۆخۆرن، هەلپەرستن، دوژمنی نەوەی خۆیانن، پشوویەکی درێژی هەڵکێشا و ئەوەندەی پێ کرا کە بڵێت: «باش نییە خاك و خۆڵی وڵاتەکەمیشیان نەفرۆشت؟ مەرج بێ کە پەرلەمانم دامەزراند تۆڵەی هەموو ئەم دەست درێژیانەتان لێ بکەمەوە».

٦٢- سەرنج

کەللەسەرێك لەسەر مێزێك دانرابوو. چەند خەنجەرێکی ژەهراوی تێدا چەقێنرا بوو. سەدان دەست تاویان دابووە خەنجەرەکان و پێیان دەرنەدەهات.

**تێبینی:** دەشێ ئەم چیرۆکە بکرێت بە تابلۆ.

٦٣- دیل

کە دەسگیریان کرد .. وای زانی بەهانایەوە دێ .. ویستی باوەشی برایەتی بۆ بکاتەوە .. کەچی ئەو بەقەمە وەرگەڕا سەری و ڕقی حزبایەتی بۆ هەتا هەتایە لێکی دابڕین.

٦٤- دیمەن

دیلە بێگانەکان بەخۆشەویستییەوە لە هۆڵەکە نانیان دەخوارد و جگەرەیان دەکێشا. لە دەرەوەی ئەوێش برایەکان بەقەمە جەرگیان هەڵدەدڕا و چاویان هەڵدەکۆڵدرا.

٦٥- ڕێگە

لە کاتی شوشتنەوەی تەرمەکەیدا تاقە دینارێکی ئاسنی لە گیرفاندا

دۆزرایەوە. ئەوسا قوتابییەکەی زانی بۆچی مامۆستا بەپێ ڕێگەی کۆلێژی دەبڕی و جارێك لە جاران لەگەڵیدا سواری پاس نەبووە.

٦٦- پێڵاو

لە هەراجخانەکەدا جووتە پێڵاوەکانی خۆی هەراج کرد. هات لە دووکانەکەی «سابیر خۆشناو» جووتە پێڵاوێکی لاستیکی هەرزانی کڕی و باقییەکەشی خواردنی ژەمێکی جەژنی پێ کڕی.

٦٧- دەرۆزەکەر

بەکتێبی «ئەلف و بێ»یەکەی ئەمین باڵدار، زانی کە مامۆستایە. دینارەکەی دایە دەستی و سەدەمین دەرۆزەکەری ئەو ڕۆژەی بەرێ خست.

٦٨- دۆلار

ئەم نیوە گەڵایەی لە دەرەوە بۆیان ناردبوو، بردیە بۆرسەکەی شێخەڵا لەوێدا دۆلار فرۆشەکان لێی خڕبوونەوە:

- ئەمە دۆلاری مۆدیل کۆنە و وەك هی ئێستا پارە ناکات.

- دەبێ تەزویر نەبێ!؟

- پەنجا دۆلاری هیچ ئەمەی بۆ چییە.

بەهەرحاڵ بەنرخێکی هەرزانتر لە بەهای خۆی لەبەر دەستیان دەرهێنا، بەڵام دڵی بەهەندێ خۆش بوو کە خۆراکی ئەم ڕۆژەی منداڵەکانی پێ مسۆگەر کرد.

٦٩- وێران

ڕەشە بایەك هەڵی کرد و لەم مەملەکەتە هەڵی تەکاندم. خۆم لە وێرانەیەکدا دۆزییەوە، خەڵکەکەی هەموو شارە مێرووڵە بوون و نەوتیان پێدا کرابوو. چەندی گەڕام و سووڕام و هەوڵم دا کەسێکم نەدۆزییەوە هەتا بزانم ئەم شارە بۆچی خاپوور کراوە؟

بەجەستەیەکی شل و شەکەتەوە، بەمێشکێکی ژەنگاوییەوە سەرخەوێکم شکاند .. بەیانی کە هەڵسام ئەم دیمەنانەم بەچاوی خۆم دی: کوندەبەبۆ لە جێگەی کەڵەشێر بانگی دەدا و خەڵکەکە لە خەو ڕادەبوون .. ڕاکێشان ڕاکێشانی نان بوو لەم مەملەکەتە .. لەسەر کورسی سەرکردەکان خەڵکەکە بەخوێنی یەکتری تینوو بوون و یەکتریان قڕان دەکرد و جارێکی تریش نەوت بەسەر شاری مێرووولاندا دەکرایەوە.

٧٠- دوا ژمارە

سەرم بەهەر کووچە و کۆڵان و چایخانە و تراشخانە و چێشتخانە و بازاڕ و.. تاد دادەگرت هەر باس و مقۆمقۆی هەندەران بوو. مامەڵەی پەساپۆرت و ڤیزام کرد بۆم بەکڕین نەدەهات. کەسێکیش نەبوو باڵم بگرێت و ڕزگارم بکات .. تاقە برادەرێکم شك دەبرد بەزوویی ئەمەم بۆ نووسی: «فریاد ڕەسەکەم وەرە لەم دۆزەخە ڕزگارم بکە، با لە بەهەشتی ئەوێدا بحەسێمەوە. چیم بۆ دەکەی و چۆن ڕام دەکێشی گرینگ نییە .. تاکە هیوام ئەمەیە بگەمە هەندەران. تکایە پەلەم بۆ بکەی، با من دوا کەس نەبم و دوا ژمارەش نەبم لەم دۆزەخە»

**تێبینی یەکەم:** ئەی تۆش؟ ئا .. ئا .. تۆی خوێنەر؟

**تێبینی دووەم:** من وەك چیرۆکنووس تا سەر ئێسقان بەخاکەکەی خۆمەوە نووساوم و ئێرەی دۆزەخم لە لا بەهەشتە.

٧١- دوژمنداری

لە بن دیواری باخی شار لای یەکێك لە پینەدۆزەکان وەستا. جگەرەیەکی دەرهێنا، هێشتا دای نەگیرساندبوو کردیان بەقوربانی گوللەیەکی دوژمنداری. خۆی و جگەرەکەی دەمی و پێکەڵاوەکان بوون بەتابلۆیەکی سەر شۆستەکە.

٧٢- ئێرە و ئەوێ

قـاچـەکـانم لـێرەن، سەریشم لـە هـەنـدەران، نـەلـێرە دەبمەوە، نـەلـەوێش دەحـەسێمـەوە، لـەنـگـەرم نـەمـاوە، نـازانم کـەی لـەم خـاکـەدا دەڕوێمـەوە .. خۆزگە بـاڵندەیەك دەبووم بێ مەملەکەت.

٧٣- چەقۆ

نـووسەر و هـونـەرمـەنـدەکـانـیـان تـێکـڕا لـە هـۆڵـێکدا کـۆکـردەوە تـا بەڕۆشنبیری خۆیان مشوورێك بۆ میللەتە کلۆڵەکەیان بخۆن. کەچی تا کۆنگرە تەواو بوو زوبـانیان هەموو بوو بەچەقۆ و بەخوێنی یەکتر کفت بوون.

٧٤- بینین

سەرم لـەم مـیـلـلـەتـە سوڕمـاوە وەك شارە مـێرووڵـە بـەرەو هـەنـدەران ڕێچکەیان بەستووە. کەچی شێخەڵاکەی من جێگای دەرزی تێدا نابێتەوە خوایە بەزیادی کەی بەڵکو شوێنی کەمبوونەکان بگرێتەوە.

٧٥- سەفەر

کـتێبـەکـانـی خـۆی هـەمـوو هـەرزان فرۆش کرد. نـاو مـاڵـەکـەی هـەمـوو هـەڕاج کرد. ئەوەی هەیبوو کردی بەدۆلار و بەدوای قاچاخچییەکدا دەگەڕا تـا بـەگـەرەنـتـی بـێ ڤـیـزە و پـاسەپـۆرت بـیـگـەیـەنێتـە کۆشکی ئـارەزوو. منداڵەکانیشی لێرە لە خوانەی ماڵی باوان چاوەڕێی گەڕانەوەی بن. تا ئەوانیش لەم فیردەوسە بێ بەش نەبن. ڕۆیشت و لێرە ئازاد بوو، بەڵام لەوێ بەند بوو.

٧٦- خۆزیا

ئەوەتانێ دوور بەدوور چاوەکانم هەتەر دەکەن. جاران گوندی ئێمە بوو، باب و باپیرانمان لەوێ گەورە بوون. ئێستا خەڵکانێکی غەوارەی

لێیە. ناشوێرم لەمە زیاتر بڕۆم و بچمە ئاوایی و سەردانێکی گۆڕی باوکم بکەم .وەلێ لێرەوە چاوەکانم دەکەم بەدووربین و تێر بەخەیاڵ تێی دەڕوانم .. لێرەدا بۆنی ئەم خاکە دەکەم .. لێرەوە بەم خەیاڵە خۆشە دەست لە کێلەکانی گۆڕستان و بەتایبەتیش هی باوکی ڕەحمەتیم وەردێنم .. تێر لە ئاسمان ڕادەمێنێم بەڵکو ئێ ئەمە خوایە و دەمکات بەکۆترێکی گوندەکەی خۆم و تێر تێر بەسەر ئاواییدا دەسووڕێمەوە و تێنوویەتیم بەئاوی بیرەکەی کۆنە هەوارەم دەشکێ.

٧٧- کێشمەکێش

ئەوە خۆمم بەدوای سەرابی خۆم کەوتووم و سێبەرەکەم هەمیشە وەك مۆتەکە بەدوامەوەیە، هەندێك جاران من پێش ئەو دەکەوم و راوم دەنێ گەلێك جاریش ئەو لە پێش منە و من شوێن پێی هەڵدەگرم. گرینگ ئەوەیە هەردووکمان بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێین تا یەکتری غافڵکوژ بکەین. خوایە هەردووکمان لێك نزیك نەکەیتەوە، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا هەر خۆم دەسڕێمەوە.

٧٨- بزربوون

تازە خەریك بوو خۆم دەدۆزییەوە. تازە وەڵامی پرسیارەکانی خۆم پێ دەدرایەوە. تازە هەنگاوەکانم گورج دەبوون، بەڵام کە گەیشتمە ناو حەشامەتەکەی شێخەڵا، زوو هەڵیان لووشیم و ڕفاندمیان .. ئێستا خۆشم لە چارەنووسی خۆم ناگەم و خۆشم نازانم چۆن دزراوم و لە کوێندەرم.

٧٩- پرسیار

دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ پێم گوت: «دەبێ ئەو خەڵکەی ئێمە لە دوورگەی «گوام»دا وڵاتێك دروست نەکەن؟» ئەمیش وەڵامی دامەوە و گوتی: «ئەی بۆ لە ئەڵمانیا نەبێ؟» برادەرێکی تر لەمڵاوە ئاگای لە

گفتوگۆکە بوو بەم جۆرە کۆتایی بەدەمەتەقێیەکەمان هێنا: «بەخوا لەوێش هەموو پێکەوە لە مەملەکەتێکدا کۆبکرێینەوە براکوژییەکە بۆ ئەوێ دەگوازینەوە».

٨٠- پێچەوانە

وا دیارە قەت ناگەین بەیەکتر من بەنووکی قەڵەمەکەم و ئەویش بەخەنجەر و شمشێر. من بەپەیڤین و هزر و رێزلێنان و ئەویش بەجنێو و هەڕەشە و قسەی بەتویکڵ .. وامان لە چارەدا نووسراوە هەر دەبێ بەمجۆرەش برای یەك دایك و باوك بین.

٨١- گەمەی نوێخوازی

ماوەیەك بوو مشتومڕیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نەدەبڕایەوە. خەڵکەکەش لێیان تێك چووبوو نەیان دەزانی بەکامەیان بڕوا بکەن و بزانن کامەیان مامۆستای ئەوی تریانن. کار گەیشتە ئەوەی کە شەڕی ساردیان لێ بوو بەڕاستی و چەند ڕەخنەگرێکیش هاتن و خۆیان خزاندە ناو شەڕەکەوە. چاپخانەکەی «مەچکۆ» بوو بەدوو گرووپ هەندێکیان «......» یان خستبووە سەر شانی خۆیان و هوتافی ڕابەرایەتییان بۆ لێ دەدا. لە لاکەی تریشەوە «.......» یان لەسەر شانی خۆیان دانابوو و بەهەمان شێوە ڕابەرایەتییان پێ دەبەخشی. هەردوو گرووپ بەتوندی بەرامبەر یەکتر وەستان .. هەرا و زنایەکە تا دەهات زیاتر پەرەی دەسەند و بەکەس دانەمرکایەوە .. ئەو کات «.......» لەملاوە بەتووڕەییەوە هات و دڕی بەخەڵکەکە دا و ئەویش چوو لەسەر تەختێك وەستا و پێی وتن: «ئەدی بۆچی کەسێکیش ناوی ئێمە ناهێنێ، خۆ من باوکی هەر هەموویانم، من بەردی بناغەی نوێخوازیم، ئەم نوێخوازییەی خوێنی لەسەر ڕژاوە و جوێنرێژی و ئەزیەتمان لەسەریا چەشتووە. بەخوا ناهێڵم هەروا بەئاسانی بۆیان بچێتە سەر. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە منیش قسەی

خـۆم بکـەم، ئـێوە هـیـچـتـان ڕابـەر نین، مـن لـە نـاو هـەنـاوی ڕوانگـەوە بـزووتـنـەوەی مـۆدەرنـیـزمـم خـولْقـاندووە، فـەرمـوون ئـەوە دەق شاهـێدە، فەرموون بەرهەمە ڕێچکەشکێنەکانی من تەماشاکەن»

دیاربوو زۆر درێژەی بەقسەکانی دا، بەڵام ئێمە هەمووی ناگێڕینەوە با سەری خوێنەریش نەیەشێنین .. ئەوەندە هەیە دوای ئەم قسانە یەکسەر قـەڵـەمـەکـەی «ڕۆلان بـارت»ی لـە گـیـرفـانـی خـۆی دەرهـێـنـا و کـۆتـایـی بەکێشمە کێشمەکە هێنا.

٨٢– ناوبراوی ناونەبراو

لە بەردەم کتێبخانەکە وەستابوون و سەیری گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان دەکرد. ئەوەی هاتە لایان لە ڕۆژنامەفرۆشەکەی پرسی: «ئەرێ کاکە سیروان چی نوێ هاتووە؟» پێش ئەوەی سیروان وەڵام بداتەوە «.....» گۆڤارێکی نوێباوی لە دەست بوو دەیخوێندەوە، پیشانی دا و وتی: «ئەم گۆڤارە تازە هاتووە و یەکەم جاریشە بڵاو دەکرێتەوە.» ئەویش یەکسەر وەڵامی دایەوە: «دەبێ ئەمەشیان نووسینی ئەو برادەرەی تێدا نەبێ کە کارگەی نووسینی هەیە؟» پێش ئەوەی «ن» وەڵام بداتەوە، «.....» یەکسەر لـێی وەرگـرتـەوە و وتـی: «مـەبـەسـتـتـان ئـەو بـرادەرە نـیـیـە کـە دەمەتەقێیەکیشی لەگەڵ خۆی کردبوو بەناوێکی تر بڵاوی کردبووەوە؟» «ن» قسەکەی وەرگرتەوە و وتی: «دەنا لەم گۆڤارە نوێیەشدا ئەو برادەرەی تێدایە، تێ ناگەم چۆنی زانی ئەم گۆڤارە دەردەچێ و خۆی گەیاندوەتێ. بێ شك چەلاوەکەی باشە. گرینگ جۆری نووسینەکە نییە پیاو ماکینەی نووسینی وای هەبێ پەکی ناکەوێ!» هەرسێکیان بێ ئەوەی ناوی بهێنن لە یەکتر حاڵی بوون، بەڵام (سیروان) کە سەیری بابەتی نووسین و ناوەکانی کرد لە ڕاست وێنەی ناوی ئەو زاتە سەنگرایەوە و بەپێکەنینەوە وەك ئـەوەی ئـەویش گـرەوەکـەی هـەڵـێـنـابـێ گـۆڤـارەکـەی بـەکـراوەیـی لـە

نووسینەکەی ئەو خستە سەر گۆڤار و ڕۆژنامەکان. بەسەرسوڕمانەوە پێی وتن: «مادام ئەوەندە دەنووسێ و پاداشتی زۆرە دەبێ کەی قەرزەکانی من بداتەوە؟»

٨٣- منی نادکتۆر

خولەکێك زیاتر بوو بۆم دەرست، ئەویش هەر سەری خۆی دەلەقاند .. گەیشتمە سەر باسی نوێخوازی دونیا و باسی بنیاتگەرییەکانی لای خۆمان، ئەو هەر سەری خۆی دەلەقاند جار جارە نەبێ بۆ تام و بۆ بابەتەکانی ناو نامەی دکتۆراکەی تێکەڵ گفتوگۆکە دەکرد. گەیشتینە بیردۆزە نوێباوەکانی دنیا بوو بەباسی «هنتینگنتن» و «فۆکۆیاما». ئەو برادەرە نامەی دکتۆراکەی لەوێ بەکەڵکی نەهات بۆیە پێی وتم: «ئەرێ ئەم عەولەمەیە چییە لەم ماوەیەدا گفتوگۆی زۆری لەسەر دەکرێ. دەڵێن دنیا وەك گوندێکی بچووکی لێ دێت؟» لەم دەمەدا برادەرێکی تر بەسەر پرسیارەکەدا هات و خۆی پێ ڕانەگیرا و پێی وت: «دکتۆر گیان تۆ بۆ خۆت خەریکی ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆت بە چیت داوە لە عەولەمە با ئەم بابەتانە بۆ پسپۆڕانی خۆی لێ گەڕێین.» منیش بۆ ئەوەی دڵی نەڕەنجێ وتم: «گرینگ ئەوەیە لە پسپۆڕی بابەتەکانی خۆتدا شارەزابی، بەڵام من لە برادەرێکی دکتۆری دەروونزانیم داوا کرد چەند سەرچاوەیەکم لە بارەی «لاکان» بۆ بهێنێ، کەچی ئەو زۆری پێ سەیر بوو بەسەرسوڕمانەوە وەڵامی دامەوە و وتی: «من ئەم «لاکان»ە ناناسم و نەم بیستووە حەز دەکەم ئەگەر تۆ سەرچاوەی وات هەیە پێم بناسێنی پێش ئەوەی قوتابییەکانم ئەم پرسیارەم لێ بکەن؟» دکتۆر بەپێکەنینەوە وەك ئەوەی بەسەرخۆی نەهێنێ وتی: «گرینگ ئەوەیە من پیتی دال لە پێش ناوەکەمدا هەیە، بەڵام حەیف ئێرە جێگەی من نییە چاکتر وایە منیش بۆ (لیبیا) هەیپەی لێ بکەم، دەزانم لەوێ زۆر خزمەتم دەکەن و گیرفانەکانم پڕ دەکەن لە گەڵا» ئەوجا برادەرەکە بەپێکەنینەوە وتی: «ئێستا تۆ لە عەولەمە گەیشتی».

٨٤- پرسیار

ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵی کرد، خۆم لە هیچ شوێنێك پێ نەگیرایەوە، لە دەشتاییەکی کاکی بەکاکی چەقیم، جووڵەم پێ نەما، ڕەشەباکەش زیاتر بەخاکەوەی دەنووساندم. سەیرم کرد دوو دەست لەملاو ئەولاکەی ترمەوە ڕایان دەکێشام. ئەوەندەیان ڕاکێشام هێناو بردمیان و هەژاندمیان تا وردە وردە لە ناو خاکەکە چەقیم. تەنیا سەرکم بەدەرەوە مابوو. ئێستاشی لەگەڵ دابێ نازانم دەمردم یان ڕزگارم دەبێ، هەر تەنیا بەرگەی ڕەشەبایەکی تر دەگرم، یان ئەوەتا لە برسان دەمرم یانیش ئەم تەوژمە سەرم هەڵدەقەنێ و جەستەشم لە ژێر خاکا دەڕزێ، ئیتر نازانم چارەنووسم بە چی دەگا؟ کەی و چۆن و کێ بەهانامەوە دێ؟ چ دەستێك لەوێرانە خاکەکەی «ئێلیەت» دەرم دێنی؟ پرسیار بەردەوام پرسیار لە بوون و مانی خۆم دەکەم؟

٨٥- مەچکۆ

چوومە چایخانەکەی مەچکۆ بۆ ئەوەی پشوویەك بدەم و تۆزێك لەگەڵ برادەرە نووسەرەکانم دانیشم. کە گەیشتمە ئەوێ بینیم دوو شاعیر و هەرتك ڕەخنەگرەکانیان دەستیان ناوەتە بینەقاقای یەکتر و کورسی و مێزەکان هەمووی تێك چووبوون، ویستم لێکیان بکەمەوە و هێوریان بکەمەوە، هەر ئەوەندەم زانی مستێکم تێ سرەوێنرا، دەرپەڕیم و بەکتێبخانەکە کەوتم و هەرچی کتێب و چی نووسراوی تێدا بوو بەسەریەکدا ڕمان، ئەودەم دەبە نەوتێکی لێ بوو، جگەرەی برا دۆستە حەشاشەکانیش کەوتە سەر کاغەزەکان و هەمووی داگیرسا .. تا ئاویان هێنا و کوژاندیانەوە، هیچ نەما تەنیا پێنج شەش پارچە کاغەزی بچووك نەبێ کە بەبێ نازی لەسەر زەوییەکە چاوەڕوانی دەستی منیان دەکرد. کە کۆم کردنەوە و لە تەنیشت یەکترم دانان و سەیرم کردن پیتەکانم بەم

شێوەیە خوێندەوە .. (ر) هێنام دامنا پاشان (ە) و ئینجا (خ) دوای ئەمە (ن) و پاشان (ە) .. ئەمەم لەسەر زەوییەکەی زۆرانبازییەکە کرد بەتابلۆیەك و رۆژنامەنووسەکەش هات بۆ رۆژنامەکەی خۆیان کردی بەراپۆرت.

**تێبینی**: دەکرێ لە جیاتی ئەم رۆژنامەنووسە ناوی هەر رۆژنامەنووسێك بنووسی کە تۆ بەدڵتە؟ ئەگەر خۆشت رۆژنامەنووسی ئەوا دەکرێ ناوی خۆت بێ.

٨٦- مەیخانە

تا دوای نیوەڕۆ بۆ مووچەیەك کاری دەکرد. دوای ئەمەش بۆ مووچەیەکی تر. ئێوارانیش بوو بوو بەمیوانی هەمیشەیی یانەی ڕاگەیاندن. شەوان دوای ئەوەی دەبوو بەگاڵتەجاڕی مەردومەکانی ئەوێ بەچوار دەستە لاشەکەی هەڵدەگرنەوە و فرێی دەدەنەوە پێش ماڵەکەی خۆی. خێزانەکەی لێی بێزار بووبوو، هەندێك شەوان دەرگەشی لێ نەدەکردەوەو تا بەیانی لەبەر دەرگەی ماڵەوە هەڵدەکورما .. بەیانییان هێشتا هەر مەست بوو کە بەرەو دایەرە شۆڕی دەکردەوە و لەوێ لەفەیەکی سەفەری دەکردە قاوەڵتی. ئێواران کە باوکەکان دێنەوە مناڵەکانی گەڕەك هەموو بەهەلەکە سەماوە بەپیریانەوە دەچن، کەچی کوڕ و کچەکەی ئەو وەك هەتیو بەهەنسکی گریانەوە بەرەو باوەشی دایکیان دەبنەوە. رۆژێکیان «بێکەس» لە دایکی خۆی پرسی: «دایە گیان ئەوە بۆچی باوکی ئێمەش وەك هی مناڵەکانی گەڕەك نایەتەوە ماڵ؟»

دایکیشی ویستی دڵی بداتەوە بۆیە وەڵامی دایەوە و گوتی: «رۆڵە گیان ئیشی هەیە کە ئەو دێتەوە ئێوە خەوتوون» ئەمجارە «خەندە» لە دایکی پرسی: دایە گیان باوکی ئێمە چۆنە توورەیە یان دڵخۆشە، قەڵەوە یانیش لاوازە؟... تاد» دایکیشیان چی تر بەرگەی ئەم پرسیارانەی نەگرت بۆیە بەچاوی پڕ لە گریانەوە وێنەی لە رۆژنامە و گۆڤارەکان نیشاندان، بەڵام

سەری لەوە سوڕمابوو نەیدەزانی لە چ کات و شوێنێك ئەم نووسینانە ئەنجام دەدات.

٨٧- شێتی هۆشمەند

خۆی و کتێبەکانی بن هەنگڵی هەمیشە لەگەڵ شەقامەکانی شاردا سەرەتاتکێیان دەکرد. ڕۆژێکیان دەستەکانی خۆی لەسەر چاوەکانی کردبووە سێبەر و وەك دووربینی پێ بێ ئاوەها سەیری خۆری ئاسمانی دەکرد. جار جارەش لەبەر خۆیەوە پرتە و بۆڵەی دەکرد و گەشکەی بەرز دەکردەوە .. هەندێك جاریش دەگریا و هاواری دەکرد و خەڵکەکەی دەدواند و لێپێچانەوەی لەگەڵ دەکردن و ڕاست و چەوتی فێر دەکردن. هەندێك جاریش عەقڵی نەیدەگرت جوێنی بەخۆی و هەموو خەڵکەکە دەدا هەندێك جاریش دەچووە سەر شوێنێکی بڵند و دەبووە پاشای مەملەکەت و خاوەن و بنیاتنەری ئەم میللەتە. ئەم ئێوارەیە کە گەیشتینە بەردەم «مەچکۆ» چاوەکانی خوێنیان لێ هەڵدەڕژا، شەقی هاری لە کورسی و مێزەکانیش هەڵدەدا و جوێنی بەنووسەرە قەڵەم فرۆشەکان دەدا. لە ناکاو برادەرێك بانگی کرد «ڕۆ ڕۆ .. ڕۆڕۆ» بەڵام ئەو وەك گوێی گران بێ هیچ وەڵامی نەدایەوە، ئەمجارە شیعرە بڵاوکراوەکەی بەلاپەڕەی کراوەیی ڕۆژنامەکە نیشان دا، وەك ئاگرێك ئاوی برژێنێتە سەر یەکسەر سارد بووەوە و چوار مەشقی لەسەر تەختەی چایخانەکە دانیشت و دەستی کرد بەخوێندنەوەی بابەتەکەی و برادەرەکەشی بەچایەك داوەت کرد و داواشی لێ کرد بۆ پێویستی بایی بەخشیشەکەی ئەم بابەتە پارەی بەقەرز بداتێ تا وەری دەگرێ.

٨٨- جۆکەر

مانگێك زیاتربوو بەردەوام سەیری گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دەکرد، وێنە و نووسینەکانی ئەو زاتە لە چاوەکانی دەچەقین بۆیە بەفیزێکەوە دای

دەنانەوە جێگەی خۆیان. خۆشی نەیدەزانی بۆچی ئەم پاڵەوانە لێی بووە بەمۆتەکە و سواری سەر ملی بووە .. پێی سەیر بوو ئەوێك کە نەتوانێ تەنانەت ناوی سەرجەم گۆڤار و ڕۆژنامەکان بژمێرێ و بزانێ ئەو زاتە چۆن دەتوانێ باراش بۆ هەمووان لێ بکا و بەسەر هیچیاندا باز نەدات، تەنانەت لە ژمارەیەکی نوێی هەر یەکێکیاندا ئەگەر بابەتی نەبوایە لە بژێوی ماڵ و منداڵەکانی دەیبڕی. هەر ڕۆژێکیان بۆ هەوەس دەستی دایە گۆڤارێکی دەرەوەی هەرێم بەم نیازەی کە ئەوی تیا نەبێ، کەچی کە لاپەڕەکانی هەڵدایەوە لە وێش ماندوو نەبوونی لەگەڵ کرد. بێزار بوو .. ڕقی لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش بووەوە .. بەخەمبارییەوە لە چایخانە دانیشت. برادەرەکەی کە زانی چی لە دڵدایە و بەکزی بینی لێی هاتە پێش و ئەمیش بەم جۆرە ڕازەکانی لەمەڕ کابرای نووسەر هەڵڕشت «ئەو مامۆستا نووسەرە، ئەو زاتە لە خۆ ڕازییە کە هەمیشە بەشان و باڵی خۆیدا هەڵدەداتێ و هەڵوێستی شۆڕشگێڕی و پاکی و نیشتمانی بەوانی تر دەفرۆشێ، لەگەڵ نووسین و کردەوەکانی زۆر هاوتەریبن» من دەزانم هەموو سەرە مانگێك دەچێتە پایتەخت و پارە قەڵپەکانی هەموو گرد دەکاتەوە و لە بازاڕی شێخەڵا دەیانگۆڕێتەوە ئەمیش وتی: «وەڵڵا ڕاست دەکەی مامۆستا ئێمە تەنیا ئاگامان لەم نووسینانەی هەیە کە بەناوی خۆی دەیاننووسێ ئەدی ئەوانەی بەناوی دەمامکدارەوە دەیاننووسێ! چ بزانین دژی بیروباوەڕ و میللەتەکەی خۆشی نانووسێ.»

ئەوان لەم قسانەدا بوون نووسەری گۆڕین دیار کەوت، بۆیە بەجووتە چایخانەکەیان بۆ بەجێ هێشت.

٨٩- شانۆگەرییەکی ئەزموونگەری

ویستی کۆتایی بەدەوری خۆی بهێنێ و زوو لەسەر شانۆ بێتە خوارەوە، چارەی نەبوو بەم دەمە نایەتەوە بیری ناچار بەخەڵکەکەی

گوت: «بینەرانی بەڕێز بەم جۆرە کۆتایی بەشانۆگەرییەکەمان دێنین»

دەرهێنەر گەلێکی لا ناخۆش بوو، بەڵام زوو خۆی گەیاندە سەر شانۆ بەپەلە قسەکانی لێ وەرگرتەوە و وتی: «بەڕێزان ئەمە کۆتایی شانۆگەرییەکە نییە، لەو ئەکتەرەم زوێر مەبن، ئەوا بەناچاری لە شوێن ئەو ئەکتەرەی خاوەن ئەم دەورە دانراوە، کە لە سەرەتای شانۆگەرییەکە لە پرۆڤەکردندا بەشدار بووە،

بەڵام پێش نیشاندانی بێ ئاگاداری ئێمە هەگبەی خۆی بۆ هەندەران پێچایەوە .. کاتەکەمان دەستنیشان نەکردبایە دوامان دەخست، بۆیە لە جیاتی ئەو برادەرە داوای لێبووردنتان لێ دەکەم و ئێستا خۆم شوێنی دەگرمەوە و هەروەك شێوەی دەرهێنانی شانۆگەری شێوەیەکی ئەزموونگەری نوێ بێت»

دەرهێنەرەکە هەرا و زەنایەکی وای خستە سەر شانۆ و توانی هەموو کەلێنەکانی شانۆکە پڕ بکاتەوە، خەڵکەکەش زیاتر لەگەڵیا ئاشنای شانۆگەرییەکە بوون و ڕەخنەگرەکانیش بەشێوەیەکی نوێیان لە قەڵەم دا.

٩٠– کارگەی شیعر

بەردەوام نووسینی بۆ ڕۆژنامەکە دەنارد، کەچی هەمیشە بەرهەمەکانی لە ناو تەنەکەی بن مێزی لێپرسراوی لاپەڕەکە دەدۆزرانەوە. خەریك بوو واز لە شیعرنووسین بهێنێ، بەڵام ئەو برادەرەی پێش ئەو نهێنییەکەی زانیبوو بۆ ئەویشی درکاند. زۆری پێ نەچوو خۆی بەخاوەن داوەتی یانەی ڕاگەیاندن دۆزییەوە. لەگەڵ ئەو شاعیرەی لێپرسراوی لاپەڕەی ئەدەب بوو وا پێك هاتن، کە ببێ بەکڕیاری هەمیشەیی لاپەڕەکە و هەر دە دێڕ شیعر بەرامبەر چارەکێك عەرەقی قاچاغ بێ. وای لێ هات موشتەری تر زۆر پەیدا بوون ئەوەی شیعریشی نەزانیبایە بەنرخی زیاتر بۆی دەنووسرا و لەم ڕۆژنامەیەدا مۆری شاعیریەتی و ناوبانگی بۆ جاڕ

دەدرا .. بوو بەکارگەی دروستکردن و بەبالا بڕینی شیعر.

٩١- نهێنی

دانیشتوانی چایخانە پێیان سەیر بوو، نەیاندەزانی نهێنی ئەو ڕەخنەگرە لە چی بوو، کە پێشتر هەموو دەم بەرقەوە باسی نەزانینی دەکرد. کەچی ماوەیەکە گۆڕانێك لە ئارادایە، ڕەخنەگری تاین بەجۆرێکی تر بەشان و باڵیدا هەڵدەدا و شیعرەکانی لەگەڵ شیعری جیهانی بەراورد دەکات. سەیرە دوێنێ چۆن وەسفی دەکرد و ئەمڕۆش چی لێ دەکات.

خەڵکینە منیش وەك ئێوە پرسیاری ئەم نهێنییە دەکەم و لە لوغزەکەی نەگەییوم بەڵێنتان پێ دەدەم هەر کاتێك ئەم نهێنییەم زانی لە کورتیلە چیرۆکێکی تردا بۆتان بدرکێنم، چونکە من هەمیشە لەگەڵ ئێوەدا دۆستایەتیم بەردەوام پێ دەدەم .. من قەرزاری ئێوەم بەم نهێنییە .. نهێنی ڕەخنەگرێکی ئەم سەردەمە.

٩٢- حەربا

هێشتا بەرێ نەکەوتبوو بۆ هەندەران. ئەم شەوە لەگەڵیا دانیشتم و داوەتەکەمی قبووڵ کرد. من زیاتر مەبەستم ئەوە بوو لە نهێنی ئەو بایەخ پێدانەی ئەو بگەم، لە شوێنێکی گفتوگۆماندا ویستی قەناعەت بەمن بێنێ، کە گرینگ لای ئەو گەیشتن بەهەندەرانە، بۆیە ناوەندی دارەکەی گرتووە و لە هەردوو لاش دەخوا و هانی منیش دەدا، وەك ئەوبم، بۆیە جانتاکەی کردەوە و گەلاکانی هەردوو لای نیشان دام، ئینجا ڕێگەی سواڵکردن و چۆنیەتی خۆ گەیاندنی بەپیاوە گەورەکان فێر دەکردم و چۆن لای (آ) خۆشەویست دەبم و لای (ب)ش بەهەمان شێوە و لە ڕاگەیاندنیش بەهەمان شێوە جێگەی بایەخ پێدانی هەموو لایەك بم. بەردەوام ئەم ڕێگە دبلۆماسییانەی بۆ ڕاقە دەکردم، بەلام من چی تر خۆم بۆ ڕانەگیرا نەمزانی نە لەبەر ئەوەبوو، کە سەرخۆش بووبووم نە لەبەر ئەوەش بوو، کە

بیرکردنەوەم لەگەڵ ئەو برادەرە یەکی نەدەگرتەوە، بۆیە وەك ئەوەی لە ناو جەماوەر شیعر بخوێنمەوە یان گوتاریان ئاراستە بکەم ڕووم لە دانیشتوانی یانەکە کرد و گوتم: «بەڕێزان تا تەواو سەرمەست نەبووینە با نوێنەرەکەی خۆتان پێشکەش بکەم».

ئەو سەری سوڕما بوو دەیویست بەهەر جۆرێك بێ کپم بکاتەوە، بەڵام من دیسان تێی هەڵچوومەوە و وتم: «ئەوەیە نوێنەری ڕاستەقینەتان ئەو کەڵە نووسەرەی کە توانیویە زۆر بوێرانە ناوەندی دارەکە بگرێت و وێنەی ببێتە ڕەواجی هەمیشەیی گۆڤار و ڕۆژنامەکانمان. بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای بن، ئەو برادەرە ناتوانێ دڵی کەس برەنجێنێ، بەتوانا و وەستا و پسپۆڕ لە کەف پێکردنی سابوون، زورناژەنی بەئەدەب و داهێنەری نووسین و نوێنەری ئێوەی نووستوو. جەنابی (حەربا)ی مرۆڤ و فەیلەسووف و شاعیر و چیرۆکنووس و هزرڤان» ویستم زیاتری بەخەڵکەکە بناسێنم، بەڵام ئەو بەمە توانی بموەستێنێ، کە یانەی بەجێ هێشت و خەڵکەکەش بەچەپڵە دایان نیشاندم، جا نەمزانی ئەم چەپڵانە بۆ من بوون یانیش بۆ جەنابی ″حەربا″؟

٩٣- دەنگ و باس

چی قسە و باسی ناشیرین هەبوو پێی گوت، نەفامی و زمان نەزانینیشی درایە پاڵ، برادەرەکەی تەنیشتی لەم هەموو قسانە قێزی دەبووەوە، بۆیە سەری خۆی دەلەقاند و هیچی نەدەگوت کە باس کرا و گەیشتە نزیکیان قسەکان ئۆتۆماتیکی گۆڕان و، ئەمجارە بردیە کەشکەلانی ئاسمان. منیش لە نزیکدا ئەمەم بینی بەزەییم بەئەدەب و ڕۆشنبیری هاتەوە کە ناوی ئەمانەی تێدا بێ.

٩٤- خۆشەویستی و ڕق

هەموو لە چایخانە دانیشتبوون، نووسەرە درۆزن و ڕاستگۆکان،

دەمـامـكـدار و بـێ مـاسكـەكـان، قـەڵـەم فـرۆش و قـەڵـەم جـوانـەكـان. ئـەو بـرادەرە هــاتــە تـەنـيشتمـەوە زۆر بـێزار ديـاربـوو، ويستـم بـاسی ئـەدەبـی لـەگەڵدا بكـەم كـەچی ئـەو زۆر پێخۆشحـاڵ بوو كـە بـەقسەم كرد و لـەم كـەش و هـەوايـانـە دوور كـەوتينـەوە. ئـەو لێرە نـەبوو وای دەزانی ئـەگەر بێتەوە نيشتمـانـەكـەی ئـەوا ئيتر پاكيزە و فريشتەكـان سروودی سەركـەوتنی بۆ دەچڕن و قـەڵـەمی خۆيـان دەكـەن بـەنـانی هـەژاران. ئـەوەندەی كـە لێرەيـە لـە ئێمـە زيـاتر هـەڵی سەنگاندوون، هـەڵسووڕاندنی ئـەم گۆڤـارە وەهـای بۆ نـاساندوون كـە قێزی لـە هـەموو شتێكی پـاكيش ببێتەوە، بڕيـاری دا چی دی مـەرەكـەب نـەكـاتـە پـێنـووسەكـەی، كـەچی لـە تـەنـيشت ئـەوەوە ئـەو مـامـۆستـايـەی عـاشقی چيـرۆكـە دانـيشتبـوو ئـەوەنـدەی بـاسی چيرۆك و داهـێنـان و مـرۆڤـە پـاكـەكـان كـردو بـۆ پـاكی پـێنـووسەكـانی سووتـابوو. منيش بووم بـەعـاشقێك و ئـەوانـەی هـاوڕێی يـەكـەم بـاسی كـردن و قێزی لێ دەكردنـەوە ئـەوا بڕيـارم دا نـەفرەتيـان لێ بكـەم و ئـەوانـەی برادەری دووەميش بـاسی كـردن درووديـان بۆ بنێرم و گوڵبـارانيـان بكـەم.

٩٥– قسە و كردار

هـەميشە خۆی لـە چـەقۆی دەسەڵات هـەڵدەسوی و لـە لای خـەڵكييـەوە يـەكـە يـەكـە پێيـانـدا دەهـات و گلـەيی و بوختـانی بۆ فڕێ دەدان. لـە چـايـخـانـەدا كـە لـە نـاو ئـەم هـەموو ئـەديب و ڕۆشنبيرانـە دادەنيشت بێزی لـەو كـەسانـەش دەبووەوە كـە هـاموشۆی لێپرسراوانيـان دەكرد و نووسەرانی بـەپێچـەوانـەی ئــەو زاتــانــە لــە قــەڵــەم دەدا ڕۆژێـكـيـان بـەڕێـكـەوت لـە لای لـێپـرسراوێك دۆزيمـەوە كـە نـە لـە دوور نـە لـە نـزيك پـەيوەندی بـەنـووسەرانـەوە نـەبـوو هــەتــاوەكــو گــاڵــتــەشی بــەو تــوێژە دەهــات و نـەيـدەزانـی كـێن. بـگرە تـاكـە ڕۆژنـامـەيـەكی نـەدەخوێندەوە. كـەچی ئـەو پشتی خۆی ئـەوەندە بۆ نـەوی كردبوو خـەريك بوو لـەگەڵ مێزەكـەی بـەردەمی يـەك ئـاستيـان وەردەگرت.

ئەو زاتە یان ئەو پاڵەوانەمان ئەوەندەی پیا هەڵدا وەك ئەوەی تاقە خەمخۆری ئەدیبان بێ .. دوای ئەم ستایشە کابرای پشت مێزەکە بەفیزێکەوە سەفتەیەك پارەی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و خستیە باخەڵی. کە سەیرێکی ئێمەی کرد ئارەقەی شەرمەزاری هەموو گیانی تەڕ کردبوو.وەك کەوانەیەکی چەماوە پشتی خۆی پێ ڕاست نەکرایەوە کە چووە دەرەوە ژوورەکە پڕ بوو لە دوعا و پاڕانەوە و سوپاس.

٩٦– تیغی زوبان

بەڕێکەوت لە ناو کتێب فرۆشاندا کتێبەکەی ئەو شاعیرەی کەوتە پێش چاوان، ئەو برادەرەش هەرچی قسەی خراپ و نابەجێ هەبوو هەمووی دەقەبەڵ کرد، منیش سەری خۆم بۆ لەقاند و هیچ وەڵامێکیم نەدایەوە، چونکە لەم بڕوایەدا بووم کە قسەکانی پێچەوانەی ئەو کەسەن کە من گەلێك هاوڕێی نزیکتری ئەوم و لە نزیکەوە ئاشنای بووم. ئێوارە لە چایخانەدا دەگەڵ ئەو شاعیرە دانیشتبووم کە ئەو باسی دەکرد کە هات و دیقەتی ئێمەی دا یەکسەر باوەشی پێیا کرد و ماچی کرد و بەشاعیرێکی بەرزی میللەتی ناوزەد کرد. ئێستاش نازانم ئەو دوو ڕوانینە هۆکەی ئەوە بوو ئەو وای زانی من قسەکانیم گێڕاوەتەوە یانیش هەر خۆی هەمیشە بۆ ئەو خەڵکە دوو لێدوانی هەیە و زوبانی تیغێکی دوو سەرەیە، هیچم پێ نەما ئەوەندە نەبێ کە لە خوا بۆی پاڕامەوە، بەڵکو ئێ خوا ئەم زوبانە دوو سەرەی لێ بسێنێتەوە و ئەم وەبایەش لە ناو برادەرانی تری چایخانەدا بڵاو نەبێتەوە.

٩٧ – جەژنی بڵاوکردنەوە

ساڵێك زیاتر بوو بەردەوام هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و تەنانەت ئێزگە و تەلەفزیۆنەکانیشی بەسەر دەکردەوە. هەمیشە لە پۆستەی خوێنەران وەڵامی دەدرایەوە، جاری واش هەبوو کۆپلەیەکیان بۆ بڵاو دەکردەوە. کەچی

ئەمجارە بەرێکەوت دوای نووسینی هەزاران هەزار شیعر لە ڕۆژنامەیەك بۆیان بڵاو کردەوە. هاتە ناو بازاڕ و پەنجا دانە زیاتری لەو ڕۆژنامە کڕی و لە چایخانەی مەچکۆ یەك یەك دەیدا نووسەرەکان و فیزێکی دەنواند. ئەوجا بەپێشنیاری برادەرەکەی دوو ژمارەی شیعرەکەی لە جام و چوارچێوە گرت و لە چایخانەدا لەسەر سەری ئەدیبان هەڵی واسی.

٩٨- پێناساندن

دەبوایە لە پرسگەکە دانیشم و وەك ئەو خەڵکە چاوەڕوانی نۆرەی چوونە ژوورەوە بکەم. تازە هەتا جەنابی وەزیر نەیەتە دەرەوە ئیتر کەسێك بۆی نییە پێ بنێتە ئەم دەرگەیە. ئەو برادەرە درۆزنەشم لەوێ دانیشتبوو نەمزانی نەچاوەڕێی دیدەنی ئەم زاتەی دەکرد نەجەنابی وەزیر. دەیزانی کێ لە ژوورەوەیە، بۆیە بەخۆ هەڵکێشانەوە وتی: «خەمت نەبێ ئێستا بێتە دەرەوە پێت دەناسێنم و وا دەکەم چ کارێکت هەبێ بۆتی جێبەجێ بکات» منیش هیچ قسەم نەکرد و سەری خۆم بۆ لەقاند. دوای ماوەیەك کە جەنابی وەزیر هاتە دەرەوە تەماشایەکی منی کرد، وەستا و سەنگرایەوە و تەوقەی لەگەڵ کردم و لە چاکی و چۆنی باوکمی پرسی ئەم برادەرەش هێشتا ڕەق وەستابوو ویستی خۆی بێنێتە پێشەوە و وا نیشان بدا کە دەیناسێ، بەڵام جەنابی وەزیر لە منی پرسی: «ئەو کوڕە دەم بەپێکەنینە کێیە .. ناکا ئەوەش وەك تۆ نووسەر بێ؟ «منیش بەجەنابیم ناساند .. کە ڕۆیشتە دەرەوە خەڵکی ناو پرسگەکە پێکەنینیان بەم پێناساندنە سەیرە هات. ئەویش بێ ئەوەی خۆی تێك بدات بەسەرەخۆی نەهێنا و پێی وتم: «زانیم تۆ دەیناسی و ئەویش دەتناسێ بۆیە من بەیەکتریم ناساندن .. باشتریش پێناساندنەکە لە یاخەی من بووەوە»

٩٩- پشوو

ئۆخەی ئێستا بە ئاسوودەیی دەخەوم و دەخۆم و بیردەکەمەوە. ئێستا لە

ناو خێزانەکەمدا بەتەواوی ئۆقرە دەگرم. چی تر خەمی کرێچیاتیم بەکۆڵەوە نەما .. ئەوا قەرزی برادەرە خۆشەویستەکانیشم دانەوە، ئەوانەی وەك فریشتە ئارامییان پێ بەخشیم و مێشکی جەنجاڵیان حەساندمەوە، چونکە جاران نەمدەزانی نە بۆ کرێی خانوو هەوڵ بدەم نە بۆ بژێوی خێزانەکەم، ئێستا لایەکم کەوتە سەر زەوی. ئێستا هەست بەمە دەکەم کە زۆر ئاسوودەم، تا بەم شێوەیەی خۆم وەك پاشای مەملەکەتێك دێتە بەرچاو، بەڵام مەملەکەتی ئەدەب نەك دنیای سیاسەت کە هی ئێمەمانان نییە، بۆیە بڕیارم دا بەم بۆنەوە چیرۆکێکی نوێ بنووسم و ناوی بنێم وێستگەی پشوودان.

١٠٠- ئاو

ماڵەکەی ئەوەندە وشك و برینگ بوو هەتا بایی دەموچاو شوشتنیش ئاوی نەبوو لەگەڵ پرتە و بۆڵەی خێزانەکەی، لە ماڵەوە دەرپەڕییە دەرەوە .چوو بۆ ئاوکڕین، لەوێ کە سەیری گیرفانی خۆی کرد دەرهەقی کڕینی نەدەهات پارەی تانکەرێك ئاو دەیکردە نیوەی مووچەکەی، هیچ چارەی نەما .. بڕیاری دا لەم تەنگژەیە باشترین شت بەلایەوە ئەوە بێ کە شیعرێك بنووسێت ڕەنگرێژی ئەم خەمانەی بێ و ناوی بنێ (ئاو) بەڵام بیری هاتەوە کە ″ئاو″ ناونیشانی دیوانە شیعرێکی ″ع. ع. یوسف″ە و لەساڵی ١٩٧٤ چاپکراوە، بۆیە وازی لە نووسینی شیعرەکە هێنا و وای هێنایە بیرکردنەوەی خۆی کە ئاوی کڕیوە، بەڵام تا گەڕایەوە ماڵەوەش هەر لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئاو ، ئاو ، ئاو ، ئینجا پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر ئەم هەموو وشانەی ″ئاو″ی بەشێوەیەکی ئەندازەیی و هەرەمی ڕیزکردن و کردی بەشیعرێکی تابلۆیی.

## مەرگی بازنەیی

ئێستاکە بەنیگەرانی و دڵەڕاوکێوە چاوەڕوانی ئەنجامدانی ئەم مەرگەساتە دەکات. چاوەڕوانی باڵەفڕەی ئەو ڕووحە دەکات کە دوای ئەم یارییە لە جەستەی هیلاك و ماندوویدا جیا دەبێتەوە و ئەو بۆ بەرزایی ڕوودەچێ و جەستە سارد و سڕ و بێ گیانەکەشی دەگەڕێتەوە نێو ئەم خۆڵە و چاوانی ماتی لەم دونیا جیا دەکەنەوە و ماڵئاوایی یەکجارەکی لە بوون دەکات .. ئەمە قەدەرە و تازە لە چارەیدا نووسراوەو لێی جودا نابێتەوە. دەزانێ هەرچەندی خۆی بێنێ و ببا ئیدی ئەمە بڕیارێکەو دراوە و تازە پەژیوان بوونەوەی بۆ نییە، پاشگەزبوونەوە واتای سەرشۆڕی و بێ بایەخی ئەو خێزانە، واتە چوونە ناو گیانی بەراز، واتە خۆشاردنەوەی نەعامە ئاسا لە خەڵك، واتە نەتوانن جارێکی دی چاوەکانیان لە ئاستی ئەو خەڵکە بڵند کەن و ڕازیبوونی ژیانی ناتەواو و کەمایەتی .. چاوەڕوانی ئەم ساتانەش ناخۆشە، بەرەنگاربوونەوەی ئەم چارەنووسە مەترسیدارە، ئای چەند بەئێش و ژانە ئەم جەستە داهێزراوە، چەند بەسفت و سۆیە ئەم برینە قووڵە بێ دەرمانە. دەبێ ئەم دڵە چۆن بەروەست بێ کە پێش وەختە مەرگی خۆی لە ئاوێنەدا بێتە پێش چاوان، ئیتر سووڕ بزانێ لە نێوان چەند کورتە ساتێکی تردا لەم دنیایە دادەبڕێ و بوونی بەیەکجارەکی دەسڕێتەوە، ئیتر ببڕای ببڕ چاوی بەخزم و کەس و کار و منداڵەکانی خۆی ناکەوێتەوە، بەم جۆرەش کە ئەو خزمانە چی دی نایانەوێ لەسەر دنیادا بمێنێ، بەڵکو بەتەمێکی سەرچاوانی خۆیانی دەزانن و دەیانەوێ بەنەمانی ئەو چاوەکانیان لێڵایی تێدا نەمێنێ.  بوونی جەستەی ئەو لای ئەوان ئەم تیشە قورسەیە کە خۆی بەسەر جەستەی زامداریان داداوە و بەنەمان و سڕینەوە و لابردنی ئەم قورساییە ئەوا برینەکانیان سارێژ

دەبێ و جارێکی دی دەبووژێنەوە ئەوێك کە هێشتا تێر چاوەکانی دەنێو کانیلەی شیلاوی ئەم دنیایە وەرنەینابێ، ئەوێك کە لە هەڵبژاردنی ساتەوەختە خۆشەکانی ژێر پەردە نهێنییەکانی شەوی سووریشدا چەندان هۆ و ئەنجامی جیاجیای بۆ پێوانە کردبێ ئەوێك کە لە هەڵکشان و داکشانی سەرجەمی ژیانی هاوسەرێیەتی خۆیدا بەمردوو لە قەڵەم درابێ و وەك نەبوویەك ڕەفتاری دەگەڵدا کرابێ ئێستاکێ چ باکی بەم مردنەیە کە لێی بووەتە کۆرە وەیباب و بینەقاقای پێ گرتووە و ئەویش بەپێکوتە و هەنگاوی شلەوە بەرەنگاری بۆتەوە، مادامەکێ هەر بەجەستە زیندووە با ئەویش نەمێنێ، ئەو لە گۆشەنیگای خۆیەوە شەهیدی چارەنووسێکی ناحەز و بێ ویژدان و ناتەبایە، بۆیە هیچ باکی بەقسەی ئەو خەڵکە نییە کە چی پێ دەڵێن و چۆن ناوی دەهێنن و چۆنی بۆ بەداوێوە دەکەن، بەڵام تازە هەر دەبێ پێشوازی لەم قەدەرە بکات و باوەشی میهری خۆی بۆ بکاتەوە. تازە دیمەنەکان پەردەیان لەسەر لادرا و لەسەر دەستان دانرا، ئیتر ئەم مردنە هەر بەرەنگاری دەبێتەوە و خۆی وەك ئەفسوون لە ملی دەکا و جۆلانەی دڵی هەڵدەقەنێ و لە بنوبۆتکەوە ڕای دەتەکێنێ.

بۆیە بۆ ئەمە دەچێ کە دوای نەمانی کێ هەیە دوو منداڵە ساواکەی بەخێو بکات و لە پێش چاوانیدا گەورە دەبن و دەمەتەقێی هەڵوێستی جیای یەکتری دەکەن یەکێکیان فرمێسکی بۆ هەڵدەڕێژێ و ئەوی دیکەش نەفرەتی دەکا و ناوی لە ناسنامەی خۆیدا دەسڕێتەوە ئەوجا لێیان دەبێتە شەڕ و هەرا و یەکتر هەراسان دەکەن. تازە ماڵەکەی چی تر چرای تێدا هەڵناگیرسێ، تازە ئەم ئاگردانەش کوێر دەبێتەوە کە تا زەمانێك بوو خێزانێکی پێکەوە جۆش دابوو. داوونەریت وەهایە ئەو مرۆڤەی کە لە سێدارە دەدرێت پێش ئەنجامدانی داواکارییەکانی بۆ جێبەجێ دەکرێت، ئیدی هەیە داواکاری زۆرە و هەمووی جێبەجێ ناکرێ، هەشە هیچ داواکاری نییە و خواخوایەتی هەرچی زووترە بیمرێنن و ڕزگاری بێ،

هەشە داوا ناکات، بەڵام قسە و جنێوبارانی ئەو کەسانە دەکات کە بەرەو ئەنجامدانی کوشتنەکەی دەبەن، بەڵکو هیچیش لە دڵی خۆیدا ناهێڵێتەوە و جنێو بەگەورە دەسەڵاتدارانیش دەدات، بەڵام گولیزار داواکاری تەنها ئەوەندە بوو کە پێش مەرگی خۆی هەردوو کۆرپەکانی خۆی بۆ بێنن و چاوی پێیان بکەوێتەوە و تێر تێر بەسینگی خۆیانەوە بنووسێنێ و تێر تەماشایان بکا و لە بۆن و بەرامیان تێر بێت ئەوجا ساواکەی بەمەمکەکانی خۆیەوە بنووسێنێ و شیری خۆی لێ بەتاڵ بکات، بەڵکو ئێ کە گەورە بوون شیردانی دایکیان وەبیر بێتەوە و بیژی دەرنەچن و یادی بکەنەوە و گۆڕەکەی بەردباران نەکەن. دەبێ چ شتێك لەم چرکە ساتانە ناخۆشتر بێت ئەو کاتەی کە دێن و هەردوو فریشتەکەی لە باوەش دەردێنن و چی دی نایانبینێتەوە و پاش ئەوەی بەرەو مەرگ پەلکێشی دەکەن، ئەگەر مردنەکەشی دەسلەملانێی ئەوان بوایە بێ شك گەلێك خۆشتر بوو کەچی کە لێی دادەبڕێن بەشێکی زۆری ڕووحەکەی لێ هەڵقەنراوە ئەوەی دیش لە جێیەکی قایم دایە و دەرنایێ دەنا دەبوایە لەگەڵ لێك جیابوونەوەیاندا ئەویش بێ گیان بوایە.

ئەوجا پێش ئەوەی لێی بسێننەوە هێند لە باوەشی خۆیدا هەژاندنیەوە ماچی کردن و ڕای موسین هەتا وەکو وێنەیان لەبەر نیگایدا تۆمار بوون و لێی جیا نەدەبوونەوە و لە دوا چرکەکانی هەناسەدانیدا ئەو بوو بەمۆمێکی کوژاوە و ئەوانیش چەشنی دوو پەپوولەی باڵ شکاو کە لە دەور و پشتیدا دەسووڕانەوە، لەو دەمەیدا ئەگەر بشیکوژن تازە هەست بەهیچ ئازارێك ناکات و ئاگەی لێ نییە و وەك گیانی تێدا نەبێ وەهایە تا لە هیکرا ئەم ڕووحە بەخێرایی و بێ ئێش و ئازار لە جەستەیدا جیا دەبێتەوە و دەیگوازنەوە ناو دنیای مردووان، ئەو کات لێپێچانەوەی ئەوێندەرێ لە خەوێکی قورس و بێ ئاگا بێداری دەکەنەوە و دەکەوێتە بەر پرسیاران ئەو دەمەی ڕێز بەڕێزی مردووەکان هەموویان بەجلکی سپییەوە دێن ئەڵقەی

بەدەوردا دەبەستن و هەندێکیان بەخێرهاتنی لێ دەکەن و بەشێکی تریش لە خەڵکی ئەوێ پشتی تێ دەکەن و گەشکەی پێ دەگرن و لە ناو ئاپۆڕەی بەسەرهاتە جیا جیاکاندا هەر کەسە و سەربردەی خۆی بەجۆرێك بۆ دەگێڕێتەوە، لەوێندەرێ هەر منداڵێك دەبینێ ئەوا یەکسەر جووتە پەپوولەکەی خۆی وەبیر دێتەوە و بەدەوریدا دەسووڕێنەوە و وەك لە دنیای جێهێشتوو دێنەوە پێش چاوەکانی. ئینجا ئەویش سەربردەی خۆی بۆ ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە لە دەوریدا کۆبوونەتەوە و گوێ لە چیرۆکی ژیانی دەگرن .. ئەو کە هێشتا بەرامبەری وەستاوە و دەستی بەسەر پەلاپیتکەی دەمانچەکەوەیە و هەمووی ماوەی چەند چرکەیەکی ترە ئیتر کوشتنیشی لە چارەدا دەنووسرێت، پیاوێك کە تا ئەو ساتەوەختە چۆلەکەیەکیشی نەکوشتووە و پێی لە مێرووستانێك نەنابێ چۆن زاتی ئەمە بکا ئێستێ بەدەستی خۆی ئەو ئافرەتە لە ناو ببات و لەسەر دنیادا بیسڕێتەوە، چونکە بەنەمانی ئەو دڵۆپە ڕژاوەکانی حەیای نێوچەوانی هەڵدەگیرێنەوە، دامێنی بەخۆڵ نەبێ داناپۆشرێت، ئیدی چی تر خزم و کەس و کار و دۆستەکانی لۆمەی ناکەن، بەم نەمانە ئیتر ئەویش زیندوو دەبێتەوە چونکە لەم ڕۆژەوە ئەم تابلۆ تراژیدیانەی لە پێش چاوانیدا دروست بوون و دیمەنە ژەنگاوییەکان سیمایان تەڵخ کرد ئەویش بەجەستە زیندوو بوو و لە ناخەوەش لە مردووی نێو گۆڕستانەکان بێ هەستتر بوو. لەم ڕۆژەوە ئەویش دەگەڵ ئەم ژیانەدا پەرژینێکی بڵندیان لە بەینیدا دروست بوو. ئەوێ دەمێ بەحەزرەتی ئەوە بوو بەڵکو ئێ ئەوە گوێی لێ دەبێ ئەوەیە کە لە ناو زیندانێدا ئاوزینگان بکا و چی دیکە چاوی بەبەژن و بالای ڕووخاوی نەکەوێتەوە، لەم دەمەوە چاوەکانی حەزیان نەدەکرد ببن بەکامێرایەك و وێنەی دیمەنەکانی جارانی بێننەوە پێش چاوان، بەلام ئەوەتانێ ئەوا دیسانەوە خۆی لە بەرامبەریدا دەبینێتەوە بەم شێوەیەی کە ئەو خۆی دەبێتە بکوژ و ئەمیش نێچیرێکی ئاسان، ئەگەر دەیکوژێ ئەوا

لەسەر ئەم حاڵەشدا بەزەیی بەخۆی و گۆڕانی ژیان و هەردوو پەپوولە باڵ شکاوەکانیدا دێتەوە، ئەگەر وازیشی لێ بهێنێت ئەوا خۆی مردووە و لە بەردەم زاری ئەژدیها ئاسای ئەو خەڵکە ڕزگاری نابێ هەزاران ناو و ناتۆرەی وەك تەرەس و دەیووس و مل پان و چاوشۆڕ و ترسنۆك و ناپیاو گەلێك نازناوی قورس و بێ مانای تریش لە دەوروبەری قبووڵ بکات و نەتوانێت وەڵامیشیان بداتەوە ئێستا کێ دوو جەمسەری هاوکێشەیەك لە چارەی هەردووکیاندا نەخشەی بۆ کێشراوە و لێکدیان دادەبڕێت ئەمە بڕیاری لەسەر دراوە و پەژیوان بوونەوەو گۆڕینی بۆ نییە. هەر دەبێ ئەنجامی کێشەکە وەهابێ ئەو کوژراو و ئەمیش بکوژەکە یانیش ئەم ڕاوچی و ئەویش نێچیرەکە ئیتر ببڕای ببڕ ئەم دیمەنانەی لە پێش چاوان هەڵنافڕن، سەت ساڵی دیکەش بژی هەموو دەم وەك لەقتەیەکی سینەمایی ترسناك و هەروەکو برینێکی قووڵ و بەسۆی هەموو دەم دێتەوە پێش چاوەکانی .. ئیتر ئەو باڵندەیەکی سرکی یاخی و کێوی و لەسەر دەستان هەڵفڕیو و ئەمیش ڕاوچییەکی نەشارەزا و ترسنۆك و برسی و شڵەژاو و بێ تاقیکردنەوە ئەوا بەم ڕاوە نەبێ ژیانی نقومی ناو خاکێکی پڕ لە بوومەلەرزە دەبێ. ئیتر هێندەی نەماوە بڕیارەکە جێبەجێ بکرێ، ئەو خەڵکە هەموو چاوەڕوانی ئەنجامی ئەم ڕمبازیەن لەم ساتەوەختەدا کە هەردوو پەپوولە باڵ شکاوەکان بەدەوری دایکیاندا لە خولانەوەدان هێندەی نەماوە هەموو شتێك ببڕێتەوە و هەقایەتەکەش کۆتایی پێ بێ ڕەشید هەردوو پەپوولان دەبینێ و لە نێوان بینین و گولیزار و خولانەوەی ئەواندا مەلی خەیاڵی بەرز دەفڕن و بەم جۆرە بیر دەکاتەوە:

دەمێك بوو هەستم بەمە دەکرد کە ماڵەکەی من دەنێو چرە دووکەڵێکی بەردەوام نقووم بووە کەچی ئەوان نەیاندەدیت و بڕوایان پێ نەدەکردم .. دڵەکەی من بە چ شتێك خۆش نەبوو هەموو گاڤێ شارێکی پڕ لە تووڵەڕێ و کەند و کۆسپ و هەمیشە لە وەرزی خەزان دابوو. هەستم بەوە دەکرد کە

ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو شیرازە دەپچڕێ و ناگاتە سەر چونکە ئێمە وێکڕا دوو هێڵی تەریب بووین و هەریەکەمان لە ئاشێکدا باراشمان لێ دەکرد. ئەمن وەهام بیر دەکردەوە و دەمویست دەستمان لێك بەربێ و هەریەکە ڕێگەی خۆمان بگرینەبەر، بەڵام وەها ڕێك نەکەوت خوا ئەو باوکە کلۆڵەی من بگرێ و هەقی واشە باری ئەم بکوژیەشم هەر ئەو هەڵی گرێ، چونکە هەموو گاڤێ کە ئێمە لێکتر بێ شەرم دەبووین و دەگەڕاینەوە ماڵە بابان ئەو باوکەی من دەچوو پەژیوانی دەکردەوە و جارێکی تر دەیهێنایەوە و دەیبردینەوە ماڵی خۆمان و وەها ئامۆژگاری دەکردین: «نابێ .. تازە پاش دوو منداڵ بۆ ئێمە شەرمە، تازە قەت ناهێڵم ئەم ئاگردانە کوێر ببێتەوە»

ئەو باوکەی من هەروا بەساکاری لە ژیان گەیشتبوو ئەو بۆ خۆی گیروگرفتی ناو خێزانی نەدیبوو وای دەزانی دنیا هەر زەمانی جارانە مرۆڤ ئاوەها بێ پێچ و پەنا و گرێ لە ناو لادێیەکدا هەموو وەك چەند خێزانێك دەژیان و ئاگاداری ژیانی یەکتر بوون و هەموو وەك خزم و ناسیاو بوون. بابم وەك بۆی گێڕاومەتەوە ئەو دەمەی خۆی لەگەڵ دایکمدا دڵیان لەگەڵ یەکتری گۆڕیبووەوە بەڵام ڕەفیقی ئامۆزاکەی خۆی بەخاوەنی دەزانی لەبەرئەوەی پێشتر بوو ئەوا بەردەوام بەربەستی لە بەردەمدا دروست دەکردن تا ڕۆژێکیان چووە داخوازی و دایانێ، بەڵام پێش ئەوەی مارەی بکەن و بیگوازنەوە دەگەڵ بابم وارێککەوتن کە ئاواییەکەیان بەجێ بهێڵن و بەرەو شار سەریان هەڵگرت، پاش چەند ساڵێك ئامۆزا و براکانی دایکم سۆراخیان کرد و ماڵەکەیان دۆزینەوە و ئەوانیش هەستیان بەدۆزینەوەی خۆ کرد، بۆیە پەیامبەر لە نێوانیاندا هات و چوو هەتا بەدوو ژن بەرامبەر ڕازی بوون و دوژمنارییان نەما، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێ دایك و بابم هاموشۆی ئەو ئامۆزایەی دایکم ناکەن و ئەوانیش وەها، ئەوجا بابم تا ئێستا لەگەڵ دایکم دڵیان لێکتر نەڕەنجاوە هەر بۆیەش وا دەزانن ژیان هەروەك جاران ماوە لەبەر ئەمەشە

لەگەڵ لێك جیابوونەوەی من و گولیزاردا نەبوون، چونكە شیرازەی ئەو نیمچە خزماتییەیان تێك دەچوو و هەمیش لێك ترازانیان بەلاوە شتێكی سەخت بوو، بۆیە دایك و باوكم گوێیان لە گلەییم ڕانەدەگرت و لە دڵی من نەدەگەیشتن، ئەمن دەمزانی ئەگەر ڕۆژێك دابێ خیانەتیشم دەرهەق دەكا مادام دەست لە ناو پارە و پوولەكانم وەربدا و خەرجیم لە كورتی بدات. منیش جۆری كاركردنەكەم وەهابوو هەمیشە دوور لە ماڵ و منداڵ و پەڕاگەندەی شاران بووم.

جاران دەگەڵ ماڵی بابم بووم و باكم بەمە نەبوو جێیان بهێڵم كەچی ئەمجارەیان ماڵی خۆم تەنیا بوو و بەجێم دەهێشت و داواشم لێ دەكرد كە بیبەمە ماڵی باوان چ ماڵە بابی ئەو چ ماڵی بابی من كەچی ئەو ڕازی نەدەبوو و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت كە بەتەنیا بمێنێتەوە ئەگەرچی بەتەنێش بۆ ژنان كات بەسەربردن و وێران زەحمەت و ناخۆشە وەلێ ئەو هۆگری خۆی بەمنداڵەكانی دەدایەوە و دەیخستنە باوەشی خۆی و بەمە ڕازی دەكردم كە دەتوانی بێ ترس لەگەڵیاندا بژی و وای تێ دەگەیاندم كە ئەوان ئارامییان بەدڵی تەنیای دەبەخشی و ماڵەكەیان ئاوەدان دەكردەوە. جگە لەمەش دڵی خۆی بەو بێوەژنەی حەوشەكەمان خۆش دەكرد كە بەتەنیا لە ژوورێكی خانووەكە دەژیا و لای ئەو ئاوەدانی دابین دەكرد و جێگەی مەترسی نەبوو كە جێیان بهێڵم. ئەمن چوزانم بێوەژنی تاین هەموو نهێنی و جموجۆڵەكان پێ دەزانێ و دەنێو دەرگەیەكی قایمی دادەخات و كلیلەكەشی دەخاتە بن زمانی خۆی، ئەمن بەملی شكاوم چ بزانم ئەو حەرامزادە نێوانی ئەو دووانە ڕێك دەخات و ناهێڵێت من پێی ئاگادار بم .. دەبوایە بەهەندێ بمزانیایە كە ئەم ماستە موویەكی تێدایە دەنا ئەو بێوەژنە بێ كەسە كێ بەخێوی دەكات، خۆ هیچ منداڵی نییە كاری بۆ بكەن، مێردێكی نییە بژێوی بۆ دابین بكات ئەدی باشە من بۆچی نەمدەپرسی داخوا بە چی دەژی؟ مەگەر بۆ كارێكی ناو ماڵی دەوڵەمەندێك

بانگیان بکردایە و لە پاداشتی ئەوەدا شتێکیان لە مستی نابا ئەگینا چۆن چۆنی بەپارەی ئەو نمەك حەرامە توانی دەرگەی نهێنییەکان وەها قایم دابخات.

جار جارە دەمبیستەوە کە ئەو شیرحەرامە دەستی نێوانی و ڕێکخستنی شەوی سووری هەبوو، بەڵام ئەمن کوێر و بێ هۆش و نابینا بووم دەنا دەبوایە کە ئەو قسانەم لە بارەی بیستەوە خێزانەکەی خۆم لە تەکیا نەهێڵم و ماڵەکەم بگوازمەوە، ئەی چۆن بەخوای ژن ساویلکە و خۆش باوەڕن ئەدی ئەوە نییە ژنەکەی منی پێ هەڵخلیسکا و ئەوجا وێڕای ئەمەش لە پشتەوە خەنجەری ژەهراویم دە هەناواندا بچەقێنێ، ئەوەی کە من ببڕای ببڕ بیرم لێی نەدەکردەوە ئەو کارە دزێو و ناڕەوایەی بوو دەنا دەبوایە بەهەندێرا بزانم ئەگەر ژنێك گیرفانی مێردەکەی خۆی ببڕێت بێ شك تاوانی گەورەتریشی دەگەڵدا دەکات، وەلێ دڵە ساویلکەکەی من هێندە خۆشباوەڕ بوو بەخۆم دەگوت ڕەنگە شەرمێکی ئافرەتانە بێ و پێویستی بەپارە هەبێ و بەمن نالێ یانیش ماڵە بابی پێویستییان پێی هەیە و شەرم دەکەن بەمنی بڵێن.

هەتا وای لێ کردم و وەك دارێکی کلۆر وردە وردە هەڵبکۆڵرێم هەتا هیچم پێوە نەمێنێ و لە چ کارێکدا لەنگەران نەگرم و بەناچاری و لەبەر بێ ئیشی و دمۆری خۆم هەرەتەی شارانم بکات، بەڵام هیچ جارێك وەك ئەمجارە نەبوومە پەندی زەمانە .. ئای ئەگەر خەجە بێوەژن پاش ئەم ڕووداوە لەم ماڵەدا دەما و جارێکی دی دەمدیتەوە ئەوا بێ سێ و دوو پێش هەمووان وەبەر خەنجەرانم دەدا چونکێ ئەو لە هەمووان زێتر چاوساغی ئەم کارە بوو، بەڵام ئاخ هەرچەندی بۆی گەڕام و سۆراغیم کرد وەك ئەوەی ئەرز قووتی دابێ ئەوها بزرم کرد و نەدۆزرایەوە، دیارە سەری خۆی بۆ جێگەیەکی تر هەڵگرتووە دەنا بەم هەموو سۆراغەی من دەبوایە شوێن پێیەکی لێ بەدیارکەوێ. هەقایەت و سەربردەی ئەو بێوەژنە گەلێك

سەیر و سەمەرەیە بۆ ئەوە دەست دەدات بکرێ بەچیرۆك و واریقات، وەك لێی دەگێڕنەوە دەڵێن کاتی خۆی لە بەشەکەی تری ڕۆژهەڵاتەوە ڕەدووی زەلامێکی مەملەکەتی خۆمان کەوتووە و کەس و کاری نەیاندۆزیتەوە، زەلامەکە کاتی خۆی بۆ ئیشکردن چووە بۆ ئەوێ .. شەوێکیان دەگەڵ مێردەکەی دەچێتە ماڵەوە و شەو لەوێ دەمێنێتەوە و لەگەڵ ئەم ماڵەیدا دەبن بەدۆست و کابراش ماڵی خۆی بۆ دەخاتە سەر گازەرای پشت و هەر ئەوەندە دەزانێ کە ئێوارەیەکیان دێتەوە دەبینێ خەجە لە ماڵێدا نەماوە ئیدی لە پرسیار و سۆراغاندا دەزانێ کە لەگەڵ ئەو زەلامەی دەهاتە ماڵیان پریاسکەی پێچاوەتەوە. خەجە مێرد و منداڵەکانی خۆی بەجێ دەهێڵێ و پێکەوە ئاودیوی ئێرە دەبن و ماڵ بۆ خۆیان چێ دەکەن.وەلێ لەو پیاوە هیچ منداڵی لێ وەپاش ناکەوێ، پاش هاتوچوونی دکتۆرەکان و پشکنین خەتا لە پیاوەکە بەدەرکەوت. پاش چەند ساڵێك پێکەوە ژیان. مێردەکەی بەکارەساتی ماشێنی دەکەوێتە خەستەخانە و لە ناو جێ دەکەوێ ئەوجا وردە وردە کز و لاواز دەبێ و هیچ تاقەتی تێدا نامێنێ هەندەی نابا خەجێ بەتەنیایی جێ دەهێڵێ! ئەویش دەگەڵ خزم و کەس و کاری مێردی ڕەحمەتی هەڵناکا و پشتی تێ دەکەن.

ڕۆژێکیان ماڵەکەی خۆی هەرزان فرۆش دەکا و بەرەو ئەم شارەی ئێمە کۆچ دەکات و بەرێکەوت لەم حەوشەیەی ئێمە لە ژوورێکدا دەگیرسێتەوە. ئێمە کە ژوورەکەمان گرت ئەو لەوێ بوو. خەجە لەبەر تەنیایی خۆی حەزی دەکرد ئێمە بچینە ناو ئەم ماڵە، چونکە تەنیا دوو منداڵمان هەبوو بۆ ئەویش وزەیەکی ئارام بەخش بوو، بۆیە دەگەڵمان هاتە لای خاوەن ماڵەکە و پێکی هێناین. لەو ساوە ئێمە جیرانی ئەوین و بووینەتە ئەو پردەی کە توانی بەسانایی بەسەرماندا بپەڕێتەوە، ئێستاکەش نازانم بۆچی و چۆن زگم بە بەسەرهاتەکەی سووتاوە کە هەموو جار سەربردەی خۆی وەها بەحەسرەتی و کڵۆڵییەوە دەگێڕایەوە.

که وەك هەقایەتەکانی داپیرەم گوێم بۆ شل دەکرد و لە بن شاپەڕی خەیاڵی سیحر ئامێزیدا سەرگەردان و سەراسیما دەبووم. ئیدی بڕوام بەمە نەدەهات کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەرپێنەمان بداتە بەرێ و پشتا و پشت بەزەویمان دابدات. بەهەرحاڵ ئەگەر بتەوێ لەم مەملەکەتەی ئێمەدا بژیت دەبێ بەزەییت بەکەسدا نەیەتەوە ئەگینا وەك بۆ خەجە دڵم نەرم بوو ئاوها وەك دووپشك پێوە دەدرێی و وەك بێ ئاگایی ئێمە دەکەوینە ناو سۆزی هەڵخەڵەتاوی ئەم سەرەڕۆییەی کە دڵی بێگەردی سپی من بۆ ئەو خەجە نمەك حەرامە کەوتە ناو ئەم تۆڕەوە ئەوجا ئەو هاوڕێیەی کە قەت دڵم بڕوای پێ نەدەدام ڕۆژێك لە ڕۆژان پڕداتەوە لاقەکانم و لە خرتۆرێم وەربدات. ئەمن بۆ خۆم کەم سەربووم دەنا چۆن چۆنی سێبەرەکەی خۆم لێم هەڵدەگەڕێتەوە و لە پشتڕا وەبەر خەنجەرانم دەدا! وەڵڵا بەیەکجاری بیکوشتبام سەد قات چاتر بوو خۆ ئەو کاتی مردن یەك جار بوو هەموو دەمێ نەبوو.

هەموو کەس ئەو خەنجەرەی لێ قبووڵ دەکرا تەنیا ئەو بێ سیفەتە نەبێ کە دەبوایە هەر نانێك بخوات و یەکێکیش بۆ من بکاتە خێر دەنا ئەگەر من نەبوام ئەوا لە برسان دەمرد یانیش دەبوو بەدز و جەردە و پیاوکوژ، بەڵام وەڵڵا بووبووایە ئەمانە باشتر بوو لەوەی شەڕەفی برادەرێکی خۆی بدزێ، لەوەی ببێتە تێکدەری ژیانی خێزانێك. بەڵام چ بکەم من هێندە بەڕەحم و بەزەیی و ساویلکەم ئەمەش زۆر زیانی پێگەیاندووم بۆیەش بەزەیم پێی هاتەوە و ناچار وەك خێزانێك گرتمەوە و یارمەتیم دا و هێنامە ناو ماڵەکەی خۆم لەمەشدا چزووی ژەهراوی خۆی وەك خەنجەرێکی بەسام لە جەستەی هیلاکم چەقاند، مارێك بوو بەخێرایی هاتە ناو ماڵەکەم و پێیوەی دام.

خوا ئەو کەریمە کوێرە بگرێ کە کاتی خۆی بەمنی ناساند و داوای لێ کردم یارمەتی بدەم و بیکەم بەشاگردی خۆم ئەگینا ئەو لە کوێ و من لە

کویَ ئێمە قەت نەدەبووین بەهاورِیَ و نەدەهاتە ناو ژیانم و ماڵەکەشم لێ کاول نەدەبوو. ئەمن بروام ئاوەها پێ دەهێنا ئەگەر شتێکم بەسەر بێ ئەو بتوانیَ باوەشی مەردایەتی لە ماڵ و منداڵەکانم وەرێنیَ و رِزگاریان بکات و جێی منیان بۆ بگرێتەوە کەچی بەپێچەوانە دەرچوو ئەوە نییە باوەشی ژەهراوی بۆ کردمەوە و خەنجەری جەرگبرِی لە هەناوی چەقاندم. ئەگەر نەمگرتبایەوە ئەوا هەرگیز نەدەبوو بەم وەستایە و ژماردنی شەقامەکانی شاری پێ دەسپێررا، یانیش دەبووە چەورەی ناو بازارِ، چونکە کە فێری ئیشم کرد نەیدەزانی دەرنافیز و پلایس و چەکوچیش بگرێتە دەست هەتا نەیدەزانی بورغییەکیش بکاتەوە، ئەز چوزانم ئەو زاتەی لێ هەڵدەکەویَ، دیسانەوە دەڵێم خوا ئەو کەریمە کوێرە بگریَ، ئەو پیاوە چاکەی زۆری بەسەرمەوە هەبوو، بۆیە نەمتوانی قسەکەی رەت کەمەوە.

کاتی خۆی لەگەڵ کەریم پێکەوە سەرباز بووین ئەگەر ئەو نەبوایە ئێستا من شەهیدی قادسیە بووم، ئەو کاتی لە جەنگی عێراق و ئێراندا ئێمە لە سەنگەری پێشەوەی جەنگ بووین، تۆپبارانێکی چرِ سەنگەرەکانی سەربازگەی ئێمەی دەپێکا و گوللە تۆپ بەیەکتر دەکەوتنەوە ئەو کەریمە هات داوای لێ کردم کە کارێکی وا بکەین خۆمان دووربخەینەوە دەنا کوژرانمان مسۆگەر بوو. دوای بیرلێکردنەوەیەکی زۆر چەندان بیرۆکەمان هێنا و برد و هەموومان رەت کردەوە ئەوجا هاتینە سەر ئەو پلانەی کە ئەو گوللەیەکی لە دەستی دام و برینداری کردم بەم جۆرەی کە گوایە لە گوللەبارانی بەرامبەر وام لێ هاتووە، ئەویش بەهۆی خواردنەوەی کەفاوەوە خۆی نەخۆش کرد و ئێمەیان دوور خستەوە و ناردمانیان بۆ نەخۆشخانە بەم جۆرە لە شەرِگەکە دوور کەوتینەوە. بۆ بەیانییەکەی هەواڵ وا بڵاو کرایەوە کە سەربازگەکەی ئێمە بەتەواوی کاول بووبوو، بۆیە پاش پشوویەکی چاك و وەرگرتنی مۆڵەت لە دوای یەکتری ئێمەیان بۆ سەربازگەیەکی تر گواستەوە. بەم شێوەیە ئێمە هەر پێکەوە بووین.

ئەو گەلێك ئازا بوو لە سەربازگەدا زۆر چاوکراوە بوو بەناو قەڵەباڵغی بێ شومار خواردن و چای لە جیاتی ئێمە وەردەگرت و نەیدەهێشت برادەرانی خۆی برسی بن و گەلێك جاریش ئەرکی سەربازی و پاسەوانی لە جیاتی من دەگرت و خۆی لە ژیانی سەختی سەربازی ڕاهێنابوو و زۆر گوێی پێ نەدەدا، ئەگەر شەش مانگ نەچووبایەوە ماڵ بەخەیاڵیدا نەدەهات، بەڵام ئەو کەسێکی وای نەبوو خەمی بۆ بخوات ئەو کاتی وەك من هێشتا ژنی نەهێنابوو.

ئەو ژیانی سەربازی پێ باشتر بوو هەر نەبێ خواردن و ژیانیان بۆ دابین دەکرد و شوێنی حەوانەوەی با سەختیش بێ بۆ وی زامن بوو، بیردۆزی ئەو وا بوو کە دەیگوت ژیان هەر بەڕێوە دەڕوات چ خۆش بێ چ ناخۆش بێ گرینگ ئەوەبوو ئەو هیچی خەرج نەدەکرد بۆ خۆی گلی دەدایەوە تا پاشەڕۆژی خۆی پێ دابین بکات ئەو کێی هەبوو ئەوەی مابووی پیرە دایکێك بوو لەگەڵ زڕبابێك.

کاتی خۆی کە بابی مرد هێندەی نەبرد دایکی مێردی بەو زڕبابەی کردەوە هەر بۆیەش باری دەروونی قەت لەنگەری نەدەگرت، هەمیشە هەستی بەنامۆیییەك دەکرد و لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی بەغەریب و بێ کەس دەهاتە پێش چاو. کەسێك نەبوو دەستی بەزەیی بەسەریدا بهێنێ.

ئەگەر مانگێك بەتەواوی نەچووبایەوە ماڵێ کەسێك نەبوو لێی بپێچێتەوە و لەم ماڵەدا کەس خۆی تێ نەدەگەیاند و هەر کەسە خەریکی جیهانی خۆی بوو وەك ئەوەی لە ماڵێکی تەنیادا بژی ئاوەها دەهاتە پێش چاو، کەچی بۆ کارکردن و داوای پارە پەیداکردن تەنگیان پێی هەڵچنیبوو، ئەو زڕبابە پیسکەیە کە کارەکەی بۆ دۆزیبووەوە دەشیزانی ڕۆژانەکەی چەندە چما لێ دەگەڕا ئەو بەستەزمانە بۆ خۆی فلسێك لە پارەکەی بگێڕێتەوە. مەگەر ئەویش دڵی نەبوو لە گۆشت و خوێن بوو خۆ

بەردێکی بێ هەست نەبوو، مەگەر وەك بنیادەم حەزی نەبوو، ئارەزووی نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانی بەخۆی داگرت و بەکز و مەلوولی دەژیا، هەتا ئەو دەمەی ناوی سەربازی هات و لەو خێزانە ڕزگاری بوو بۆیەش باکی بەمە نەبوو وەك ئەو خەڵکە بگەڕێتەوە ماڵەوە یان نا.

ئەو حەزی بەبینینی دنیا و دەوروبەر و گەشت و ژیانێکی خۆشتر دەکرد، بۆیەش لە کاتی مۆڵەتدا ئێمە بەپەلە بووین تا بگەڕێینەوە ماڵەکەی خۆمان کەچی ئەو لە بەغدا لە مێوانخانەکاندا دەمایەوە و ئەم چەند ڕۆژە تێر دەخەوت و دەیخوارد و دەیخواردەوە و بەخۆشی ڕای دەبوارد و باکی بەم دنیایە نەبوو ئەو بۆ خۆی هەموو جاران دەیگوت: «چیم لەم ژیانە هەیە هەتا بۆی بسووتێم و باکم بەمردنیش نییە، هەتا دەتوانم بۆ خۆم ڕادەبوێرم و تۆڵەی نەهامەتی خۆم دەکەمەوە ئەو دنیایە هەمووی ئاگری تێ بەربێ ئەوا دەنکە شقارتەیەکی منی تێدا نییە، کێم هەیە بۆی بژیم و بەسای ئەوەوە دنیام خۆش بوێ بۆ خۆم دەژیم و ژیانی پاشەڕۆژی خۆم بنیات دەنێم ئەوا ئەگەر توانیم ئەگەر نەشمتوانی پاروە نانێك هەر دەبێ بۆ خۆم بیخۆم و لە برسان نەمرم، بۆ خۆم ڕۆژەکان بەڕێ دەکەم و جارێ ئەم سەربازییە وەك تەمبەڵخانەیەك وایە بۆ من جا پاشانیش چی دەبێ بابێ» ئێمە بەخۆشی پێکەوە بووین هەتا بەیەکجاری لە سەربازی تەواو بووین.

ماوەیەکی زۆر نەمدیتەوە، بەڵام پاشان کە بینیمەوە تێر دەستمان لە ملی یەکتری کرد و هاتوچۆی ماڵی یەکترمان کرد، لەوێوە نەوزادی کوڕی خاڵەکەی پێ ڕاسپاردم و منیش لەبەر دۆستایەتی ئەو لێم قبوول کرد و پەیوەندییەکی ئیشکردن پێکەوەی بەستاینەوە ئەوەی ئێستا دەیزانم ئەو کاتی بمزانیبایە حاشام لە برادەراتی کەریمە کۆریش دەکرد، بەڵام ئەو پاش ئەوەی خیانەتەکەی بۆ ڕوون بووەوە ئەوا بەرگری لێ نەکرد و لەبەر خاتری هاوڕێیەتیشمان لە لیستی خزمایەتیدا ناوەکەی سڕییەوە مافی

تۆڵە سەندنەوەشی پێ دام، بەڵام من دەبوایە کاتی خۆی بەتەواوی شوێن پێی هەڵگرم و تاقی بکەمەوە پێش ئەوەی هاتوچووم بکات، بەڵام ئەمن چ بزانم لەگەڵ ژنەکەمدا پێکەوە لێم دەبن بەپەنگر و بن پێیەکانم دەسووتێنن و لە پەلوپۆم دەخەن، ئەز چوزانم ئەو زاتەی لێ هەڵدەکەوێ.

بەو خوایەی ئەو ماڵ و سامانەی کە هەمبوو هەمووی بۆ بگوازتبامەوە و لە شێخەڵڵا و هەراجخانەی هەولێرێ مەزات بکردبوایە گەلێکم لە لا باشتر بوو لەوەی کە ئاگردانی ماڵەکەم کوێر بکاتەوە، ئەوەم گەلێك پێ باشتر بوو تا دوو کۆتری ماڵی بەسەر بێچووەکانی خۆی هەڵفڕێنێ و سەریان ببڕێت.

ئەوجا ئەم شتانەم هەموو بەلایەك و نامووس و حەیاشم بەلایەکی تر مەگەر لەم دنیایەدا چ شتێك هەیە کە پیاو پێیەوە بنازێ و سەربەرز بێ ئەگەر لە ئابڕووچوونی داببڕێ؟

ئەو نمەك حەرامە توانی ئەوەشم لە دەست دەرێنێ و پەڕ و باڵی هەڵوەراندم بۆیە منیش ئێستاکێ مستەهەقی ئەوەم تا بکەومە بەر ئازاری لۆمەی خزم و کەس و کار و ناسیاوەکانم، ئەدی ئەوە نییە دەڵێن لۆمەی عەبدان لە ئازاری قیامەتێ زیاترە، ئێستا دەبا وەهام بەسەر بێ کە نەتوانم چی دی لە بەردەم ئەو خەڵکەدا چاوی مەردایەتی هەڵێنم بۆچی بژیم باشە، چ مرۆڤێکم، پێم دەڵێن:

– هەی دەیووس، هەی تەرەس، هەی شاخدار ئەی تۆ ئەم ماوەیە لە کوێ نووستبووی؟

هەندێکی تریش پێم دەڵێن:

– مەگەر پیاو نەبێ و خەساو بێ دەنا زەلام هەیە ئاگەی لە جووڵەی ماڵ و منداڵەکانی خۆی نەبێ، ئەوە چۆن چاوەکانت سووراو بوون و هەستت بەمل پانی خۆت نەدەکرد.

– ئەوە چۆن نەتدەزانی لەم دیویدا کڵاوت بۆ دەدوورن و تۆش هەستی پێ ناکەی؟

من نازانم، بە چی شکم بکردایە، کە دەهاتە ماڵی ئێمە لە پێش من شەرمی دەکرد چاوەکانیشی هەڵبێنێ، گولیزاریش لە بەردەمی مندا سەیری نەدەکرد و یەکسەر دەچووە ژوورەکەی ترەوە، من چ بزانم وەڵڵا هەقی وایە ئەو کەریمە کۆرە وەبەر گوللە و خەنجەران بدەم، بەڵام ئەویش خەتابار نییە ئەو چوزانی ئەو کوڕە خاڵەی ئەوها بێ ئابڕووە، ئەمڕۆ کەس بەخەتای کەسێکی تر تاوانبار دەکرێ؟! کێ مسۆگەری هەتاسەری کێ دەکات؟ بەڵام خۆ ئەو لە دوای ئەم ڕووداوە حاشای خزمایەتی لێی کردووە و هەقی کوشتنی پێ داوم، وەڵڵا هەقی وایە ئەو خەجە بێوەژنە وەبەر خەنجەران بدەم و تۆڵەی خۆمی لێ بسێنمەوە، بەڵام چ بکەم وەك گوتم لێرە نەماوە و سۆراغی نادۆزرێتەوە و شوون هەڵگری جارانیش نەماون تا شوێن پێی هەڵگرم و بیبینمەوە، بەڵام دەی با وەها بێ ئەمەش هەر بەهەقی خۆی دەگات، دەی خوای گەورە و میهرەبان، بەڵکو تۆڵەی بێ گوناهێکی وەك منی لێ بکەیتەوە لەو بەدفەڕە، چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە ئەوا ئەم دوو جۆگەلەیە تێکیان نەدەکردەوە.

وەکو بڵێی ئەویش هەستی بەمە دەکرد کە لە نێوان من و گولیزاردا تانۆکێکی بەرز هەبوو، ئەو تانۆکەی کە قیسپەکانی هەمووی لە داری ئەستوور و بەتین درێژ کرابوون و ئێمەی بێ خۆشەویستیش وەك دوو پارچە زەوی نێوان ئاغا و گەدایەك لێك دابڕیبوو، ئەویش دیارە ئەم بۆشاییەی بەهەل زانیوە و بەخشیشەکانی نەوزادیش ئەوەندەی تر بۆ خزمەتی پیلانە گڵاوەکەی چۆکیان پێ داداوەو بەمە توانی ئەم هەڵوەشانەوەیە بخاتە ناو ماڵەکەم تا وردە وردە درزەکە گەورە بوو تەقییەوە هەموو ژیانی لێ گۆڕیم، ئەوجا بێ ئاگای وەکو من بەخۆی زانی، بەڵام پاشی چی کە بەخۆم زانی کەڵکی هیچی نەمابوو، کار لە کار

ترازا بوو، دۆ و دۆشاو تێکەڵ یەکتری کرابوون و ئەو باراشی خۆی لێ کردبوو، ڕەز و باخی دڵی منی هەموو ڕنیبوو، گۆشت و پێستەی لە لەشم دامالّی و وەك پەیکەرێکی ڕەقەڵەی تەنیا ئێسك و پرووسك مامەوە، ئاوەزو هۆشی لێ سەندم و وای لێ کردم بەبنیادەمان نامۆ بم، ئەوجا توخوا چی دی هەقی ژیانم هەیە! توخوا لەمەودوا بۆ خۆم سەر هەڵگرم باشتر نییە؟ بۆ خۆم ببمە دێوانە و بەدوای پاك بوونەوەدا بگەڕێم و گۆشەگیری ئەشکەفت و کێو و چۆڵەوانی بم و چی تر کەس نەمبینێتەوە باشتر نییە.

تازە ئیتر بۆچی بژیم و بەچی ڕوویەك بچمەوە ناو ئەو خەڵکە .. ئیتر هەتا ماوم و تا لەسەر ئەو دنیایە بمینێم ئەوا لە لای ئەو خەڵکەدا هەر بێ غیرەت و بێ نموودە و دمۆر و نێو چاوان سێزدە و نەگریس و کەم تەرخەم قۆچلی و سەدان ناو و ناتۆرەی ترم دەقەبەڵ دەکەن و هەتا بەدەیووس و تەرەسیش وازم لێ ناهێنن.

بەخوا منیش بۆ خۆم لەگەڵ گولیزاردا بمرم باشترە و دەڵێم لە دوای کوشتنی ئەو گوللەیەکی سامناکیش لە مێشکی خۆم بدەم و نەهێڵم چی دی ئەو دڵە سرەم خورپە بکات. با ئەم جەستە شەکەتەم لە ژێر خۆڵدا بڕزێتەوە و مشك و مار و کرم بیخوات چاترە لەوەی بەنەخۆشی و گرێ کوێری و دوودڵی و خەفەخانییەوە چی تر مێشکم بیر بکاتەوە و نێو چاوانم بەعەردەوە نووسابێ، ئەگەر مەبەست و خەمی گەورەشم ئەو دوو مندالانەم بن ئەوا بۆ ئەوانیش پەناگەیەك پەیدا دەبێ یان کەسێکی بەبەزەیی هەر دەبێ بەخێویان بکات.

تەماشاکەران دەیانزانی هەردووکیان مەلی خەیاڵیان بەرزە فڕە، نە ئەو ئاگای لەمەیە کە بەرامبەر مێردەکەی ڕاوەستاوە و هەر ئەوەندەی ماوە دەست بەپەلاپیتکەی دەمانچەکەیەوە بنێ و کۆتایی بەژیانی بێنێ و پەڵەی نێوچەوانی خۆی بسڕێتەوە و لە قسەی ئەو خەڵکە ڕزگاری بێ،

ئەوی دیکەش بۆ کوشتن خۆی ئامادە کردووە و پاش تۆزێکی تر ئەوپەڕی پاش چەند کاتێکی دیار نەکراوی تر دەبێ بەپیاوکوژ و بۆ یەکەم جار گیانی مرۆڤێك بەدەست ئەو دەکێشرێ و بەهۆی ئەوەوە ڕەوانەی گۆڕستان دەکرێ و دەخرێتە ناو قەبرێکی تەنگ و تارەوە و ببڕای ببڕ چاوی بەم دنیایە ناکەوێتەوە، بەڵام ئەم مردنە وەك گیان کێشانێکی ئاسایی نییە و پێش وەختە دەزانێ کە ئەمەی لە نێوچەوانیدا نووسراوە و دەزانێ دوا ڕۆژی ژیانیەتی و هەردەبێ تەسلیمی ئەو قەدەرە سەختە بێ و بەپێچەوانەی ناشتنی ئەو خەڵکەش لەم چۆل و دوورە شارە، لەم دەشتاییە بێ گۆڕستانە دەبێ تەنێ قەبرێکی بۆ لێدەن و گۆڕەوشاری بکەن، ئەمەش بۆ خۆی سزایەکی ترە و بەسەریدا دەسەپێنن و لە مردووانی تر جیای دەکەنەوە، ڕەنگبێ هەر ئەوهاش بینێژن و کفن و دفنیشی نەکەن ئەمەش دەوەستێتە سەر مەلا ئەحمەدی برای ڕەشید کە مەراسیمی ناشتنەکەی چۆن دەبێ. بەڵام لە هەموو شتێك ناخۆشتر بەلای گولیزار ڕەنگە ئەمە بێ کە لەم دنیاش دوور لە مردووەکانی تر جیرانێکی نابێ کە راز و گلەیی خۆی بۆ هەڵبڕێژێت.

کە ڕەشیدیان ئاگادار کردەوە بیری هاتەوە کە دەمانچەکەی ناو دەستی ئارەقەیان بەناو لەپی کردووە و ئێستا ئامادەیە و چی تر ماوە نەماوە و چی دی چاوەڕوانی خۆ هێنان و دواکەوتنی بەسەردا نەیەت و زوو کۆتایی بەفلیمەکە بهێنن، ئیدی کە دەستی بردەوە سەر پەلاپیتکەی دەمانچەکە و بەرامبەر گولیزار سێرەی لێ گرت، گولیزار لە پێش چاویدا هەڵگیرا و دیمەنی نەسرین هاتە جێگەی ئەو. پێی سەیر بوو بەم دەمە ئەوە چییە دەیبینی!؟

ڕاستە یان خەیاڵە! ئەدی بۆچی دەیکوژێ خۆ ئەو و نەسرین کاتی خۆی سوێندیان بۆ یەکتر خواردبوو یان بۆ یەکتری بن یانیش هەردووکیان بۆ گڵ بن، ئەدی ئێستا بۆچی لە بەردەمیا وەستاوە و خەریکە بیکوژێت، ئەی

کاتی خۆی بەدەستی کیّ کوژرا هەر ئەو نەبوو کە کۆتایی بەم عیشقە پاکە هێنا هەرچەندە زۆریش خەتای ئەو نەبوو، ئەو کاتی باوکە سەرشێتەکەی لەبەر دەمیان بووە بەربەست و نەیهێشت هەتا پەیوەندیشیان پێکەوە بمێنیّ.

ئەو کە چاوی بەکۆشکی ماڵی نەسرین کەوت ترسێکی گەورەی لیّ غار بوو دواییش کە تەماشای خانووە قوڕینەکەی خۆشی دەکرد جیاوازییەکی زۆری لە نێوان ئەم دوو دیمەنەدا دەبینی.

ئەوێك خوێندەوار و مامۆستای ئاینده و ژیانی ناو کۆشکی بلوورینی گەڕەکی ئازادی پەروەردەی دەستی باوکێك کە هەموو نازێکی خۆی پیّ دابیّ ئەوە چۆن چۆنی بارتەقای وەستایەکی فیتەری دەرچووی قوتابخانەی سەرەتایی و پەروەردەی قوڕ و لیتاوەکەی گەڕەکی سەیداوە بیّ و بەدووری دەزانیّ ئەگەر بەناچاریش ڕەزامەندی لێك گرێدانیان دەگەڵدا بۆ مۆر بکرێت ئەوا بەلای ئەو بابەوە لە پاشەڕۆژدا پردەکەی بەیەك بەستنەوەیان دەڕووخیّ و لێك هەڵاوێر دەبنەوە.

هەتاوەکو ئەو باوکەی نەیدەهێشت ناویشی بهێنێت، چونکە نەیدەوێرا بچێتە داخوازیشی ئەمیش دوای تێکچوون و بەدی نەهاتنی ئەم خەونە خۆشەی دەگەڵ نەسرین هەمیشە کز و مەلوول دەبینرا هەتا لە کاتی ئیشکردنیشا هزر و خەیاڵی هەمیشە لە شەقەی باڵیان دەدا، جاری وا هەبوو چەند جارێك بانگیان دەکرد کەچی ئەو شریتی ئەندێشەکانی لە پێش چاوان نەدەپچڕا بۆیەش کە گولیزاریان بۆ دەستنیشان کرد لە خۆشی خۆی نەبوو ئەوان بۆیان دۆزییەوە و چوونە داخوازی بیّ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر هەبێت هەتا بۆ مارەکردن بەناچاری وەگەڵیان کەوت و لە ڕۆژی گواستیەوەشدا بەدوای دۆست و برادەرەکانی خۆی نەنارد.

چەند شەوێکیش بەسەر چوو ئەو دۆخینی خۆی بۆ نەدەکردەوە، پاشان

بەچاو لێ سوورکردنەوە و تکا و هێنان و بردن و دوعا و نوشتە دڵیان نەرم کرد ئەمیشیان بەزۆری لەبەر ئەمە بوو گەلێك قسەی وەك، پیاوەتی نەماوە، یان نەژن و نەمێردە یاخۆ پێیان دەگوت بۆیان بەستاوەتەوەو لە کاتی مارەکردندا دوعایان لێی خوێندووە و گرێیان لە بەختی داوە یان هەرامەکەی لە کار کەوتووە و مردووە... تاد ئیتر ئەویش چاری ناچار بوو دەبوایە لە دەست قسەی ئەو خەڵکە خۆی ڕزگار بکات، دەبوایە پەڕۆکی بەخوێنیان نیشان بدات، هەتا بڕوای پێ بکەن و پیرۆزبایی زاوایەتی و بەختکردنەوەی لێ بکەن ئەگینا ئەو ئافرەتە تاوانبار دەکرا و بەتۆمەتی بێ بنی دەناردرایەوە ماڵە باوکی خۆی، بەڵام ئەو هەمیشە بەرگری لە هەڵوێستی خۆی دەکرد و گوناهەکەی دەدایە پاڵ ڕەشید و تێی دەگەیاندن کە خەتای ئەوە تخوونی ناکەوێ هەتا پێشی دەوتن کە ڕەشید قسانی دەگەڵ ناکاو بەفیزە و خۆی پێ لەو گەورەترە، بۆیە بێزیشی نایێ خۆی تێ هەڵسوێ و ماندوویی جەستەی بڕەوێنێتەوە و حەزە سەرشێت و تاسە شاردراوەکانی منداڵی لە ناخیدا دەربێنی.

ئەدی عەیب و شوورەیی نییە بۆ ئافرەت حەز و ئارەزوو و خۆشەویستی خۆی بۆ پیاوان بدرکێنێ خۆ بەخۆشی ناچێ داوای لێ بکات تا بچێتە زگی، خۆ بەخۆی دەستی ڕاناکێشێ، کەی لە مەملەکەتی ئێمەدا بووە ژن وا بەپیاوان بڵێ، لەم کۆمەڵگە بەردینەدا هەمیشە دەبێ ئەو گوێڕایەڵ و بەدیهێنەری ئارەزوو و لەنگەری خۆشییەکانی پیاو بێ و وەك ئامێرێك بێ چۆنی دەوێ ئەوهای بجووڵێنێتەوە.

گولیزار تازە بوو بەدەردی دڵی ڕەشیدی نەدەزانی بۆیەش ئەوهای دەخوێندەوە ئەوجا لەم ڕۆژەوە ڕەشید بەناچاری دەگەڵ گولیزار تێکەڵ بوو و شەڕابیان لە ڕووباری یەکتریدا خواردەوە لە ڕەز و باخی یەکدیدا دوو منداڵیان لێ کەوتەوە، وەلێ ئەو ئاگردانەی ئەوان ئاگری خۆشەویستی تێدا هەڵنەدەگیرسا، هەردووکیان دوو وڵاخی کێوی بوون و بۆ یەکتری

دەستەمۆ نەدەبوون، شەیتان و ئەهریمەنەکان بەسانایی دەنێو ئەو ماڵەی ئەوان دەسووڕانەوە ئەوا خەریکە بەدەستی خۆی ئەم بەردە قورسە لەسەر سینگی خۆی لا دەبات کە لە یەکەم ڕۆژی دیتنیەوە تا هەنووکە لانەکەوتووە و خەریکە تۆزێکی تر لای دەبات.

لێی بووە بەمێردەزمە و بینەقاقای گرتووە، ئەژدیهایەکە و هەموو ڕۆژێ دەیخوات و لێی تێر نابێ، ئەو هەناسەی تەنگ و ژیانی تارومار کردووە و دۆزەخێکی هەمیشەیی لە نێو ماڵەکەیدا بۆ هەڵخستووە.

ئەها هێندەی نەماوە وا خەریکە بەدەست خۆی ئەو بەردە لەسەر سینگی خۆی دەتـرازێنـێ و لـێی ڕزگـار دەبـێ، خـەریـکـە ئـەو سەرابـە نـەپساو و سەرانگرێیە ڕاو دەنێ کە هەمیشە ڕووناکی چاوانی لێ دزیوە، خەریکە ئیتر ئەم لاپەڕەیەش لە ڕۆژ ژمێرەکەی خۆی لێ بکاتەوە و ئەم تەنگژەیەش بەسەرچێ و بزانێ ئایندەی خەونەکانی کەی ڕاوی ئاسکی خەیاڵی بۆ دەکەن.

جارێکی تر لەم خەیاڵانە دادەبڕێ، دەست دەنێتەوە سەر پەلاپیتکەی دەمانچەکەی، نەسرین بەکراسی بووکێنی و قژی درێژەوە خۆی داوێتە بەردەم نیگا تیرهاوێژەکانی و داوای کوشتنی لێ دەکات. گولیزار هاوار دەکا و تکای لێ دەکات چی تر بەم ئازارەی نەهێڵێتەوە و با زوو بێ کۆتایی بەژیانی بهێنێ و لەم نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێیە ڕزگاری بکات، ئیتر بەسە وا بەمنداڵەکانی خۆی شادبوونەوە و بوون بەدوو پەپوولەی باڵ هەڵوەریو و بەدەوریدا دەسووڕێنەوە. بەسە ئیتر با تەواوبێ و لەوێ لە ناو قەبرەکە بەتەنیا بۆ خۆی ڕازی خۆی دەگەڵ مشك و مار و دووپشك و تارماییدا بگۆڕێتەوە. لەوێ خۆی و کردەوەکانی ئێ ئەوە خوا بەخۆی دەزانێ چی بەسەر دێ وا شۆڕی دەکەنەوە ناو گۆڕستانەکە و دوور لە مردووەکانی گۆڕستان بەسە ئیتر چاوەڕوانی لەمە زیاتر ناخۆشە،

ئێستا دوای ئەم هەموو چاوەڕوانییە دڵتۆقێنەرە، دوای ئەم هەموو هەناسەبڕکێ و دڵەکوتێ و توانەوەی جەستە، دوای ئەم هەموو ڕووخان و مردنە هێواش هێواشە خوا خوایەکی بوو تا زووە کۆتایی بەم نیوە ڕووحەی کە تێیدا ماوە بێ و چی تر ئەو خزم و مێرد و کەس و کارەی بەچاوی سووك و تووڕەییەوە تێی نەڕوانن.

با لەبەر چاوان ون بێ و ئیتر هیچ کەسێك نەبینێتەوە و ئەویش چی تر چاوی بەکەس نەکەوێتەوە.

ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بەمردن هەیە مەگەر کەسێك هەیە زوو مردن بۆ خۆی بخوازێ، ئەوا گولیزار پەلەیەتی و ڕەشیدیش خۆی دەگرمخێنی.

کەس ئاگای لێ نییە و نازانێ ئەم هەموو دیمەنە دژ گەییانە هەراسانیان کردووە، کەس نازانێ دەمێکە خەریکە ئەم وێنەیە لە بەر چاوانیدا بسڕێتەوە و نەمێنێ وەلێ ئەوە نەسرینە کە چاوشارکێی دەگەڵدا دەکا و خۆی داوێتە بەردەم نیگاکانی و خۆشی نازانێ بۆچی وەهای لێ دەکات؟ تۆ بڵێی گولیزاری هێندە خۆش بوێ و بیەوێت قورتاری بکات، بەڵام تازە بەچی ڕزگاری دەبێ، ئەوا ئیتر بڕیارە و قەدەری ئەمەیەو ئەو ئەنجامەی لە چارەدا نووسراوە، ئەگەر بەتۆبزیش بێ و بەدەستی خۆیان بچن و دەمانچەکە لە دەست ڕەشیددا بتەقێنن یان ناچاری بکەن ئەوا ئەنجامەکەی هەر کوشتنە و دوا مەنزڵگای ناو گۆڕێکی ئەم چۆڵەوانییەیە، بەڵام خۆ نەسرین ئاگای لە گولیزار نییە و نایبینێ، ئەوا کامێرای چاوەکانی ڕەشید وێنەکەی دەکێشێ و دێتە بەردەمی. ڕەشید نازانێ چی بکا.

چاوەکانی ڕەشکەوپێشکە دەکەن، دیمەنەکانی لە پێش چاویدا دێن و دەچن و تێکەڵ یەکتری دەبن، کەچی لەگەڵ هێنان و بردنی ئەم دیمەنانەدا

نەسرین لە پێش هەرتك چاوانی بزر نابێ و بەردەوام چاوشارکێی دەگەڵدا دەکات.

ئـەوجـا کـە تـەمـاشاکـەرانـی دیمەنـی کێشمە کێشەکە دێن و بێداری دەکەنەوە گولیزار جارێکی دی دەکەوێتەوە بەرچاوان.

ئەوا هێشتا لە جێی خۆیەتی ئەگەرچی تا ئێستا تەنگەتاوی مردن بوو وەلێ ئێستێ وای بەبیری داهات کە پێش ئەوەی ماڵئاوایی یەکجارییان لێ بکات ئەوا پێویستە گۆشەنیگا و ڕازە پەنهانەکانی نێو دڵی خۆی بدرکێنێ ئەوجا ئەو کاتی با ڕەشەبای مەرگ هەڵی تەکێنێ. دەبێ ئەویش سەربردەی چیرۆك ئامێزی خۆی بگەیەنێتە ئەو خەڵکەی وا داوای مەرگی بۆ دەکەن، لای ئەو وا پێویست بوو کە چیرۆکی ئەویش بزانن و داوای گێڕانـەوەکـەی لـە ئـامـادەبووان کرد ئـەوانیش بـەتـاسەی ڕاز و نـهێنییـە پـەنـهـانـەکـان دەستی ڕەشیدیـان گرت و مۆڵـەتیـان دایـێ ئـەگـەرچـی وەك داواکارییەکیش بێ پێش مردنی داوای بکات، هەر ئەوەندەی داواکاری مـاوە و ئـیـتـر دوای ئـەمـە قـەدەرەکـە وەکـو خـۆی دەخـوازێتـەوە. ئـەوجـا بەشڵەژان و دڵەڕاوکێ و جەستە لەرزینەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و فـرمـێسکـە قـەتیسمـاوەکـانی لـە گۆشەی چـاوەکـانیدا سڕینـەوە و چـوار مەشقی لە بەردەم کزەبای ئەم شەماڵە بۆی دانیشت و ئەوانیش ئەڵقەیان بەدەوردا بەستا و بەم جۆرە چیرۆکەکەی خۆی گێڕایەوە:

لێم گەڕێن منیش قسەی خۆم هەیە، لێم گەڕێن با منیش ئەم ڕازانە نەبەمە ژێر گڵەوە، ئینجا ئێوەش بەهەوەسی خۆتان بکەن، بڕوام پێ بکەن یان نایکەن ئەوا خۆتان بۆ ئەمە سەرپشك بن، گرینگ ئەمەیە بەر لە مردنم ئەوەی لە هەگبەی دڵمدا پەنگیان خواردووەتەوە بۆتان هەڵڕێژم، بۆیە وەها دەستی پێ دەکەم:

لەوێدا دەنێو ئەو هەموو خەڵکە جیا جیایەدا، لە نێو دادگەدا گەلێکیان

هێنا و بردم و وەبەر ڕێژنەی پرسیارانیان دام، منیش لەوێدا هەموو شتە شاراوەکانم بۆ درکاندن، وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەم دانەوە کە لێیان دەکردم، لە دواییدا سەرتاپا سەرگوزشتەکەم بۆ گێڕانەوە و حەز دەکەم بۆ ئێوەشی بگێڕمەوە و بڵێم:

ئەگەر باڵندەیەکیش بووام بەتاك و تەنیا بۆ تەواوکەرێك دەگەڕام لەگەڵمدا بتوانێ ویست و ئارەزووە خەفەکراوەکانم بۆ دابین بکات بۆچی مەگەر منیش وەك ئەو هەموو خەڵکە نیم و پێویستیم بەکەسێك نییە کە حەزە سەرشێتەکانم کپ بکاتەوە، ڕاستە ئەو پیاوەی من ماڵ و منداڵی بۆ بەجێ دەهێشتم وەلێ مانگی جارێك بەماڵەکەی من گوزەری نەدەکرد و وەك مێوانێك هاموشۆی ئێمەی دەکرد، منیش ناهەق نەبووم حەز و ئارەزووش بەکەس کپ ناکرێتەوە و بەربەستی بۆ نییە، کێ هەیە لە ئێوە بتوانێ بەرگەی ئەم هەموو حەزە یاخییانەی خۆی بگرێ، لەبەر ئەم هەموو هەوەسە شاراوانەی خۆی بوەستێ کاتێ دێنە کەف و کوڵ و دەتەقنەوە و وەك کانی دەردەبن، کاتێ ئەم حەزانە دەئاوسێن ئاخۆ چۆن چۆنی لەبەرەخۆ دەوەستن و وەك برین دەرنابن. منیش دەگەڵ ئەو کابرایەی کە مێردەکەم بەخۆی هێنایە ناو ماڵی خۆی و هاموشۆی ئێمەی دەکرد ئەم ویستە شاردراوانەم تەقینەوە و دەستم تێکەڵ کرد، چیم کردووە؟

مەگەر ئەو پیاوە پێویستییەکانی ناوەوەی بۆ دابین نەکردووم! ئەم خۆشییانەی کە هاوسەرەکەم تەقەتی کردبوون و نەیدەدامێ، ئەو هەناسەیەك بوو تێکەڵی دڵی سیس بووی کردم و ژیانی پێ بەخشیم. پیاوەکەم وەك ئەو پیرەمێردە وابوو کە ئافرەتێکی جوانکیلەی چواردەساڵی دەباخەڵی نێن ئەویش لە جیاتی ئەوەی شادی پێ ببەخشێ کاتێ شیلەی تەمەنی ناسکی لێ هەڵدەمژێ ئەوا ڕۆژ بەڕۆژ سیسی دەکاتەوە و شەویش پشتی خۆی تێ دەکات ئیدی ئافرەتەکەش چی بکا؟ ناچار حەز و

پێویستییەکانی ناو هەناوی بەدار و بەردیش بێ ئەوا دای دەمرکێنێتەوە. ئیتر ئەم شتەی کە ئێوە بەعەیب و سەرشۆڕی و قەومان ناوی دەبەن ئەوەی کە من لە کاتی بەئاگایی و بێ ئاگاییدا کردوومە ئەوە شتێکە ناتوانم وەسفی بکەم و بڵێم چییە و چۆنە و بەخۆشم نازانم بۆچی کردوومە. هەندێك جاران لە لای خۆمەوە بەتۆڵە سەندنەوەم زانیوە، هەندێك جاری تریش کاردانەوەی تخووبی نێوانمان و ئەم حەزە بزربووانەم بووە و مەراق و ویستەکان ئەوەندە یاخی و تووڕە بوون هیچ بەربەستێك لە بەردەمیاندا نەدەوەستا. ئیدی ئێوەش چی پێ دەڵێن و چۆن ناوی دەبەن کەیفی خۆتانە، ڕەنگە ئەمە نەخۆشییەکی کوشندە بووە و بینەقاقای گرتوومە و نەمتوانیوە بەروەستی بێم یانیش چاڵێکی گەورە بووە و خۆشم نەمزانیوە چۆن کەوتوومەتە ناوی و تێیدا دەرباز نەبوویمە.

لەم کاتانەدا هەستم بەمە دەکرد کە ژیانی هاوسەریەتیمان بەردێکی گەورە بووە لەسەر جەستەمان ئەو لە لایەك و منیش لە لای خۆمەوە پێکرا ترازاندوومانە یانیش ژیان و ئاسوودەییمان پێکەوە ئەم سەرابە بووە کە ویستوومانە بیگرین و بۆمان ڕاو نەکراوە یاخود بەردەوام ڕاومان ناوە و دەسگیر نەبووە. تا ئەو بەلایەکدا کەوتەوە و منیش پێچەوانەکەی، بە جەستە تێکەڵ بە ڕۆحیش ترازاو.

تانۆکێك دەنێو ماڵی مەدا دروست بووبوو زۆر ئاستەم بوو هاتوچووی ئەمدیوی یەکتریمان پێ بکرێت.

ئەو پیاوەی من ئاوێنەی شکاوی خۆشەویستی دەنێو باخەڵی خۆی نابوو و بۆ من و منداڵەکانم دەری نەدەهێنا هەتا ئاوێنەکەی ورد و خاش کرد. سندووقێکی سیحری بوو هەر بۆ خۆی دەکرایەوە و بۆ ئێمەش هەمیشە داخراو بوو. ئەو بەتەنیا بۆ ساتە دۆڕاو و لە دەستچووەکانی ڕابردووی دەژیا و بەردەوام خۆی پێ دەخواردەوە. تەنیا جارێك وەك ئەو

خەڵکە نەهاتەوە ماڵەوە باوەشمان بەدیاری گەرم کاتەوە. دیاربوو من بەلای ئەوەوە هەرزان کرابووم و ماڵەکەم ئاگری عیشقی تێدا نەدەکرایەوە یانیش ئەو دڵی ساردی منی گەرم نەدەکردەوە، بۆیە بۆ خۆم بەدوای ئەم تاودانەی خۆم کەوتم و چارەنووس گەیاندمیە ئێرە. لێرەوەش وا لەم چرکە ساتەدا کە تنۆك تنۆك تەمەنم هەڵدەمژێ و هێندەم نەماوە بۆی بژیم ئەوا هەردوو پەپوولەکانیشم دیتنەوە و تێر لە باوەشی خۆم گرتن و تێر مەمکەکانم لە زاریان هەڵسوی و تێر تێر رامووسین و هەناسەم هەڵمژین، چاکە ئەوان فام ناکەن دەنا شین و دایکەرۆیان دەگێڕاو بۆ هەڵوەرینی یەکجاریم قوڕیان دەپێوا و ئەوسا لە باوەشمدا خەویان لێ نەدەکەوت و نەدەبوون بەدوو پەپوولەی باڵ هەڵوەریو و منیش مۆمێکی تواوە و بەدەورمدا نەدەخولانەوە .. ئەگەر ئاگادارییان لەم مەرگەساتەدا هەبوایە ئەوانیش لەگەڵ گریان و شین و واوەیلاکەیان بۆشم دەپاڕانەوە و داوای بەخشینیان بۆ دەکردم.

خودایە لەبەر خاتری ئەو دوو پەپوولۆکانە لە گوناهەکانم خۆش بە و لەمدیو دنیایێ بەزەییت پێدا بێمەوە مادام لەسەر ئەم دنیایە کەس لە خەمەکانم ناگەن، هەتا ئەو تاقە برایەشم کە ئەوەتانێ لە نێو ئێوەدایە و گوێیەکانی بۆ قولاغ کردووم و لەگەڵ ڕای ئێوەشدا کوشتنی بۆ داناوم و لای ئەو من ئەم پەڵە ڕەشەی سەرچاوەکانیم و بەکوشتنی من ئەو خاوێن دەبێتەوە. بۆیەش ڕازی بوو کە منتان هێنایە ئێرە و لەم چۆڵەوانییەدا تووڕەیی خۆتانم بەسەردا دەبارێنن و ناهێڵن وەك بەشەران لە ناو مردووان بمنێژن.

ئەو لە ئێوە ڕشتتر بوو پاش ئەوەی ڕزگاری کوڕی پوورەکەم بەچاوی خۆی منی لەگەڵ نەوزاددا بینی و بوو بەشاهێدی لای ماڵی بابم.

ئەگەرچی باوکم نەهاتووە، بەڵام چاوەکانی دایك و بابم ماچ دەکەم

لێیان دەپاڕێمەوە کە لێم خۆش بن تا لە دنیای ئەمدیو تۆزێك بحەسێمەوە ئەگەرچی بابم لەسەر حەفت ئاگران بوو هەتا زووە سزاکەی خۆم دەقەبەڵ بکەن، دایکیشم گەلێکی خۆ هێنا و برد و بۆم پاڕایەوە کەچی شایەدی ڕزگار دڵی هەمووانی بۆ چارەنووسی من ڕەش کردوو و بۆ کوشتنم بڕیاریان دا.

دایە گیان لەم دنیایەدا هیچت بۆ من پێ نەکرا، چونکە دەسەڵاتت هەر ئەوەندە بوو بەڵام ئەو هەندە تکایەم لێت هەیە کە لە هەموو کاتێکی نوێژ و پاڕانەوەتدا بۆ منیش دوعای خێرم بۆ بکە بەشکو ئێ خوای بەڕەحم لە دنیاکەی تر دەمبەخشی. ئەوەتانێ ئەو برایەم وا بەتووڕەییەوە تێم دەڕوانێ و لێوەکانی خۆی دەکرۆژێ ئینجا لەبەر ئێوە نەبوایە بەدەستی خۆی دەیکوشتم، بەڵام ئەم ئەرکەی بۆ ڕەشید جێ هێشتووە ئەی نابێ بڵێن مێردەکەی خۆی کوشتی.

هەر ئەوەندە بوو بۆ دواجار تفێکی لێ کردم و زللەیەکی قایمی تێ سرەواندم، ئەوجا خوا خوای ئەوە بوو هەرچی زووە ڕەشید لەسەر ئەم دنیا بمسڕێتەوە، ئێستاش وا لە ناوتانە و چاوەڕوانی ئەوەیە زوو قسەکانم تەواو بکەم چی تر چاوەڕوانیم نەکا، ئەویش هەقی خۆیەتی من وا قسەکانم بەرەو کۆتایی دەچن وردە وردە لە مەرگ نزیك دەبمەوە.

ئێستاش چرکەساتی ئەوەیە کە بێ و بمکوژێت.

وا پەپوولەکانم بەردەوام بەدەورمدا دەخولێنەوە مۆمی تەمەنم کۆتایی هەڵگیرسانیەتی و خەریکە ڕووناکییەکەی دەتوێتەوە. ئێستا بەتەواوی داهێزراوم و لەشم هەمووی قورس بووە و بەرگەی وەستان ناگرم، وەك شاخێك لەسەر جەستەما سەما بکا ئاوا بەزەوییەوە دەنووسێم .. هەموو گیانم هەلەکەسەمایەتی.

چۆکەکانم لەرزیان تێ کەوتووە و بەرگەی لەسەرپێ وەستان ناگرن.

سەرم لە جەستەم بێزارەو وەك لێك جیا ببنەوە وەهان .. قێز لە مانای بوون و ژیان دەکەمەوە .. زمانم خەریکە تەتەڵەی تێ دەکەوێ و وا بزانم چی تر نوتقی دواندنی نییە و وەستاوە .. هاوارەکانم بێزار و تاساون .. ئەم مەرگە وەستانی بۆ نییە و تازە لە هەوکێم نابێتەوە لە ترسان چاوەکانم لە کەللە سەرم دەهاتنە دەرەوە و دەگەڕانەوە. سەر ئێشەیەکی قورس قەپێلکی سەری لەق کردووم .. من کە سوور بزانم دەمێکی دی مردنەکەم مسۆگەرە و پاشگەزبوونەوەی بۆ نییە نازانم چۆن بەرگەی ئەم کێشانە دەگرم.

مەرگ ناو و تاقیکردنەوەیەکی گەلێك سەخت و بەسوێ و بەترس و دژوارە بڕواناکەم لەم دنیایەدا کەسێك هەبێت لە مردن نەترسێ و بێ باك بەپیریەوە بچێت و بۆ خۆی داوای بکات و بیخوازێ، بەڵام من لەگەڵ ئەم ترس و دڵەڕاوکێیەشەوە، بەم ئازارە بەسوێیەشەوە ئەز بۆ خۆمی دەخوازم و پـێشوازیشی لـێ دەکـەم؟ ئـەوا چش دەگـەڵ ئـەم ژیـانـە پـڕ تـاسە و کوێرەوەرییەشم نەکردبێ. ئەز مردنم لا چاترە لەوەی بەجەستە زیندوو و بـەدڵـیش مـردوو بم، بشمـیـنـێم بـەچـاوی زیـنـدووان تـەمـاشام نـاکـەن و بەتەواوی لە پێش چاوی ئەو خەڵکە سووك دەبم.

خوایە دەی دڵی ئەو کابرایە نەرم کە و بەڵکو زوو ڕزگارم بێ و تۆش زوو ڕووحەکەم لێ وەرگرەوە و با هەموو چرکەیەك جارێ نەمرم، با ئەم ترسە بەیەکجاری بێ و لە یاخەم بێتەوە و هەر یەکجار بمرم چاترە، ئیدی خۆم کردەوەی خۆم لە ناو ئەو قەبرە تاریك و نووتەکە، با نەمێنم چاترە ئەدی تازە کێ وەك پاسارییەکی بێ لانە دەملاوێنێتەوە، کێ ئاوڕی بەزەیی و مرۆڤانەم لێ دەداتەوە؟

ئێستا بمرم باشترە لەوەی کە لە دوا ڕۆژدا منداڵەکانم نەفرەتم لێ بکەن و لەبەر قسە و دەنگ و باسی ئەو خەڵکە نەتوانن لە گوناهەکانم خۆش بن یان ڕەنگە خۆشیان لێم خۆش نەبن و گۆڕەکەم بەرد باران بکەن.

دەی خوایە ئەم مەرگەم لێ وەرگرەوە بەسانایی ئەوجا لە دنیاکەی تر بمخەرە ناو دۆزەخ و ئازاری تۆ لە ئازاری ئەو خەڵکە بێ ڕەحمە چاترە، ئاگرەکەی لە بڵێسەی هەمیشەیی ماڵە مێردان چاترە بگرە لە تیغی زمانی ئەو خەڵکە بێ ڕەحمەش باشترە.

ئێستا وا من تەواو ئامادەم دەبا بێ و بمکوژێ و ئێوەش ئەم دیمەنە بەسامە ببینن و بامەرامەکانی نێو دڵتان زوو دابمرکێتەوە مادام ئێوە بەمەرگی من تێنوون بەمردنی من ئاسوودەن خێراکەن زوو هانی بدەن و چەپڵەی ئافەرینی بۆ لێدەن، با بێ و زوو ئەم زۆرانبازییە تەواو بێ و ئێوە سەرکەوتوو منیش دۆڕاو.

من وەك چیرۆکنووس لەم دیمەنە ترسناکەدا کە دەشێ بکرێتە کۆتایی چیرۆکەکە مۆڵەت لە تۆی خوێنەر وەردەگرم و دیمەنی کوشتنەکە دوا دەخەم هەتاکو بتوانین بیرکردنەوەی نەوزادیش کە ئێستا لەم کاتەدا لە نێو زیندانێدایە ئەویش جۆرێك بیرکردنەوەی خۆی هەیە ئەوجا دەچینەوە کۆتایی چیرۆکەکە، ئەو بەم جۆرە بیر دەکاتەوە:

منیش وا دەناو زیندانێدا دەتلێمەوە، هەر لەم کاتەدا کە بۆ دادگە پەلکێشیان کردم و پۆلیسەکان هەموو وەك سێبەر بەدوامەوە بوون، ئەو دەمی هەستم بەوە دەکرد کە من تاوانبارێکم و ئەو خەڵکەش هەموو تیرهاوێژن و نیگاکانیان لە چاوانمدا دەچەقێنن و ئەم نیگایانە هەموو پرسیاریان دروست دەکرد و تووڕەیی خۆیان پێ ڕادەگەیاندم هەتا ئەم ڕۆژانەم وەبیر هاتنەوە کە خزمەکانی دەگەڵ پۆلیساندا هاتن و نەیان هێشت قورتار بم و گەیشتنە سەر گیانم، بەڵکو هەر پێشم نەزانی چونکە ئێمە لەو دەمیدا لە ژوورەوە بووین خەریکی ئیشەکەی خۆمان بووین لەبەر هەندێش دواکەوتین، چونکە منداڵە بچووکەکەی هێشتا نەخەوتبوو گریانەکەی بێزاری کردبووین تا مەمکی دایێ و تێر ژاندی ئەوجا خەوی

لێ کەوت و ڕزگارمان بوو لە دەستی ئەوجا بەئاسوودەیی چووینە ژووری نووستنەوەو ئاگامان لە دنیای ئەمدیوی حەوشە و دەرەوەی ئەم ژوورە نەبوو، هەر هێندەم زانی لە نکاوڕا ترپەی چەند پێیەك ڕای چڵەکاندین، ترسام و لە جێی خۆم سارد بوومەوە و تاسام.

وام زانی جەستەیان دەنێو قالبە بەفران داناوم، تەزیم هاتنێ و گیانم کەوتە هەڵکشان، ترپەی دڵم بەگوڕتر لێی دا، ڕاچڵەکیم، بێزم لە دیمەنی ڕووتی خۆمان بووەوە، زەرد هەڵگەڕام، زمانم تێك گیرا، وەك لەسەر خاکێکی پڕ لە بوومەلەرزە بم ئاوەها دەلەرزیم، سەرم لە لەشم جیا بووەوە و دنیام لە پێش چاوی تاریك داهات و سەرم وەك فڕفڕۆك دەسووڕا و خەڵکەکەی بەردەمی خۆم وەك تارمایی دەهاتە پێش چاوان، ئارەقەی شەرمەزاری بەهەمەوو جەستەمدا هاتە خوارێ، وام زانی بەیەکجاری لەسەر دنیایێ هەڵگیرام.

گولیزاریش لە من باشتر نەبوو ئەدی بۆ پیاوێکی بێگانە وەها بێ دەبێ ئافرەتێك چ تێکچوون و شڵەژان و هەژان و مردنێك بێ بەتایبەتی ئەو خزمانەی کە تا ئێستا بەجۆرێکی تریان دیوە و بەشێوەی ڕووپۆش و جۆرە تێڕوانینێك لە دیمەنی پێشتری لە مێشکیاندا چەسپیبوو، ئێستا بۆ وان وەك تاسانێك وایە کە بەم دیمەنە نوێیە دەیبینن، لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە کە لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدایە و بەدزی مێردەکەی بەڕووتی لەسەر پێخەفی نووستن لە باوەشی یەکتری چاویان پێی بکەوێت.

ئەگەر من بووام لە جیاتی گولیزار و بەم شێوەیە لە بەردەم خزماندا دەبوومە یەك دڵۆپە ئاو و زوو دەتوامەوە و بەناو خاکدا ڕوودەچوومەوە خوارەوە جارێکی دی ڕووم نەدەهات چاو لە چاوی کەسی دی بنێمەوە و خۆم لەو خەڵکەی دەشاردەوە و، ئەوجا لەم دەمەدا دەبێ چی بەسەر بێ، مەگەر دەروونزانێك بتوانێ وەسفی ئەو حاڵەتانە بکات کە لەم کاتانەدا

بەخۆیەوە دەبینێ. لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوە بوو کە نەیانهێشت جلی خۆمان دەبەر کەینەوە هەتا هەموو هاتن و بەنیگا وێنەی ئێمەیان گرت و شایەدییاندا کە بەم دیمەنە ئێمەیان دیوە، هیچ شتێك لەو دەمەی ناخۆشتر هەیە ئێستاش نازانم ئەو وەختانە چۆن بەسەر چوون و ئێمەش لە شەرم و خەفەتان بەزگمان نەداوە و، دەڵێن بەشەر ڕووی قایمە دەنا دەبوایە ئەو دەمی گیان بدەین.

ئەو دەمی من و گولیزار چاوەکانمان داخستبوو و سەیری بن پێکانی خۆمان دەکرد و چاومان هەڵنەدەهات بڕوانینە هیچ کەسێك و نیگایان تێ ببڕین وەك ئەوەی بلاژکتۆرێکی زۆر ڕووناك لە ناو چاوت بدەن و تۆش نەتوانی بەرگەی ئەم هەموو ڕووناکییە بەهێزە بگریت و ئاوەها نەمانتوانی تێیاندا بڕوانین.

ئەوجا کە بەچاوی خۆیان ئێمەیان دیت و بۆ شاهێدیش خزمێکی گولیزاریان دەگەڵ خۆیان هێنابوو تا ئەویش وێنەی تەواوی ئێمە ببینێ ئینجا هێشتیان خۆمان بگۆڕین و ئەوانیش منداڵەکانیان بردەوە و ئێمەیان بەرەو پۆلیسخانە پەلکێش کرد، بەهەندێرا زانیم ئەوەیان خزمەکەی گولیزار بوو چونکێ هەتا ئەو نەهاتە ژوورەوە و ئێمەی نەدی و شایەدی بۆ نەدان ئەوان نەیانهێشت جلەکانی خۆمان دەبەرکەینەوە. پاشان لە پۆلیسخانەدا لێکیان جودا کردینەوە.

بەیانی کە لێمان پێچرایەوە و بۆ بەندیخانەی گەورەی شار بەڕێیان کردین ئەو بۆ بەشی زیندانی ژنان و منیش بۆ بەشی پیاوان دابڕیان کردین.

ڕەنگبێ ئێستێکە لەسەر ئەم دنیایە نەمابێ، چونکە هەواڵم لەمدیو بەندیخانەوە بۆ هات کە خزمەکانی لەگەڵ ماڵی مێردەکەی خۆی پاش چەندین هەوڵ و کۆشش توانییان بەهۆی دادگەوە وەری گرنەوە و دەری

بێنن. ئێستاکە بەزەینی خۆم وا دێتە پێش چاوم کە پایزی خەزانیەتی، ڕەنگە بەیانیش هەوڵی ئەوە بدەن منیش لە نێوان ئەو تەلبەندانەدا وەدەرنێن و بەدەردی ئەوم ببەن، بەڵام ئەدی ئەو هەموو خزمانەم چین!

ئەگەر یەکێکیان دێتە لام ئەوا پەیامم ئەوە دەبێ، کە ئەگەر بەرەڵڵا بووم دەبێ زوو بگەنە بەردەرگەی زیندان و ئاگەیان لێم بێ و چەند چەکدارێکم بۆ بکەن بەپاسەوان دەنا ئەمنیش بەدەردی گولیزار دەبەن و وەك چۆلەکە سەرم دەبڕن.

پێ دەچێ خزم و کەس و کاریشیان زۆر بێ دەنا چۆن وا زوو پێیان بەردەبوو و چۆن توانییان وەها زوو ڕەزامەندی کوشتنی پەسەند بکەن ..

ئەم زەمانە پیاو چەندی ئاگای لە خۆی هەبێ هەر کەمە ئینجا کە هاتمە دەرەوەش وەك بەرزەکی بانان دەردەچم و خۆم دەشارمەوە و ئەوسا منیش وەك ئەو هەموو خەڵکەی کە کۆچ دەکەن و وڵاتی خۆیان جێ دەهێڵن و بەرەو هەندەران بارگە و هەگبەی نادیاریان تێك دەنێن و ناگەڕێنەوە ئەوا منیش وەك ئەوان کۆچ دەکەم و ئاودیوی ئێران و تورکیا و سوریا دەبم کامە ڕێ باش و ئاسان و کەم پارەتر بێ بەوێدا گوزەر دەکەم و دەیکەمە پێگەی خۆم و وەك ئەو خەڵکە ماوەیەك لەوێ ئیش دەکەم و چەند قرۆش و تمەن و ئانەیەك یان چەند لیرە و دۆلارێك بەیەکەوە دەنێم و ئەوجا بێ منەت دەگەڵ قاچاخچییەك ڕێك دەکەوم، قاچاخچی خۆمان پڕی ئەو دنیایەن و ڕەگیان لە هەموو لایەك داکوتاوەو و پارەی خۆت بدەی بۆ هەموو دەوڵەتێك دەتپەڕێننەوە.

هەر خوا بکا هەتا من بەردەبم دەرگەی ئاوارەبوون دانەخەن دەنا پەکم دەکەوێ و قەدەرم پەلکێشی مردنم دەکات بەدەست ئەم دوژمنانەمەوە.

بەڵام نەخێر ڕاست ناکەن کە دەڵێن ئیتر دەرگەی سنوورەکان لە بەردەم شاڵاوی نەپساوەی کوردی هەگبە لە شان دادەخەن، ڕاست نییە کە دەڵێن

ئەوروپا لە دەست ئەم شەپۆلە زۆرەی کۆچ کردووان دەناڵێنن و چیدی وەریان ناگرن و خەڵکەکەی ئەوانیش نارەزایی لە حکوومەتەکانیان دەکەن، ئەدی ئەمە چییە کە لە گشت هەواڵەکانی دنیادا ڕۆژی هەزاران کەس دەگەنە شوێنی جیاجیا و بۆ وەرگرتن مان دەگرن و نان ناخۆن هەتا وەردەگیرێن تەنانەت جاری واش هەیە لەگەڵ پۆلیسی ئەم دەوڵەتانەش بەشەڕ دێن و پاشان بەهەچ شێوەیەك بێ بۆ شوێنی جیا جیا کۆچ دەکەن.

ئەدی ئەوە نییە ئەو کوردە لە هەموو دنیادا بڵاو بووەتەوە و ڕەگی داکوتاوە خۆ منیش لەو خەڵکە زیاتر نیم هەر نا وەك ئەو خەڵکە منیش دەبم بەقاچاخچی ئەدی ئەوە نییە کوردی ئێمە بوونەتە گەورەترین موهەریبی دەولی و لە هیچ سنوورێکی دنیادا ناگەڕێنەوەو بڕوایان بە چ سنوورێکی دەستکردی نێو دەوڵەتان نییە و لای ئەوان هەمووی هەر موڵکی خوایە و بۆ وانیش جیاوازی نییە و لە هەموو جێگەیەکیش کار و کاسبی و دەرۆزەکەی خۆیان دەکەن و وەك کرکاك دەزانن بەهەموو زمانێك بخوێنن، چیم لێ دەکەن یا چیم زەرەر کردووە ئەگەر بشگیرێم ئەوا سنوورداشم دەکەن و دەمهێننەوە زاخۆ و لەوێ فرێم دەدەن و پاش چەند پرسیار و وەڵامێك بەرەڵلام دەکەن ئەوجا جارێکی تر و دووان و سێیان و بەردەوام بەم جۆرە هەیپەی لێ دەکەم و خۆم دەخەمە سەر چەقۆ هەتا دەگەمە ئەوێ و بەکاروانی دەگەم ئەوجا لەوێندەرێ خۆ کەس نییە بتوانێ بمکوژێ، لەوێدا یاسا هەیە چما لە خۆڕا کەسێك دەتوانێ تخونی کەس بکەوێ و لە خۆڕایی نەك بیکوژێ بەڵکو قسەشی پێ بڵێ، چما کوشتن گاڵتەیە، من لەوێ گیانم پارێزراوە کێ دەوێرێ لە خۆڕا پێشێلی یاسا بکات، ئەوێش خۆ ئێرە نییە.

ئەوجا کە وەرگیرام جیا لە مانگانەی خۆم لە بازاڕی ڕەش کار دەکەم و پارەکانم گل دەدەمەوە، پاشان ئەم گەڵایانە وردە وردە دەنێرمەوە با دووکان و خانووم بۆ بکرن و ئەوجا ئەگەر ئەم وەختی ئێمەشیان

گەڕاندەوە ئەوا منەتمان پێ نییە لە شاری خۆمان خانووبەرەمان هەیە و بەدەوڵەمەندی دێینەوە و لێرەکانەش دەوڵەمەند خاوەن دەسەڵاتە و بەپارە دەتوانێ هەموو شتێك بۆ خۆی دابین بکات.

ئەرێ وەڵڵا باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی من لەم مەملەکەتە کرمێیە ڕزگارم ببی.

دەچمە مەملەکەتێك کە شەڕی براکوژی تێدا نەبێ ئەوجا خۆ بۆ ئەوێش بەدوامدا نایەن.

خوا بکا خزمەکانم هێندە ئازا بن بۆم ببنە پشت و پەنا هەر ئەوەندەم زەحمەتە هەتا لە بەردەستی ئەوانە ڕزگارم دەبێ و دەگەمە سەر سنوورێك ئەوجا جارێکی تر نیگای ئەو کۆنە برادەرەم نابینمەوە، ئەوسا وەستاکەم نابینمەوە کە بوومە هۆی چاوشۆڕی و لە دەستدانی خێزانەکەی، خوا بکا ئەمەم بۆ بێتە دی ئیتر نامەوێ جارێکی تر بیبینمەوە ئینجا بێ لە نێو ئەو خەڵکەدا سووك و چرووکم بکا و بەزەلامی چەکدارەوە پەلکێشی چۆڵەوانیم بکا و پاش ئەوەی تێر کەرامەتم دەشکێنێ و شل و کوتی لێدانم دەکا و بەقوربانی مردنیشم دەکات ئەوجا بەئازارەوە دەمکوژێت. بەخوا گەلێك دەترسم و نازانم چارەنووسم بە چی دەگات؟

ئەگەر کابرایەکی ئاقڵ بووام و بمزانیبایە قەت وەهام بەسەرە خۆم نەدەهێنا. بزانە چیم بەسەرەخۆم داهێنا و بووم وەپەندی زەمانە، بەڵام ئەمن چ بکەم حەز و ئارەزوو، هەوا و نەفس، چێژێکی شاراوە و برسی بۆ خۆیان پەلکێشی دەکردم، ئەو ئافرەتە لە یەکەم نیگادا چاوەکانی لێ نەدەترووکاندم و هەستم بەمە دەکرد کەوا لەزەتێکی کپ کراوە ختووکەی ناخی هەردووکمان دەدات، یەکەم شەوی میوانداری بوو کە چایەی لە بەردەم دانام و لە بنەوە دەستەکانی لە دەستم خشاند و خەنییەوە، بەڵام مێردەکەی لەبەر تەلەفزیۆن ئاگای لێ نەبوو یانیش بەم دەمودەستە شکی پێ نەدەهات.

منیش لەگەڵ ئەم دیمەنە وەك ئەو زەردەخەنەیەكی وەڵام ئامێزم هاتە سەر لێوان و دڵم پڕ بوو لە خۆشی و مووچڕكم بەلەشی داهات، تەزووی ساردی چەشنی كارەبام دەهەناوان گەڕان، ئا لەو دەمیەوە عەشقێكی سەرشێت و هـار و یـاخـی و نـەگیـرساوە خـۆی هـاویشتبـووە نـاو دڵـم و دەرنەدەهات لەو دەمیەوە سۆزێكی بەربەست نەبوو یانیش بوركانێكی تـەقـیـو خـۆی دەكـەلـلـەی سەری نـابـووم، ئیدی سەرشێتانـە لـە بـازنـەی مـاڵـەكـەیـاندا دەیـخـولانـدمـەوە هـەتـاوەكـو خـۆم گـەیـانـدە خـەجـە بێوەژنـی دانـیشتـووی نـاو حـەوشەكـەیـان، دڵـی خـۆم بـۆ كـردەوە و هـێـنـامـە تـكـا و پاڕانەوە و خۆم دەبەر مراند، خۆم كردە ئەو نەخۆشەی كە بەدەستە وی نـەبـێ چـابـوونـەوەم نـابـێ هـەستـام بـەپـارە و دیـاری جۆراوجۆر توانیـم چاوبەستی بكەم ئەگەرچی لە هەوەڵ جارەوە ڕازی نەبوو كە نێوانمان بۆ ڕێك بخات، چونكە خۆشی دڵی سەماوەرێكی پڕ لە جۆش و خرۆش بوو، خـۆشی پێویستـی بـەدابـینـكـردنـی ئـەم گـیـای نـەمـرییـە هـەبـوو، دەیـویـست دەستان دەگەڵ ئەودا تێكەڵ كەم و بیهێنم و ئەوسا بڕیاری ئەوەی دامێ هـەرچی هـەیبوو و چەند ساڵە پێكەوەی نابوون لە زێڕ و ماڵ و وردەواڵە هــەمـوویـم پـێ بـبـەخشێ، بـەڵام مـن پـاش ئـەوەی تـەنـیـا جـارێك ژانـە هەڵچووەكانیم بۆ دامركاندەوە و حەزە شێت و هارەكەیم لە جۆلانەی دڵی خۆدا خەواند ئیدی تخونی سەرە دیقانێی نەبوومەوە چی دی ئەم كارەشم دەگـەڵـیدا ئـەنجام نـەدایـەوە هـەتـاوەكـو زۆر خـۆشم تـێی هـەڵـنـەدەسووی و ئەوەندە هاموشۆی ناو ژوورەكەیم نەدەكرد لەبەر پەرۆشی باوەشی پڕ لە هەوەسی گولیزار ئەو ئەگەر بشمخستبایە نێو جۆلانەی باوەشی خۆی من تـێـیـدا نـەدەحـەوامـەوە و ئـەم بـاوەشەم پـێ خـۆش نـەدەهـات و تـاسەكـانـی ختوكەی گیانیان نەدەدام ئەگەرچی گەرمای نێو باوەشی پڕ خۆشی بوون و لەزەتێكی خەفەكراوی خۆشی لە یەكەم دیداریدا دڵی منی ڕاقەنی و گـوراحـی خـۆش كـردم وەلـێ لـەگـەڵ ئـەوەشدا خـەیـاڵـی گـولـیـزار لـێی

دوورخستمەوە، بەڵێنی ئەوەم دایێ ئەگەر بمگەیەنێتە ئەودیوی پەردەکەی گولیزار ئەوا منیش خەڵاتەکەم ئەوە دەبێ کە پاشان دوای کپکردنەوەی ئارەزووەکانم هەر بۆ باوەشی ئەو خەجێ نازدارە بگەڕێمەوە، چونکە وەها بڕوام پێی هێنا کە هی گولیزار کاتییە و بۆ من نابێ، چونکە مێردی خۆی هەیە و گەیشتنیشم بەهەواری جەستەی هەر تەنیا مەراقێکە و دەبێ بیگەمێ، ئەویش بەم قسانە دڵی ئاوی خواردەوە. بەم جۆرە توانیم دوو چۆلەکە بەیەك بەرد بپێکم و بیرم کردەوە کە دەبمە خاوەن ماڵەکەی ئەو دەگەڵ گولیزاریش بەردەوام دەبم و بوارەکەم بەتەواوی بۆ دەڕەخسێ و لە دوو ئاشان دەتوانم باراشی خۆم لێ بکەم و پەکیشم ناکەوێ.

مێردی بەستەزمانی چ بزانێ ئەمنیش بەناو لە ناو ماڵی خۆم بووم و کەس هەیە لە ناو ماڵی خۆیدا وەدەری نێن، بەڵام نا بیرم کردەوە باشە بۆ من هەر بەڕاستی وانەکەم بەلامەوە بیرۆکەیەکی باش بوو تەواو بەدڵم بوو.

بەڵام هەر زوو دوای ئەوەی مێشکی خۆم هێنا و برد پەشیمان بوومەوە، بیرم کردەوە ئەدی باشە خەڵکی چیم پێ دەڵێن، ئەو دەمی مێوانەکانی خەجە بەردەوام دێن و منیش دەبێ ملی خۆم بۆیان پان کەمەوە و ئەگەر ناوی دەیووس و تەرەسیشم لێ بنێن ئەوا دەبێ قبووڵی بکەم، ئەرێ وەڵڵاهی ئەوهایە، بەڵام بۆچی ئا ئەوسا ناهێڵم و ژنی تەواوی خۆمە و تۆبەیەکی نەسوحی پێ دەکەم، ئەدی باشە ئەویش داوای تۆبە و وازهێنانم لێ دەکات و ئەوجا ئەو کاتی ئەو چۆن دەهێڵێ ئەو تۆبەی کردبێ و منیش بەهەوەسی خۆم هەر دەگەڵ گولیزار بم، بەخوا ئەمەیان قبووڵ ناکات ژن لەگەڵ یەکدیدا ئیرەیییەکی تەواویان هەیە ..

ئەدی باشە گولیزار چۆن ڕازی دەبێ ئەگەر بەتەنیا دڵم بۆ ئەو نەبێ، ئەدی ژن ئەوهایە پێکەوە هەڵناکەن و هەمیشە لە ناخەوە ڕقیان لە یەکتر

دەبێتەوە و قەت پێکەوە هەڵناکەن ئەگەر پێکیشەوە بنووسێن ڕەنگە جۆرە بەرژەوەندییەکی تێدا بێت.

نا وا نەکەم باشە، نا بەخوای نابێ ژیانم لێ خراتر دەبێ و تێك دەچێ، بەڵام خۆ چ قەیدییە درۆ بەپارە نییە، هەر بەقسە ئەم بیرۆکەی لە دڵی دەنێم و گولیزاریشم هەبێ ئەو پیرێژنە سەگانییەم بۆ چییە. هەتا ئەو ناسکە گوڵەم هەبێ بەبۆنی ئەو قێزم دەبێتەوە.

بیرم کردەوە باشە ئەی ئەگەر لەگەڵ گولیزار لێم ئاشکرا بوو یاخود بێوەژنی تاین لە حەژمەت ئاگری هەناوی لێی لە هەڵڵا دام چارەنووسم بە چی دەگات. ئا وا چاکە بواری ئەمەیان نەدەم، ناهێڵم وا بکەن هەردووکیان دەترسێنم و ئەنجامی مەترسیدار و پڕ لە مەرگیان نیشان دەدەم، ئەژدیهای حەوت سەریان نیشان دەدەم هەتا بەتایێ ڕازی بن و وازم لێ نەهێنن و نهێنیم بپارێزن، ئەوجا بۆ خۆم بەردەوام لەم کانیلە بەچێژە دەخۆمەوە و لێی تێر نابم، تازە شاهەنشاش بە سەپانی خۆم نازانم.

بەڵام ئا ئەو دنیایە ڕێکەوتە ئەگەر لێشم ئاشکرا بوو ئەوسا خۆ من پیاوم ژن نیم بۆ من ئەم جۆرە شەرمە نییە وەك بەرزەکی بانان تێی دەتەقێنم و خۆ دەرباز دەکەم و وەك باسم کرد و بیرم لێی کردووەتەوە هەر لەم شارەش دەچمە دەرەوە و بگرە هەر لەم مەملەکەتەش نامێنم و بۆ خۆم هەگبەی خۆم بۆ هەندەران دەپێچمەوە و دەبمە گەڕیدەی دنیا و ناهێمەوە دەفتەر و ڕەگەزنامەی خۆشم دەگۆڕم و ناوێکی تریش لە خۆم دەنێم، چیم لەم میللەتە قازانج کردووە. بەوەڵڵاهی ئەوەی بەکوردیش قسەی کرد من خۆی لێ نزیك ناکەمەوە ئەمە میللەتە یان نەفەری دوا فارگۆنی پلە چواری هەموو میللەتانی دنیایە.

لەوێ وەك ئێرە نییە بەکەیفی خۆت کامە ژن یان کامە کچ حەزی لێت

کرد و ئارەزووی گەرماوێکی لەگەڵتدا هەبوو، ئەگەر پیاوی هەبوو داوای یارمەتی لە مێردەکەی بکە و ئەگەر ژنە بۆ خۆی ڕای لێت بوو ئەوا خۆی داوای یارمەتی لە مێردەکەی دەکا ئەگەر تۆش داوای یارمەتی لێ بکەی ئەوا دیسان خواحافیزتان لێ دەکا و بۆ لای دۆستێکی خۆی دەچێ.

لەوێندەرێ ئەم سنوور و تەلبەندە سەختانە نییە ئەدی وەك ئێرەکانەیە ئەگەر بەرەزامەندی پیاو و ژنەش بێ وەك من و گولیزار دنیامان بەسەردا بڕووخێنن و بیکەن بەژاوەژاو و دوو خێزان لەسەر ئەوەندە لەزەتە یەکتر بنبڕ بکەن، چی قەوماوە وەڵڵا بۆ مرۆڤی وەکو ئێمەمانان هەندەرانەکە سەد قات چاتر و لەبارترە، با ئەم مەفتەنەش پیرۆزی ئەو کەسانە بێ کە بەم جۆرە ژیانە ڕازین، ئێرە زیندانە خۆ ژیان نییە.

ئەوجا کە من لێرە هەگبەی خۆم بەکۆڵی خۆم دادا گولیزاریش چی بەسەر دێ ئەوا قەدەری خۆیەتی من لێی بەرپرس نیم، حەیای دەڕژێ نارژێ ئەوا با سزاکەی بۆ خۆی بێ و بیچێژێ، من چی بکەم ئەگەر وانەکەم کێ ئەم حەزە هار و شێتانەم بۆ دامرکێنێتەوە.

ئەوەتەی من هەست بەبوونی خۆم دەکەم ئەو بابەم قەت لێی نەپێچاوەتەوە هەرچەندی هەوڵم لەگەڵ دەدا و دایکم لێی دەپاڕایەوە و خزمەکانم تکایان لێی دەکرد خۆی هێنابووە سەر ساجی عەلی و ژنی بۆ نەدەهێنام دەیگوت: با بۆ خۆی ئازا بێ و پارە کۆ بکاتەوە و با بەکەیفی خۆی شەریکی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە.

ئێ باشە ژیانی من ئەگەر وەهابێ من پێویستییەکانی ناوەوەم بە چی دابین بکەم بەخوای هەر لەبەر هەندێش پارەکەم پێ پاشەکەوت نەدەکرا.

ئەوەی دەهاتە دەستم و گردم دەکردەوە هەموویم دەکردە هەوەسە سەرەڕۆکانم، بە چی پوولان گردەوە کەم لە کێیاندا وەشێرم؟

باوکێکی پیر و کەنەفت هەموو دەمان چاوەڕوانی ئەمەی دەکرد ئەگەر

من شتێکیان بدەمێ و خەرجی ماڵەوەی پێ دابین بکەن. ئێستاکە من وام لەم زیندانە، دەبێ ئەوان چۆن بژین و خەرجی لە کوێ بێنن، دەبێ پارەی پارێزەر و واسیدەم بۆ پەیدا کەن.

بەخوا ئەوانیش هیچ بەزەییان لە دڵیدا نییە لەگین تا ئێستا لە دوو جار زیاتر سەریان لێ دەدام. بەڵام دەی با خۆمان بدەینە دەست قەدەر و بزانین چی دەبی. داخوا چارەنووسی نادیارم بەرەو کوێ بڕ دەکات؟ هەر ئەوەندەم زەحمەتە هەتا بەردەبم ئەوسا. ئۆی خەریکە لە بابەتەکەی خۆم لادەدەم، من باسی ڕابردووم دەکرد ئەم ساتە وەختە بۆچی خۆی خزاندە نێو گێڕانەوەکەم. دەبێ قسان بکەم و ئەوەی لە دڵم دایە بیگێڕمەوە و دەنا لە ناو ئەو هەموو تاوانبار و پیاوکوژ و دز و حیز و گیرفان بڕ و جەردانەی ناو زیندان مێشکم دەتەقێت.

دە باشە بابگێڕمەوە بۆ ڕابردوو، ئالەوێ بەجێ مام کە بیرم دەکردەوە خۆشم نەمدەزانی ئەم ماوەیە چۆن وا بەخێرایی ڕۆیشتن و تێپەڕین، چۆن خزامە نێو باوەشی ئەگەر دەشمزانی ڕۆژێك دادێ چارەنووسێکی ڕەش و نادیار دەنێو ئاگردانی ڕق و تۆڵەم وەردەدات و ئاگرێکی پڕ بڵێسە چاوەڕوانی هەرتکمان دەکات ئەوە خۆم نەدەخستە ناو ئەم گێژاوە وەلێ نەگیرسامەوە و خۆم خستە سەر چەقۆ، لە دڵی خۆمدا گوتم دەبا تێکەڵی بم و تێر هەنگوین لەم گوڵەدا دەربێنم و لەزەتی جەستەی هەڵمژم ئەوسا چی دەبێ بابێ، بێ باك لە خۆم، غەریب و ماڵوێران لە منێ لە دڵە چکۆڵانەکەی منێ، ئەوجا ئەوەی کە ماوەیەکە لە نێو ئەم زیندانەدا بیری لێ دەکەمەوە و سەر دێنم و دەبەم و پرسیاری ئەوەمە دەگەڵ خۆمدا ئاخۆ ئەوان چۆن بەژوانی ئەم شەوەی ئێمەیان زانی کە تێیدا گیراین و نەمانتوانی لەم فاقە دەرباز بین؟

بیرم تەنیا بۆ ئەمە چووە کە هەبێ و نەبێ خزمەکانی مێردەکەی دەمێکە

خۆیان لێ دانووساندووم ئەم بۆسەیان بۆ دانابوومەوە تا ئەم شەوە بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین و بێ شککردن لە نکاورا وەك دوو چۆلەکە بەفاقەوە بووین، وەك جووتە مارێکی ئاشقە و ماشوقە خستمانیانە نێو قەفەز و نەمانتوانی چی دیکە تێك بئالێین.

وەك ئەوەی پڵنگێك بکەوێتە ناو تۆڕی ڕاوچییەکی هۆشیارەوە ئاوەها پەلم لێ دەکوتان و نەمتوانی بە چ بارێك خۆ دەرباوێم. ئەوجا دوای ئەمە دەمگوت تازە ببڕای ببڕ ئەوە جێگەی یەکجاریمە و بەڵکو مەرگیشم پێ ڕەوا دەبینن، ئەوسا پەڕینەوەی خۆم زۆر بەدوور دەزانی، بزانە ها چیم بەخۆ کرد بۆ ڕیش چووم سمێڵیشم لەسەر دانا، خۆم خستە نێو ڕەوەزێکی سەختەوە کە تەنیا چوونم هەبێ و ڕێگەی گەڕانەوەم نەبێ مەگەر خۆم لەم شاخە سەختانەدا لەم هەڵەمووتە هەڵبدێرم وەك سیامەندم لێ هات بۆ خاتری گولیزارێ لەم کەپکە هەزار بەهەزارە هەڵدێرم کەس نەیگرتمەوە تەنێ پەلە دارێکی تیژ جەرگی هەڵدڕیم و بوومە خواردنی قەل و داڵ و سیسارکە کەچەران، بەڵام خۆ سیامەند خۆشەویستییەکەی پاك و بێ گەرد بوو بۆیەش خۆی لە پێناوی دانا وەلێ هی من جۆرێکی تر بوو پێچەوانەی ئەو بوو خۆزیا وەك ئەو دەبووم، چونکە ئەو بە سەربڵندییەوە دەگەڵ خەجێدا لێك دابڕان و بوون بەداستانێکی عەشقی ئەم میللەتە، بوون بەتۆمارێکی سەروەری، بەڵام کێ تۆماری حەزە سەرشێت و سەرەڕۆکانی من دەخوێنێتەوە ئەوە نییە ئێمە دەبین بەداستانی سەرشۆڕی بۆ هەردوو خێزان و ئەوەتا بەخوێنمان تینوون و بەدوای تۆڵەمان دەگەڕێن. چارەم نییە تازە خۆم دەدەمە دەستی قەدەرەوە.

ئیتر خۆم دەدەمە دەستی ئەم گەردەلوولە ئەفسانەییە و ئەمیش بۆ کوێم ڕادەپێچێ با ڕەحمم پێ نەکات وا دیارە ئەمەم لە چارەدا نووسراوە دەبێ منیش وەك گولیزار ئەم سزایە هەر بچێژم ئەمرۆ بێ یان دوای چەند ساڵی تر ئەم تۆڵەیەی کە ئەم کۆمەڵگەیە بۆ ئەم جۆرە کارانەی داناون.

باب و باپیرانی ئێمە ئاوایان داناوە و لایان بووەتە یاسا و داوونەریت و ناتوانن لێی پەشیمان ببنەوە و ئەم قۆناغە ببڕن.

ئیتر وا ئەنجامەکان بەرەو کۆتایی دەچن بۆیەش نازانم ئیتر لەم ڕەوەزە سەختە دەگەڕێمەوە یان نا؟ منیش بەهەمان چارەنووسی گولیزار دەچم یان نا؟

نازانم .. نازانم .. لێرەوە مێشکم دەوەستێ و چی دی توانای بیرکردنەوەم نامێنێ، با لەم چیرۆکەدا گێڕانەوەی منیش کۆتایی پێ بێ.

ئەوا من بەرەو چارەنووسێکی نادیار بەڕێوەم، تازە هەگبەی مردنم بەکۆڵەوەیە و سەرابێکی پڕ چاوان ڕاودەنێم.

ئێستا دووری نێوان هەردووکیان دوو مەتر هەتا سێ مەتر دەبێ. ئەوانەی بۆ سەیری ئەم دیمەنە ژەهراوییە لە چاوەڕوانی ئەنجامدانی مەرگەساتەکان بەهەمووان کڕ و بێدەنگ پەردەپۆشی لێ بکەن و سزا و تاوان پێکەوە شەتەك دەن و هەر کەسە بەرەو ماڵی خۆی بگەڕێتەوە.

لەم خانووە تەنیایەی چۆڵەوانیدا کە تەنیا ماڵی سەلیمی لێیە و چەندان ساڵە خێزانەکەی خۆی پێ بەڕێوە دەبات، دوای ئەوەی ئەم خاکەی هەموو ڕێك خست ئەوجا بیرێکی بۆ ئاو لێدا و ماتۆڕێکی خستە سەری و بە بۆڕیان گەیاندییە ناو شینایی و هەرچەندی چاو هەتەر بکات ئەم خاکە مێوەجاتی جۆراوجۆری لێ دەهاتە بەرهەم و لەمدیوی زەوییە بەراوەکەشدا دەیکردە گەنم و جۆ. ناو دارستانەکەشی هەمووی دەکێڵا و بەگوێرەی وەرزی جیا جیا شینایی لێ دەچاند. ئەو بۆ خۆی پێویستی بەهیچ شتێك نییە ئەگەر بچێتە شاریش لە شەکر و برنج و قاپ و قاچاغ و چەند شتێکی تریش بەملاوە پێویستی بەچی دیکە نییە و ئەوەی تریش بۆ خۆی بەرهەمیان دێنی. هەتاوەکو خاوەن کێڵگە و کۆلیتی تایبەتی مانگا و مەڕ و بزن و مریشك و جۆرەها پەلەوەری تریشە و ژیانی لەوپەڕی بەختەوەریدایە.

سەلیم دوو برا و خوشکێکی هەیە وەلێ لەم خاك و بەراوەدا، لەم باخچە و ساکە دەشتە کاکی بەکاکییەدا خۆی و دوو خێزان و دوانزە منداڵی تەمەن جیا جیا دەژین، ئەحمەدیان لە هەولێر دەژی و بازرگانە، مەولوودیش کاتی خۆی لە جەنگی عێراق ئێران بەخسیر بووە و تا ئێستاش سۆراغی نەزانراوە ئەگەرچی سەلیم گەلێك تەتەری بەشوێندا ناردووە و بەردەوام لێی پێچاوەتەوە و بۆی گەڕاوە، بەڵام بێ ئەنجام ماوەتەوە، ئەوەندە دەزانن کە دەڵێن تا ئێستا لە گرتووخانەیەکی گەورەی یەخسیراندا ماوە و بەرنەدراوە.

ژنەکەی منداڵێکی لێی هەبوو، بەڵام پاش دە ساڵ چاوەڕوانی لێی بێ هیوا بوو چی دی بەروەستی نەدا تا دەگەڕێتەوە بۆیە مێردی کردەوە و منداڵەکەشی ئێستا لە ماڵی سەلیمە. خوشکەکەشی کەوتووەتە شارێکی تر و جار جارە دیدەنی یەکتر دەکەن.

بەهەرحاڵ سەلیم دەگەڵ خوشك و براکانی دۆستە و ماڵی خۆیان لێك نەکردووە یان بەواتایەکی تر ئەگەرچی ماڵیشیان جیاوازە کەچی پارە لێکی نەترازاندوون، هەریەکێکیان بکەوێ یان کەموکوڕییەکی هەبێ ئەوا بەهەمووان دەست دەخەنە بن باڵی و ڕاستی دەکەنەوە .. ئەوجا ئەوانە هەرتك بەرەباب بۆ ئەنجامدانی ئەم زۆرانبازییە خوێناوییە پەنایان بۆ ماڵی سەلیم بردووە، چونکە بڕوایان پێی هەیە و نهێنی پارێزە و دوورە شارە بۆیەش کاری وەها لەم جێگەیانەدا ئەنجامدانی بەر شەقترە یان کڕ و بێدەنگترە.

سەلیم خزمایەتی نزیکی دەگەڵ بابی ڕەشید هەیە و ناسیاوی لاکەی تریشە. ئەوا لەم مەرگە تراژیدیایەدا ماڵ و منداڵەکانی ئەویش بینەر و خاوەن داوەتی ئەم خزمە دوژمنانەن کە ئێستێ کۆتاییی بەپێوەندی نێوانیان دێ و ئەم پردەی ڕەشید و گولیزار دەیگەیاندنەوە یەکدی ئەمجارە

بەیەکجارەکی دەپسێ و بەخەمساردی دەمێننەوە. لەم خانووە دوورە شار و چۆلەوانییەدا هەموو دانیشتوون، هەموو لێو بەبار، هەموو کز و مەلوول، هەموو وەك چۆن تۆزی مردوویان لێ نیشتبێ ئاوەها بەتاسە و دڵەکرووزێوە تەنگەتاوی تەواوبوونی ئەم زۆرانبازییەن. گۆڕەپانی ئەنجامدانی مەرگەساتەکە هێندە لێیان دوور نییە ڕەنگە ئەگەر ئەو دوو ئەکتەرە قسان دەگەڵ یەکتر بکەن ئەوان وەك بینەر گوێیان لە دیالۆگەکانی نێوانیان ببێ کە ئێستا وا دوایین دیمەنیەتی و هێندەی نەماوە پەردەکەی دابدرێتەوە .. نیگاکان هەموو مات و خامۆشن.

ئەو دووانەش بەچرکە ساتی خێرا یەکتری دەخوێننەوە و دیمەنەکانی ڕابردوو گەلێك زیاتر لە خێرایی دەنگ تێکەڵاو و ئاوەژووی یەکتری دەبن و دیمەنێك وێنەی تری خێرای بەدوادا دێ و هەردووکیش یادەوەری یەکتری لە هزر و لێکدانەوەی یەکتریدا دەخوێننەوە، بەڵام گولیزار ترس و دڵەڕاوکێ و لێکدانەوە خێراکانی ناخی زیاتر تێکەڵاوی کارەساتەکان دەبن و دیمەنەکانی بەردەمی بەتەڵخییەوە وەك ئەوەی لە ناو ئاوێنەیەکی سەرابیدا ببینرێن ئاوەها بەپچڕ پچڕییەوە لە بەردەمیا ئاوەژوو دەبوونەوە تا گەیشتە ئەم ڕادەیەی چیتر مێشکی ئەم دیمەنە دژگەییانە نەگرێتە خۆ.

چاوەڕوانی هەرچی زووتری دەکرد تا کۆتایی بەژیانی پڕ جەخاری بهێنن و ئەوجا کە چاوەکانی لێك نان و گیانی لە لەشی جیا بووەوە ئیتر ئۆخەی بکات، ئیتر بۆ خۆی ببێتە بەشێك لەم سروشتە وەك لە چۆڵەوانیدا دەینێژن بۆیە چی دی توانای بەرگری نەما و ئۆقرەی لێ بڕا، لە پێش چاوانیدا ڕەشید ئەوا پڵنگێکی برسی و دەم بەخوێنە و بەخێرایی بەرەو ڕووی دێ و بەخێرایی پڕی دەداتێ و قەپی لێ دەگرێ و ئەویش بێ بەرگریکردن خۆی بەدەستەوە دەدات و وەك نێچیرێکی بێ دەسەڵات دەنێو زەویدا دەباتە خوارێ.

کەچی ڕەشید لە ڕاستیدا دەستەکانی دەلەرزن، دیمەنەکانی پێ ناگەنەوە یەکدی .. ئەو نێچیر نییە و ڕاوچییە کەچی بەقەد گولیزار ترسی مەرگ بینە قاقای گرتووە، وا دەزانێ خەڵکی شارەکەی هەموو ڕیزیان لە دەوریدا بەستووە و وێکڕا زمانیان وەك شمشێر بۆ تیژکردووەتەوە و زۆرانبازی دەگەڵدا دەکەن و هەموو پێکڕا هێرشی بۆ دێنن، ئا لەوێدا خۆی وەها دەبینییەوە کە دەست لەملانێی لەگەڵ گولیزار لە ناو نمایشنامەی سێرکێکدایە و ئەو خەڵکەش هەموو بینەری زۆرانبازییەکەن و هەموو بەفیکە و چەپڵە لێدان و هوتاف کێشانەوە هانی بردنەوەی دەدەن و بەپەرۆشەوە حەز لە سەرکەوتنی دەکەن، کەچی لاکەی تر هەر خۆی تەنیا بێ جەماوەر و هاندان بەر لە دەست پێکردنی ململانێکە دۆڕانەکەی مسۆگەر کراوە و دەیزانێ .. لە نێو زۆرانبازییەکەدا ئەم کاتەی هێشتا ئەنجامەکەی دیاری نەبووە ڕەشید خۆی وەك بنیادەمێکی ئاسایی نامێنێ هەست بەقورساییەکی لە ڕادەبەدەر دەکات کە سواری سەر ملی بووە و قاچەکانی لەنگەری جارانیان نامێنێ.

کاتێك بەخۆی زانی بینی مێردەزمەیەك خۆی بەسەر هەردوو لاملیدا شۆڕ کردووەتەوە بۆیە دەبێ بەسەریدا زاڵ بێ ئەگەرنا ئەو لە ناوی دەبات، لەو دەمیدا بەسەرهاتەکەی ڕەشید جەردەی پاڵەوانی «پایزە خەون»ی (مەم)ی هاتەوە یاد ئەم مێردەزمەیە گیسکە خورافییەکەی ڕەشید بوو کە جووتە گونەکانی ئاوسابوون و بەملا و ئەولای ملیدا شۆڕ بووبوونەوە خۆی لەم شەوە تەنیایەی جەردەدا بینییەوە کە جگە لە تارمایی و خێوو لەمەچێتر چی دیکەی نەدەهاتنە پێش چاو .. گیسکەکە تا دەهات قورسایی زیاتر دەخستە سەرشانی هەتا بەئەرزی وەنووساند و چی دی توانای ڕۆیشتنی نەما.

ئەویش وەك پاڵەوانی ڕۆمانەکە ناوی ڕەشید بوو و خەڵکی یەك ناوچە بوون و پایزە خەونەکەیان بۆ باس کردبوو و بەسەرهاتە ڕاستەقینەکەی

ڕەشید جەردەشی دەزانی و خۆی لە ناو گیانی ئەودا دۆزییەوە، بێ ئاگا لە خۆی بووەتە ڕەشیدێکی تر، لە بیری چووبووەوە کە بەرامبەر گولیزار وەستاوە و دەمانچەکەی لە ناو ئارەقەدا شەلاڵ بووە و هەژمونی بەسەردا نامێنێ و لە دەستیا دەلەرزێ .. چەند جارێك بانگیان کرد ئەوجا بەئاگا هاتەوە و ڕاجفری و تەکانی دایە خۆی و دیمەنە ترسناکەکان لە پێش چاویدا نەمان ئەوجا ڕێك وەستایەوە هاتەوە دۆخی جارانی خۆی و سەیری سەر شان و ملی خۆی کرد هەستی کرد کە گیسکە خورافییەکە وەك جاران سواری سەر ملی نەبووە، قورسایی لەشی بەرەو سووکی دەچوو ..

ئەوجا دوای ئەوەی بینەران هاواریان کرد «ڕەشید .. ڕەشید .. زوو کە دەی پەلە بکە .. بەسە چاوەڕوانی چی دەکەی، ئیتر بیتەقێنە و ڕزگارمان کە ئەم ترس و بێ ئۆقرەیی و دڵەڕاوکێیە لە دڵی هەموومان‌دا بڕەوێنەوە دەی خێراکە ئاوێك بەم ئاگرەدا بکە با ئاگری دڵمان بکوژێتەوە و ناڕەحەتیمان نەمێنێ»

ئەوجا ئەویش وەبیری هاتەوە کە بۆ کوشتنی گولیزار وەستاوە و بەترس و بێ ئارامی و جۆش و سەندنی کوورەی ناخی، بەهەستێکی نائاساییەوە چاوەڕوانی ئەنجامدانی یارییەکەیە.

گولیزاریش چی دی بەرگری نەماوە، بێ هیوا و هەناسە سوار پێش ئەوەی بیمرێنن بە گیان مردبوو و تەنیا جەستەکەی بەپێوە مابوو، داهێزراو و ڕەنگ زەرد و ژاکاو وەك ئەوەی خوێنی لێ بەتاڵ کرابێ ڕەنگی مردووانی هەڵگرتبوو، بەئاستەم هەناسەی تێدا مابوو، دڵە کوتەکەی لە دەفلێدانی دەرویشان دەچوو، ئیزرائیل هێشتا گیانی نەکێشابوو کەچی ئەو چەندەها شێوە دیمەنی ترسناکی لە پێش چاوەکانیدا چەخماخەیان دەدا، سەر ئێشەیەکی قورس مێشك و ئەندامەکانی بیرکردنەوەی لە ناو قەپێلکی سەریدا چزاند و نیشانەی مردنیان دەژەند. وەك کەسێك کە شتێکی

بەنرخی ون کردبێ ئاوەها دەیزانی پاش چەند چرکە ساتێکی تر ئەم دیمەنانە یان ئەم ژیانە بەچاوی خۆی نابینێتەوە بۆیە بەتاسەوە کامێرای چاوەکانی وێنەی دەوروپشتی خۆی دەکێشا و بەخۆزگەیەکی گەورەوە لەو دوو پەپوولانەی خۆی ڕادەما کە تا ئەو دەمەش هەر بەدەوریدا دەسووڕانەوە، نەیدەزانی ئەوەی دەیبینێ خەیاڵە یان ڕاستەقینەیە.

دیمەنی تەنگ و تاریکی ناو گۆڕەکەی خۆی هاتە پێش چاو کە چۆن لە دوا ماڵئاواییدا بەرەو قووڵایی زەوی شۆڕی دەکەنەوە و پاشان بەخێرایی بەم گڵە دایدەپۆشن ئەوجا کە خەڵکەکە دەڕوا و جێی دەهێڵن سەری خۆی قیت دەکاتەوە تا لەگەڵ ئەواندا بڕوات کەچی سەری بەبەردی ئەلحەد دەکەوێ و ناتوانێ هەڵبستێتەوە ئەوجا دەزانێ تازە مردووە و ناگاتە کاروانی زیندووان، ئەوجا خۆی و کردەوەکانی.

ژاوەژاوی خەڵکەکە بۆ هاندانی ڕەشید جارێکی تر گیانی وەبەر هێنایەوە و گەڕایەوە دۆخی پێش مردنەکەی، بەڵام هەرچی زووە حەز دەکات ئەم دیمەنە ترسناکە کۆتایی پێ بێ و بەیەکجاری گۆڕەوشاری کەن و بەغەریبی بەم خاکەی بسپێرن و بیکەن بەمێوانی مردووان و ئیتر کەسێك ناگاتە لای و چی تر نایبیننەوە.

ڕەنگە ئەم قەبرەی کە بۆی لێدەن و پاشان دەیشارنەوە کێلێکیشی بۆ دانەنێن و شوون بزری کەن ئیدی کە منداڵەکانیشی گەورە بوون گۆڕەکەی دایکیان نادۆزنەوە و چون بەگیانیش نایبیننەوە.

مەگەر لەمدیو دنیادا دەنێو مردوواندا چیرۆکی سەرکزی خۆی یان سەربردە و کوێرەوەری و شانس و قەدەری خۆی بۆ کۆمەڵگەی ئەوان بگێڕێتەوە و هاوخەمەکانی خۆی لەوێدا بدینێتەوە.

جووتە پەپوولەکانی لە ژوورەوە نووستبوون بێ ئاگا لەوەی پاش دەمێکی تر دایکیان بۆ هەتا هەتایە ماڵئاواییان لێ دەکات و بەهەتیوی

دەکەونە بەردەستی زڕدایکێکی نادیار بەڵام بۆ لەو دایکە دادەبڕێن و بۆچی وەهایان بەسەر هات؟

مەگەر ئەم کاتەی کە پەڕوباڵیان گرت و ڕەش و سپییان لێکتر جیا کردەوە ئەوجا بتوانن لەم بیر و لێکدانەوانە بگەن و وەڵامی پرسیاری بەردەوامی خەڵکانی سەردەمانی خۆیان بدەنەوە .. دیسانەوە خۆی ئامادە کردەوە دەمانچەکەی بەناو لەپی خۆی وەنووساند و پەنجەی شایەتمانی لەسەر پەلاپیتکەی قایم کرد، خۆی بەرامبەر جەستەی شەکەت و ماندوو داهێزراوی گولیزاردا بینییەوە کە لە ترسی ئەم مەرگەساتەدا دەنێو گۆمێك ئارەقە و فرمێسکدا نقووم بووبوو.

جارێکی تریش هاندانی بینەرانی لە گوێدا زرنگایەوە ئەوجا .. زووکە .. خێراکە .. دەی مەترسە .. بیتەقێنە و تەواو .. دەی . ها .. وەك دەستێکی بەهێز و نادیار پەنجەی شایەتمانی بخاتە سەر پەلاپیتکەی دەمانچەکە و بەهەژموون بێ بەسەریدا ئاوا پەنجەکەی پێ بزواند و گولیزاری بەخڵتانی خوێنەوە بینییەوە وەك مریشکێك کاتێ سەری دەبڕی ماوەیەك بێ سەرك هەڵدەپەڕێ و خۆی بەزەویدا دەدات ڕووحەکەی بەیەکجاری دێتە دەرەوە ئەوسا جەستەی بێ گیانی دەکەوێتە ئەم ناوە و دادەمرکێتەوە.

کە تەماشای ئەم دیمەنەی کرد بینی بەچاوی کراوەوە لەپەکانی خۆی پڕ خۆڵ کردبوو و لە کاتی ئاوزنگدانا لە ناو خوێنی خۆی چڕنووکەکانی لە زەوی گیر کردبوو و بەرگری کردبوو. پێش ئەوەی بینەران بگەنە گۆڕەپانەکە ڕەشید کەوتە سەر زەوی هۆشی لێ برا.

کە هاتن بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی تەرمی گولیزار ئەو بزر بوو و لە پێش چاوان دیار نەما . سەرسوڕمانێك هەموویانی گرتەوە نەیانزانی ئاخۆ زەوی گرتییە باوەشی خۆی و قووتی دا و ڕووچووە خوارەوە یانیش لەمەچێتر دزیانەوە و لە پێش چاوانیان هەڵگرت.

هەردوو منداڵەکانی لەگەڵ دەنگی تەقە و هەرا و زەنایەکە هاواریان لێ هەڵسا و چریکەیان گەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمانەکان .. گریان و نووزە نووزەکەیان کڕبوونەوەی نەبوو.

خەڵکەکەش پاش چاوەڕوانییەکی زۆر چاویان نە بەلاشەی گولیزار کەوتەوە نە ڕەشیدیش دۆزرایەوە.

ئەوان ڕۆیشتن کەچی هەرتك پەپوولەکانی لە ناوەندی ڕێگەدا بەبای غاریێ گەڕانەوە شوێنی ڕووداوەکە .. بینییان شوێنی دوو گۆڕی لێ دروست بووە و کوندەبەبۆیەکیش بەدیار گۆڕەکانەوە بوو، کە ئەوان گەیشتنە ئەوێ ئەمیش هەڵفڕی.

بینەران هاتنەوە گۆڕەپانەکە و کە ئەم دیمەنەیان دی سەریان سوڕما، حەپەسان، بڕوایان نەدەکرد ئەوەی دیتیان ڕاست بێت.

ڕەنگە لایان بێ چەشنی خەیاڵ، وەکو خەون دەهاتە بەرچاویان چارەیان نەما هەرچۆنێکی بێ دەبوایە هەر بگەڕێنەوە و ئەم ناوە جێ بهێڵن.

هەوڵیاندا دوو منداڵەکە بگرنەوە و دووریان بخەنەوە و ئەم دیمەنەیان لە پێش چاوان بسڕنەوە کەچی لەم کاتەی کە دەستیان بۆ بردن نەگیران و لەسەر دەستیان هەڵفڕین و بوون بەدوو پەپوولەی ناسك و پەڕ و باڵ شکاو، بێ ماندووبوون ئەم ناوەیان تەی دەکرد و شێوەی بازنەیەك لە سنووری هەردوو گۆڕە نادیار و خەیاڵییەکە هەڵدەبەزین و دادەبەزینەوە.

ئەوان گەڕانەوە و جووتە پەپوولەکەش بەردەوام خۆنیشاندانی جوان جوانیان نیشان دەدا و ئیتر وەك کۆتاییی فیلمێکی سینەمایی دەهاتنە پێش و دوور دەخرانەوە هەتا بەتەواوی لە بەرچاوان ون بوون و کۆتاییی بەفیلمەکە هات.

١٩٩٨

# پێڕست


شەوێکی ژوان ........ ٥
باوەشی خەم ........ ٩
زۆربەمان لەم شەوە دەمرین ........ ١٢
منداڵەکان فێری خۆشەویستی دەبن ........ ١٥
پشیلە ........ ٢٠
منداڵەکان لە یاریکردن بەردەوامن ........ ٢٥
تاوانێك لە یادگاری منداڵیمدا ........ ٢٧
سینەما ........ ٣٤
خەونە سەوزەکان ........ ٣٨
جیابوونەوە ........ ٤٢
بازرگانەکان ........ ٤٨
ڕاسپاردە ........ ٥٣
پێش ئەوەی لە دەرگە بدرێ ........ ٦٠
دەریا ........ ٦٤
تانۆك ........ ٦٨
گەڕاپێچە ........ ٧٥
پووشکە ........ ٨٢
وەڕسبوون ........ ٨٩
دەق ........ ٩١
شەو ........ ٦٤
گیای سەروەری ........ ١٠٧
هەنگوینی گەڕانەوە ........ ١١٣
پەپوولەی گوناه ........ ١٢٢
پەیژەکانی تاریکی ........ ١٢٩
ئاگری خەیاڵ ........ ١٣٢

دیواری هەشتەم ........ ١٣٥
هەڵگەڕانەوەی ڕووبار ........ ١٤١
ویستم چیرۆکێك بنووسم ........ ١٤٦
کەفی دەریا ........ ١٥١
ساڵی ٢٠١٠ ........ ١٦٠
ئاوێنە ........ ١٦٨
مەرگی بازنەیی ........ ٢٠٧